کریکار

# تەفسیری سورەتەکانی

# المُمْتَحِنَة ، الصَّفُ ، المنافِقون

چاپی یەکەم

*1430 ک -2009 ز*

**لە بڵاو کراوەکانی بنکەی دیدی نوێ / لقی دەرەوە**

# ئامانجی بنکەی دیدی نوێ

*** دارشتنەوەی کەسایەتی موسوڵمان بە :**

ـ خۆ ناسینەوەو خوا ناسینەوە

ـ راست کردنەوەی دینداری و پابەندی شەرعی.

ـ بەرفراوان کردنی گۆشە نیگای دیدو بۆچوون

*** هاندانی کۆمەڵکاری بە :**

ـ گەشە دان بە گیانی هەرەوەزی .

ـ پاراستنی مافی مرۆڤ .

ـ داننان بە راجوێیی و پاراستنی سنوری ناکۆکی .

*** بە گەر خستنی وورەو ووزەی تاك و كۆ بۆ :**

ـ گۆڕانکاری بە بزاڤ ودین و ئوممەت .

ـ سەروەری دین و دەسەڵاتی گەل .

ـ پارسەنگ کردنی رەسەنێتی و نوێ کردنەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له. وأشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون

يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالاً كثيراً ونساءً واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيباً

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديداً، يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزاً عظيماً

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

ناوی کتێب : تەفسیری سورەتەکانی الممتحنەو السەف و المنافقون
قەبارە : ( 340 ) لاپەڕە
نوسەر : کرێکار
بڵاوکار : بنکەی دیدی نوێ / لقی دەرەوە
وولاتی چاپ : میسر
نۆرەی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 1430 کۆچی / 2010 ز
تیراژ : 1000 دانە

# تەفسیری سورەتی

# المُمْتَحِنَة

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءكُم
مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي
وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ
ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ ﴿ 1 ﴾ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاء وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم
بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿ 2 ﴾ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ
وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿ 3 ﴾ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا
لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء
أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ
رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴿ 4 ﴾ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا
رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿ 5 ﴾ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ
الْآخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿ 6 ﴾ عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ
عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿ 7 ﴾ لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي
الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿ 8 ﴾
إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن
تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿ 9 ﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ

مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا
هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُمْ مَا أَنْفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَنْ تَنْكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ
أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنْفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنْفَقُوا ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ
بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿ 10 ﴾ وَإِنْ فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا
الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُمْ مِثْلَ مَا أَنْفَقُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنْتُمْ بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿ 11 ﴾ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا
جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا
يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ
اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿ 12 ﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ
الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ ﴿ 13 ﴾ .

.........................

## پێناسەی سوورەتەکە

سورەتی الممتحنە : شەستەمین سورەتی قورئانەو 13 ئایەتە . لـــە مەدینـــە دوای سورەتی (الاحزاب) هاتۆتە خوارەوە . پێی دەوترێت (الممتحِنة) واتـــە : ئەو سورەتەی باسی تاقی کردنەوەی باوەڕو راستگۆیی ئافرەتە کۆچکەرەکان (المهاجرات) دەکات . هەروەها پێشی دەوترێـــت (الممتحَنة) واتـــە ئـــەو سورەتەی باسی ئەو ئافرەتە موسوڵمانەیە ( ئوم کولسومی کچـــی عوقبـــەی کوڕی ئەبو موعەیتی خێزانی عبد الرحمن کوڕی عەوف ) کە بووە هۆی تـــاقی کردنەوەی باوەڕو راستگۆیی ئافرەتانی موسوڵمانی کۆچکەر .

ئەم سوورەتە ئاڵقەی زنجیرەیەکە لـــە ئامـــادە کردنێـــکی دووررودرێـــژ. مەبەست لەم و هەروەها لەو بابەتانەی وەک ئەمن : پێکەوە نانی جیهانێـــکی خواوویستانەی پاکە لە دڵ و دەروونی موسوڵماناندا . جیهانێک کە تەوەری سەرەکی بوونەکەی باوەڕ هێنان بێت بە خوای تاک وپاک جیهانێـــک کـــە هەموو خەڵکی بەرەو ئەم تەوەرەیە راکێشێت . تا هەر هەموویان دەست بـــە بەرنامەکەی خواوە بگرن و لێی لانەدەن . تا دڵ و مێشکی هـــەموویان لـــە چڵک و چەپەڵی دەمارگیری و رەگەز پەرستی و خۆخۆیی و خاک و تـــیرەو گەل پەرستی دوور بخاتەوەو لە جێی هەر هەموو ئەم پەیوەندیانەش پەیوەســـتی باوەڕبەخوا دابمەزرێنێت . لەژێر ئالآی خواو لە چوارچێوەی حزبی خوادا ..

ئەو جیهانەی ئیسلام دەیەوێت ، جیهانێکی خواوویســـتی مرۆڤایەتییـــە . خواوویستی بەو مانایەی کە بنەما سەرەکیەکانی لە ئاراستە کردن و تەعلیماتی خواوە وەردەگیرێت و مرۆڤایەتی بەرەو خوای گەورە دەباتەوە . چ لە هەست و سۆزیدا چ لە کارو پیشەو رەفتاریدا . لە هەمان کاتیشدا جیهـــانی ئیســـلام جیهانێکی مرۆڤایەتییە .چونکە بە هۆی پەیوەســـتی عەقیدەکەیـــەوە هـــەموو

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتە خۆو رەگەزو نیشتیمان و زمانی میللەتانی تێـــدا دەتوێتەوە ، بێ ئەوی مافی کەسی تێدا بخورێت . یان گەل و هۆزو ناوچـــەی یەکێکیان زاڵ کرابێت بەسەر ئەوانی تردا . ئەو کاتە ئەو پێوەرو پەیوەندیانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابڕ دابڕ دەکات ، نامێنێت . ئەوەیە ئەو جیهانە بەرزو پاکەی شایانی ئەوەیە ئەو مرۆڤەی تێدا بژی کە لای خوای گەورە زۆر بەڕێزە ئەو مرۆڤەی کە خوای کردگار لە رۆحی خۆی فووی پێدا کرد .

کەندو کۆســـپ و بەربەســـتی رێ زۆر دەبـــن و دێـــنە رێ . رێ لـــە دامەزراندنی ئەو جیهانە دەگرن . لە نیوە دۆرگەی عەرەبی ئەوسادا دروســـت بوو . پاشان کشا بۆ دەوروبەری .. هەر لەو کاتەشەوە تا ئەمڕۆ لە هـــەموو لایەکی جیهانەوە کەند و کۆسپی دێتە رێ . کۆسپی نوێش پەیدا بوون ، کە لەوانەی ئەوسا دژوارترو کاریگەرترن : کۆســـپی نەتەوایـــەتی ، چـــینایەتی ، خاکپەرستی و ناوچە گەری . کۆسپی سەختگیری و خۆخۆیی . جگـــە لـــە کەندەلان و هەڵدێرەکانی دەروون وەک : هەڵپەی چاوچـــنۆکی ، چـــەپۆکی خۆپەسەندی ، ستەمی لووت بەرزی ، پەل وپۆ شکانی ترس و بـــیم ،گیـــانی تۆڵەی پشکۆی قین .. هەزاران هەزار جۆری تری پێچ و پەناکانی دەروون و درزو کەلەبەرەکانی هـــەواو هەوەســـی تـــاک و گەلەکۆمەکێـــکان .کـــە ماددەپەرستی سەرمایەداری ئەمڕۆ گڕی تێ بەرداون و ، یان ئەوانـــەی لـــە پەڕاوێز کردن و مەحروم کردنی جەماوەرە ملیاریەکانەوە دێت !

ئیسلام دەبوو ئەمانە هـــەمووی چارەســـەرکاو ، لـــە دڵـــی تاکـــەکانی کۆمەڵگەکەیدا ریشەکێشیان کات . تا بتوانێت لە هەنگاوی دوایـــدا _ لـــە شێوازێکی واقیعی کردەوەییدا _ پرۆگرامەکەی خـــوا بهێنێـــتە دی . ئـــەم

سورەتەش ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەو چارەسەر کردنە پشوو درێژەی کە بە پەروەردەی تاک و کۆمەڵەکەی دەست پێ دەکات .

هەندێک لە موسوڵمانە کۆچکەرەکان (المهاجرون) ئەوانەی کە ماڵ و سامان و وولاتیان (مەککە) لە پێناوی عەقیدەکەیاندا جێ هێشتبوو ، هێشتا دڵ و دەروونیان هەر لای ژن ومنداڵ وکەس وکارو نەوەکانیان مابوو کە لەولا بوون . چونکە زۆریشیان ناسۆرو نارەحەتی قورەیش چێشتبوو ، پڕ بە دڵ حەزیان دەکرد ئەم شەڕە سەختە کۆتایی پێ بێت ، یان کەمێک سووکتر ببێت تا ساتێکی ئاشتی و خۆشی بکەوێتە نێوان موسوڵمانان و ئەهلی مەککەوە و چیدی کەس و کاری خۆیان نەکوژن و پەیوەستی خزمایەتی و هۆزایەتیەکەی خۆیان لاوازتر نەکەن ، نەبادا بەیەکجاری بفەوتێت !

خوای گەورەو بەبەزەیی دەیویست ئەم کۆمەڵە خواوویستە لە هەموو پەیوەندییەک دابڕێن ، تا بەتەواوی بۆ دین و عەقیدەو پڕۆگرامە خواییەکە لێ بڕێن . خوای زانا دەیزانی ئەو واقیعە بەو هەموو خلتەو خاڵەوە کە تێیدایەتی چ پاڵە پەستۆیەکی قورسی لەسەر خەڵکی دروست کردووە . بەتایبەتی لە دڵ و دەروونی عەرەبەکاندا . چونکە عەرەب نەوە دوای نەوە هەر بە گوێرەی داب و نەریتی باب وباپیرانیان ، بایەخیان بە رەگەزو نەوەو بەرەبابی خۆیان دەدا و بە هەق و ناهەق هەر لەگەڵ تیرەو هۆزی خۆیان دەبوون . بۆیە خوای زاناو کار بەجێ ، هەموو رۆژێک بە جوانترین شێوەی جۆراوجۆر ، هەستی لارو ناڕەوای لە دڵ و دەروون دەردەکردن و بە دینداری پەروەردەی دەکردنەوە : بە روداوەکانی رۆژ ، بە چیرۆک بۆ گێڕانەوە ، بە رەخنە ، بە گلەیی و سەرزەنشت . تا چارەسەرەکە هاوکات بێت لەگەڵ تین و تەوژمی روداوەکە . واتە :کاتێک ئاسنەکەی دەکوتا کە تەواو سوور هەڵدەگەڕا .

هەموو ریوایەتەکان ئەوە باس دەکەن کە سەرەتای ئەم سورەتە دەربارەی رووداوێکی دیاری کراو هاتۆتە خوارەوە ، کە بەسەر هاتی سیدنا حەتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعەیە . بێ گومان ئەو ریوایەتانەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان دیاری دەکەن ، راستن . بەڵام خۆ چوارچێوەی دەقی قورئانی هەمیشە لەو هۆ تایبەتیانە بەرفراوانترە . بۆیە ئامۆژگاری و مانای زۆرترلە خۆ دەگرن . چونکە ئەم ئایەتانە حاڵەتێکی دەروونی و واقیعی مرۆڤایەتی باس دەکەن کە گەورەترە لە قەبارەی رووداوەکەی سیدنا حاتەب ، خوا لێی رازی بێت .

قورئان دەیوویست پەیوەستی خزمایەتی لەسەر بناغەی باوەڕ دارێژێتەوە . نەهێڵێت خەڵکی بە هەق و ناهەق خزمایەتی و هەڵوێستی تیرەو هۆزو خێڵەکانیان سەر خەن . دەیوویست خەڵکی لەو دیدە تەسکەی ( سووربوون لەسەر خوونەریتی باب و باپیران وپاراستن و رێ نەدان بە گۆڕینی ) بهێنێتە دەرەوەو بەرەو ئاسۆی بەرفراوانی ( مرۆڤایەتی ) جیهانیان هەڵبنێت . قورئان لە دڵ و دەروونی ئەم کۆمەڵەدا شتی نوێی دەچەسپاند : دیدی نوێ ، پێوەری نوێ ، بەهاو نەریتی نوێ ، ناسین و ناساندنەوەیەکی نوێی گەردون و ژیان و مرۆڤ . رۆڵ و ماف و ئەرکی نوێی مرۆڤایەتی هەر وەکو بڵێیت خوای گەورە بیەوێت ئەم شەتڵ و نەمامە ساوایانە بۆ خۆی کۆبکاتەوەو لە کەناری خۆیدا و لە ژێر چاودێری خۆیدا بیانڕوێنێت . تا بە ئاراستەی خۆی گەشەیان پێ بدات و دۆست و دوژمنی خۆی و خۆیانیان پێ بناسێنێت هەروەها تا چاوو گوێیان بکاتەوە و بزانن داوی دوژمنانیان چەند زۆرەو ، فێڵ و تەڵەکە بازیان چەند جۆرەو ، چۆن دەچنرێن ؟! تا وایان لێ بکات هەست بەوە بکەن کە ئەمانە پیاوی خوان و لە حزبەکەی ئەویشدان . تا بزانن کە خوای گەورە

ئەمانی بۆ کارێکی گەورەتر دەوێت ، تا قەدەری خۆییان پێ بهێنێتە دی . بۆیە دەبێ چاک بزانن کە ئەمان هی خوان : ناونیشانی ئەویان هەڵگرتووەو خەت و دروشمی ئەویان پێوەیە . لە دنیاو قیامەتیشدا لە نێو خەڵکیدا ، هەر بەم ناونیشان و دروشمەوە دەناسرێنەوە . جا کەوا بوو هەر لە سەرەتاوە دەبێ پەیوەندی غەیری خواوویستی چ لە هەست و نەست و هۆشدا بێت ، چ لە جیهانی کردارو رەفتاردا بێت ، بیپسێنن . دەبێت زۆر سەر ڕاستانەش بۆ دینی خوا لێ برێن و بۆ پەیامی خواو هەڵگرانی بانگەوازەکەی دڵسۆزو بەوەفا بن .

ئەم سورەتی الممتحنەیەش هەر هەمووی بەرەو ئەو لایەنە دەڕوات . تەنانەت ئایەتی ئەحکامیشی کە لە کۆتایی سورەتەکەدا هەن ، ئەوانیش کە دەربارەی ئەو هەڵس و کەوتە موسوڵمانانەیە ،کە دەبێت بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی بۆ دار الاسلامەکەیان کۆچ دەکەن هەیانبێت . هەروەها ئەوانەی باسی پەیمان ( بەیعەت ) دان یان جوێ بوونەوەیان لە مێردەکانیان دەکەن . ئەمانەو باسەکانی تریش هەر لەو ئاڕاستە ئامۆژگاریە گشتییە خواییەوە سەر هەڵ دەدەن کە لە سەرەتاوە باس دەکرێن

کۆتایی سورەتەکەش ــ وەکو سەرەتاکەی ــ بەرهەڵستی کردنە لە دۆستایەتی و لایەنگیری و سەرخستنی دوژمنانی خوا . لەوانەی خوای بەبەزەیی و میهرەبان رقی لێیان هەستاوەو غەزەبی لێ گرتوون . جا چ کافرەکانی قوڕەیش بن چ جولەکەکان . تا بە تەواوی لێکدابڕان بێتە دی و هەموو پەیوەندییەک بپسێت کە لەسەر بناغەی باوەڕو عەقیدە دانەمەزرا بێت.

ئەم هەڵوێستە سەخت و دژوارانەش کە قورئان تۆماری کردوون ، لەبەر گرنگییانە . چونکە خوای پەروەردگار دەزانێت ئەم ئوممەتەی **محمد** صلى الله عليه و سلم بەو هەڵوێستانە نەبێت پتەو پەروەردە نابن . کە وا پتەویش پەروەردە

نەبوون ؛ لیاقەتی ئەوەیان نابێت پەیامەکەی ئەو هەڵگرن و ببنە سەربازی خوا . هەڵگرتنی پەیامی خوای کار بەجێ و زانا ، قسەی زل و خۆبادان و سـنگ دەرپەڕاندن نییە خۆ هەڵڕۆسکان و خۆ نواندنی ئەم کۆڕو ئەو شانۆ نییـە .. ئەوی بەم قورئانە پەروەردە نەبێت هێندە پشوو درێژ نابێت پەیام وکـاروانی دینداران بگەیێنێتە مەنزڵگاکانی دار الاسلام ،کە لە ژێر ئـالآی شـەکاوەی خواویستی وسایەی شەریعەتە رەواکەیدا دادەمەزرێن . ئەمەش کاری کەڵـە پیاوانی مێژووە . کارو هەڵوێستی پێغەمبەرانە . بۆیـە دەبـێ ئەسـحابەکانی محمدیش صلی الله علیه و سلم وا پەروەردە بن . چونکە ئەمانیش دیسان دەبنـەوە سەر مەشقی موسوڵمانان .. نەوە دوای نەوە .. تا ئەو ساتانەی رۆژی دوایی کە ئیتر بڕوا نامەکان دابەش دەکرێن .

...........................

## دەرسی یەکەم

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ
كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ
رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم
بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ
السَّبِيلِ .(1) إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ
وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ .(2) لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا
أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ .(3)

## مانای گشتی ئایەتەکان

**(1) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەنە هاوڕێ و لایەنگرو سەرپەرشتیاری خۆتان . دۆستایەتییان مەکەن . خۆشتان نەوێن . نهێنی موسوڵمانانیان لا مەدرکێنن خۆ ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بەو حەقە نەهێنا کە بۆ ئێوە هاتبوو . بەڵکو کوفرانەشیان پێ دەکرد و گوێیان نەدەدا بە پەیام وشەریعەتی خوا . هەر لەبەر ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان بە خوای پەروەردگاری خۆتان هێنا بوو ، ئەوان پێغەمبەرو ئێوەشیان لە وولاتی خۆتان دەرپەڕاند !**

**ئەی موسوڵمانینە ، مادام ئێوە لەبەر خاتری خوا کۆچتان کردووەو لەبەر ڕەزامەندی ئەو ، وازتان لە ماڵ و منداڵ وکەس وکارو وولاتی خۆتان هێناوە**

نەکەن ئا ئەو ستەمکارانەی ئێوەیان لە دوزاق نا ! بکەنە کاربەدەستی خۆتان . دڵیشتان بۆیان لێ نەداو خۆشتان نەوێن .. خۆ من ئاگام لە هەموو شتێـــکتان هەیە . شاراوە بێت یان ئاشکرا . ئەوەش بزانن هەر کەسێک ئەو کارە بکات (دۆستایەتی دوژمنانی خوا) ئەوە بەراستی گومڕا بووەو ڕێی ڕاستی بزر کردووە

(2) گەر ئەوان زەفەرتان پێ ببەن و دەستیان بتانگاتێ ، دوژمنداریێتیەکەی خۆیانتان بۆ ئاشکرا دەکـــەن و دەکەونـــە گیانتـــان . پـــەلامارتان دەدەن . هەرچیەکیان لە دەست بێت بەرامبەرتان دەیکەن چ بە هێزی بازوو چ بـــە زمان و پڕوپاگەندەو سومعە شێواندنتان . ئەوانە دەیانەوێـــت ئێـــوە واز لـــە ئیسلام بهێنن و جارێکی دی بگەڕێنەوە نێو کوفر .

(3) دڵنیا بن لەوە کە لە ڕۆژی دواییدا ماڵ و مندال و کەس و کارتان بە هاناتانەوە نایەن و سوودیان بۆتان نابێت . خوای گەورە هەردوو لاتان جوێ دەکاتەوە ( ئەهلی باوەڕ بۆ بەهەشت و ئەهلی کوفر بۆ دۆزەخ ) با منـــداڵ و کەس و کاریشتان بن ! خوای گەورە ئاگادارە چی دەکەن . چونکە بینەری هەموو کارو کردەوەکانتانە .

* * *

## ڕێڕەو

ئەم سورەتە ئاڵقەیەکە لە زنجیرەیەک دەرسی پـــەروەردەو ڕێکخســـتنی کاروباری کۆمەڵایەتی و کاروباری دەوڵەتەکەی مەدینە .ئاڵقەیەکی زنجیرەی ئەو پێڕەوو پڕۆگرامەیە کە خوای گەورە بـــۆ ئـــەو کۆمەڵـــە موســـوڵمانە هەڵبژێرراوەی دانا ،کە هەر خۆشی ئاڕاســـتەی دەکـــرد . ئـــەو کۆمەڵـــە خواوویستەی کە ئەو پڕۆگرامەی خوای گـــەورە بـــۆ ژیـــانی کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتی دەوویست ، ئەمان لە واقیعێکی کردەوەییدا هێـــنایانە دی .. ئـــەو پڕۆگرامەی کە خوای گەورە دەیوویست دار الاسلامێـــکی ، ڕواڵـــەت و جەوهەرو سنوورو شەخسیەت جیاوازدا دەربکەوێـــت . لـــە سیستمێـــکی نموونەییدا کە لە پلەو ئاستێکی وادا بێت ، هەمیشە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چاو لە ئاسۆی ببڕێت و هەوڵ بدات بیگاتێ . ئەمەش پێویستی بە ئامادە کردنێکی چەندین هەنگاوو قۆناغ هەبوو . جا ئەو ڕوداوانەی لە دەورووبەردا لە نێو ئەم کۆمەڵە خواوویستەدا ڕووی دەدا ، دەبوونە کەرەستەیەکی چاک بـــۆ ئـــەو ئامادە کردنە کەرەستەیەک بوو کە هەر لە زووەوە لـــە زانســـتی خـــوای گەورەدا نەخشەی بۆ کێشرا بوو .. ئەو ڕووداوانـــە دەبوونـــە نەخشـــەی پەروەردەو لێکدانەوەو ڕوونکردنـــەوەو ســـۆراغ کردنـــەکانیش دەبوونـــە کەرەستەی بینا ..

لە دەبەرێک ڕاچوونی ڕوداوو بە نێو تەوژمی بەتینی ژیاندا ، ئەو دەروونە پاکانە بنیات دەنران ئەو دەروونانەی بۆ ڕاپەڕاندنی پڕۆگرامی خوایی لەسەر زەمیندا هەڵبژێررا بوون . کەس گۆشەگیر نەدەوەستا . مەگەر گۆشـــەگیری هەستی دەروونی و سۆزی باوەڕی نوێ . دوور دەبوون ، دووری هەســـت و هۆش . نەبادا شتێکی هەڵە ، وەک هەستی نامۆو ڕەفتـــاری لارو هەڵوێســـتی

چەوت ، یان حەزو رقێکی لاسەنگ تێکەڵ بە قۆناغی پێکهێنانە دەروونیەکەیان ببێت . ئاراستە نوێیەکان بەردەوام تاکەکانی کۆمەڵە نوێیەکەیان هەڵ دەنا بۆ جێگیر کردن و قایم دارشتنی ئایدیۆلۆژی و بیروهۆشێکی گۆشە فراوان دەربارەی جیهانی ئەو کاتە بە گشتی و بارودۆخی نیوە دۆرگەی عەرەب بە تایبەتی .ئەم کۆمەڵە نوێیەی لەسەر ئەم دیدو بۆچوون و ئایدیۆلۆژییە دینییە نوێیە پەروەردە دەبوون ، وا نەبێت دوور بووبن لە گیروگرفت و هەڵس وکەوتەکانی ژیانی واقیعی . بەڵکو لە نێو بۆتەی ئەو گیروگرفت و روداوانەدا رۆژبەرۆژ و جاربەجار پاڵفتە دەبوون و دەتوانەوەو سەر لە نویێ شەخسیەتیان دادەرێژرایەوە . جاری وا هەبوو لە مەسەلەیەکدا ، یان لە جۆرە رەفتارێکدا یان لە جۆرە هەست و دیدێکدا ، چەندین جار دەهێنران و دەبران و لە چەندین لاوە بۆ یەک مەبەست ئاراستە دەکران : بە حەزەر ، بە ترس ، بە هاندان ، بە خۆشوویستن ، بە بوغزاندن .. چونکە ئەو خوایەی درووستی کردوون ، دەیزانی ئەم هەموو خەڵکە هەموو وەک یەک و بەقەدەر یەک نایەن بەدەم بانگەوازەکەیەوەو هەموویان وەک یەک و پێکەوە پابەندی تەعلیماتەکانی نابن چونکە خۆ هەموویان وەکو یەک باوەر لە دڵ ودەروونیاندا جێگیر نەبووە ! لاوازی مرۆڤ خۆی و ، پشێوی و ناهەمواری واقیعەکە و تین و تەوژمی خوونەریتی تیرەو هۆزەکانیان ، ئەمانە هەر هەمووی کۆسپن ، بەربەستی رێی پەروەردە کردنن . زۆر جار توندو سەخت پێچەوانەی ئارستە پەروەردەییەکە دەبنەوە و دەبنە هۆکاری لاوازی بۆیە دەبێت چاوی گۆشکردنیان هەمیشە لەسەر بێت ..

خوای گەورە دەیزانی زاڵ بوون بەسەر ئەو بەربەستانەدا ، ئامۆژگاری وبیرخستنەوەی بەردەوامی دەوێت . روداوی نموونەیی واقیعی دەوێت . بۆیە

دەبینیت هەموو روداوەکان بە پێی قەدەری خوای گەورە بەرێــک و پێــکی دەهاتن : جارێک بە ئامۆژگاری ، جارێکی تر بە حەزەردان و سلّ کردنـــەوە یان بە رێنیشانداد و هاندان بۆ رەسەن کردنی شەخسیەت و پارسەنگ کردنی هەڵوێستەکانیان . پێغەمبەریش صلی الله علیــه و ســلم وەک بێـــداری دووربـــین نموونەکانی حەکیمانە دەکردە بەردی گۆشەی ئەم دەروونانەو ، وەحی خواش دەبووە تەناف و شاولّ و تەرازوی . تا ئـــاوا ، ئـــەم دەروونـــە زیندوانـــە لەبەردەستی نێرراوەکەی خوادا پەروەردە بوون و وەک نموونەی هاتنە کایەوە

**هۆی هاتنە خوارەوەی**

لە هەموو کتێبەکانی حەدیسدا وەک سەحیحی بوخـــاری و موســـلیم و سونەنی ئەبو داوودو نەسائی و مەسنەدی ئیمام ئەحمەدو ئەوانی تردا ، هـــۆی هاتنە خوارەوەی سەرەتای ئەم سورەتە، بەم بەسەرهاتەی خـــوارەوە دیـــاری دەکەن :

یەکێک لە یاوەر ( ئەسحابە ) کانی پێغەمبەر صلی الله علیه و ســلم کـــەناوی حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە بوو . یەکێک بوو لەپـــەنادراوەکانی قـــوڕەیش . هەروەها یەکێک بوو لەو یاوەرانەی کە پێغەمبەر صـــلی الله علیـــه و ســـلم ئـــەو نهێنییەی لا درکاند بوو ،کە دەیەوێت لەشکر پێکەوە نێت و هێرش بکاتـــە سەر مەککە . واشیان بڵاو کردبۆوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەیەوێـــت هێرش بکاتە سەر جولەکەکانی خەیبەر . پێغەمبەر صلی الله علیه و ســـلم زوو زوو دوعای دەکرد و دەیفەرموو : ( اللهُمَّ عَمِّ عَلَيهِمْ خَبَرَنَا ) واتە : خوایـــە ئـــەم هەواڵە لە ئەهلی مەککە بشاریتەوە . بەڵام حاتەب ئەم نهێنییەی لە نامەیەکدا نووسی و بە ئافرەتێکدا _ کە بە دە درهەم بە کرێی گرتبوو _ نـــاردی بـــۆ سەرانی مەککە ! پێش گەیشتنی نامەکە ، خوای گەورە پێغەمبەری لێ ئاگادار

کردەوە کە شتێکی وا هەیە . ئەویش عەلی کوڕی ئەبو تالیــب و زوبــەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی ئەسوەدی بانگ کردو ، پێی فــەرموون : (اِنْطَلِقُوا حَتَّى تَأتوا رَوضَةَ خَاخٍ فَإنَّ بِها ظَعِينَةً مَعَهَا كِتَابٌ فَخَــذوهُ منــها) واتـــــه : بڕۆنە ناوچـــەی روضة خاخ ( ناوچەیەکە دوانزە میل لە مەدینـــەوە دوورە ) ئافرەتێکی سواری لێیە ، نامەیەکی پێیە لێی سەنن و بیهێنن . ســیدنا عـــەلی دەفەرموێ : بە سواری ئەسپ فڕین تا گەیشتینە ئەوێ . ئافرەتێــکمان بـــە سواری ووشترێکەوە دی . رامان گرت و پێمان ووت : ئەو نامەیەمان بدەرێ کە پێتە . ووتی : نامەم پێ نیە ! شت و مەکەکانی گەڕاین تێیدا نەبوو . پێـــم ووت : ئەگەر نامەکەمان نەدەیتێ ، هەموو جلەکانت لەبەر دادەنێین . ناچار دەستی برد بۆ پرچ (کەزی) یەکەی و نامەکەی دەرهێنا . لێمان وەرگـــرت و خێرا گەیشتینەوە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم کە کردیەوە ، دیار بـــوو لە حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعەوە نوسرا بوو بۆ سەرانی قوڕەیش . پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ناردی بە شوێن حاتەبدا . عومەری کوڕی خەتتاب _ خوا لێـــی رازی بێت _ فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا لێم گەڕێ با سەری ئەم دووڕوو (منافق)ە بپەڕێنم . پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لە حاتەبی پرسی : ( ما حَمَلَكَ على هذا ؟ ) چی ئەم کارەی پێ کردیت ؟ فەرموی : سوێندم بە خـــوای گـــەورە باوەڕم هەر وەکو خۆی ماوە . ئەم کارەشم لەو رووەوە نەکردووە کـــە لـــە ئیسلام پەشیمان بووبێتمەوەو بە کوفر رازی بووبێتمەوە . بـــەڵام جـــەنابت دەزانی کە من کابرایەکم هیچ کەس و کارێکم لە ناو قوڕەیشدا نییە .هەموو یاوەرەکانی تر خزم و کەس و کارو تیرەو هۆزیان لە مەککە هەیە کە مـــاڵ و منداڵ و سامانیان دەگرنە خۆ . منیش ووتم بەڵکو خوای گەورە دڵی یەکێک

لە سەرانی قورەیش نەرم کات و منداڵەکانم بۆ بگرێتە خۆ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم فەرموی : ( صَدَقَ . لاتقولُوا له الاّ خَيرا ) واتە : راست دەکات ، جگە لە قسەی جوان هیچی تری پێ نەڵێن بەڵام عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێـــی رازی بێت فەرمویەوە : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە خیانەتی لە خواو پێغەمبەرو موسوڵمانان کرد ، لێم گەڕێ با بدەم لە گەردنی . پێغەمبەر صلی الله علیه و ســـلم فەرموی : ( اِنّكَ لا تدري لَعَلَّ الله اطَّلَعَ على اَهلِ بَدرِ فقالَ : اعمَلُوا ما شِــئتُم فَقَـــدْ غَفَرْتُ لَكُمْ ) واتە : تۆ نازانیت . خوای گەورە بە ئەهلی بەدری فەرموو: چی دەکەن بیکەن وا لە هەمووتان خۆش بووم . لە ریواتی تردا هەیە : چی دەکەن بیکەن بەهەشت شایانی ئێوەیە . سیدنا عومەر _ کە خۆشی لە ئەهلی بەدرە _ فرمێسک بە چاویدا هات . فەرموی:خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی زاناترن. پاشان ئەو ئایەتانەی سەرەتای الممتحنه هاتە خوارەوە .

شێخی شەنقیتی _ رەحمەتی لێ بێت _ دەفەرموێت : موفەســـیرین رایـــان لەسەر ئەوە کۆیە کە ئەم ئایەتە لەسەر حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعـــە هاتۆتـــە خوارەوە . بەڵام دەرس و پەندو ئامۆژگاری لە مانای ئایەتەکان وەردەگیرێت و هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی قورئان تایبەت ناکات بە خۆیـــەوە . ئـــەوجا دەفەرموێ ئەم حوکمی کوفرەش کوفری کۆن و نـــوێ دەگرێـــتەوە.وەک کوفری جولەکەو دیان و دووروو کۆمۆنیست وهندۆکی وبودایی و هتد

هەروەها هەر کەسێک گاڵتە بە شتێکی دین بکات ، یان دین بکاتە مایەی گاڵتەو گەپ ، پێ دەچێت حوکمی ئەم ئایەتە بیگرێتەوە ( أضواء البيـان 8/ 130-131 ) البخـاري 400/7 و486/8 ، مسلم ب 4 ل1941 الدرر /السيوطي ب 6 ل202 / فتح الباري ب 8 ل87 وە ابن كثير ب 4 ل3 .

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

## ئایەتی یەکەم

1ـ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە .

پەروەردگاری مەزن ئا بەم بانگەوازە خواییە موسوڵمانان بانگ دەکات ! ئەوانەی باوەڕیان هێناوە .. ئەوانەی مل کەچی و گوێ رایەڵی تەواویان بۆ بەرنامە پیرۆزەکەی خوا دەربڕیوە .ئەوانەی قەناعەتی تەواویان کردووە .. ئەوانە ئەوانەن کە خۆیان بە سەربازی رێی خواوویستی دەزانن و هیچ فەرمانێکی خوای گەورە ناخەنە پشت گوێ .. ئەمانە ئەو کەسانەن کە بە تەواوی بۆ خوا لێ براون و خۆیان بۆ بەرز کردنەوەی ووشەی خوا تەرخان کردووە ... ئەم بانگ کردنە خواییە خۆی لە خۆیدا پلەیەکی بەرزەو مایەی شانازی موسوڵمانە . بۆیە کاتێک سیدنا حاتەب گوێی لە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) بوو ؛ وەک گوڵ گەشایەوەو لە خۆشیاندا دەستی کرد بە گریان چونکە زانی هێشتا لە ریزی موسوڵماناندا ماوە .

ریزی موسوڵمانان ریزێکی زۆر بەرێزو پیرۆزو بە نرخە . ئەو کەسانەی لەو ریزەدا وەردەگیرێن ، دەبێ خاوەن باوەڕی بەتین و وویستی پاک و وورەی بەرزی گۆڕین بن .. نابێت توخنی هیچ شتێک بکەون لەکە داریان کات . نابێت هیچ هەڵوێستێکی وا بنوێنن لەسەر شەخسیەتیان بکەوێت . بۆیە هەرگیز خوای گەورە بە موسوڵمانانی نەفەرمووە : مەدزن ، زینا مەکەن ، خوێن رێژ مەبن ..هتد چونکە ئەمانە کارو رەفتارێکن لە موسوڵمان ناوەشێنەوە . بەڵکو بە موسوڵمانان دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً )البقرة/208 یان ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ) الانفال /24 ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا ) الحجرات/6 وە هەروەها .ئەم

ئایەتە یەکێکە لە بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت بۆ پەرپەرچدانەوەی موعتەزیلە ، کە خەڵکی بە گوناح کردن کافر دەکەن . ئەوەتا خوای گەورە هێشتا سیدنا حاتەب بە موسوڵمان دەزانێت ، گەرچی ئەو کارە دژوارەشی ئەنجام دا کـــە جاسوسییە بۆ کافری شەڕانی . کەوا بـــوو موســـوڵمان بـــە گونـــاحی (غیر مُکَفِر)گەر بە حەڵاڵی نەزانێت کافر نابێت . گەر بە حەڵاڵی زانی بیکات یـــان نەیکات کافرە .

2_ خوای گەورە دەفەرموێ : ( لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء.. ) واتـــە دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەنە سەرپەرشتیارو دۆست و ئەربابی خۆتان ! العدو : چونکە لەسەر وەزنی ( مفعول ) هاتووە : چاوگە و بە یـــەک تـــاکی دوژمنیش دەوترێت و بە کۆمەڵێکیشی . وەک خوای گەورە دەفەرموێـــت: (فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ ) طه /117 واتە : ووتمان هۆ ئادەم ئەمە _ ئیبلیس _ دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە بۆ کۆ (جمع ) یش ، هەر دەربارەی شەیتان دەفەرموێ : ( أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاء مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ ) الكهف /50 واتە : ئەوە چۆن ئەوو نەوەکانی لە جیاتی من دەکەنە سەرپەرشتیارو دۆســـتی خۆتان کە دوژمنیشتانن ؟! لێرەشدا ( عدو ) بە مانای کۆ هاتووە . چـــونکە دواتر هەر بە شێوازی کۆ راڤەی دەکات وەک : اولياء ، تلقون اليهم ، كفروا ..

دوژمن لێرەدا بۆ دوژمنی تایبەتیش و دوژمنی گشتیش هاتووە مەبەســـت لە دوژمنە گشتیەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە دەفەرموێت: ( وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءكُم مِّنَ الْحَقِّ ) وە مەبەستی دوژمنە تایبەتیەکانیش کە کـــافرانی مەککـــە بوون ، لەوەدا دەردەکەوێت کە دەفەرموێت : ( يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ . ) .

وەسفی ( کفر ) هەموو شێوازێکی کوفر دەگرێتەوە لە هـــەر کـــات و جێیەکدا بێت . باس کردنیشی لێرەدا بە مەبەستی دوژمنی تایبەتی و گشتی بۆ زیاتر تەئکید کردن و زیاتر بایەخ پێدانە .

پێش خســـتنی ( دوژمنی من ) پێش ( دوژمنی خۆتان ) یـــش خاڵێـــکی عەقیدەتی و رەوانبێـــژی ( بەلاغی )یە . چونکە موسوڵمان دەبێت ئەوە بـــە بەڵگەنەوویستی باوەڕەکەی بزانێت ، کە دەبێت دوژمنی خوا بـــە دوژمـــنی سەرسەختی خۆی بزانێت و دوژمنداریێتی کەسێک باوەڕ دەهێنێت ؛ دەســـت بەجێ دوژمنداری لەسەر هەڵدەگیرێت . وەک خوای گەورە دەفەرموێـــت : (فَلاَ تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ أَوْلِيَاء حَتَّىَ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ) النساء /89 واتە : کەسیان ( لەو موسوڵمانانەی لە مەککە مابوونەوەو کۆچیان نەکردبوو بۆ مەدینە (گەرچی خاک وکۆمەڵگەو ئالأی ئیسلامی جوێ بوو بووەوە ) مەکەنە سەرپەرشتیارو دۆستی خۆتان ، تا بۆ خوا کۆچ دەکەن .

موسوڵمان خوای گەورەی لە هەموو شتێکی تر زیاتر خۆش دەوێت . لە خۆشەویستیدایە کە دەیپەرستێت . ملی بۆ فەرمانەکانی خوا کەچ دەکـــات . گوێ رایەڵە بۆ بەرهەڵستیەکانی ، ئەو کەسانەشی خۆش دەوێت کە خـــوای گەورە دەپەرستن و ئەویش خۆشی دەوێن . چونکە تەوەری باوەڕ ، هەموویانی خستۆتە سەر یەک ڕێبازو پێکەوە پەیوەستی کردوون .

موسوڵمانێک ئەوە سیفەتی بێت ، ئاوا خوای گەورەی خۆش بوێت . ئیتر چۆن دوژمنی خوا دەکاتە دۆستی خۆی و خۆشی دەوێت ! چ جای ئـــەوەی دۆستایەتی و هاوکاری بکات و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی بـــدات ؟! هـــەیهوو ، هەیهوو ..

ئەو كەسەی دوژمنی خوا بێت ، بێ گومان دوژمنی سەرسەختی ئێمەشە . كەوا بوو هەر لە سەرەتاوە دەبێت ئێـــمەی موســـوڵمان لـــە نـــاخی دڵ و دەروغانەوە رقمان لێی بێت . سەرزارەكیش دەبێت دوژمنداری بكەین . دەنا زۆر ئەستەمە كەسێک خوای خۆش بوێت و لە هـــەمان كاتیشـــدا دوژمـــنی خواشی خۆش بوێت.

زەججاج ( زمانەوانییە ) دەفەرموێت : لەم ئایەتەدا پاش و پێش بە مەرج و وەڵامەكەی كراوە واتە : ان كنتم خرجتم جهادا في سبيلي وابتغاء مرضـــاتي ، فلا تتخذوا عدوي وعدوكم أولياء .

3_ (تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ..) : ( بـــ ) ەكە هۆیە . واتە بـــە هـــۆی ئـــەو دۆستایەتی وخۆشەویستییەوە هەواڵ و نهێـــنییان پـــێ دەگەیێـــنن . بالمودة : بالنصيحة یە . بە ئامۆژگاری كردن ..ئەمە گلەیی و سەرزەنشتە .. چۆن ئێوە خۆشتان دەوێن و دەتانەوێن و پەیوەنـــدییان لەگـــەڵ دەبەســـتن و نهێـــنی موسوڵمانانیان پێ دەگەیێنن و دژی موسوڵمانان رێنیشاندەرییان دەكـــەن ؟!! ئای چ هەڵەیەكی نابەجێیە ! وای چ تاوانێكی گەورەو خیانەتێكی كوشندەیە ! چۆن دەكەویە دۆستایەتی و لایەنگری دوژمنێكی واوە كە دوژمـــنی خـــوای گەورەو دوژمنی سەرسەختی خۆشتە ؟!!

شاعیر دەڵێت :

إِذا صَافَى صَدِيقُكَ مَنْ تُعادِي ..... فَقَدْ عَاداكَ وانْقَطَعَ الكَلامُ

هەركەست دی بە هەر شێوە دوژمنی تۆی خۆش دەوێ

دوژمنی سەر سەختی تۆشە .شادی پێی ، یا ناتەوێ!

ئەگەر كەسێک دوژمنی خوای گەورەی كردە دۆست و خۆشەویســـتی خۆی ؛ هات وچۆ كردنیشی پێویست دەبێت . تا پێكەوە ژیان و تێـــكەلاوی

و هاوبەشی کردنی یەکتریش لە کاروباری ژیاندا زۆر تر ببێت ؛ ئیحتیمالی رازو نیازو نهێنی درکاندنیش زیاتر دەبێت . ئەگەر دوژمن گەلۆریش بێت ، سەرئەنجامی ئەو تێکەلاوی و پێکەوە ژیانە ، نهێنی موسوڵمانانی بەر گوێ دەکەوێت . چ جای ئەوەی دوژمنێکی زیت و وووریاو زۆرزانیش بێت ! وەکو دوژمنانی سەردەمی ئێستای ئێمە . بە تایبەت ئەندامانی دەزگا سیخوڕیەکانیان جا کەوا بوو هەر باشتر وایە موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە نە خۆی هەڵخەڵەتێنێت و نە موسوڵمانانیش . بە بەهانەی ئەوەی وووریایە و ئاگای لە دەم و لەفزی خۆیەتی ! با دوژمنانی خوا ببوغزێنێت باشترە وەک لەوەی پەیوەنییان لەگەڵ ببەستێت .

ئەم سەختگیری و هەڵوێست رەقییە لە مەسەلەکانی عەقیدەدان . دەنا موسوڵمان پێویستە ئەهلی بەزەیی و رەفتاری جوان بێت و تێکەڵی هەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگەکەی بکات ، بێ گومان بەو هیواو ئەندازەی کە بتوانێت بانگەوازەکەی خوایان پێ بگەیێنێت و لە ئیسلامەکەیان تێ بگەیێنێت

4ـ (وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ ) چ تاوانێکە !! ئەوانە نەک هەر نایانەوێت باوەڕ بەو حەقیقەتە بهێنن کە بۆ موسوڵمانان هاتووە بەڵکو موسوڵمانان دەگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن و دەیانکوژن و دەیانبڕن .. لە جێ و ڕێی خۆیان دەریان دەپەڕێنن .. نەک هەر خۆیان ؛ پێغەمبەرە ئازیزو خۆشەویستەکەی خواش صلی الله علیه و سلم ئەو ڕێبەرە نەرم و نیان و بەبەزەیی و دڵسۆزە !! لە دیدو دڵ و دەرون و غیرەتی موسوڵماندا دەرکردن و هەوڵدانی تیرۆر کردنی ئەو پێغەمبەرە نازدارە صلی الله علیه و سلم زۆر کاریگەر ترە وەک لە دەرکردن و کوشتنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان .. ئێستا وا ئەو دوژمنانەی خوا ئەو پێغەمبەرە پێشەوایە دەردەپەڕێنن .. ڕاوی دەنێن

.. بە دوویەوەن و ناهێڵن لە جێیەکدا ستار بگرێت .. وای کە هێزی کـــوفر رقن و دڵڕەق و سەرسەخت و دڕندەن .. کەسێک وا دڕندە بێـــت ، چـــۆن شایانی دۆستایەتی تۆ دەبێت ؟

ئێوەش وپێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم لە جێی خۆتان ، لە شاری خۆتـــان لە هۆزو تیرەو خێزانی خۆتان ، بێ پارەو پوول ، بێ نان و ئاو دەردەکـــەن !! ئیتر چۆن ئێوە پێتان ڕەوا دەبێت ئائەم دڕندانە بکەنە دۆســـت و ئـــەرباب و ئەحباب و رازی موسوڵمانانیان لا بدرکێنن .

5_( أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ.. ) تەماشا کە خوای پەروەردگار ئەوە دەخاتەوە پێش چاوی موسوڵمانان کە هەر ئەو هۆیەی بۆتە مایەی خۆشحاڵی و سەربەرزی و سەرفرازی ئێوە ، کە دینەکەتانە . هەر ئەویشە ئەو دوژمنە گێل و دڕندانـــە کردویانەتە هۆکاری دوژمنداریێتی و رق و کینەکەیان ! کەوا بوو ئەو شـــتەی لای ئێوە زۆر بە رێزو بە بەبایەخە لای ئەوان سووک و بێ قەدرە . ئەمانـــە هەر لەبەر ئەوە دەرتان دەکەن چونکە باوەڕتان بە خوای خۆتـــان هێـــناوە . چونکە دەزانن گۆڕانکارییە سەرەکییەکەی بەسەر ئەم خەڵکـــە دا هـــات ؛ دینەکە کردی . شایەتمانەکە بووە شۆڕشی گۆڕانکاری ناخی تاک و واقیعـــی کۆمەڵگەکە .. بۆیە ئێستاش لەم سەردەمی فەرعەنەتەی ئەمریکادا ، وا رقیان لە دینەکەمان هەستاوەو لە عەقیدە سەلەفیەکەمان تۆقیون .

6_ ( إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي.. ) ئەگەر ئێوە راست دەکەن و لەبەر خاتری خواو لە پێناوی رێبازی خـــوادا هاتوونەتـــە دەرەوەو هیجرەتتان کردووە . ئەدی بۆچی ئەو دوژمنانەتان قبوڵە ؟! نابێـــت . ئەمـــە کارێکی ناپەسەندە ..ئێوە دەبێت ئەوانە ببوغزێنن . بە دوژمنی خۆتانیان بناسن . نابێت بە هیچ شێوەیەک _ تەنانەت لە دڵ و دەروونیشتاندا _ ئەوانتان بوێت

..ئەگینا زەرەرمەند دەبن . خۆ خوای گەورە ئاگادارە گەر کەسێک شتێک لە دڵ و دەرونیدا بشارێتەوە . خوای گەورە هەموو ڕەوت و هەڵس و کەوتێکتان دەبینێت . ئاشکرا بێت یان نهێنی و شاراوە ..

7_ (تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ) ئێوە بە دزییەوە پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن ! خۆ من بە هەموو شتێکتان دەزانم . چ ئەوانەی دەیشارنەوە چ ئەوانەی ئاشکرای دەکەن .

خوای گەورە کە دەفەرموێت : ( تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ ) نەیفەرموو وانا اعلم بما أسررتم وما أعلنتم . چونکە زانینی هەستی شاراوە گرنگترە لە زانینی شتی نهێنی . بۆیە لە جێیەکی تردا دەفەرموێت: (يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى ) طه/ 7 واتە خوای گەورە هەموو نهێنییەک و شارراوەیەک دەزانێت ، نهێنی و شاراوەتر لەو . ئەمەش خاڵێکی جوانی دارشتنی ڕەوانبێژییە

جا ئەگەر خوای گەورە لە نهێنی شاراوەتر بزانێت ؛ ئیتر چۆن موسوڵمان لە ژێرەوە کافرانی دەوێت وخۆشی دەوێن . پاشان فەرموی : ( وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ) نەیفەرموو ( خبیر ) چونکە پلەی بینین لە زانین بەرزترە .

**يفصل به** ( **تُفصَلُ ، يُفصَلُ ، يُفصِل ، يُفَصِّلُ** ) ش دەخوێنرێتەوە .

8_ (وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ) واتە : هەر کەسێکتان وا بکات ئەوە گومڕایەو ڕێی ڕاستی وون کردووە ! ئای چ هەڕەشەیەکی گەورەو سەختە ! تەنها موسوڵمانی ڕاست و تێگەیشتووی خاوەن دڵی زیندوو دەزانێت ئەم هەڕەشەیە چەند ترسێنەرە . گومڕا بوون . ڕێ بزر کردن .. واتە هەرچیت کردووە تا ئێستا بە هەدەرت دا ! خەرمانەکەت سوتاند . گڕت بەردایە شاری چاکەت . ئای چ زیانێکی گەورەیە ..

## ئایەتی دووەم

( إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاء وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ.)

1_ ئەوانە هەر بەوەندەی بە سەرتاندا زاڵ بن و دەستیان بتانگاتێ ، هەر بەوەندەی دەستیان لە ئێوەی لاواز گیر ببێت ، دوژمنداریتییەکەی خۆیان بە پیسترین شێوەو بە هەرچییەک لە دەستیان بێت ، دەردەبڕن :

⁎ بەدەست : بە چەک ، بە لەناو بردن . کوشتن و بڕین و گرتن زیندان و ئەشکەنجە و سزا . برسی کردن و زەلیلی و دەرکردن . تالاَن کردن و کۆیلەییی . سوک و رسوا کردن .. هیچ ڕێیەک نامێنێت بۆ ریشە کێش کردنتان نەیگرنە بەر !

⁎ بە زمان : بە بەپەرچدانەوەی حەق . بە درۆ خستنەوەی خواو پێغەمبەرانی خوا . بە سومعە شێواندن و ناووناتۆرە لێنان ، درۆو دەلەسە . بوختان و هاندان و فریو دانی خەڵکی ساویلکەو بەکارهێنانیان بۆ لاوازکرنی حەق و ئەهلی حەق . بە هەڵخەڵەتاندنی خۆش باوەڕە گێلەکانی نێو ریزی موسوڵمانان هیچ شێوەیەک نامێنێت بۆ سووک کردنتان نەیگرنە بەر !

2_ (لَوْ تَكْفُرُونَ .. ) دەیانەوێت پاشگەز ببنەوە ! بگەڕێنەوە بۆ کوفر ! دەیانەوێت لەو هێمنی و ئاسایشەی کەناری باوەڕ ، دەرتان بهێنن ! لە ئارامی و سەرفرازی تەقوا کاری لە بەختەوەری و خۆشحاڵی خواوویستی . لە متمانەی یەکڕیزی و پتەوی گیانی برایەتی و دینداری . لە راستگۆیی و سەر ڕاستی . لە دەم و دەست و داوێن پاکی ! لە خووڕەوشتی قورئانی .. لە رەنجێکی بەردەوام و هەوڵێکی نەبڕاوەدان بۆ دەرهێنانتان لەم هەموو خێرو خۆشییە . دەیانەوێت لەو لوتکەی رەوشت بەرزی و دەرون دامەزراوی و

پیاوچاکییەوە بتانگێڕنەوە بۆ زۆنگاوەکەی جاهیلی . بۆ بێ باوەڕی و سەر لێ شێواوی . بۆ گومڕایی و بزر بوون ! بۆ نەمانی شەخسیەت و دۆڕاندن . بـــۆ زوڵم و ستەمە ناڕەواکەی جاران . بـــۆ دزی و گـــزی و فێـــڵ و تەڵەکـــە بازییەکەی پێشوو ! بۆ خوونەریتە بۆگەنەکانی جاهیلییەت .. بۆ داوێن پیســـی و کردەوە بەدەکانی .. ئای چ ئامانجێکی پیس و نالەبارە ؟! ئای ئەگەر خـــوا نەخواستە گێڕراینەوە بۆ کوفر چ زیانێـــکمان لـــێ دەکەوێـــت کوشـــتن و ریشەکێش کردنمان ئاسانترە لە گەڕانەوە بۆ خۆخۆرییەکەی کوفر .. هەرچی سزاو ئەشکەنجەو ناسۆر هەیە ناگاتە ژانی بە کافر بوونەوە ! نابینیت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم دەفەرموێ : ( ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاوَةَ الايمانِ أنْ يَكونَ اللهُ ورَسُولُهُ أحَبَّ اليهَ مِمَّا سِواهُمَا . وأنْ يُحِبَّ المَرْءَ لا يُحِبُّهُ الا لِلهِ . وأنْ يَكْرَهَ أنْ يَعُودَ فِي الُكفرِ بَعْدَ أنْ أنْقَذَهُ اللهُ مِنْهُ كَمَا يَكْرَهُ أنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ ) واتە : سێ هەن لە هەر کەسێکدا هەبن شیرینی باوەڕیان پێ دەچێژێت :ئەگەر خواو پێغەمبەری خوای لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر وویست . ئەگەر هەر کەسێکی خۆشوویست تەنها لەبەر خاتری خوا خۆشی بوێت . هەروەها ئەوەندەشی گەڕانـــەوە بـــۆ کوفر پێ ناخۆش بێت ، وەک ئەوەی بیگرن و فڕێی دەنە نێو ئاگرەوە !!

* * *

## ئایەتی سێ یەم

( لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ. )

1ــ ( لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ ) نەکەس وکار ، نە خێزان و منداڵەکانتان سوودتان پێ ناگەیەنن . ئەگەر خوای گەورە بیەوێت شتێکتان پێ بگەیەنێت . خۆ کەس و کارتان ناتوانن ئەو شتە رەت بکەنەوە . ئەمە لە دنیادا . لە رۆژی دواییشدا بێ گومان ناتوانن هیچ سوودێکتان پێ بگەیەنن .. جا ئیتر بۆچی لەبەر خاتری ئەوان خۆتان دەرەنجێنن و لە رووی شەرعەوە خۆتان پیاوخراپ دەکەن؟

پیاوی ئاقڵ چۆن رەزامەندی خوای گەورە دەخاتە لاوە بۆ سەلامەتی کەس و کار ، یان مالّ و منداڵ ؟! بە تایبەتی کە لە رۆژی دواییدا نە تۆ دادی کەس و کاری کافرت دەدەیت ، نە ئەوانیش دەتوانن بێن بە هانای تۆوە . کابرایەک لە پێغەمبەری صلى الله عليه و سلم پرسی باوکم مردووە . ئێستا لە کوێدایە ؟ فەرموی : ( في النار ) : لە ئاگری دۆزەخدایە کابرا بە خەمبارییەوە رۆیشت . پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بانگی کردەوەو فەرموی : (ان أبي وأباك في النار ) أخرجه مسلم . واتە باوکی منیش و باوکی تۆش لە ئاگردان .

2ــ ( يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ ) رۆژی دوایی لێکتان جوێ دەکاتەوە . هەر کەسەو بۆ لایەک : ئەوی ئەهلی باوەڕو تەقوایە بۆ بەهەشت و ئەوی ئەهلی کوفریشە بەرەو دۆزەخ . بەرەو رق و غەزەبی خوای بە دەسەلات ! جا ئیتر

چۆن دینی خۆتان واز لێ دەهێنن وخۆتان دەدۆڕێنن و لەبەر خاتری ماوەیەکی تری ژیانی خۆتان ومالٚ و منداڵتان رقی خوا لە خۆتان هەلٚ دەستێنن؟!

چۆن دەبێت سۆزی باوکایەتی و هاوسەرێتی بەهێزتر بێت لە خۆشەویستی خوا ؟!

چۆن دەبێت خۆشەویستی کەس و کار بەو رادەیە باوەڕ لاواز بکات ؟! موسوڵمان دەبێت هەر لە سەرەتاوە لە کافران تەبەڕرا کات چجای دۆستایەتیان بکات . ئەمەش داواکاری شایەتمانە

قازی ئەبو یەعلا دەفەرموێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو رایەی کە دەڵێت ترسی مالٚ و منالٚ و کەس و کارو سامان مۆڵەتی ئەوە نادات کە بە توقیە[1] کوفر دەر ببڕێت چونکە ئەو کوفرە کە سەرزارەکییە ؛ ناچارییە و لە کاتی مەترسی بوونی کوشتنی نەفسی خۆتدا دەبێت . واتە دڵنیای کە ئەگەر ئەو کوفرەی ئەوان نەڵێیتەوە دەتکوژن . .. بۆیە خوای گەورەش هیجرەتی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە تا کەس بە بەهانەی پاراستنی مالٚ و مندالٚ و کەس و کاری لە ژێر ئالآی کوفر و حوکمی کافراندا خۆ مت نەکات و واز لە کۆچ کردنی بهێنێت .

* * *

[1] توقیە : ئەوەیە کە لە ترسی کوشتنت ، تەنازول بۆ کافران بکەیت و بە رواڵەت بچیتە سەر راکەی ئەوان ، تا لێت گەڕێن . بێ گومان دەبێت دڵت هەر پڕ لە باوەڕ مابێت و کارێکی واش نەکەیت موسوڵماتی تر بخەیتە داو ..

## چەند خاڵێکی سەرنجدان

1_ دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەبێت بە گوێرەی دینی خـــوا بێـــت . ئەمـــەش یەکێکە لە گەورەترین و کاریگەرترین خاڵی عەقیدەی ئیسلامەتی . راســـت و چـــەوتی دینـــداری موســـوڵمان و رادەی ئیســـلامخوازیی بـــەم دۆســـتایەتی ودوژمنداریتییە دەپێورێت . ئەمەشە (الولاء و البراء ) .

2_ دۆستایەتی و خۆشوویستن ولایەنگری کافران دەوڵەت بن یان حـــزب و تاک حەرامە و نابێت بە هیچ شێوەیەک موسوڵمان بکەوێتە ناوی .

3_ ئەو کەسەی نهێنی جەنگی موسوڵمانان ، بە هێزی کـــافران بگەیێنێـــت ، حوکمێکی سەختی هەیە کە دەگاتە کوشتن .با نوێژو رۆژوشی هەبێت .

4_ خوای گەورە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کافری جەنگی دڵڕەق و توندو تیژن و بەزەییان بە موسوڵماندا نایەتـــەوە . نـــرخ بـــۆ دۆســـتایەتی و پەیوەندییان لەگەڵ موسوڵماندا گەر پێچەوانەی بەرژەوەندیان هاتەوە دانانێن

5_ هێزی کوفر سوورە لەسەر گێڕانەوەی موسوڵمانان بۆ کوفرو کۆڵ نادات وهەموو رێگایەک بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە دەگرێـــتە بـــەر . وەک خـــوای گەورە دەفەرموێ :(وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِيـــنِكُمْ إِنِ اسْـــتَطَاعُواْ) البقرة /217

6_ دەبێت چاو لە هەڵەی موسوڵمانی راستگۆ بپۆشرێت ، مـــادام هەڵەکـــە ناگاتە پلەی کوفر دەبێت رابوردووە ئیسلامییەکەی لەبەر چاو بگیرێت .

7_ خزم و کەس وکار ئەگەر موسوڵمان نەبن ، لە رۆژی دواییدا بە هانـــای موسوڵمانەوە نایەن . نە ئەم سوودی بۆ ئەوان دەبێت و نە ئەوانیش بۆ ئەم .

* * *

## چەند خاڵێکی تری پەروەردەیی

1_ لە لایەکەوە مرۆڤ سەرسام دەبێت لەوەی چۆن یەکێکی وەک سیدنا حاتەب ، کە ئەهلی بەدرەو یەکێکە لەو کەسە کەمەی پێغەمبەر صلی اللہ علیە و سلم نهێنی جەنگی لا درکاندووە کەچی ئاوا لە ساتێکی لاوازی مرۆڤانەدا ، سۆزی بیری ماڵ و منداڵ و کەس و کار ، زاڵ دەبێت بەسەر ئەو لایەنە گرنگەیدا ، کە یەکێکە لە رازگرو متمانە پێکراوانی جەنگ ! کەوا بوو ئێمەی موسوڵمان هەمیشەو لە هەموو قۆناغەکانی ئاراستەو پەروەردە کردن و گۆڕانکاری دەورووبەردا ، دەبێت ئەم خاڵەمان لەبەر چاو بێت .

2_ زیرەکی و بلیمەتی و گەورەیی پێغەمبەری فەرماندە صلی اللہ علیە و سلم کاتێک ئەو گلانە لە یاوەرێکی دەبینێت ، دەست بە جێ سزا دەر ناکات . بەڵکو دوای ئاشکرا بوونی لێی دەپرسێت : چی ئەم کارەی پێ کردیت ؟ پاشانیش کە راستگۆیی سیدنا حاتەبی بۆ دەرکەوت ، نافەرموێ : کارەکەت لە نیەتت گەورەترەو دەبێت هەر سزایەک بدرێیت ! بەڵکو بە یاوەرانی تری دەفەرموێت : راست دەکات .. جگە لە قسەی جوان هیچی تری پێ نەڵێن . پێغەمبەری پێشەوا صلی اللہ علیە و سلم سوارە گلاوەکەی خۆی ئاوا هەڵدەستێنێتەوە و هەر بەو هەڵەیە ، ئەویش و یاوەرانی تریشی ئاراستەی پارسەنگێکی باشتر دەکات .

3_ هەڵوێستی سیدنا عومەری کوڕی خەتتاب _ خوا لێی رازی بێت _ هەڵوێستی موسوڵمانی پابەندو دڵسۆزە . سوورە لەسەر پاراستنی پاکی ریزی موسوڵمانان . ئەمەش شتێکی داوا کراوە لە موسوڵمان ، کە دەبێت رقی لە هەموو کارێک هەستێت کە دەبێتە هۆی لاوازی ئیسلام و موسوڵمانان . با

ئەو کارە دژوارە لە پێشڕەوانی موسوڵمانان و پیـــاو ماقوڵانیشـــیەوە بێـــت . چونکە ئیسلام و ئوممەتەکەی لە هەموو موسوڵمانێک گەورەترن .

4_ هەڵوێستی پڕ باوەڕی سیدنا حاتەب .کە هێزی کاریگـــەرو کارتێـــکردنی گەردوون و دەروون ، هەر دەگێڕێتەوە بۆ خوای پەروەردگار . چونکە هەر ئەوە هێزو وویستی روداوو گۆڕانکاری بۆیە فەرموی ووتم بـــەڵکو خـــوای گەورە دڵی یەکێک لە سەردارانی قوڕەیش نەرم کات و ماڵ و منداڵەکەم بۆ بگرێتە خۆ ..

5_ بەئەدەبی و رەوشت بەرزی موسوڵمانان . کاتێک ئەو هەڵوێستە هەڵـــەیان لە یەکێک لە خۆیان دی ؛ کەس لە لای خۆیەوە نەکەوتە تیرو توانج گرتنـــە سیدنا حاتەب و پێشنیار کردن و بۆ تێچان و حوکمدان ! بەڵکو هەر یەکەیان وای حسێب دەکرد ، کە ئەو بارودۆخە لارە بەسەر خۆی هـــاتووە . بۆیـــە هەموویان بە ئەدەبەوە چاوەڕوانی فەرمانی پێغەمبەری پێشەواو بەبەزەییان صلى الله عليه و سلم دەکرد .

* * *

## باسی حوکمی جاسوس

شێخ ( أبو بصير عبد المنعم مصطفى حليمة ) فتوایەکی بە کورتی لـــە ســـاڵی 2001 دا بڵاو کردەوە ، کە بە گونجاوو پێویستی دەزانم لێرەدا بیخەمەوە پێش چاوی خوێنەران تا دژواری مەسەلەی جاسوسییان لەبەر چاو بێت و خەڵکی تریشی لێ حاڵی بکەن . شێخ دوای ســوپاس و ستایشـــە خـــوای گـــەورە دەفەرموێ ( .. بزانە کە هـــەر کـــەس جاسوســـی بکـــات بەســـەر موسوڵمانانەوە و عەیب و عارو باسی بارودۆخ و کەم و کورتییەکانیان ــ بە تایبەتی هی موجاهیدەکانیان ــ بگەیێنێتە دوژمنە کافرە تاوانبارەکانیان ، جا چ کافری ئەسڵی بن چ لە دین هەڵگەڕاوە (مورتەدد) ەکـــان ؛ ئـــەمیش کـــافر دەبێت وەکو ئەوان . واتە حوکمی شەرع دەربارەی ئـــەوان چـــۆنە ، هـــی ئەمیش وای لێ دێت . چونکە دەچێتە ژێر حوکمی شەرعی ئەو کەسانەوە ، کە وەلائی خۆیان بە کافران داوە و ئەوانیان بە سەرپەرشتیارو دۆست قبـــوڵ کردووە . بەمەش لە بازنەی ئیسلام چوونەتە دەرەوە و حەتمەن دەبێـــت بـــە کافری بکوژرێن .

خوای گەورە دەفەرموێ : (وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ـ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ ) البقرة / 8_9 واتە : کەسانێ وا هەن کە بە زمان دەڵێن باوەڕمان بە خواو بـــە ڕۆژی دوایی هێناوە ، بەڵام ڕاست ناکەن و موسوڵمان نەبوون . ئەوانە ــ بە حسابی خۆیان ــ گوایە فێڵ لە خوا دەکەن و موسوڵمانان هەڵ دەخەڵەتێنن ! بەڵام لە ڕاستیدا ــ بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن ــ خۆیان فریوو دەدەن . خـــۆ فریوو دانەکەیان ئەوەیە کە سەرزارەکی ئیسلامەتی نیشان خەڵکی دەدەن وبە

روالەت موسولمانێتی دەردەخەن ، و خۆیان بە موسولمان دەدەنــە قەلــەم . لەولاشەوە بۆ بەرژەوەندی دوژمنە کافرە تاوانبارەکان ، جاسوسی دەکەن .

هەروەها دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ) الحجرات/ 12 . واتە ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە زۆر خۆ بە دوور بگرن لە گومانی بەد بردن و توخنی نەکەون ، چونکە هەندێک گومانی بەد گوناحە . جاسوسییش مەکــەن و غەیبــەتی یەکتریش مەکەن .

جاسوسی بە گوێرەی پاڵنەر ( دافع ) ەکانیەوە دوو جۆرە :

* جۆرێکیان هەر لە فزوولی کابرا خۆیەوە دێــت : واتــە تەبیعەتێــکی جاسوسیانەی هەیە و هەر خۆی لە خۆیدا حەز دەکات نهێنی خەڵکی بزانێت . تا دوایی بە خۆشی و خۆ هەڵکێشانەوە لە ناو کــوڕو کۆمــەڵی گشــتی و تایبەتی خۆیدا باسی بکات ! هەر حەز دەکات باسی کەم و کورتی و هەڵــەو پەڵەی خەڵکی بکات و خۆی پێوە بادات گوایە بەڵگەی هەیە کە فلان کەس وای کردوو وا لە فیسار قەوماوە . بۆیە دەبینیت خوای گەورە لە دوای باسی ئەم جاسوسێتییە ئاماژە بە غەیبەت کــردن دەکــات . چــونکە غەیبــەت بەرهەمێکی سروشتی و حەتمی جاسوسی کردنەکەیە . هەر کەسێک جاسوسی بکات حەتمەن دوایی هــەر دەکەوێــتە غەیبــەتی ئــەو کەســانەوە کــە جاسوسێتییەکەی لەسەریان کردووە ، چونکە زانیاری لەسەریان لا کۆبۆتەوە!

* جۆرەکەی تر گشتییە : پاڵنــەرو هــۆی ئەنجامــدانی ئــەم جــۆرە جاسوسیەیان هەر ئەو حەزە مونحەریفەیە کە لە کابرادا هەیــە ! کــە حــەز دەکات ئەو زانیاریانەی دەستی دەکەون ، زوو بیکاتە راپۆرت و بۆ تاغووت و کافرو موشریک و دوژمنانی خوایان بەرز کاتەوە .ئەمەش وەلاء دانــە بــە

کافران . ئەمەیان لە هەموو شێوەیەکی جاسوسی دژوار ترە و سزاکەشی لە هەموو جۆرێکی تر سەختترو قورسترە . چونکە ئەمەیان لە خانەی کوفری گەورەدایەو حەتمەن خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام و ئوممەتی موسوڵمان دەباتە دەرەوە .

ئەو بەرهەڵستی ( نەهی ) یەی لەو ئایەتەشدا هاتووە ، هەردوو جۆرە جاسوسیە (تایبەتی و گشتییەکە ) دەگرێتەوە . گشتییەکەش شایان ترە بیگرێتەوە . ووریای بە .

لە حەدیسی سەحیحی پێغەمبەریشدا صلی الله علیە و سلم هاتووە کە فەرموویەتی : ( إيَّاكُمْ والظنَّ ، فإنَّ الظنَّ أكْذَبُ الحَديثِ ، ولا تَجَسَّسُوا ، ولا تَحَسَّسُوا ، ولا تباغَضوا ، وكونُوا إخْواناً ) بوخاری . واتە : حەزەرتان ببێت لە گومانی خراپ . چونکە گومانی خراپ درۆترین قسەیە . جاسوسی مەکەن ( نەخۆتان بە شەخسی بیکەن ، نە خەڵکیش بۆ جاسوسی بنێرن ) کینەو بوغز بەرامبەر یەکتری بەکار مەهێنن . برا بن لەگەڵ یەک .. هەروەها دەفەرموێ : ( مَنْ أَكَلَ بِمُسْلِمٍ أَكَلَةً فإنَّ اللهَ يُطعِمُهُ مِثلَهَا مِنْ جَهَّمَ . ومَنْ كُسيَ ثوباً بِرَجُلٍ مُسْلِمٍ فإنَّ اللهَ عَزَّوَجَلَّ يَكسُوهُ مِنْ جَهَّمَ . ومَنْ قامَ بِرَجُلٍ مُسْلِمٍ مَقَّامَ رياءٍ وسُمْعَةَ فإنَّ اللهَ يقومُ مَقامَ رِياءٍ وسُمْعَةٍ يومَ القيامَةِ) صحيح الادب المفرد / البخاري : ژمارە ( 179 ) و سنن ابي داود /4084 . واتە : هەر کەسێک پاروو ( ژەم ) ێکی بە موسوڵمانێک خوارد ( واتە بە پێشێل کردنی مافی موسوڵمانێک پارووە نانی خۆی پەیدا کرد) خوای گەورە لە دۆزەخدا وەک ئەوپارووەی دەرخوارد دەداتەوە . هەر کەسێک بە موسوڵمانێک پۆشاک ( جل و بەرگێک ) ی پەیدا کرد ، خوای گەورە پۆشاکی وای لە دۆزەخدا دەکاتەوە بەر . هەر کەسێکیش بە موسوڵمانێک

پلەو پایەیەکی بۆ ریاو ناوهێنانی پەیدا کرد ( واتە بە پێشێـــل کـــردنی مـــافی موسوڵمانێکی تر خۆی گەیاندە پلە و پایەیەکی ریا بازی و خۆبـــە ناوبـــانگ کردن ) خوای گەورە لە رۆژی قیامەتتدا دەیگەێنێتە پلەو پایەیەکی ناســـراوو ریابازی . واتە لە پلە وپایەیەکی وا ناسراودا خەجاڵەتی دەکات ، کە هـــەموو کەس لە قیامەتتدا بەو زەلیلی و داماوییەوە ببیننەوە .

گومان لەودا نییە کە ئەم ئیترارو هەڕەشانەی خواو پێغەمبەری خوا صـــلی الله علیه و سلم بۆ ترساندن و راچەنینی ئەو کەسانەیە کە ئەمڕۆ راپۆرت لەســـەر موسوڵمانە خواوویستەکان دەنووسن و بۆ تاغووتە رقن و ســـتەمکارەکانیان بەرزی دەکەنەوە . بۆ وەبیر هێنانەوەو بە هۆش هێنانەوەی ئەو بەزیوانەیە کە جاسوسی لەسەر موسوڵمانان دەکەن و جێ و رێ و جم و جوڵی موسوڵمانان دەخەنە ژێر زەڕڕەبینی دەزگای سیخوڕانەوە . لە پێناوی چیشدا ؟! لە پێـــناو پارەیەکی کەم و حەرام و پیس . تا پێی بلەوەڕێن و جل و بەرگی پێ بکڕن . بۆ ئەو پارەی تاغووتان وەک خوێنپارە لە پاداشتی هـــەر راپۆرتێـــکیاندا کـــە لەسەر موسوڵمانان دەینووسن ، فڕێی دەدەنە بەردەمیان ئای کە لە وولاتانی ئێمەش لەو دەرون بەزیوو نەفس نزمانە زۆرن . لەوانەی دین و قیامەتی خۆیان بە پارەیەکی بێ قیمەتی تاغووتان فرۆشتووە !

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەفەرموێ : ( مَنْ اسْتَمَعَ الَى حَدِيثِ قَومٍ وهُمْ يَفِرُّونَ مِنْهُ صُبَ فِي أُذُنَيهِ الآنَك ) صحيح سنن أبي داود /883 . واتە : هەر کەس گـــوێ هەڵخات بۆ بیستنی قسەی کەسانێکی تر ، کە حەز ناکەن ئەو گوێی لێ بێت و لە دەستی رادەکەن ، خوای گەورە قورقوشمی سپی تواوە بە گوێچـــکەیدا دەکاتەوە .. ئەمە سزاو حوکمی کەسێک بێت کە هەر لە فزووڵی و حەزێکی خواری خۆیدا گوێ لە قسەی کەسانی تر دەگرێت ؛ ئەدی حوکم و ســـزای

ئەو کەسە دەبێت چۆن و چی بێت کە بۆ جاسوسی کـــردن ، بـــۆ کـــافرو موشریک و دوژمنانی ئیسلام و موسوڵمانان ، گوێ هەڵ دەخات وجاسوسیان لەسەر بکات ؟!

هەروەها دەفەرموێ : ( يا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلسانِهِ ولَمْ يَدْخُلِ الايمـــانُ قَلْبَـــهُ ، لا تغتابوا المسلمين ولا تَتَّبِعُوا عَوراتِهم . فإنَّ مَنْ إتَّبَعَ عَوراتِهِمْ يَتَّبِعِ اللهُ عَورتَهُ ، ومَنْ يَتَّبِعِ اللهُ عَورَتَهُ يَفضَحُهُ في بيتِهِ ) صحيح سنن أبي داود /4083 واتە : ئەی کۆمەڵە خەڵکەی بە زمان ( سەر زارەکی ) باوەڕی هێناوەو باوەڕیش داخڵی دڵـــی نـــەبووە ، غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن . بە دوای عەیب و عـــارو کـــەم و کورتییانـــدا مەچن  چونکە هەر کەس بە دووی عەیب و عاری موسوڵماناندا بـــڕوات ، خوای گەورەش بە دووی عەیب و عاری ئەودا دەڕوات . هەر کەسێـــکیش خوای گەورە بە دووی عەیب و عاریدا بڕوات لـــە نـــاو مـــاڵ و منـــداڵی خۆشیدابێت ئابڕووی هەر دەبات .

وای بۆ دەچم هەر کەس شوێن عەورەت و عەیب و عاری موســـوڵمانان بکەوێت ولەبەر بەرژەوەندی تاغووتە کافرەکان جاسوسییان لەسەر بکـــات ، ئەمە زیاتر شایانی ئەوەیە پێی بووترێت دووڕوو ( مونافیق ) . ئەمەش شـــایان ترە سیفەتی ئیمانداری لێ داڕنرێت . چـــونکە جاسوســـی کـــردن لەســـەر موسوڵمانان و ئاشکرا کردنی خـــاڵی لاوازییـــان بـــۆ دوژمنـــانی ئیســـلام و موسوڵمانان ؛ کەسێک دەیکاتە پیشەی خۆی کە زۆر بێ ڕەوشت و هەرزەو چەورە بێت و لاسەنگ و فریوو دەرو مونحـــەریف بێـــت و لـــە زەلکـــاوو زۆنگاوی دووڕووییدا نقوم بوو بێت .

هەروەها دەفەرموێ : ( مَنْ حَمَى مُؤمِناً مِنْ مُنافِقٍ بَعَثَ اللهُ مَلَكاً يَحمِي لَحْمَهُ يومَ القيامَةِ مِنْ نارِ جَهَنَّمَ ، ومَنْ رَمَى مُسْلِماً بِشيءٍ يُريدُ شَينَهُ بِهِ حَبَسَهُ اللهُ على جَسْرِ جَهَـــنَّمَ

حتَّى يَخرُجَ مِمَّا قالَ ) صحيح سنن أبي داود / 4086 . واتــه : هــەر كەسێــك موسوڵمانێك لە دەست دووڕوویەك رزگار كات خوای پــەروەردگار لــە رۆژی قیامەتتدا فریشتەیەكی بۆ دەنێرێت تــا گۆشــتی لــە ئــاگری دۆزەخ بپارێزێت . هەر كەسێك تانەو تەشەرێك لە موسوڵمانێك بدات بەو هیوایەی سومعەی بشێوێنێت و لەبەر چاوی خەڵكی سووكی كات ، خــوای گــەورە لەسەر پردی سیرات ( پردەكەی دۆزەخ ) رایدەگرێت ، تا تۆڵەی ئەوەی لێ دەكاتەوە كە ووتویێتی ! جا ئەمە هەڕەشەیەك بێت ، لە كەسێك بكرێت كە سومعەی موسوڵمانێك بشێوێنێت و بیەوێت سووكی بكات ! دەبێت خــوای گەورە چۆن و چ هەڕەشەیەك لەو كەسە تاوانبارو خیانەتكارە بكــات كــە دەیەوێت موسوڵمانێك بە كوشت بدات یــان تووشــی زینــدانی تاغووتــە ستەمكارو دڵڕەكانی بكات ؟!

سەلەمەی كوڕی ئەكوەع ــ خوا لێی رازی بێت ــ دەگێڕێــتەوە كــە جاسوسێكی موشریكەكان لە سەفەرێكدا هاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ( تا نهێنی بدزێت ) ، پاشان خۆی دزییەوەو بۆی دەرچوو . پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرمووی : ( اُطْلُبُوُهُ فَاقْتُلُوهُ ) واته : خۆی بگەیێننێ و بیكوژن منیش پێش هەموان خۆم گەیاندێ وكوشتم وهەرچی ( سەلەب ) ێكی پێوەی بوو (چەك و تفاق وپارەو شتی تر ) لێم كردەوەو هێنامە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليــه و سلم ئەویش هەمووی دا بە خۆم . حەدیسەكە متفق عليه يه ( واتــە ئیمــامی بوخاری و موسلیم بە هەمان ووشەو لەفز گێڕاویانەتەوە )

پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم لە ساڵی ئازاد كردنی ( فــەتحی ) مەككــەدا ، فەرمانیدا كە ئەو ئافرەتەش بكوژن كە نامەكــەی حاتــەبی كــوڕی ئــەبو

بەلتەعەی پێبوو دەیبرد بۆ سەرانی قورەیش . بێ ئەوەی داوای تۆبەشـــی لـــێ بکرێت . ئەمەش سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم رۆژی ئازاد کردنی مەککە ئەمانی دا بە هەموو کەس جگـــە لـــە چوار پیاوو دوو ئافرەت تەبێت (صحيح سنن النسائي /3791) یەکێک لەو دوو ئافرەتە ، ئەوە بوو کە نامەکەی حاتەبی دەبرد بۆ قورەیش کە ناوی سارة بوو

ئیمامی سەحنون دەفەرموێ : ئەگەر موسوڵمانێک هەواڵی موســوڵمانانی دەگەیاندە کافرانی شەڕانی ( اهل الحرب ) ؛ بێ ئەوەی داوای تۆبـــەی لـــێ بکرێت دەکوژرێت . بەڵام سەروەت و سامانی هەر بۆ وەرەسەکەی دەبێت .

ئیبن القاسم لە کتێبی (المستخرجة) دا دەفـــەرموێ : تۆبـــە لـــە جاســـوس وەرناگیرێت ودەکوژرێت چونکە حوکمی جاسوس وەکو هی زەندیقە (أقضية الرسول /محمد بن فرج 191)

ئیبن تەیمیە دەفەرموێ : ( ئیمامی مالیک و کۆمەڵێک لە یـــاوەرانی ئیمـــام ئەحمەد کوشتنی جاسوس بە رەوا دەزانن . ) . ( الفتاوى 109/28 . ) .

منیش پێم وایە کە کوشتنی جاسوس لەسەر کوفرو هەڵگەڕانەوەکەیـــەتی نەک لەسەر شتی تر . والله اعلم .

—— ... —— ... ——

**گومــان و وەڵامێـك**

**لەوانەیە کەسێک بڵێت : حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە نامەی بـۆ کافرانی قورەیش نووسی و لــە هێرشـەکەی پێـغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە بڕیار بوو بۆ ســەر مەککــەی بکــات ، ئاگــاداری کردنــەوە . ئاشکرایە ئەمەش جاسوسی کردن و وەلاء دانە بــە کــافران ؛ لەگــەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە کافری دانەناو فــەرمانی بــە**

کوشتنیشی نەدا . ئایا چۆن ئەم هەڵوێستە لە گەڵ باسەکەی سەروەدا دەسازێنین ؟!

لە وەڵامدا دەڵێم : ئەوەی سیدنا حەتەب کردی هەر کوفرە . بەڵام ئەو بە کافر دانەنرا لەبەر ئەو ئیعتیباراتانەی تر کە هەیبوو . ئەوانە بوونە بەربەست لە ڕێی کوفرو کوشتنیدا . ئەوەی ئەو کردی کوفرەو دووڕوویی گەورەشە ( النفاق الاکبر ) . هەر بۆیەش سیدنا عومەر بە ئامادە بوونی پێغەمبەر ـ هەر وەکو کە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا باس کراوە ـ فەرمووی : ( دَعْنِي أَضْرِبُ عُنُقَ هذا المنافِقِ ) . لە ریوایەتێکی تردا زیاتر هاتووە : (فإِنَّهُ قَدْ كَفَرَ . فإِنَّهُ قَدْ نافَقَ . فإِنَّهُ نَكَثَ وظاهَرَ أعداءَكَ عليكَ ) . خۆ پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم گوێی لێ بوو ، بیستیشی . بەڵام کە ئینکاری لە کوفرو نیفاق وکوشتنی کرد لەبەر ئیعتیباراتی تری بوو . هۆی تری هەبوون پاکانە بکەن تا ئەو حوکمانەی بەسەردا نەچەسپێت . لەوانە :

1ـ کردەوەکەی خۆی تەئویل کرد بوو . وای لێک نەدابۆوەو گومانیشی بۆ ئەوە نەچوو بوو کە ئەو کارەی هێندە دژوارو نارەوایە ، دەیگەێنێتە پلەی کوفرو لە ئیسلامی دەباتە دەرەوە . هەر واشی نەزانیبوو کە زیان بە باوەڕیشی دەگەێنێت . مەبەستیشی ـ بێ گومان ـ غەدرو غەش نەبوو لە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بۆیە دیمان کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لێی پرسی بۆچی نامەی بۆ کافرانی قوڕەیش نووسیوە ؟ یەکسەر وەڵامی دایەوە : ( یا رسولَ اللهِ لا تعجلْ عَليَّ إنِّي كنتُ امرءاً ملصَقَاً في قريشٍ ولمْ أكنْ من أنفُسِهَا . وكانَ مَعَكَ مِن المُهاجرينَ لهم قرابَاتٍ بمكةَ يحمونَ بها أهلِيهم وأموالَهم فأحْبَبْتُ إذ فاتني ذلك من النَّسَبِ فيهم أنْ أتخِذَ عندهم يدَاً يحمونَ بها قرابتي . وما فعلتُ كُفْرَاً ولا ارتداداً ، ولا رضاً بالكفرِ بعد الاسلام - في رواية - وما غيرتُ ولا بَدَّلْتُ . أما أني لم أفعلْهُ غشا يا رسولَ الله ولا نفاقاً وما كفرتُ ولا ازددتُ للإسلام إلا حُبَّاً ) پێغەمبەریش صلی الله علیه و

سلم فەرمووی : ( فَقَدْ صَدَقَكُمْ . لا تقولوا لَهُ إلا خَيراً .. إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْراً ، وما يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللهُ أنْ يكونَ قَدْ اطَّلَعَ على أهلِ بدرٍ فقالَ : اعمَلُوا ما شئتُم فقد غفرتُ لكم ) ئەوجا فرمێسک بە چاوی عومەری کوڕی خەتتابدا هاتە خوارەوەو فـــەرمووی : الله ورسوله اعلم .

ئیمامی ئیبنوحەجەر دەفەرموێ : عوزری حاتەب ئەوە بوو کـــە باســـی کردن . وای لێکدابووەوە کە ئەو کارەی زەرەری بۆ دینەکەی نابێت . ( فتح الباري 503/8 ) .

ئاشکرایە کە ( لێکدانەوەو ئیجتیهاد کردن لە مەسەلەیەکدا ) کـــە پێـــی دەوترێت تەئویل ، یەکێکە لەو هۆیانەی ناهێڵێت لە هەندێ حاڵەتدا حوکمی کوفر بە سەر کەسێکی دیاری کراودا بچەسپێت . وورياى ئەم خاڵە بە .

2ــ پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم لە ڕێگای وەحیەوە پێی گەیشت کە مەبەســـتی حاتەب خراپ نەبووە و دڵ و دەروونی هەر بە باوەڕ ســـاغ مـــاوە . بۆیـــە فەرمووی : ( قَدْ صَدَقَكُمْ ) . ئەم بۆ ڕوون بوونەوەیەش لـــە دوای پێـــغەمبەر صلى الله عليه و سلم بۆ هیچ کەسێکی تر نییە . ئەم هۆیەشە کە وای لە عومـــەری کوڕی خەتتاب کرد ــ واشی لێ چاوەڕوان دەکرا ــ کە ئەو هەڵوێستە دژی سیدنا حاتەب بنوێنێت . چونکە ئەم تەماشای زاهیر ( ڕواڵەت و دیمـــەن ) ی کارەکەی حاتەبی کرد . زاهیریشی ئەوەی دەگەیاند کە کـــافر بوویێـــتەوە ، بەوەی کە وەلائی دابێتەوە بە کافران . بۆیە فەرمووشی : (دَعْنِي أَضْرِبُ عُنُقَ هذا المنـافِقِ ) لە ڕیواتەکەی تریشـــدا : (فإنَّـهُ قَدْ كَفَرَ . فإنَّـهُ قَدْ نـافَقَ . فإنَّـهُ نَكَثَ وظاهَرَ أعداءَكَ عليكَ ) .

زۆر جار پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم کە ئەسحابە بەڕێزەکانی خۆی دەبینی دەکەوتنە هەڵەیەکەوەو دەگلان راستی دەکردنەوەو هیممەتی دەدانەوە بەر ، تا بە یەکجاری نەکەون . بە تایبەتی کە بیزانیانیە ئەو هەڵوێست و رەفتارەیان لە دووڕووییەوە نەنواندووە . زۆر جار ئەمەشی بە رێگای وەحیەوە دەزانی . چونکە ئەو صلى الله عليه و سلم زیاتر حەزی بە لێ بوردن لێیان دەکرد وەک لە سزا دانیان . بە تایبەتی ئەگەر بکەری کارەکە یەکێک بووایە لەو ئەسحابە بەڕێزانەی خاوەن سابیقەی باوەڕو جیهادن . نابینییت کە ئیمامی بوخاری دەگێڕێتەوە : ئەو جارەی کە زوبەیری کوڕی عەووام وکابرای ئەنساری ناکۆکیان ـ بە هۆی ئاودانی بێستانەکانیانەوە لە هەمان جۆگە ـ کەوتە نێوان و پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم حوکمی کردن . کە حوکمەکەی لە بەرژەوەندی زوبەیر دا ، کە زوبەیر پێشتر بێستانەکەی خۆی ئاو بدات ، پاشان بەری ئاوەکە بەردا بڕوات بۆ بێستانی ئەنسارییەکە ؛ کابرا بە پێغەمبەری ووت : دەبینم هەر بە لای کوڕە پوورەکەی خۆتدا دایدەتاشیت !

دەبینیت قسەکەی کابرای ئەنساری کوفری گەورەیە . چونکە تانەو تەشەر دانە لە حوکمی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ئەوەی نەکردە مایەی بە کافر دانانی . چونکە دەیزانی نییەتی پاکەو ئەوە هەڵوێستێک نییە لە دڵ و دەروونییەوە هەڵقولاّ بێت . بەڵکو هەر قسەیەکەو بێ مەبەست بە دەمیدا هات . ئەم لێکدانەوەیەش لە دوای پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم کەس مافی ئەوەی نیە بیدات بە خۆی ، یا بە کەسێکی تر . وەکو ئیمامی ابن العربی دەفەرموێ هەر کەس پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم لە حوکمێکیدا بە هەڵەو تاوانبار دابنێت ؛ پێی کافر دەبێت . بەڵام ئەم ئەنسارییە بە کافر دانەنرا چونکە قسەکەی هەر زەللەیەکی زمان بوو پێغەمبەریش صلى

الله علیه و سلم لە باوەڕو دڵ و دەروونی ، دڵنیا بوو کە لە غەل و غەشی کـــوفر سەلامەتە ، بۆیە لەسەری حساب نەکرد . ئەمـــەش کارێـــکە تایبەتـــە بـــە پێغەمبەرەوە صلی الله علیە و سلم / ( الاحکام 5/ 267 )

ئەوەی دەربارەی ئەم ئەنسارییە دەوترێت ، هەر ئەوەشە کە دەربـــارەی حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە دەوترێت . ئەم دوو هەڵوێستەش تایبەت بوون بە پێغەمبەر خۆیەوە صلی الله علیه و ســلم. ئێستا کە وەحی تەواو بووەو بۆ کـــەس نایەت ، کەس ئەو مافەی نابێت لە کوفری زاهیری کەسانێک خۆش ببێت ، بە بەهانەی ئەوەی کە ناوەوەی سەلامەتەو نییەتی پاکە . ئەمەش ڕێسایەکە کە عومەری کوڕی خەتتاب جوانی روون کردۆتەوە کە دەفەرموێ : لە زەمـــانی پێغەمبەردا صلی الله علیه و سلم خەڵکانێک هەبوون بەر وەحی دەکەوتن . ئێســـتا وەحی نەما . حوکمتان بـــە گوێـــرەی رواڵـــەت و زاهیرتـــان دەدەیـــن . کردەوەکانتان چی بسەلمێنێت ؛ حوکمی ئەوتان بەسەردا دەدەین . هەر کەس چاکەو خێرخوازی نیشان داین ، ئێمەش بە چاکە رەفتاری لەگەڵ دەکەین و نزیکی دەکەینەوە . هەقمان بەسەر ناخ و دڵ و دەروونیەوە نییـــە . ئـــەویان خوای گەورە خۆی لێی دەپرسێتەوە . هەر کەسیش خراپەو بەدکاری نیشان داین ، ئەمانی نادەینێ و بە راستگۆشی نازانین . بـــا بشڵێـــت نـــاخ و دڵ و دەروونی پاک و چاکە .

لەم روانگەوەیە دەڵێین : هەر کەس کوفری زەق وئاشکرای بێ پاســـاوو بەربەستی موعتەبەری شەرعی ، نیشان داین ؛ حەتمەن ئێمەش حوکمی کوفری نیشان دەدەین وحوکمیشی دەدین .

3_ لە نیشانەی تری راستگۆیی سیدنا حاتەب ئەوە بـــوو ، کـــە لـــە وەڵام دانەوەی پێغەمبەردا صلی الله علیه و سلم پێچ و پەنای نەبوو ، راســـتەو راســـت

وەلاّمی دەدایەوە . شتێکی لێ نەشاردەوە . ئەمەش بەڵگەیەکی تری نییـــەت پاکی و ساغی باوەڕێتی کە دووڕوویی لە خۆ نەگرتووە بەلاّم ئافرەتە ووشـــتر سوارەکە نکوڵی لەوە کرد نامەی پێ بێـــت و درۆی دەکـــرد . دەیویســـت تاوانەکەی بشارێتەوە .بەمەش تاوان و کوفرەکەی قورستر بوو .

ئەگەر حاتەب دووڕوو بوایە ، درۆیەکی هەڵ دەبەست . چونکە پیشەی دووڕوو درۆو دەلەسە کردنە . بەلاّم کە سەر ڕاستانە وەلاّمـــی دایـــەوە ؛ دەرکەوت کە نە دووڕووەو نە کافریش بۆتەوە . ئەمەش بـــووە هۆکـــاری رزگار بوونی .

راستگۆیی و سەر راستیش بوو کە کەعبی کوڕی مالیکی رزگار کـــرد . ئەو کاتەی لەگەڵ دوو ئەسحابەکەی تردا لە غەزای تەبووک بە ئەنقەســـت دوا کەوتن .

4_ دیسان ئەوەی بووە هۆیەکی تری قوتار بوونی سیدنا حاتەب ، ئەوە بـــوو کە لە موجاهیدانی غەزای بەدر بوو . غەزای بەدر کارێکی زۆر گەورەو بـــە نرخ بوو لە تەرازووی کارو کردەوەی یاوەراندا . چونکە بەشدار بوونی ئەو غەزایە بۆ هەمووان بووە مایەی سڕینەوەی گوناح و تاوان چونکە تا مردن و دوای مردنیشیان هەر گومانی باش بە هەموویان دەبرێت . هـــەر کارێـــکیان وەک سەرپێچی کرد بێت هەر بۆیان تـــەئویل دەکرێـــت . بۆیـــە دەبینیـــت پێغەمبەری رێزداریش صلى الله عليه و سلم ئەم کردەوە چاکەی ســـیدنا حاتـــەب دەهێنێتەوە یاد و بە هەموانیش رادەگەیێنێت : ( لَعَلَّ اللهُ أنْ يكونَ قَدْ اطَّلَعَ علـــى أهلِ بدرٍ فقالَ : اعملوا ما شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ ) . لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه و ســـلم دەربارەی ئەهلی بەدر فەرمویەتی : ( إنِّي لأرجو أنْ لا

يَدْخُلَ النارَ أحَدٌ إنْ شاءَ اللهُ مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرَاً والحديبيةَ ) سیدنا حاتەبیش لە هـــەردوو غەزاکەدا بەشداری کردوە !

5_ ئەم هەواڵ گەیاندنەی سیدنا حاتەب بە قوڕەیش کارێک نەبووە پێشتریش کردبێتی . بەڵکو ئەمە یەکەمجارێتی . ئەمـــە پێچـــەوانەی جاسوســـە ، کـــە جاسوسێتی کردووە بە پیشە ! تەنها لە خـــەمی ئەوەدایـــە چـــۆن زۆرتـــرین مەعلوماتی دەست کەوێت و خێرا بیگەێنێت . چۆن خێـــرا راپۆرتێـــک بـــۆ ئەربابانی بەرز بکاتەوە .

کەوا بوو جیاوازی هەیە لە نێوان کەسێکی خاوەن سابیقەو پـــاک ،کـــە بکەوێتە هەڵەیەکی جاسوسیەوەو ، کەسێک کە جاسوسێـــتیەکەی کردبێـــتە پیشەی شەووڕۆژی و مایەی رزق و رۆزی ! بۆیە نەدەکرا حوکمی جاسوس بەسەر سیدنا حاتەبدا بدرێت والله اعلم .

لەبەر ئەم هەموو هۆیانە بوو پێکەوە ،کە لە سەرەتاوە ووتمان کارەکـــەی سیدنا حاتەب کوفرەو وەلاء دانە بە کافر ، بەلاّم ئەو پێی کـــافر نابێـــت و حوکمەکەش نایگرێتەوە . والله اعلم .

لە کۆتاییدا بەو کەسانە دەڵێم کە دینەکەی خۆیانیان لا سووک بـــووە و خلیسکاونەتە سەر سەهۆڵ بەندانی دژواری جاسوسی لەسەر موسوڵمانان بـــۆ تاغووتە کافرەکان ، بەو بەهانە رزیوەی گوایە خزمەتی دینەکـــە دەکـــەن و گوایە پشت ئەستوورن بە فەتوای هەندێ کەس کە ئەوانیش گومڕاو گومـــڕا کەرن و تەنها مەزهەرو رواڵەتی جل و بەرگ و دیاردەیانە ، کە لە هی زانـــاو شەرعناسان دەچێت . با بـــزانن لەســـەر چ رێچـــکەیەکی بـــن بەســـتن و کەندەلاّنێکی چەند سامناکیان لە پێشە . با بـــزانن ئـــەو عەمامـــە پیســـانە دینەکەیان بە برە پارەیەکی حەرام بە دەزگا جاسوســـی و موخابەراتـــەکان

فرۆشتووەو لەسەر هیچ دینێک نەماون . با هەر لاف و گـــەزافی دەزگـــای فەتواو موفتی ئەعزەمیش لێ بدەن . با ئەوە چاک بزانن کە رۆژێک دێت لێیان دەپرسرێتەوەو خوای گەورە حەتمەن تۆڵەی ئەو هەموو موســـوڵمانە رەش و رووتەیان لێ دەکاتەوە کە بە فەتواو راپۆرتی جاسوسیانەی ئەوان تووشی ئەو هەموو ناسۆرو کوێرەوەرییە بوون . پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم دەفەرموێ : ( مَنْ أعانَ ظالِمَاً بباطِلٍ لِيُدْحِضَ بباطِلِهِ حَقَّاً فَقَدْ بَرِئَ مِنْ ذِمَّةَ اللهِ وذِمَّةَ رسُولِه ) تەبەرانی گێراوێتییەوە ( سلسلة الاحاديث الصحيحة / الالباني ) ژمارە 1020 واتـــە : هـــەر کەسێک بە ناهەق یارمەتی ستەمکارێکی دا ، تا ئەویش ناڕوایانە هەق لە نـــاو بەرێت ، ئەوە لە ئەمان و داڵدەی خواو پێـــغەمبەری خـــوا چـــۆتە دەرەوەو سێبەری هیچیانی بەسەرەوە نەماوە . جا دەبێت سزاو حاڵی ئەو کەسانە چـــی بێت کە لە خزمەتی تاغووتە دڵڕەقەکاندان بۆ گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی موسوڵمانە خواوویستەکان ..

هەر خوا دەزانێت چەندین ســـەدان و هـــەزاران گـــەنجی خوانـــاس و موسوڵمانی رەوشت بەرز بە راپۆرتی زاڵمانـــەی جاسوسێـــکی قەسیچـــمەی هەرچی و پەرچی ، دەیان ساڵە لە زیندانی تاغووتانـــدا دەناڵێـــنن . جۆرەهـــا ئەشکەنجەیان لەسەر تاقی کراوەتەوە ؟!

* * *

## دەرسی دووەم

قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآء
مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ
وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ
مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (4) رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً
لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (5) لَقَدْ كَانَ لَكُمْ
فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ
(6) عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ (7)

### ماناى گشتى ئايەتەكان

بێ گومان جوانترین نمونەی پێشەوایەتیتان لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدان ، هەیە . ئەوانەی کە بە میللەتەکەی خۆیان ووت : لەوە دڵنیا بن کە ئێمە لە ئێوە بەرین و لە هەموو شتێکتان کە لە جێی خوای گەورە بۆ پەرستن داتاناناون تەبەڕڕاین . باوەڕمان پێتان نییە و شوێن راو رێبازتان ناکەوین . لە ئێستاوە چۆن رق و کینە لە نێوانماندا دەرکەوتووە ؛ با هەروا بمێنێتەوە . ئەمەش هەڵوێستی هەتا هەتاییمانە و هەروا دەمێنینەوە تا ئەو کاتەی ئێوەش باوەڕ دێنن کە تەنها خوای گەورە پاک و تاکە . جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم کە بە باوکی فەرموو : گەرچی هیچ دەسەڵاتێکم لای

خوای گەورە نییە ، بەڵام من داوای لێ بوردنیت بۆ دەکەم . خوایە پشـــتمان بە تۆ بەستووە و بەرەو لای تۆ گەڕاوینەوە و چارەنووس و داهاتووش هەر بۆ لای تۆ دێتەوە (4) .

خوایە نەمانکەیتە هۆکاری پاشگەز بوونەوەی خەڵکی لە دین . خوایـــە لێمان خۆش بە ، خوایە هەر جەنابت دەسەڵاتت بەســـەر هـــەموو شتێـــکدا دەشکێت و هەموو کارێکیش لە کات و شوێنی خۆیدا دەکەیت (5) .

بەراستی لەواندا جوانترین و چاکترین نموونەی پێشـــەوایەتیتان هەیـــە . نموونەن بۆ هەر کەسێک کە هیواو ئاواتی خوای گەورە بێـــت و مەبەســـتی سەرفرازی رۆژی دوایی بێت . هەر کەسیش واز لە فەرمانی خوای گـــەورە بهێنێت و مل کەچ و گوێ رایەڵی نەبێت و شوێن پێغەمبەرەکانی نەکەوێت ؛ ئەوە زیان هەر بە خۆی دەگەیێنێت . خوا هیچ باکی پێی نییە . چونکە خوا بێ باک و بێ نیازەو هەر پەرستراویشە (6). وا برِیـــارە کـــە خـــوای گـــەورە خوشەویستییەک بهاوێتە نێوان ئێوەو ئەوانەوەی کە دوژمنداریتان دەکردن . خوا بە تواناو لێبوردەو بەبەزەییە (7).

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

## ئایەتی چوارەم

1_ (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ.. )

قد : لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت : ( حرف التحقیق ) ئەگەر کـــرداری رانەبوردوو بە دوایدا هات ، ئەوە مانای ئیحتیمال دەدات . واتە : لەوانەیـــە وابێت وەکو : ( قد یکون . قد ینتهي ) . جاری واش هەیە بۆ تەئکید بە کار دێت وەکو : ( قد یعلم الله ..) خۆ ئەگەر کـــرداری رابوردووی بە دوادا هـــات ، ئەوە مانای جەخت کردنەوەو تەئکیدو حەتمەنە وەکـــو : ( قد سمع الله . ولقد علمتم ) .

کانت : کان : کرداری رابوردووی ناتەواوە . جگە لە مانای ( بـــوو ) مانای ( هات ئامادە بوو ، بینی ..)ش دەگەیێنێت . هەروەها بە مانای پێـــوە لکانی سیفەت و بەردەوام بوونی ئەو سیفەتە دەدات وەکو ( وکانَ اللهُ غفورًا رحیماً ) .

اسوە : بە ( أُسوة و اِسوة ) یش دەخوێنرێتەوە و بە مانای نموونەی رەچـــاو کردنە . بەو کەسە دەوترێت کە دەکرێتە پێشەواو شوێن پێی هەڵدەگیرێت .. هەروەها بەو سیفەتەش دەوترێت کە لە کەسەکەدا هەیـــە . ( اسوة ) کـــۆی (أُسی ) ە .

خوای گەورە دەفەرموێت : لە راستیدا ئێـــوە جـــوانترین و چـــاکترین نموونەتان بۆ پێشەوایی ئیقتیدا پێ کردن و رەچاو کردن لە ئیبراهیمدا هەیە . هەروەها لەو کەسانەش کە لەگەڵیدا بوون . کەوا بوو هۆ حاتـــەب ، هـــۆ موسوڵمانینە ، ئێوە دەبێت لە عەقیدەو پەرســـتن و رەفتـــارو هەڵوێســـت و

بانگەوازتاندا وەکو حەزرەتی ئیبراهیم و یاوەرانی بن . چاو لـــەوان کـــەن . رەچاویان کەن . تەنها لەو هەڵوێستەدا نەبێت کە داوای لێ خۆشبوونی لـــە خوای گەورە بۆ باوکە کافرەکەی کرد . گەرچـــی ئەمـــەش لەســـەرەتای بانگەوازەکەیدا بوو لەبەر بەڵێنێکیش بوو کە پێدا بوو ، کە داوای لێ بوردنی لە خوای گەورە بۆ بکات . کە فەرموو بووی : ( سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِـي حَفِيًّا ) مريم /47 . بەڵام دوایی کە بۆی دەرکەوت هەر سوورە لەسەر کوفرو ئیسلامەتیەکە وەرناگرێـــت و هـــەر دژی خـــوای گـــەورەو رێـــبازەکەی دەوەستێتەوە ؛ ئیتر لێی تەبەرڕا بوو : ( وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيـــهِ إِلاَّ عَـــن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لأَوَّاهٌ حَلِيمٌ ) التوبة/114

خوای گەورە دوای ئەوەی هەڵوێستی سیدنا حاتەبی بە هەڵە دانا . ئـــەوو موسوڵمانانی هان دا بۆ رەچاو کردنی پیاو چاکانی پێشوو . کە ئەوانیش هـــەر وەکو ئێمە بوون . ئەوانیش هەست و سۆزو بەزەیی و دڵســـۆزیان بەرامبـــەر کەس و کاریان هەبووە بەڵام ئەو هەست و سۆزە هەڵوێستی عەقائیدیانـــەی موسوڵمانێتیانی لاواز نەکرد . نموونەکەش تەنها ســـیدنا ئیبراهیم خۆی نیـــە . بە ڵکو ( والذين معه ) واتە : ئەوانەش کە لە گەڵیدان .تا کەس نەڵێت : جـــا ئەو پێغەمبەر بووەو وەحی بۆ هاتووە ، ئێمە چی ؟!

## بۆچی رەچاو کردنی حەزرەتی ئیبراهیم بۆتە نموونەی سەرمەشق ؟

⁎ چونکە سیدنا ئیبراهیم باپیرە گەورەی ئێمەی موسوڵمانەو ئەو ئێمەی نـــاو ناوە موسوڵمان . خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمينَ مِن

قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ ) الحج /78 .

پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم یاوەرەکانی فێر دەکرد کە بەیانیان و ئێواران لە دوعادا بڵێن : (أصْبَحْنَا علَى فِطْرَةِ الاسلامِ وكلمةِ الاخلاصِ وعلى دينِ نبينا محمدٍ صلى الله عليه و سلم وعلى مِلَّةِ أبينا ابراهيمَ حنيفاً مُسلماً وما كانَ من المشركين )

⁕ چونکە حەزرەتی ئیبراهیم ژیرییەکی کامڵ و هیممەتێکی بەرزو پتەو وویستێکی بەهێزی هەبوو . خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێت : ( وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِه عَالِمِينَ) الانبیاء /51

⁕ سیدنا ئیبراهیم ئوممەتێک بوو بۆ خۆی . واتە هەر خۆی بە تەنها پەیامێکیی خوایی چەسپێنراو بوو : ( إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ . شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ . وَآتَيْنَاهُ فِي الْدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ . ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ) النحل /120_123

جا یەکێک خوای گەورە ئاوا باسی بفەرموێت ، چۆن دەبێت رەچاوی نەکەین ؟!

⁕ چونکە خوای گەورە داوای کردووە رەچاوی بکەین و بیکەینە پێشەوای خۆمان وەک دەفەرموێت : ( وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ واتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً ) النساء /125 .

⁕ هەروەها خوای گەورە هەڵوێستە بەهێزەکەی سیدنا ئیبراهیم دەکاتە ووشەیەکی نەمری هەتا هەتایی . تا ئێمە مانان شوێنی کەوین : (وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاء مِّمَّا تَعْبُدُونَ . إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ . وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ) الزخرف /26_28

* هەروەها دەربارەی ئەرکی سەر شانی ئێمە کــە شوێــن کــەوتووی حەزرەتی ئیبراهیمی ئازیزین دەفەرموێت : ( إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُــوهُ وَهَــذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَاللّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ ) ال عمران /68

* ئەو کەسانەشی بە گەلحۆو گێل و گەمبۆڵ داناوە کە شوێنی ناکەون و هەڵوێستیان لە عەقیــدەو بانگــەوازو سیاســەت و رەفتــاردا وەک ئــەوو میللــەتەکەی ئەو نییە . وەک دەفەرموێت : ( وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ . إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ . وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ) البقرة /130_132

ئەمە حەزرەتی ئیبراهیمی پێشەوامانە ، کە خوای گەورەو کار بــەجێ ، داوای لێ کردووین ئیقتیدا بەو کەین و وەک ئەو بین ..

2 ـ (إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَــدَا بَيْنَنَــا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (4).. )

* گەرچی بێ دەسەڵاتیش بوون . موستەزعەف بــوون . بەرامبەرەکەشــیان زۆر دەسەڵاتدار بوون . لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەمان ( ســیدنا ئیــبراهیم و یاوەرەکانی) ئاشکرا بە میللەتەکەی خۆیان ووت:( إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ) ئەمان دەسپێشخەریان کــرد . بواریــان نــەدا بــەرەی کــوفر دەسپێشکەری بکات و بە ناوو ناتۆرە لێنان ئەمان سووک کات لــە بــاری دەروونیدا ئەمان زاڵتر بوون . ئازاتر بوون . بڕوایان زیاتر بە خۆو داهــاتوو هەبوو . بۆیە لە هەڵوێستی هەڵمەت و هێرشدا بوون . ئەمەش خاڵێــکی زۆر زۆر گرنگی هەڵگرتنی بیروباوەڕە .

ووتیان : إِنَّا واته : اِن ونا . انَّ : بۆ تەئکیدە . رستەکەش ( بُــرَاء مِــنكُمْ ) اسمية تەئکیدێکی ترە . براء : کۆی ( برئ ) ە . واتە تەبەڕڕا : کەسێک کە بێ بەری دەبێت لە کەس یان کۆمەڵێک یان بیروباوەڕێک یان هەڵوێستێــک . وەکو مەحوی شاعیری رەحمەتی دەفەرموێت : ( براگەل لێم تەبەڕڕا بــن ..) واتە توخنم مەکەونەوە و رەفتارم لەگەڵدا مەکەن نەبادا ئێوەش وەکو منتــان لێ بەسەر بێت !

ئەوی شارەزایی لە عەرەبیدا هەبێت دەزانێت کە نــاو ( اسم ) هەمیشــە بەڵگەی سیفەتی نەگۆڕە ( الثبوت والدوام ) بەڵام کردار ( فعل ) بەڵگەی روودان و دوپات بوونەوەیە ( الحدوث والتكرار ) سەیری سورەتی ( الفاتحة ) بکە ئەوی سیفەتی خوای گەورەیە بە ناو هاتووە وەک : ( الله ، الرحمن ، الرحيم ، مالك ). کەچی ئەوی پەیوەندی بە بەندەکانەوە هەیە چــونکە روداون و حەتمــەن دووبارەو سێ بارە دەبنەوە بە کردار ( فعل ) باسی فەرمووە وەک : ( نعبد ، نستعين ، اهدنا ..) . یان دەبینیت خوای گەورە کە باسی هەڵوێستی دووڕوو ( مونافیق ) ەکان دەکات ، بە فعل باسیان دەکات . چونکە باوەڕو دینداری نەبۆتە سیفەتی جێگیریان ! بەڵکو هەر سەر زارەکییە هەر کــە موســوڵمانان دەبینن دینداری کاتی ( موەقەت ) نیشان دەدەن . کە چاوی موسوڵمانیشیان لێ دیار نەبوو ، دەگەڕێنەوە سەر سیفەتە نەگۆڕەکانیان . وەک خوای گەورە دةفةرموص ( واذا لقوا الذين امنوا قالوا امنا واذا خلوا الى شياطينهم قالوا انا معكم انما نحن مستهزؤن . ) البقرة /14 .تەماشاکە کە دەگەنە موسوڵمان : ( لقوا ، قــالوا ، امنا . ) کە دەشگەنەوە ئەربابانیان : ( انا معكم انما نحــن مســتهزؤن ) خــوای گەورەش کە باسی ئەم هەڵوێستە عەقائیدییەی سیدنا ئیبراهیم و یاوەرانی بــە رستەی ناو ( جملة اسمية ) فەرمووە . داوا لە موسوڵمانان دەکات کە تەبەڕڕا

بوون لە کـــافران و کوفریـــان ( لەشەخســـی کـــافران خۆیـــان و بـــت و بیروباوەڕوپڕۆگرامی حزب و دیدو بۆچوونیان ) بکەنە سیفەتێکی هەمیشەیی نەگۆڕو پێوەی پابەند بن . چونکە ئەوان کە نموونەکەن بۆ ئێمە لە خۆیانـــدا کردبوویانە سیفەتی نەگۆڕ .

ئاشکرایە کە دەفەرموێت : ( مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّـــهِ ) داوا دەکـــات موسوڵمانان لە کوفر تەبەڕرا بن .. بەڵام دەیەوێت ئەوە روون بکاتەوە کـــە تەبەڕرا بوون ، دەبێت لە پێشاندا لە هەڵگران و شوێن کەوتوانی کوفر بکرێت ، پاشان لە کوفرەکە خۆی . لە شەخسەکان پاشان لە بتەکان . لە سەرکردەو کادێرەکانیان پاشان لە دیدو بەرنامە حزبییەکانیان . دەنا خۆ زۆر کەس هەن کوفرو شیرک و دووڕوویی دەبوغزێنن و ئاسان لێی تەبەڕرا دەبـــن . بـــەڵام دۆستایەتییان لەگەڵ کافرو موشریک و دووڕووەکاندا هەر دەمێنێت .. ئەمە هەڵوێستێکی بەزیوانەیەو بەرژەوەندی وویستانەیە ! خوای گەورە نایەوێت و پێشی رازی نییە . لە زەمیشیدا دەفەرموێ : ( فتـــری الـــذين في قلـــوبهم مـــرض يسارعون فيهم يقولون نخشى ان تصيبنا دائرة ) المائدة /57 واتە : دەبینیت ئەوانەی کە دەروون بەزیوو دڵ کرمێن ، بە هەڵە داوان رادەکەن و خۆیان دەگەێـــننە بەرەی کوفرو بە دڵە راوکێوە لەگەڵیان دەبن ، لە هەنجەتیشـــیاندا دەڵێـــن : دەترسین تووشی نەهامەتی و دەردەسەری و گیروگرفت بین ..

هەندێ کەس کە ئەم ئایەتانە دەخوێنێتەوە ، بۆ ئەوەی خۆی لـــە ریـــزی بەزیوان بدزێتەوە وا نیشان دەدات کە ئەوانـــــەی دڵ کرمێـــن ودەروون بەزیوون تەنها دووڕوو ( مونافیق )ن نەخێر ئەمە وا نییە .. بەڵکو موسوڵمانە لاوازو تەمەڵ و ترسنۆکەکانیش دەگرێتەوە . چونکە هەموو کاتێک خـــوای گەورە کە باسی ئەو سیفەتە دزێوانە دەکات ، دەیخاتە پاڵ (الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي

قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ) . ئاشكرایە ئەمانەش دوو پۆلی جودان و لەو سیفەتانەدا لە یەک دەچن . بەتایبەتی لە هەڵوێستی ڕووبەڕوو بوونەوەو جیهادو بۆخوا لێ بڕاندا . سەرنجی ئەم سێ هەڵوێستە بدە : (إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَـؤُلاء دِينُهُمْ ) الانفال /49 ( وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا ) الاحزاب /12.

پاشان دەفەرموێت : ( ومِمَّا تعبدونَ مِن دونِ الله ) ئێمە تەبەڕڕاین لە خۆتان و لە هەرچی شتێكی تر كە لە جیاتی خوای گەورە دەیپەرستن .. حاشا وە لیللا لە خۆتان و لە پەرستراوانتان .

پاشان : ( كَفَرْنَا بِكُمْ ) باوەڕتان پێ ناكەین . بە ڕاستتان نازانین و شوێنتان ناكەوین و گوێ ڕایەڵی فەرمانتان نابین .

ئەوجا لە شێوەی شۆڕشێكی خواوویستیدا هاواریان كرد : ( وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ . ) وا دوژمنداریێتی و ڕق و كینەی نێوانمان ئاشكرا بوو . هەتا هەتایەش هەروا دەمێنێتەوە ، مەگەر ئێوە بێنە ڕیزی ئێمەو باوەڕ بە خوای تاک و پاک بهێنن .

دەربڕین و ئاشكرا كردنی دوژمنداریێتی ، كۆتا پلەی ئازایەتی و بێ باكییە . چونكە كاتی وا هەیە ، دەبینیت كابرا ڕق و قینی بەرامبەر كوفرو كافران پەنگ دەخواتەوەو ، لە ناخیدا دەبێتە بوركان ! بێ گومان مەبەستم بوركانی خۆخۆرە !! بەڵام لە ترسان ، یان بە حسابی خۆیان لە ئاقڵی و مودارات و حەزەردا ! یان گوایە لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام ( كە هەر ترسەكەیەو فەلسەفاندوویانە ) ناوێرن تۆزقاڵێكی ئەو ڕق و كینەیان ئاشكرا كەن . چ جای ئەوەی دوژمنداریێتی لەگەڵ كوفردا بنێنەوە !!

دوژمنداریێتی قۆناغێکە لە دوای قۆناغی بوغزاندن و رق و کینە دێت . بەڵام لێرەدا گرنگ ئاشکرا کردنێتی . ئاشکرا کردنیش بەو شێوە روون و ئاشکرایە .. بەو حەددییەت و جیددییەتە ! بەرامبەرەکەشت بزانێت کە ئەمە هەڵوێستی هەتا هەتاییە و لێی نایەیتە خوارەوە تا دوژمنە رقنەکانت هەڵوێست دەگۆڕن و باوەڕ بە خوای تاک وپاک دەهێنن و بڕیار دەدەن کە تەنها خوای گەورە شایانی پەرستن و تەنها ئەویش مافی حوکم دەرکردن و یاساو رێسا داڕشتنی هەیە ..

3_ ( إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ ) واتە : رەفتارو هەڵوێستی ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون رەچاو کەن ، تەنها لەوەدا نەبێت کە بە باوکی فەرموو : داوای لێبوردنت لە خوای گەورە بۆ دەکەم گەرچی دەسەڵاتی هیچیشم بۆ تۆ لای ئەو نییە .

ئەمەش خاڵێکی سەرەکی عەقیدەیی ترە . ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت نێرراوو پێغەمبەرانیش _ سەلامی خوایان لێ بێت _ ناتوانن لە رۆژی دواییدا سوودێک بە کەس و کاری بێ دینیان بگەیێنن . ئەمەش نموونەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ سیدنا حاتەب و موسوڵمانانی تر . چونکە لە هەموان داوا کراوە کە داوای لێبوردن بۆ کافر نەکەن . هەرچەند لێشیانەوە نزیک بن . وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ) التوبة 113/

4_ کە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوەو دەفەرموێت : ( رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ . ) خوایە ئێمە پشتمان بە جەنابت بەستووە و بەرەو کەناری جەنابت گەڕاوینەتەوە . چارەنووسیش هەر بەرەو لای جەنابتە .

پشت بە خوا بەستن زۆر گرنگە . کار زۆر ئاسان دەکات . جگە لەوەی کە وەرگرتنیشی لەسەر موسوڵمان فەرزە . ئیمامی ئـیبن تەیمییـە رحمـە الله دەفەرموێ پشت بە خوا بەستن ( التوکل ) فەرزە و هۆکار گرتنە بەریش (الاخذ بالاسباب ) سوننەتی موئەککەدەیە . لە راستیدا ئەوی بە تەواوی پشـت بـە خوای پەروەردگاری ببەستێت ، دەزانێت خوای گەورەی بەسە . دەزانێـت خوای میهرەبان چۆن و چەند دێت بە هانایەوە ( وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ) الطلاق / 3

ئیمامی ابن القیم _ رحمه الله _ پشت بەخوابەستن نـاو دەنێـت ( توحید التوکل ) چونکە پشت بە خوا بەستن ، خواناسییە . گەڕانەوەیە بۆ لای خوای بەبەزەیی . خۆ تەسلیم کردنە بە خوا . گوێ رایەڵی تـەواو دەربڕینـە بـۆ فەرمانی خوای گەورە : بـە ئەنجامـدانی فـەرمان و دوور کەوتنـەوە لـە بەرهەڵستییەکانی .

* * *

## ئایەتی پێنجەم

(رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ.)

فتنە : چاوگەو بە مانای ( مفتون ) ە . ئەمیش ئەو کەسەیە کە نارەحەتی زۆری دەخرێتە رێ و ئەشکەنجەو سزا دەدرێت ، بەو هیوایەی لە دینەکە پاشگەز بکرێتەوە ! ئەسڵی مانای فتنەش توانەوەی زێرە لە ئاگردا تا لە شتی تر پاک بێتەوە .

دەفەرموێ : خوایە نەمانکەیتە هۆی پاشگەز بوونەوەی خەڵکی لە دینەکەیان . ئەمەش بەوە دەبێت کە کافرەکان بە ئەشکەنجەو ئازار موسوڵمانان ناچار بکەن واز لە دینەکەیان بهێنن . لەم حاڵەتانەشدا چ ئازار دراوەکان چ ئەو کەسانەی ئەو حاڵەتی چەوساندنەوەو تۆقاندنەی موسوڵمانان دەبینن ؛ لە دینەکە بکشێنەوەو لە ترسان وازی لێ بهێنن . یان خەڵکێکی تر بڵێن ئەگەر ئەم دینە راستەو خواییە ، نەدەبوو شوێن کەوتوانی ئاوا تووشی چەوسانەوەو نارەحەتی وا بن . بەمەش زیاتر لە دینەکە دوور دەکەونەوە .. دژوارترین حاڵەتیش ئەوەیە : من و تۆ خۆمان لەبەر ژان و ئەشکەنجەدا نەگرین و لەبەر خاتری مانەوەیەکی زیاتر لە ژیاندا ؛ تەنازول لە دینەکە بکەین ! ئینجا ببینە مایەی ئەو فیتنەیە .. چونکە حەتمەن خەڵکانێکی زۆر هیممەتی دینداریيان لاواز دەبێت و پاشەکشە دەکەن ! بەو بەهانەو قسە زلانەی لە ناو خەڵکیدا بۆ بەرگری لە بەزینەکەی خۆیان دەیکەن کە دەڵێن : بابە ئەمانە ئەگەر لەسەر حەق بوونایە خوای گەورە پشتی دەگرتن . ئێمە ئاقڵانەتر ئەم دینەمان وەرگرتووە . ئێمە وەک ئەمانە توندڕەوو تیرۆریست نەبووین .. ئێمە ژیرتر بووین کە رەوتی میانڕەویمان هەڵبژارد !!

لەولاشەوە دیسان لای کافرەکانیشەوە دەبینەوە مایەی فیتنە ! چونکە ئەوانیش جگە لەوەی گومڕا تر دەبن . ئەوانیش دەڵێن : ئەگەر دینەکەتان راست بوایە ئاوا زەلیلی بەردەستی ئێمە نەدەبوون . هەر وەکو زەمانەکەی تەتەرو مەغۆل و خاچ پەرستانی قودس و ئەندەلوس . ئەوانیش بەمە ئەوەندەی تر لە دینەکە دوور تر دەکەونەوە .

ئینجا پاڕانەوە دێت : خوایە ، لێمان خۆش بە . کەم و کورتییەکانمان بپۆشە . لە تاوانەکانمان ببورە . خوایە گیان خۆ هەر جەنابتیت کە دەسەلاتت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت و هەموو کارێکیش لە کات وشوێنی خۆیدا دەکەیت .. خوایە دەستت پێمانەوە بێت و وازمان لێ مەهێنەو مەماندەرە دەست هەواو هەوەس و وورەو ئازایەتی خۆمان ..

ئادابی پاڕنەوەو دوعاشمان فێر دەکات . ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دوعای چاکەت دەکرد ، یەکەمجار خۆت پێش دەخەیت . پاشان دایک و باوکت . پاشان کەس و کارو ئەوانەی هەقیان لەسەرتە .. وە هەروەها .. وەک دەپاڕێیتەوە دەڵێیت : خوایە لێم خۆش بەو هیدایەتم بدە و سەرکەوتووم بکەو .. خوایە لە دایک و باوکم خۆش بە و بەزەییت پێیاندا بێتەوە و ماڵ و منداڵم سەلامەت کەو لە دینەکە حاڵییان کەو .. خوایە پاداشتی خێری ئەو کەسانەش بدەیتەوە کە ئامۆژگاری خێریان کردووین . خوایە رەحم بە کرێکاریش بکە .. ئامین .. وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ) نوح/28 بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە دوعای شەڕو خراپیت دەکرد ، هەر چەندە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهی کردووە موسوڵمان دوعا لە خۆی بە خراپە بکات ، ئەوا خۆت دەخەیتە ئاخر کەس .. چونکە موسوڵمان مانەوەی لە دنیادا هەر خێرە .

چونکه  ئیحتیمالی خێر خوازی و چاکەی زیاتری لێ دەکرێت . بۆیه ســـیدنا موسا علیـه السـلام  فەرموی : ( وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ ) الاعراف/155 واته  خوایه گـــەر حەز دەکەیت ئەوانیش بفەوتێنەو منیش .

* * *

## ئایەتی شەشەم

( لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ . )

تەئکید کردنێکی ترە لە ڕەچاو کردن و جێ پێ هەڵگرتنی ئەوان ( سیدنا ئیبراهیمی باپیرەمان و ئەو برایانەمان کە لەگەڵیدا بوون ) بە ڕاستی نموونەیەکی بەرزو دیارو پتەوو لێ هاتووی پێشەوایەتییە . بەڵام ئەو کەسە قەدری ئەم پێشەوایەتییە دەزانێت کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە . هەر ئەویش دڵی بە پێشەوایەتی وا دەکرێتەوەو ڕەچاوی دەکات چونکە موسوڵمان _ وەک هەموو مرۆڤێکی تر _ حەز دەکات پێشەواکەی زیرەک و ئازاو کارامەو بلیمەت و کردە بێت . بەڵام موسوڵمان دڵی بە تەنیا بەم سیفەتانە ناکرێتەوەو ئەو کەسە ڕەچاو ناکات کە ئەم سیفەتانەی تێدایە بەڵام بێ باوەڕە . یا باوەڕێکی ساردو سڕی هەیە . یان زۆر خواوویست نییە !! کەوا بوو پێشەوایەتی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە . چونکە لەگەڵ زیرەکی و ئازایی و کارامەیی و بلیمەتی و کردەییدا ، باوەڕی پتەوو پشت بە خوا بەستنی تەواو و ڕەوشتی پڕ بەزەیی باوکانەو پڕ سۆزی فرزەندانەی هەیە . نابینیت کە دوژمنان خستیانە نێو ئاگرەکەیانەوە ، هاوارێکی لێ هەڵناستا تەنانەت داوای ئاسان کردنی سزاکەشی لە خوای گەورە نەکرد ! ئەمەش بەڵگەی باوەڕی پتەوو دامەزراوە لە قایمی پشت بەخوابەستنەکەی سیدنا ئیبراهیمدا وەسفی خوای گەورە بەسە کە دەرهەقی ئەو خوا بفەرموێ : ( إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ ) هود/ 75 واتە : بەڕاستی باشترین بەندەیە ، چونکە لە هەموو ڕەفتارێکیدا دەگەڕێتەوە

سەر تەعلیماتی خوا .. مەگەر پێشتر نەیدەفەرموو : (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْــفِينِ ) الشعراء / 80 کەنەخۆش بکەوم ئەو چاکم دەکاتەوە

رەوشتی بەرزی فرزەندانەی لە ووشە نــەرم و نیانەکــەی ( یا أبتِ ) دا دەردەکەوێت کە چوار جار لە سورەتی مریم دا لەگەڵ باوکە کافرەکەیدا پێی دەدوێت . کە ئەوپەڕی ئەدەب و رەفتاری سۆزداری و لوتفی ووتوێژی تێدایە . چونکە لە عەرەبیدا یا أبت لە یا أبي و أبتاه جوانترە .

( وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ) واتە هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات و فەرمانی خوا بشکێنێت و شوێن پێغەمبەران نەکەوێت ؛ جگە لە خۆی کەس زەرەر ناکات . چونکە خۆ خوای گەورە بێ باکەو هەمیشە پەرستراوە .

* * *

## ئایەتی حەوتەم

هەر بە هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانەی پێشوو ، موسوڵمانەکان کەوتنە دابڕین و دوور کەوتنەوە لە خزم و کەس و کاری کافریان وتەواو بەرامبەریان وەستان .. پاشان خوای گەورە بۆ ئەوەی لە موسوڵمان بوونیان رەشبین و نائومێد نەبن ، خوای گەورە فەرموی : (عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ) واتە : وا بڕیارە کە خوای گەورە خوشەویستییەک بهاوێتە نێوان ئێوەو ئەوانەوەی کە دوژمنداریتان دەکردن . خوا بە توانایەو لێبوردەو بەبەزەییشە .

موسوڵمانەکان زۆر جار هیوای ئەوەیان لا دروست دەبوو کە ئەگەر ئەمجارە بواری هات و چۆو دیدەنی بکرێتەوە ؛ ئیحتیمال زۆرە ئەمان بتوانن کار بکەنە سەر خزمە کافرەکانیان . خۆ ئێستا ئەمان وەکو جاران نەماون . باوەڕیان پتەو ترو پابەندییان زۆرترو زانیارییان فراوانترو کۆمەڵگەکەیان دامەزراوەو دەسەلاتیشیان مەحکەمتر بووە . بۆیە هەر یەکەیان خۆزگەی ئەوەی دەخواست کە کەس وکاریان ببیننەوە بەڵکو موسوڵمان ببن .. ئەم ئایەتەش جۆرە بوارێکی پێک گەیشتن و تێکەلاوی بۆ کردنەوە . لە راستیشدا وا بوو . الحمد لله زۆر لە سەران و ناودارانی قوڕەیش و دەوروبەری موسوڵمان بوون .وەک : ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و ئەبو سوفیانی کوڕی الحارث و ئەلحەرتی کوڕی هیشام و سوهەیلی کوڕی عەمر و حەکیمی کوڕی حوزام و هی تریش ..

ئیتر جارێکی تریش بواری گونجاو بۆ کافران کرایەوە کە بەرەو خواوویستی بێن و بێ خەمیش بن لە تۆڵەو لە پلەوپایە کۆمەلایەتییەکانیشیان .

***

## دەرسی سێ یەم

(لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (8) إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (9)

## مانای گشتی ئایەتەکان

خوای گەورەبەرهەڵستی ئەەتان لێ ناکات کە چاکە خوازو دادپەروەرو خێرەومەندانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا رەفتار بکەن کە بە هۆی دینەکەتانەوە شەڕیان لەگەڵ نەکردوون و لە ماڵ و وولاتی خۆتان دەریان پەڕاندوون . چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دادپەروەرن (8) بەڵام خوای گەورە رێی ئەوەتان نادات دۆستایەتی ئەو کەسانە بکەن کە بە هۆی دینەکەتانەوە شەڕیان لەگەڵ کردوون و لە ماڵ و وولاتی خۆتان دەریان پەڕاندوون . یان هاوکاری ئەو کەسانەیان کردووە کە ئێوەیان دەر دەکرد . هەر کەسێکیش دۆستایەتی و لایەنگری ئەوانە بکات بەراستی ئەوانە ستەمکارن (9) .

* * *

## ڕێـــڕەو

ئیسلام دینی ئاشتی و سۆزو بەزەییە . بۆیە دەیەوێت خەڵکی سەر زەمـــین هەموو پێکەوە بسازێن وبگونجێن . جا یان پەیوەستی باوەڕ پێکیانەوە دەژێنێت . یان پەیمان و بەڵێنێک (وەک ئەوەی لەگەڵ کافران و ئەهلی کیتابدا کراوە ) یان بە ڕەفتاری موسالیمانەی دوور لە شەڕو دژایەتی . ئیسلام نایەوێت شـــەڕ بەرپا ببێت .تەنانەت ئەگەر دژیشی کرا ؛ لایەنێکی سۆزو بـــەزەیی ـ کـــە هەستێکی سروشتی مرۆڤی پارسەنگە ـ وەک بەشی ئاشتی هەر دەهێڵێتەوە . چ لە کاتی دەبەرێک ڕاچوون و شەڕو پێکدادانـدا ، چ لە هەل ڕەخساندن بۆ تەقە بەس و شەڕ وەستان . وە چ لە بوار کردنەوەکانیدا بۆ سەرخستنی پەیمان و خۆ گرتنی ڕێکەوتندا .

ئەم ڕێسایە لە ڕەفتار کردن لەگەڵ غـــەیرە موســـوڵماندا ڕەواتـــرین و دادپەروەرانە ترین ڕێسایە کە لەگەڵ سروشتی دیـــن و سروشـــتی مرۆڤـــدا دەگونجێت . لەگەڵ ئاڕاستەو دیدو تێڕوانیندا بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەسازێت . بەڵکو لەگەڵ هەموو ڕاوبۆچوونە گشتییەکەی ئیسلامدا ـ کـــە دەربـــارەی هەموو بوونە ـ یەکانگیرە . بێ گومان هـــەر دەبێـــت وا بێـــت . چـــونکە سەرچاوەی هەردووکیان هەر خوای پەروەردگارەو هەر لە تەعلیماتی یـــەک خواوە هاتوون و بە ڕێبازی پڕۆگرامی یەک خـــواو بـــەرەو یـــەک هیـــوای خواوویستی دەڕۆن .

ئەم ڕێسایە بناغەی یاساو ڕێساو ئەحکامە نێو دەوڵەتییـــەکانی شـــەریعەتی ئیسلامە . کە هەمیشە ئاشتی دەکاتە تەوەری نەگۆڕی حاڵەتـــەکانی نێـــوان موسوڵمانان و خەڵکی تر . ئەم ئاشـــتییە دەکاتـــە حاڵەتێـــکی بنچـــینەیی و

هەمیشەیی . تا ئەو ساتەی ئیعلانی شەڕ دژی بەرپا دەکرێت ، یـــان پـــەلامار دەدرێت ، یان پەیمانی هەڵدەوەشێنرێتەوە ، یان هێرشێکی دێتە سەر ، یان ڕێی بانگەوازەکەی دەگیرێت ؛ ئیسلام دەیپارێزێت . بەڵام کـــە بەرامبەرەکـــەی پەیمانەکەی شکاند ؛ ئیتر هەڵوێستەکە دەگۆڕێت بۆ بـــەرگری و بەرپـــەرچ دانەوەی پەلامارو هێرشەکە . ئەو ســـاتەش هەڵوێســـتەکە لـــە بانگـــەوازە هێدییەکەوە دەبێتە بانگەوازی جیهاد . دەبێتە بەکار هێنانی هێـــز بـــۆ ڕادانی بەربەستە ناڕەسەنەکانی سەر ڕێی ئازادی بیروراو بانگەوازی ئیســـلام . لـــە غەیری ئەم حاڵەت و هەڵوێستانەدا ئەسڵی ڕەفتاری ئیسلامی بەرامبەر هەموو کەس ، هەر ئاشتی و چاکەو دادپەروەرییە . ( سید قوتب _ رحمه الله _ لـــە کتێبی : السلام العالمي والاسلام ) .

ئەم ڕێسایە هەڵقوڵاوی دیدو تێڕوانین و بۆچوونە گشتییەکەی ئیســـلامە . کە هەمیشە کێشەی عەقیدە دەکاتە کێشەی سەرەکی نێـــوان موســـوڵمان و غەیرە موسوڵمان . چونکە ئەو بەها بەرزو بەڕێزەی موسوڵمان لـــە پێـــناویدا دەژی و دەمرێت یان ئاشتی و جەنگی لە پێناودا دەکات هەر عەقیدەکەیە . خۆ موسوڵمانان ئەگەر لەسەر عەقیدەکە ڕاجۆرو ناکۆک نەبن و عەقیدەکـــە نەبێتە کێشەی ئەووەڵ و ئەخیری ژیانیان ، هیچی تریان ئەوەندە لا گـــرنگ نییە تا بیکەنە کێشەی سەرەکی ژیانیان : نە ڕەگەز ، نە خاک و نە وولات ، نە گەل و هۆز ، نە بەرژەوەندییەکانی تر . جیهادی موسوڵمانان لـــە پێـــناوی دینی خوایە لە پێناوی سەلماندن و چەسپاندنی عەقیدەو شـــەریعەتەکەیەتی لـــە دنیای واقیعێکی بەرجەستەدا .

روون کردنەوەی ئەم رێسای رەفتـــارەو بایـــەخ پێـــدان و دوو پـــات کردنەوەی بەردەوامی لەم ســـوورەتەدا ، لەگـــەڵ ئاراســـتە گشـــتییەکەی سوورەتەکەدایە . مەبەست لە هەموو سوورەتەکە : گرنگی و گـــەورەیی و دژواری عەقیدەو بایەخ پێدانێتی .. دەیەوێت تەنها عەقیدەکە بکاتە ئەو تەنها ئاڵایەی موسوڵمانان لە ژێریدا کۆدەبنەوە .. ئەو کەسەی هاتە ژێر ئەو ئاڵایە ، ئەوە لەوانە . ئەوی بە هۆی ئەو ئاڵایەوە بەرامبەریان وەستایەوە وپەلاماری دان و دژایەتی کردن ، ئەوە دوژمنیانە .. بۆیە هەر کەسێکیش لە خۆیـــان و ئاڵاکەیان گەڕێ ، لە عەقیدەو بانگەوازەکـــەیان گـــەڕێ ، لـــە ئەنـــدام و لایەنگرانیان گەڕێ و نەبێتە کۆسپ و بەربەستی رێـــی دینەکـــەیان ؛ ئـــەوە موسالیمە . بێ وەیە . ئیسلام و موسوڵمانان غەیری چاکەو دادپـــەروەری و بەزەیی هیچ رەفتارێکی تری لەگەڵدا ناکەن .

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

ئیمامی قورتوبی _ رحمه الله _ دەفەرموێت : زۆرینەی ئـــەهلی تەفســـیر لەسەر ئەوەن کە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە ئەوەیە کە : ئـــەسمائی کچی ئەبو یەکری سددیق _ خوا لێیان رازی بێـــت _ گێڕاوێـــتیەوە . کـــە فەرموی : دایکم ئەو کاتەی هێشتا کافر بوو ، هاتە دیدەنییم . منیش چوومە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم تا پرسی پێ بکەم . لێـــم پرســـی : ئـــەی پێغەمبەری خوا ، دایکم هاتووە بۆ لام و حەز دەکات بێتەماڵم ئایا رێی بدەم؟ فەرمووی (نَعَمْ صِلِي أُمَّكِ ) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە . واتە : بەڵێ رێی بدە و سیلەی رەحمی لەگەڵ بەردەوام بکە .

دایکی ئەسماء ناوی قوتەیلەی کچی عبد العزا یە . کە پێش ئیسلام سیدنا ئەبوبەکر تەلاّقی دابوو .. دایکی عائیشەش _ خوا لێی رازی بێت _ ناوی ئوم رومانە و ئەو کاتە موسوڵمان بووبوو و کۆچی مەدینەشی کردبوو . هەندێک لە زانایان ئەم خاڵەیان لا رۆشن نەبووە . بۆیە کە وایان زانیووە هـــەردوکیان هەر کچی یەک دایکن ( وایان زانیوە هەردوکیان کچـــی ئـــوم رومـــانن ) ئیترحەدیسەکەیان بە لاواز داناوە .ئەم جۆرە لێ تێکەڵ بوونـــەش لـــە ( علم الرجال ) ی حەدیس خوێندندا سروشتییە .

* * *

## لە لێکدانەوەی ئایەتەکانەوە

1– ئەمە مۆڵەتێکی خواییە بۆ موسوڵمانان . بۆ هێشتنەوەی سیلەی رەحـــم و پاراستنی خزمایەتی و پارسەنگی رەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەی کافری بێ وەیی و موسالیمن و دوژمنداریێی ئەهلی ئیسلام و بانگەوازەکـــەیان نـــەکردووەو نەبوونەتە هۆی راونان و دەرپەڕاندن و کوشتاری موسوڵمانان .

2_ لەگەڵ بوونی ئەم پەیوەنـــدی و رەفتـــارە دادپەروەرانـــەدا ، ئیســـلام موسوڵمانان هان دەدات کە چاکەو پیاوەتیش لەگەڵ ئەو کافرە بـــێ وەی و موسالیمانەدا بکەن . هەر وەک پەیوەندیشیان لەگەڵدا بەردەوام دەکەن پێی فەرموون : ( وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ) دادپەروەر بن لەگەڵیاندا . دادپەروەری ســـیفەتی سەرەکی ئەهلی ئیسلامە لەگەڵ ئەوانەو غەیری ئەوانیشدا . بەڵام لە ووشەی ( تقسطوا ) دا خاڵێکی رەوانبێژی جوان هەیە . مانای (قَسَطَ ) لە ئەسڵیدا :ستەم کردنە . بە دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر . وەک خوای گەورە دەفەرموێ : (وَأَمَّا الْقَاسِطُونَ فَكَانُوا لِجَهَـــنَّمَ حَطَبًـــا ) الجن / 15 واتـــە : ئـــەمما ستەمکاران ، ئەوە هەر دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ . أقسط : لابـــردنی ســـتەم و زوڵمە . چونکە ئەو هەمزە ( أ ) یە پێی دەوترێت : ( همزة الإزالة) واتـــە بـــۆ لابردنی ئەو سیفەتەیە کە فعلەکە بێ هەمزە ، دەیبەخشی . هەروەها بە مانای پشک : بەشە ! کەوا بوو کە دەفەرموێ : تقسطوا واتە هەم زوڵم و ستەمیان لەسەر لادەن ( چ هی خەڵکی تر چ هی خۆتان ) هەم بەشێک لەو ســـامان و ماڵەی هەتانە بیدەن بەو کافرە موسالیمانە تا پەیوەندییەکەتان پتەوتر بێـــت . ئەوانیش هەست بە سەر ڕاستی ئێوەو گەورەیی دینەکەتان بکەن .

3_ گەر دەربڕینی سۆزو ڕێزو بەزەیی بۆ خەڵکی کافری بێ وەی و موسالیم ئەرکێکی شەرعی بێت ؛ بۆ کەس و کاری کافری موسالیم _ بە تایبەتی بـــۆ

دایک و باوک _ پێویستترە . چونکە شەریعەتی ئیسلام داوای لە موسوڵمانان کردووە کە ئەگەر دایک و باوک کافریش بوون ( مادام موسالیم بن ) هەر دەبێت جوان رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و ئەولادە موسوڵمانەکانیان هەر لە خزمەتیاندا بژین . جگە لەو حاڵەتانەی یەکێکیان یان هەردوکیان داوا لە منداڵە موسوڵمانەکانیان بکەن لە ئیسلام پاشگەز ببنەوەو بگەڕێنەوە سەر کوفر یان شیرکێکیان پێ ئەنجام بدەن .. نا. لەو کاتانەدا گوێ رایەڵییان ناکرێت . هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ( وَإِن جَاهَدَاكَ عَلَى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا ) لقمان /15 واتە : ئەگەر دایک و باوکت رەنجی ئەوەیان لەگەڵت دەدا شیرکێک بۆ خوا بڕیار بدەیت ؛ گوێیان مەدەێ و مل کەچیان مەبە . بەڵام هەر بە چاکە و رەفتاری جوان لە ژیانی دنیایاندا ، هاوڕێیەتییان بکە .

ئیمامی خەتتابی _ دوای هێنانەوەی حەدیسەکەی ئەسماء و دایکی _ دەفەرموێت : خزمایەتی کافر لە رێگای پارەو سامان و چاکە خوازی و شتی ترەوە ، بەردەوام دەبێت . هەر وەکو کە لەگەڵ خزمی موسوڵماندا دەمێنێت . لەمەشەوە ئەوە وەردەگیرێت : کە باوکی کافر یان دایکی کافر نەفەقە و مەسرەف و خەرجییان هەر لەسەر کوڕەکانیان دەمێنێت ، گەر کوڕەکانیان موسوڵمان بوون .( فتح الباري/234/1 ) .

ئیمامی ابن الحجر العسقلانی دەفەرموێ : چاکەو خێرخوازی و هێشتنەوەی سیلەی رەحم مانای خۆشەویستی و لایەنگری و سەرخستن نییە . چونکە خوای گەورە دەفەرموێت (لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ) المجادلة /22 واتە: کەسانێک نابینیت باوەڕیان بە خواو بە

رۆژی دوایی هێنابێت وله هەمان کاتیشدا ئەو کەسانەیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن صلى الله عليه و سلم (فتح الباري /233/5).

4_ ئیمامی ابن القیم _ رحمه الله _ دەفەرموێت : ئەو ڕێسایەی لەم بابەتەیەو بەڵگە دەیسەلمێنێت ئەوەیە کە نەفەقەو مەسروفی دایک وباوک ئەرکی سەر شانی ئەولادەکانە ، گەرچی دینیشیان جیاواز بێت . کە خوای گەورەش داوای لە هەموو مرۆڤ کردووە چاک بن لەگەڵ دایک و باوکیاندا بە (وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ ) لقمان /14 ئیترکەی ئەوە چاکەو پیاوەتییە کەسێک دایک و باوکی بە موحتاجی بهێڵێتەوە ، لە حاڵەتێکیشدا کە خۆی هەبووەو دەوڵەمەندە ؟ کە دەشزانێت خوای پەروەردگار زەمی سەختی ئەو کەسانەی کردووە کە پەیوەندی خزمایەتی و سیلەی ڕەحم دەپسێنن ؟! وەک دەفەرموێت : ( وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ ) *النساء/1* واته : خەڵکینە لە چارەنووس و سزای ئەوە بترسن کە خزمایەتی بپسێنن و سیلەی رەحمتان نەهێڵن . لە حەدیسیشدا هاتووە : ( لا يَدْخُلِ الجَنَّةَ قاطِعُ رَحْمٍ ) بوخاری و موسلیم واته : ئەوی سیلەی رەحم و پەیوەندی خزمایەتی دەپسێنێت ؛ ناچێتە بەهەشتەوە . سیلەی رەحم لەگەڵ خزمی کافریشدا هەر فەرزە . ئەو دینی خۆی بۆ خۆی و ئەو کەسەش کە خزمایەتییەکە دەپارێزێت ، دینی خۆی . (احكام اهل الذمة / ب 2 / 417 ) .

5_ هەر وەک چۆن هاوکاری کافری شەڕانی ( المحارب ) نابێت بکرێت . ناشبێت سۆزو ڕێزو دۆستایەتیشیان بۆ دەرببڕێت . چونکە ئەوان دوژمنایەتی خۆیان بەرامبەر موسوڵمانان و دینەکەیان ئاشکرا کردووە و لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ کوشتن و بن بڕ کردنی موسوڵمانان و لاواز کردنی دینەکەیان .. ئیدی چۆن دەبێت بە ڕێزەوە سەیر بکرێن ! چ جای ڕەفتاری مەزنی ؟!

## چەند خاڵێکی وورد بۆ سەرنجدان

1_ رەفتاری نەرم و نیان لەگەڵ ئەهلی کیتاب وکافرانی موسالیم و هەڵس وکەوتی باش وسۆزو دادپەروەری لەگەڵیاندا _ کە خۆی لە خۆیدا رەوشتێکی رەسەنی ئیسلامی چاوەڕوان کراوە لە موسوڵمان _ جیاوازە لەگەڵ دۆستایەتی و سەر پەرشتیاری (الولاء) ئەمیان نابێت بۆ غەیری خواو پێغەمبەرو موسوڵمانان دەر ببڕێت . چونکە موسوڵمان خۆشەویستی خۆی بۆ خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانان تەرخان دەکات . نەک بۆ کافران ( بێ وەی بن یان شەڕانی ) . ئەمەش باسێکەو رەفتارە دادپەروەرانەکە باسێکی ترە جێی ئەویان دڵ و دەروون و عەقیدەیە و جێی ئەمیان رەفتاری رەوشتە .

2_ کافر لە دیدی موسوڵمانەوە دوو جۆرن :

ا_ کافری شەڕانی ( المحارب ) : ئەمانە بە هیچ شێوەیەک نە دۆستایەتیان جائیزە نە رەفتاری نەرم نواندن لە گەڵیاندا. ( مەگەر بە دیلی کەوتبنە بەر دەستمان ، ئەو ساتە ئەحکامی دیلیان دەبێت ) چونکە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ دژایەتی خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانان تەرخان کردووە ئەمانە بە هەر پاڵنەر ( دافع ) ێک بێت دژایەتی ئیسلامیان کردۆتە پێشە . (شێخی بن باز _ رحمه الله _ لە گۆڤاری الدعوة الاسلامية / ژمارە (823 لە 1402/2/11 -1981 ل 19 ).

ب _ کافری بێ وەی ( موسالیم ) : ئەوانەی بە پێی پەیمان لەگەڵ موسوڵمانان رێکەوتوون . یان ئەهلی کیتابن (مەسیحی ، جولەکە ، مەجوسی) یا هەر کافری بێ وەین و هەقیان بەسەر موسوڵمانان ودین وکاروباریانەوە نییە وبە نهێنیش ( ژێر زەمینی ) لە گەڵ دوژمنانی ئیسلامدا هاوکاری ناکەن .

ئەمانە موسوڵمان دەبێت بە سۆزو بەزەیی و نەرم و نیانی رەفتاریان لەگەڵـــدا بکات ( بن الجلعود/الموالاة والمعاداة/ ب 2 /621 ) .

3_ هەندێک لە زانایان و ئەهلی تەفسیر فەرموویانە کە ئەحکانی ئەم ئایەتـــە تایبەتە بە ژن و منداڵی کافرانەوە . هەندێکی تریان فەرموویانە تایبەتـــە بـــە هۆزی خوزاعەوە ،کە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەردا هەبووە صلی الله علیـــە و ســـلم هەندێکی تریان فەرموویانە کە تایبەتە بەوانەی لە مەککە مابوونەوە .. بەڵام زۆربەی زۆرینەی زانایان رایان وایە کە حوکمی ئایەتەکە گشتییەو کافری بێ وەیی هەموو کات و شوێنێک دەگرێتەوە . مادم موســـالیم بێـــت . (الطبري 43/28 و الشنقیطي 414/9 .) .

4_ مێژوی ژیانی پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم و یاوەرانی بەرِێزی و رەفتـــاری رۆژانەیان لەگەڵ کافری بێ وەی و ئەهلی تەورات و ئینجیل و کافری تـــردا بە گشتی ؛ بەڵگەی ئەوەن کە نەرم و نیانی و بەزەیی و رەفتاری جوان لەگەڵ کافری بێ وەی و موسالیمدا لەسەر موسوڵمانان فەرزە . ئەمـــە هەڵوێســـتی نەگۆڕە .دژایەتییان لەو کاتانەیاندایە کە دژایەتی دینی خوا دەکەن .

5_ ئەگەر لە ناو کافرەکاندا کەسانێک هەبوون کە حەز بکەن لـــە ســـەر بنچینەی ئاشتی و بێ وەیی مامەڵە لەگەڵ موسوڵماناندا بکـــەن و هـــەردوولا موراعاتی ئاڵ وگۆڕی بەرژەوەندی و رێزی یەکتری بکەن ، یا رێ بە ئازادی بانگەوازی خوایی لە نێو کۆمەڵگەکەیاندا بدەن ، یان دەستیان نەبێـــت لـــە ململانێ و ناکۆکی موسوڵمانان و بەرەی کوفر ، یان لە کێشـــەی نـــاوخۆی موسوڵماناندا بێ لایەن بن ئەوە بەڵگە شەرعییەکان لەسەر ئەوەن کە رەفتـــار کردن لەگەڵیاندا بە موسالیمی و دادپەروەرانـــە واجبـــە . چـــونکە هـــیچ هۆکارێکی شەڕ کردن لەگەڵیاندا لە ئارادا نییـــە . خـــۆ ئیســـلامیش وەک

نایەوێت بەرهەڵستی بانگەوازەکـــەی بکـــەن و رێ لـــە دینـــداری شوێـــن کەوتووەکانی بگرن ؛ ناشیەوێت خەڵکی بە زۆر ناچاری ئیسلامەتی و دینداری بکات . خۆ ئیسلام ـ وەکو بیرو باوەڕو سیستم و هەســـتە رەگەزپەرســـتییە جاهیلییەکان ـ ناڵێت ئەوی لە ریزی مندا نییە دوژمنمە !و هەر دەبێت دژی بم تا نایهێڵم !خوای میهرەبان دەفەرموێت: (فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَـوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً ) النساء/90 واتە: ئەگەر لێتان بـــەر کەنار کەوتن و شەڕیان پێتان نەفرۆشت و هێمن و بێ وەی بوون بەرامبەرتان ؛ ئێوەش مافی ئـــەوەتان بەســـەریانەوە نابێـــت کـــە دژیـــان بوەســـتنەوەو دوژمنداریتییان بکەن .ئەم ئایەتەو ئەم دوو ئایەتەی سوورەتی الممتحنە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەر موسوڵمان بـــێ وەی و نـــەرم و نیـــان و دادپەروەرانە رەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە دوژمندارییان ناکـــەن و یارمەتی دوژمنانی ئیسلامەکەشیان نادەن . ئەمەش بەراستی رۆحی بانگـــەوازو دەسەڵاتی ئیسلامییە ( الجلعود : الموالاة والمعاداة / ب621/2 ) .

* * *

## دەرسی چوارەم

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُمْ مَا أَنْفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَنْ تَنْكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنْفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنْفَقُوا ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (10) وَإِنْ فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُمْ مِثْلَ مَا أَنْفَقُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنْتُمْ بِهِ مُؤْمِنُونَ (11)

### مانای گشتی ئایەتەکان

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان کۆچیان کردو هاتنە لاتان تاقیان بکەنەوە . خوای گەورە خۆی بوون یا نەبوون ورادەی باوەڕیان دەزانێت . جا ئەگەر زانیتان ئیماندارن ، مەیان گێڕنەوە بۆ ناو کافرەکان چونکە نە ئەمان بەوان دەشێن و نە ئەوانیش بەمان دەشێن . هەرچیشیان مەسروفات خەرج کرد بوو ، بیاندەنەوە . ئەگەر مافی مارەیی خۆیان بدەنێ ؛ خراپ نییە مارەشیان بکەنەوە . ژنانی کافر بە خێزانی خۆتان مەهێڵنەوەو لە خۆیان مەگرن ئەگەر لەسەر کوفریش مانەوەو وویستیان بچنەوە ناو خەڵکە کافرەکەیان ؛ مارەییەکانیان لێ وەرگرنەوە کە داوتانێ و با مێردەکانیشیان داوای ئەو خەرجی و مارەییە لە خێزانە

موسوڵمانەکانیان بکەنەوە کە خۆیان _ بێ مێرد _ کۆچیان کردو هاتنە لاتان . ئەمەش حوکمی خوای پەروەردگارە ، کە داوەری نێوانتان دەکات خوای گەورە زاناو کار بە جێیە . (10) ئەگەر ئێوە ئەو خەرجی و مارەییەتان لەگەڵ خێزانە کافرەکانتاندا گێڕایەوە بۆ کەس و کارە کافرەکانیان و ئەوان ئامادە نەبوون خەرجی و مارەیی ژنە موسوڵمانەکانیان _ کە کۆچیان بۆ لای ئێوە کردووە _ بگێڕنەوە بۆتان ؛ ئەوا ئێوە لەو دەسکەوتانەی لە شەڕی کافرەکاندا گرتووتانە پشکێکی بە قەدەر خەرجی و مارەیی ئافرەتە موسوڵمانە کۆچکەرەکان ، بدەنەوە پێیان . لەو خوایەش بترسن کە پێی موسوڵمانن و باوەڕتان پێ هێناوە .(11) .

* * *

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

یەکێک لە بڕگە سەرەکیەکانی پەیماننامەی حودەیبیە ئەوە بوو ، کە هەر کەس ، لای قورەیشیەکانەوە _ بێ ڕێدانی کەس و کاری _ بێت بۆ لای پێغەمبەرو صلى الله عليه و سلم وپەیوەندی بە موسوڵمانانەوە بکات ؛ دەبێت بیگێڕرێتەوە بۆ قورەیش . ئەمەش بڕگەیەکی گشتییەو هەموو موسوڵمانێک _ ژن بێت یان پیاو _ دەگرێتەوە . ئیمامی قورتوبی گێڕاویێتییەوە کە سەعیدەی کچی الحارث الاسلمیە دوای پەیماننامەی حودەیبیە هیجرەتی کرد. بەڵام هەر بە گەیشتنی ، سەفیەی کوڕی الراهیبی مێردیشی گەیشتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم وداوای کردەوە . ووتی : ئەی محمد خێزانەکەم بدەرەوە . تۆ خۆت ئەو مەرجەت داناوەو پەیمانەکەش هێشتا ووشک نەبۆتەوە .. ئەوجا خوای گەورە بۆ ئەوەی کۆچ کردنی ئافرەتان لەو بڕگەی پەیوەندی کردنە بە موسوڵمانانەوە بێنێتە دەرەوە ، ئەم دوو ئایەتەی نارده خوارەوە . بەڵام ئیمامی ئیبن کەثیر ریوایەتی تر دەهێنێ بۆ هۆکاری هاتنە خوارەوەیان ،دەفەرموێ : چەند ژنێکی بە مێردی موسوڵمان لە دەست قورەیش هەڵاتن و هاتنە ریزی موسوڵمانانی مەدینەوە . لەوانە : ام کلثومی کچی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت بوو . بە گەیشتنی بۆ مەدینە ، عومارەو وەلیدی برای بە دوویدا هاتنە لای پێغەمبەرو صلى الله عليه و سلم داوایان کردەوە . ئەو کاتە ئەم دوو ئایەتە هاتنە خوارەوە تا بڕگەکانی پەیماننامەکەی حودەیبیە بە پیاوانەوە تایبەت کەن .( الجامع / 61/18 ) ئیبن کەثیر ئەم ریوایەتەیان بە سەنەدو بەڵگەی بەهێزتر دەزانێت . بۆیە لە کۆتایی ئەو بڕگەیەدا دەفەرموێت : ( والأكثر من اهل العلم انها ام كلثوم بنت عقبة ) التفسير/ 316/4 .

## ڕێـــڕەو

ئەم یەک دوو ئەیەتە کە هاتنە خوارەوە چارەسەرێکی خوایی بـــوو بـــۆ روداوێک کە هەر لەو سەردەمەدا لە کەسانی تریش رووی دا . پاشان بـــووە ئەحکامی شەرعی نێو دەوڵەتیانەی ئیسلامی . ڕەفتارێـــکی تـــری ڕەســـەنی ڕەوشت و نەریتی ئیسلامی بوو کە لەسەر ڕێسایەکی تـــری دادپـــەروەری و ڕەوای خواوویستی دارێژرا کە ڕەوشت و ڕەفتارو هەڵوێستی بەرامبەرەکەی کاری تێ نەکات . لایەنی بەرامبەر هـــەر چـــەند رقـــن و دوژمندارانـــە و ستەمکارانە ڕەفتار بکات ، نابێت هەڵوێستی ئیسلام و خواوویســـتان وا لـــێ بکات لەسەر کاردانەوە بنیات بنرێت .

ئەگەر ئەو ئافرەتە موسوڵمانانە هاتنە لاتان و کۆچیان کرد بۆ لاتان بـــۆ مەدینە ؛ تاقیان بکەنەوە : بزانن بۆچی هاتوون ؟ نەکا لە دەست مێردەکانیان رایان کردبێت ! نەکا شوێن بەرژەوەندی دنیایی کەوتبن ؟! نـــەکا حەزێـــکی ساویلکەی دڵداری سەری پێ هەڵگرتبن و بەرەو دارالاسلام کێشی کردبن ؟!

ئیبن عەبباس _ خوا لێیان رازی بێت _ دەفەرموێت : تاقی کردنەوەکەیان بەوە بوو کە دەبوو سوێند بخۆن کە : بە خوا قەسەم لـــە داخـــی مێـــرد رام نەکردووە . بە خوا قەسەم لەبەر ئەوە رام نەکردووە کە حـــەزم نـــەکردووە لەوێ بژیم و حەزم لە ژیان و دانیشتنی ئێرە کردووە . بە خوا قەسەم لەبـــەر تەماعێکی دنیایی رام نەکردووە ، لێرە دەستم کەوێت . بە خوا قەسەم تەنها لەبەر خاتری خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی کۆچم کردووە .

ئەمە تاقی کرنەوەکەیە . تـــەنها دیـــاردەو رواڵـــەتی دەرەوەیـــان چـــی دەسەلمێنێت . موسوڵمان لە گوفتارو ڕەفتاری ئەو ئافرەتە کۆچکەرانە چـــییان بۆ دەردەکەوێت ، ڕەفتاریان هەرچییەکی سەلماند یان کـــام گومانـــەی لـــە

یەقینەوە نزیکە ، ئەوەیان بۆ حساب بکەن .. با سوێندیش بخۆن کە ڕاستگۆن ئەمما حەقیقەتی نیازو مەبەستی شاراوەی دڵ و دەرونیان چییە و چۆنە ؛ ئـــەوە با بدرێتە دەست خوای گەورە چونکە شارراوەکانی دڵ و دەروونی خەڵکی ، شتێک نییە مرۆڤ بیزانێت : ( اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ ) جا ئەگـــەر ئامـــانجی کـــۆچ کردنەکەیان ئاوا دەربڕی و سوێندیان لەسەر ڕاســـتگۆییان خـــوارد : ( فَلَـــا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ ) مەیاننێرنەوە ناو کافران ( لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ) نە ئەمان بەوان دەشێن و نە ئەوانیش بە مان .

عەقیدەکە چەسپیووە . پەیوەســـتە عەقائیدییەکـــەش ڕەگ و ڕیشـــاڵی داکوتاوە . جێی خۆی گرتووەو بۆتە یاساو ڕێساو پێـــوەری پۆلێـــن . بۆتـــە هۆکاری پەیوەندی و لێک دابڕان . تەنانەت شیرازەی خێزانیش کە شیرازەی تێکەڵ بوون و پێکەوە ژیان و توانەوەو جێگیر بوونە ؛ ئـــەویش ـ ئەگـــەر عەقیدەی ژن و مێردەکە جودا بوون ـ دەپسێت .. چونکە عەقیدە بناغـــەی ژیانە باوەڕ زەمینەی پایەکانی دینە . هیچ هەست و بیرو هۆشێکی تر نییە لەو بەهێزتر بێت . بۆیە ئەگەر دڵێک ئەو عەقیدەو باوەڕەی تێـــدا نـــەما ، دڵـــی دینداران ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵکات و سۆزو خۆشەویستی لەگەڵـــدا ئـــاڵ و گۆڕ کات .ئەو دوو جۆرە دڵە ناتوانن لەگەڵ یەکتری دا تـــەفاعول کـــەن . چونکە نەبوونەتە ئاوێنەی یەکترو هاو نیازو هاورازی یەکتری ! دڵی بێ دین نابێتە مایەی متمانەو پشت پێ بەستن و جێی گلەیی دۆســـتانەو ڕازو نیـــازی مەحرەمانە . ژیانی خێزان و کەژاوەی هاوسەرێتیش خۆشەویستی و ســـۆزو ڕەحمەت و هۆگرییە .

لەسەرەتای ساڵی یەکەمی کۆچییەوە ئەم مەسەلە بەبێ ( دەق ) مابووەوە .. کەس لە ژن و مێردەکان ـ بە هۆی جـــودایی عەقیـــدەوە ـ لێـــک جـــودا

نەبووبوونەوە . چونکە کۆمەڵگە ئیسلامییەکە هێشتا خۆی نەگرتبوو . هێشتا تەواو ستاری نەگرتبوو . بۆیە ڕێسا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەشیان هێشتا بـــۆ دانەڕێژرا بوو . بەڵام دوای پەیمانی حودیبییە ، ئیتر کاتی ئەوە هات کە کوفرو ئیمان هەر یەکەیان خاک و خەڵک و دەسەڵاتی خۆیان جودا بێت و شوێـــن کەوتووی هەردوکیان لێک دابڕێن . تا لە ناخی ژن و پیاوی موسوڵماندا ئەوە بچەسپێت ــ وەکو لە واقیعەکەیدا چەسپیووە ــ کە هیچ پەیوەندییـــەک لـــە نێوانیاندا نامێنێت ، ئەگەر لەسەر بنچینەی عەقیدەی ئیسلامی دانەمەزرا بێت . موسوڵمانان دۆستایەتی و لایەنگری و وەلائیان تەنها بۆ موسوڵمانانە و بەس . ئەمەش بەرهەمێکی لێکدابڕانە دەروونیانەکەیە . وەک چۆن تاک و کۆمەڵ و ژیان و دەسەڵات و جێگاو ڕێگای موسوڵمانان لە هی کافران جودا بۆتەوە . دەبێت ئاواش لێکدابڕانی خۆشەویستی و هەست و سۆزو ئینفیعالەکانیش لە ناخی دڵ و دەروونیدا بچەسپێت و ئاسەواری مەیل و حەزیان بەرەو یـــەکتر نەمێنێت ..

لەگەڵ جودا بوونەوەی ژن و مێرد ، دەبێت تـــەعویز وەرگیرێـــتەوە . . دەبێت مارەیی و مەسروفی ژن هێنان و شوو کردن و خێزان پێکەوە نانـــەکان بۆ خاوەنەکانیان ــ ژن بن یان پیاو ، موسوڵمان بن یان کافر ــ دەبێت ئـــەو تەعویزە بدرێتەوە بەو مێردە کافرەی ژنە موسوڵمانەکەی هیجـــرەتی بـــۆ دار الاسلام کردووە . هەروەها دەبێت بۆ مێردە موسوڵمانەکەش بگێڕرێـــتەوە ، مادام ژنە کافرەکەی جودا بۆتەوەو ڕۆیشتووە . تا ئـــەو ژن و مێـــردانە دوو ژیانیان پێکەوە لێ نەکەوێت : هەم جودا بوونەوە و هەم لـــە دەســـت دانی مارەیی و مەسروف ! چونکە ئەم مەسروفانە لە خێزان دروســـت کرنـــەوەی

نوێدا ، دیسان دەکرێنەوە . گەرچی ئەرکە قورسەکە زۆرتر دەکەوێتەوە سەر شانی پیاوەکان .

ئینجا ئەو ئافرەتە موسوڵمانانەی مێردەکانیان بە جێ هێشتووەو بێـــوەژن کەوتوون ، با پیاوە موسوڵمانەکان سەر لە نوێ مـــارەیی خۆیـــان بـــدەنێ و مارەیان کەنەوە .. هەر وەکو لەولاش ژنە کافرەکان کە بێوەژن بوون ، بـــە پێی عورف و نەریتی خۆیان ( کە یاسای کۆمەڵگەکەیانە ) شوو بـــە پیـــاوی کافری خۆیان دەکەنەوە . .

لەسەر ئەم هەموو تەعلیماتەشەوە چاودێری خوای گەورە هەیـــە ، کـــە دەبێت هەمیشە لەبەر چاو بگیرێت . هەست بکرێت کە ئەمە تەعلیماتی خوای کردگارو کارزان و بەدەسەڵاتە و جێ بەجێ دەکرێت . ئەمە تەقوای خـــوای گەورەیە کە دەبێت موراعات بکرێت . تەقواش دڵی زیندووی پڕ لە بـــاوەڕ زیاتر لە هەموان هەستی پێ دەکات . چونکە باوەڕو تەقوا لازم و مـــەلزومی یەکن : ( ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ) . چەسپینی تەقوا لە دڵ و دەروونندا دەبێتە زامنی لە رێ لا نەدان و گوێ نـــەدان و فـــاک وفیکـــی دەروون و فێڵ و تەڵەکە بازی رەفتاری لاسەنگ . چونکە موسوڵمانی بە تەقوا بێ چەندوچوون ودڵەڕاوکێ بەو تەعلیماتانەی خوای گەورەوە پابەند دەبێت . جگە لە حـــەزی راپەڕاندنەکـــە _ بـــەو ئیعتیبـــارەی تـــەعلیماتی خـــوا خۆشەویستەکەیەتی _ هەست بە هەڕەشەی خوای بەدەسەڵاتیش دەکـــات . دەزانێ سەرپێچی شەرع سزایەکی دنیایی پێوەیە ، هەندێک سەرپێچی تـــریش هەن کە سزای دنیاو قیامەتیان بە دوادا دێت . دینداری سەرڕاست و بەتەقوا هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە هەیە کە زینـــدوو دەکرێـــتەوەو موحاســـەبە دەکرێت . ئەوجا پاداشت یان سزای خوا وەردەگرێت .

ئەگەر کافرەکان مارەیی و مەسروفی مێردە موسـولّمانەکانیان نەدایـەوە (کە ئەمە بووە بە شتێکی ئاسایی و لە رەوشت و نـەریتییان دەوەشێـتەوە) دەبێت ئیمام ( خەلیفە ، ئەمیر ، سەرۆک ) ئەو مەسرەفەیان لەو پارەیـە بـۆ بگێڕێتەوە کە لای کۆ بۆتەوە لە پارەی ئـەو مێـردە موسـڵمانانەی ژنـە کافرەکانیان رۆیشتوون و ئەمان بە تەمان مـارەیی و مەسـروفەکانیان بـۆ بنێرنەوە ؛ با ئەم مارەییانە ببنە تەعویز بۆ ئەمان . گەر نەبوو ، یان تـەواوی نەکرد ، با لە بیت المال بیاندەنەوە : ( وَإِن فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّـارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُم مِّثْلَ مَا أَنفَقُوا ) .

کەوا بووئەحکامە شەرعییەکان _ دەربـارەی هـەر لایەنێـکی ژیـانی مرۆڤایەتی بن _ دەبوو لە واقیعێکی هەست پـێ کـراوی کۆمەڵگەیـەکی مرۆڤایەتیدا جێ بەجێ کرێن . پاشان ببنە بڕگەی یاسـاو رێسـای هـەموو نەوەکانی داهاتووی موسوڵمانان . هەموو بڕگەکان وەک ئەم بڕگە یاسـاییە هێزو کارتێکردن و گرنگی عەقیدە ئیسلامییەکە دەردەخەن .. دەبنە هـۆی روون کردنەوەی عەمەلی عەقیدەکەو چەسپاندنی .. دەبنە رەفتاری خـوایی و پابەندبوون پێوەی .. دەبنە هۆکاری پاڵفتە کردنی ریزی موسوڵمانان وپتـەو بوونی پەیوەستی دینداری .دەبنە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی خواوویستی پاک و بەهێز کردنی . دەبنە هۆکاری دامەزرانـدنی حـوکمی ئیسـلامی و مانەوەو پاراستنی . بێ گوێ دانە جیاوازی ئەنـدام و تاکـەکانی کۆمـەڵ و دەوڵەت لە رووی رەنگ و رەگەزو زمان و نەسەب و خاک و وولات وجێی لەدایک بوون . چونکە هەموو ئەندامی یەک حزبن لەو دوو حزبـەی ژیـان وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی حزبی خواو حزبی شەیتان . (ظلال/3546/6 ) .

## لێکـدانەوەی ئایەتەکان

1ـ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ ) ئەگەر ژنە ئیماندارەکان هاتنە لاتان ( کۆچیان کرد ) . واتە : ئێوە لە شوێنێکن و کوفرو کۆمەڵگـەو دەسەلاتەکەشی لە شوێنێکی تر . ئاماژەیە بۆ بوونی دوو وولات : دار الاسلام لە مەدینەو دار الکفر لە مەککە . کەوا بوو ئەهلی باوەڕ حەتمـەن دەبێـت وولاتی خۆیان هەبێت ، تا هیجرەت بکەن بۆی . تا لە میحنەتەکانی دار الکفر رزگاریان بێت و بیکەنە مەنزڵگەی حەوانەوەو نیشتە جێ بوونی دنیایان . بۆ دار الاسلام بۆ ئەو خاک و خەڵکەی ئیسلام تێیدا حاکمەو موسوڵمانان لـە سایەی ئەحکامەکانیدا لە ئەمانیدان .

2ـ ئەسڵ ئەوەیە ئەگەر موسوڵمانان دار الاسلامیان بۆ دروست بوو ؛ واتە : ئەگەر وولاتی خۆیان بوو ، کە شەریعەتەکەی خوا حاکم و ، ئیسلام خـۆی دەسەلاتداری بوو ، موسوڵمان بۆی جائیز نابێت هەر لە دار الکفر بمێنێتەوەو خۆی تووشی ئەشکەنجەو ئازارو زەلیلی بکات وبە هـۆی دینەکەیـەوە بـە جۆرەها شێوە بچەوسێنرێتەوە دەبێت هیجرەت بکات . بە تایبـەتی ئەگـەر ئیمامی دار الاسلام داوای لە موسوڵمانان کرد هیجرەت بکـەن . چـونکە هیجرەتەکەیان هەم رزگار بوونیانە لە زوڵم وستەمی تاغووتـان هـەم کـۆ بوونەوەو بەگەڕخستنی وورەو ووزەشیانە بـۆ بەهێـزکردن وپاراسـتنی دار الاسلام

3ـ ئایەتەکە هەر لە سەرەتاوە ئەو ئافرەتە کۆچ کەرانەی بە موسوڵمان داناوە : ( إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ ) چونکە بە هاتنەکەیان ئەوەیان سـەلماندووە کە شایەتمانەکەیان بە راستی هێناوەو موسـوڵمان بـوون و حەزیشـیان لـە

نیشتەجێ بوونی دار الاسلامە و گوفتارو رەفتارێكی واشیان لێ دەرنەكەوتووە پێچەوانەی ئیسلامەكەیان بێت . كەوا بوو موسوڵمانان هەر لـــە ســـەرەتاوە دەبێت بە گومانی باش و دیدێكی ئیسلامییەوە بڕواننە باوەڕو هیجرەتی ئەوانە . دەبێت دیاردەو رواڵەتی دەرەوەیان _ مادام ئیسلامییە _ بە هەند وەربگرن و تەرجیح بە موسوڵمانێتییەكەیان بدەن . گەرچـــی خـــۆ هـــەزاران دووڕوو (مونافیق)یش دەتوانن ئاسان خۆ بخزێننە ریزی موسوڵمانانەوە ! بەڵام مەترسی هاتنی ئەو هەزاران دووڕووە نابێتە بەهانەی گۆڕینی ئەم یاسا خواییە .

4_ كە دەفەرموێت : ﴿ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ ﴾ واتە : ئەو ئافرەتە موســـوڵمانانە بـــە كافرەكان ناشێن خۆ ئەمە هەمان مانـــای بڕگـــەی دوایـــیش دەدات كـــە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ﴾ واتە ئەو پیاوە كافرانەش بە مان ناشێـــن . ئیدی بۆچی دوو بڕگەی بە یەک مانا بە كار هێناوە ؟! ئیمـــامی بـــەیزاوی _ رحمه الله _ دەفەرموێت : بڕگەی یەكەم : ﴿ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ ﴾ كـــە حـــوكمی شەرعییە بۆ ژنەكان دەر كراوە . بۆ جودا بوونەوەیان لە مێردە كافرەكانیان . بڕگەی دووەمیش بۆ نەژیانەوەیانە لە گەڵ هەمان مێرد ، یان پیاوی كافری تر . واتە حوكمی دابڕانەو بۆ ژنان دەرچووە و پیاوانیش مادام كافر ماون نابێت بە هیوایان ببنەوە . ( انوار التنزيل /ب2 ل 487 ) .

5_ خاڵێكی رەوانبێژی جوانیش هەیە لە رستەی : ﴿ لَا هُنَّ حِـــلٌّ لَّهُـــمْ ﴾ كـــە رستەیەكی اسمییە . واتە بۆ مانای ( الثبوت والدوام ) ە . یەعنی مـــادام ژنەكـــە موسوڵمانە ، تازە ئیتر هیچ بواری شوو كرنەوەی بە كافر نـــەما . چـــونكە حوكمەكە نەگۆڕ وبەردەوامە .

6_ ﴿ وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ ﴾ عِصَـم :كـــــۆی ( عِصمَة ) ئەو رێكەوتن و هۆكارانەیە كە پەنایان دەبرێتە بەر . لێرەدا مەبەست لە مارەیی و مەسروفە .

(الكوافر ) کــۆی ( كافره ) ە واتە : ئافرەتی کافر . ناو لەسەر وەزنی (فاعلە) بێت کۆیەکەی دەبێتە ( فواعل ) وەکو : شاعره : شواعر . دائره : دوائر . جائزه : جوائز .. مانای برگەکە : ژنی کافر بە خێزانی مەگرنــە خــۆ . بــێ گومان ئافرەتی مەسیحی و جولەکەو مەجووسی .. ناگرێتەوە . چونکە ئەوان بۆیان هەیە کە شوویان بە موسوڵمان کرد ؛ لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە .

هەر ژنێکی موسوڵمانی مێردار ( بە مێرد ) یان پیاوێــکی خێــزاندار لــە ئیســلام هەڵگەڕێــتەوە ؛ پەیوەنــدی ژن و مێــردایەتیەکەی لــە گــەڵ هاوسەرەکەشی و موسوڵمانی تریش نامێنێت . هچیان مافی خێــزان پێــکەوە نانەوەیان لە گەڵ موسوڵمانی تردا نامێنێت .

* * *

## وازوکۆچ ( هیجرەت )

دکتۆر ماجد عرسان الکیلانی کە پسپۆڕێکی پەروەردەیی ئوردونییەو لە دائیرەی یونیسێفی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات . خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆی دیدو ڕوانگەی بزاڤی ئیسلامییە ؛ زنجیرە کتێبێکی زۆر بە نرخی دەربارەی پێدا چوونەوەی پەروەردەی ئیسلامی لە دیدو بۆچوونی موسوڵمانی ئەم سەردەمەماندا نووسیوە . یەکێک لەوانە ــ کە لە ( معالم في الطريق - مەشخەڵی ڕێ )کەی سید قوتبی ڕەحمەتی کەمتر نییە ــ ناوی ( الامة المسلمة .. مفهومها . اخراجها . مقوماتها ) یە باسی ئوممەت و ئوممەتی موسوڵمان وپێنج ڕوکنی پێکهاتەی ئوممەتە موسوڵمانەکە دەکات کە بریتین لە : تاکی موسوڵمان ، کۆچ و جێکۆچ ( الهجرة والمهجر ) ، جیهادو پەیام ، داڵدەو لە خۆگرتن ( الإيواء ) ، پشتگیری و سەرخستن ( النصرة ) ... لەبەر گرنگی باسەکانی ، بە پێویستی دەزانم چەند بڕگەیەک لە بەشی هیجرەتەکە لێرەدا بە کورتی بهێنمەوە :

وازوکۆچ[2] : توخمی دووەمی پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵمانە . لەوێ ئەو شێوازە (نموونەییەی کۆمەڵگەو ژیانی ئیسلامی )یە دەبینرێت کە موسوڵمانان لە واقیعیاندا هێناویانەتە دی . ژیانی دوای وازوکۆچ دەرئەنجامی سروشتی ئازاد بوونی موسوڵمانە لە کۆت و زنجیرە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بەربەستە ماددیەکان کە نەیاندەهێشت موسوڵمان ژیانێکی ئیسلامی لە کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا بهێنێتە دی ..

---

[2] واز هێنان لە کۆمەڵگەو سیستمی حوکم و خوو نەریتی جاهیلییەت و کۆچ کردن بۆ دار الاسلام و کۆمەڵگەکەی و ، بنیاتنانەوەی سەر لە نوێی ژیان لەوێ

هیجرەت لە ئەسڵی ماناکەیدا یەعنی گواستنەوە . ئەمیش دوو جــۆرە : گۆڕانکاری جەستەیی وگۆڕانکاری دەروونی .

* گۆڕانکاری جەستەیی یەعنی :کۆچ کردن لە کۆمــەڵگاکانی کــوفرو شیرکەوە بۆ کۆمەڵگەی باوەڕ .

* گۆڕانکاری دەروونیش : واز هێنانە لــە کلتــورو داب و نــەریت و رۆشنبیری کۆمەڵگەی ناموسوڵمان و ، پابەند بوون بە کلتورو داب ونــەریت و رۆشنبیری عەقیدە و باوەڕ .. یەعنی خۆ راپسکان و داپچڕان لە عەقیــدەو رەوشت و نەریت و داب و رەسمی ئەو کۆمەڵگە کافرانەی کــە هــەن و ، وەرگرتنی باوەڕو پابەند بوون بە دیاردەو رواڵەتە عەقائیدییەکان و ، جێ بــە جێ کردنی داواکارییەکانی باوەڕ . بەم مانایەشە خوای گەورە دەفــەرموێ : (وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ ) المدثر / 5 واتە : دوور کەوە لە بت و ، سووریش بە لەســەر وازلێ هێنانی .. هەروەها : (وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا ) *المزمل/ 10* واتە : ئارام بگرە لەسەر ئەوەی دەیڵێن و بە شێوازو رەفتارێــکی جــوان لێیان جوێ بەرەوە و وازیان لێ بهێنە . یان دەفەرموێ : (فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَى رَبِّي) العنكبوت / 26 واتە : سیدنا لوط باوەڕی پێ هێنا ( بــە ســیدنا ابراهيم) و ووتی من کۆچەرێکی بەرەو خوای گەورەم .

کە لە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم دەربارەی کۆچ کردن دەپرســرا ، بــەم مانایانە کۆچ کردنەکەی پێناسە دەکرد . بۆ نموونە : کاتێک ئەعرابیەک[3] بە

[3] هەندێ کەس ووشەی ئەعرابی بــە ( عــارەبی دەشــتەکی ) تەرجومــە دەکــەن . ئەمەش هەڵەیە . چونکە عارەبی دەشتەکی پێیان دەوترێت ( البدو ) بەڵام ئەعراب لە قورئاندا پۆلە خەڵکێکن کە کۆمەڵێک سیفەتیان تێدا دەرکەوتووە ، کــردوونی بــە ئــەعراب . قورئــان ئــەعراب وەکــو زاراوەکــانی تــری وەک : (*المؤمنون* ) و

پێغەمبەری ووت : ئەی پێغەمبەری خوا باسی کۆچ کردنمان بۆ بکـــە . ئایـــا جەنابت لە هەر کوێ بیت ، کۆچ کردنەکە بۆ لای خۆتە ؟ یـــان بـــۆ لای خەڵکێکە ؟ یان بۆ جێیەکی دیاری کراوە ؟ ئەدی ئەگەر جـــەنابت کۆچـــی دواییت کردو مردیت ؛ ئیتر کۆچ کردنیش کۆتایی پێ دێت ؟ پێغەمبەر صـــلی الله علیه و سلم ماوەیەک بێ دەنگ بوو ، پاشان پرسی : ( أينَ السائِلُ ؟ ) واتـــە : کوا کابرای پرسیار لە کوێیە ؟ ووتی : ئا ئەمەتا ئەی پێغەمبەری خوا ! ئینجـــا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم فەرمووی : ( الهِجْرةُ انْ تَهْجُرَ الفَواحِشَ ، ما ظَهَرَ منها وما بَطَنَ ، وتُقيمَ الصَّلاةَ وتؤتِيَ الزَّكاةَ . ثُمَّ أنتَ مُهاجِرٌ وإنْ مُتَّ بِالحَضَـــرِ ) مسند احمد/ت: الساعاتي 224/2 . واتە : کۆچ کردن ئەوەیە واز لە گونـــاح وخراپـــەکاری بهێنیت . چ ئەوانەی ئاشکران چ ئەوانەی شارراوەن . هەروەها نوێژ بکەیت وزەکات بدەیت ئیتر لە شاریشدا بمریت هەر بە ( موهاجیر ) حســـابیت . هەروەها دەفەرموێ : ( المُهاجِرُ مَنْ هَجَرَ السُّوءَ فاجْتَنَبَهُ ) مسند احمد/206/2 . واتە

---

(*الکافرون*) و ( المنـافقون ) بە کار دەهێنێت . واتە بە پێی کۆمەڵێک سیفەت (چاک و ماقوڵ بن یان بەدو ناپەسەند ) کە لە کەسێک یان پۆلە خەڵکێکدا کۆ دەبێـتەوە ؛ یەکێک لەو ناوانەیان لـێ دەنرێـت . ئـەعرابیش هـەر وایـە . لەوانەیـە کـابرا مامۆستای زانکۆ بێت و ئەعراب بێت . هەر وەکـو کـە لەوانەیـە کـابرا عـارەبی دەشتەکییەو موسوڵمانێکی پیاوچـاکە . ئـەگینا چـۆن لـە دادی خـوای گـەورە دەوەشێتەوە کە کابرایەک هەر بەوەندەی عارەبە و لە دەشت دەژی ؛ دەرهـەقیان بفەرموێ : ( *الاعرابُ أشَـدُّ کفـرًا ونفاقًـا* ) التوبة/ 97 . ئـەدی ئەگـەر کابرایـەکی موسوڵمانی چاکی کوردمان بردە بیابانەکانی عەرەبستان ، دەشێت پێـی بڵێـین : مەرحەبا کاکی ئەعرابی ڕشد کفرا ونفاقا ؟ یان ئەگەر داعیەکی ئیسلامی عـەرەبی پیاو چاکمان بردە بیابانی لووت لە ناوەڕاستی ئێـران ، دەبێـت بـە ئـەعرابی ؟ نەخێر . جا خۆ کام کەڕە کورد پەرستەی کوردایەتی زۆر سەری کلۆر کردووە ، وا ناڵێت . چ جای موسوڵمانی قورئانی !!

کۆچکەر ئەو کەسەیە کە وازی لە خراپە هێــناوەو تــوخنی ناکەوێــتەوە . هەروەها دەفەرموێ : ( لا تنقطِعُ الهِجرةُ حتى تَطْلُعُ الشَّمْسُ مِــن مَغْرِبهَــا ) مسند احمد/99/4 وسنن الدارمي / باب السير . واتە : کۆچ کردن تا ئەو زەمانــەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت ، تەواو نابێت . هەر بەردەوامە .

پیاوێک لە پێغەمبەری صلی الله علیه و ســلم پرسی : کام کۆچ لــە هــەموان چاکترە ؟ فەرمووی : ( انْ تَهْجُرَ مَا كَرِهَ رَبُّكَ . وهُمَا هِجْرَتَانِ : هِجْرَةُ البادِي وهِجرةُ الحاضِرِ . فهي أشَدُّ وأعظمُهَا بَلِيَّةً . ) مسند احمد 191/4 وسنن النسائي واتە : کۆچ ئەوەیە دوور کەویتەوە لەوەی خواکەت دەیبوغزێنێت . ئەویش دوو جۆرە : کۆچی لادێ و کۆچی شار . ئەمەی شاریان قورسترو پڕ کێشە ترە .

ئیمامی رازی ئەم پەیوەستییەی نێوان هەر دوو جۆری کۆچ کردنەکــەی باش روون کردۆتەوە کە فەرموویەتی : کۆچ کردن جاری وا هەیــە بــەوە ئەنجام دەدرێت کە لە دار الکفرەوە بگوێزیتەوە بۆ دار الاسلام . جاری واش هەیە ، بریتییە لە : واز هێنان و دوور کەوتنــەوە لــە کــردەوەی کــوفرو رووکردنە کردەوە ئیمانییەکان و ئەنجامدانیان . وەکو پێغەمبەر صلی الله علیــە و سلم دەفەرموێ : ( المُهاجِرُ مَنْ هَجَرَ ما نَهَى اللهُ عَنْهُ ) واتە : کۆچەر ئەو کەســەیە کە لەو کارو رەفتارانە دوور کەوتۆتەوە کە خوای گەورە بەرهەڵســتی لــێ کردوون . ئەو زانایانەی لەم حەدیسە کۆڵیونەتەوە ، فەرموویانە : هەم ئــەو کەسانە دەگرێتەوە کە دار الكفریان جێ هێشتووەو هاتوونەتە دەرەوە . هەم ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە وازیان لە دروشم و دیاردەو رواڵــەتی کــوفر هێناوە . خوای گەورە کۆچ کردنەکەشی بە نیازو وویست و مەبەستەکەیەوە بەستۆتەوە کە ( فی سبیل الله ) بێت . چونکە لەوانەیە کۆچی هەندێ کــەس

(چ بە وازهێنان و جێ هێشتنی دار الکفر بێت ، چ بە وازهێنان لە دیـــاردەو رواڵەتە کوفرییەکان ) بۆ مەبەستێکی دنیایی بوو بێت . بەڵام بێ گومان لای خوای گەورە ئەوەیان قبوڵە کە بەو ئیعتیبارە کراوە کـــە فـــەرمانی خـــوای گەورەیە و راپەڕێنراوە .

کەوا بوو پێناسەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه و ســلم زۆر بە جوانی ئەوە روون دەکاتەوە کە هیجرەت کردن دوو بەشەو حەتمەن دەبێـــت هەردووکیشـــیان بهێنرێنە دی : کۆچێکی جەستەیی و کۆچێـــکی دەروونی ئەگـــەر کۆچـــە جەستەییەکە کۆچە دەروونییەکەی لەگەڵدا نەبێت ؛ ناتـــەواوە و ناشێـــت . چونکە کۆچی جەستەیی ، قۆناغە بۆ ســـەلماندن وتـــەواو کـــردنی کۆچـــە دەروونییەکە .

ئەگەر کەسێکی موسوڵمان ، یان کۆمەڵێک موسوڵمان لـــە بـــارو دۆخ و کەشێکی نا ئیسلامیدا بە شێوەیەکی وا دەژیان کە نەیاندەتوانی بە گوێرەی ( نموونەی موسوڵمانێتی ) بژین و ژیانیان ئیسلامیانە رێک خەن ؛ ئەرکی یەکەمی سەر شانیان واز هێنان وکۆچە جەستەییەکە ( وازوکۆچ) دەبێـــت . ئـــەوجا دوای ئەوەی ئەم وازوکۆچە ئەنجامدرا موسوڵمانانی تریش لە هەموو لایەکەوە بەرەو جێکۆچ ( مەهجەر یان دار الاسلام ) ەکـــە دەچـــن و بـــە هـــەموان کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پێک دەهێنن . ئەوجا هـــەموویان ــ وەک تـــاک و کۆمەڵ ــ دەبێت کۆچە دەروونییەکەیان بکەن و لە ئاســـەوارو بـــارودۆخ وکەشە نا ئیسلامییەکەی یەکەمجارییان دەرچن و بیرو کردنەوەیان ( واتـــە : هەست و هۆش ، و رەفتارو رەوشت و نەریت ) یان پاڵفتە کەن . کە لێـــرە

ئاسان ترە چونکە ئاڕاستەو نەخشەی پـــەروەردەکردن ، هـــەم داعیـــەکان دەیکەن ، هەم دەزگا رەسمییەکان [4].

لەمەوە دەردەکەوێت کە وازوکۆچ بە مانا مەعنەویەکەی بریتییە لە : خۆ پەروەردە کردن (تزکیە) . واتە : خۆ گۆڕین . یا بـــە زاراوە قورئانیەکـــەی بیلێین : ( تغییر ما بالانفس) . ئەو خاڵە تەوەرییەی کە هەمیشە قورئان جەختی لێ دەکاتەوە و زوو زوو دەیخاتەوە بیر ، بۆ زۆر بایەخ پێدانی . مەبەستیش لەم خۆ گۆڕین و وازوکۆچە دەروونییە : لەبەر خۆ داماڵینی ئەو بیروباوەڕو دیدو تێڕوانین و رۆشنبیری و کلتورو داب و نەریت و رەفتارە هەڵانەیە کـــە هـــی زەمانی کۆنن و بە ئیسلام و لە ئیسلامدا جێیان نابێتەوە و قبوڵ نین . پراکتیک ( بە عەمەلی کردن و چەسپاندن )ی ئەم دیدو تێڕوانینەش لەوەدا دەردەکەوت : کە کەسێک موسوڵمان دەبوو ، دیاردەی ئەو کۆچە دەروونییەی بە ئاشکرا پێوە دیار دەبوو . دەبینرا کە بیرو باوەڕو کلتـــورو داب و نـــەریتی رەگـــەز پەرستی تیرەو هۆزو عەشایرێتی واز لێ هێناوە . ئەو داب و نەریتە نامۆیەی کە ببووە بتێکی تر و لە دڵ و دەروونندا رێزو پیرۆزی تەعلیماتی خوایی بۆ دادەنرا .. ئەو کەسەی موسوڵمان دەبوو ، لە ناخ و رواڵەتیدا وازوکۆچی دەکـــردو

[4] رماندنی ئیمارەتەکەی تالیبان لە ئەفغانستان لە ترسی پراکتیک کردنی ئەم تیۆرییە بوو ! بۆیە ئێستاش حەملە دڕندانەکەی بە ناوی ریشەکێش کردنی تیرۆرەوە دەکرێت ، هەر بۆ لەبار بردنی ئەو ئامانجە قورئانیەیە ، کە حەتمەن دەبێت ئەهلی ئەم دینە مەئوایەک پێک بهێنن ودینەکەیان کە دەسەڵاتی شەرعەکەیانە لە دار الاسلامدا بەسەر ئوممەتە موسوڵمانەکەیان و ئەوانەی لە گەڵیاندا دەژین بچەسپێت . بە غەیری هێنانە دی ئەم ئامانجەش ، دەبێت بزانرێت کە موسوڵمانان ـ وەکو جولەکەی پێش دامەزراندنی ئیسرائیل ـ لە سەراسەری جیهاندا هەر دەچەوسێنرێنەوەو چەوساندنەوەکەشیان لە وولاتانی خۆیاندا چاوی لێ دەپۆشرێت . لە وولاتانی دیموکراسیشدا شەرعییەتێکی نێو دەوڵەتی دەدرێتە یاسای دژایەتی ئیسلام .

بە ساغ و پاکی دەهاتە ئیسلامەوەو بیرو بــاوەڕو کلتــورو داب و نــەریتی خوابەیەکناسی وەردەگرت . ئینجا لەسەر ئەوەشەوە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەڕەشەی حەزەرو ترسی لە موسوڵمانان دەکرد کە : نەکــەن بنــەوە بــە ئەعراب و بگەڕێنەوە سەر بیرو باوەڕو کلتورو داب ونەریتی قۆناغی چەمکی عەشیرەتگەرییەکەی جاهیلییەت چونکە ئەوە یەکێکە لە دیاردەکانی لە دیــن پاشگەز بوونەوەو هەڵگەڕانەوە (مورتەدد بوونەوە ! ) ئەوە تاوانێکی یەکجار بڵح و ناقۆڵاو گەورەیە و خاوەنەکەی حەتمەن بــە ( نــەمری لــە ئــاگری دۆزەخدا) سزا دەدرێت . ئەمەش لەو حەدیســەدا دەر دەکەوێــت ، کــە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : ( آكِلُ الرِّبا ومُوَكِّلُهُ وكاتِبُهُ اذا عَلِمُــوا بذلكَ ، والواشِمَةُ والمُسْتَوشِمَةُ لِلْحُسْنِ ، ولاوي الصَّدَقَةِ والمُرْتَدُّ أعرابياً بَعْــدَ الهِجْــرَةِ ، مَلعونونَ على لِسانِ محمد صلى الله عليه وسلم يومَ القيامَةِ ) مسند احمد 5 رقم 3881 و 4090 . واتە : ئەوی سوو ( ریبا ) دەخوات ، ئەوی وەکالەتی وەردەگرێــت ئەوی نوسەری مامەڵەکەیە ، گەر زانیان مامەڵەی سووە و حەرامە ، هەروەها ئەو کەسەی خاڵ دەکوتێت و ئەوەش کە خاڵەکەی بۆ دەکوتن و ، ئــەوی رێ لە خێروخێرات دەگرێت و ، ئەو کەســەی دوای هیجــرەت کــردن مورتەددانە دەبێتەوە بە ئەعرابی ؛ ئەمانە هەموویان لەسەر زمانی موحەممەد صلی الله علیه و سلم لە رۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێ کراوە .

ئیمامی تەبەری رحمە الله لە تەفسیری ئەم ئایەتەی قورئاندا کــە خــوای پەروەردگار دەفەرموێ : (إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّــرْ عَــنكُمْ سَــيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلاً كَرِيمًا ) النساء/31 واتە : ئەگەر خۆ لەو گوناهــە گەورانــە بپارێزن کە بەرهەڵستیتان لێ کــراوە لێــیان و توخنیــان نەکــەون ، لــە گوناحەکانتان خۆش دەبین . لە محمدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەبو حەسمەوە ،

ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : لە مزگەوتی کوفە بـــووم ، عەلی کوڕی ئەبو تالیب ـ کرم الله وجهه ـ لەسەر مینبەر بوو ، ووتاری دەدا لـــە ووتارەکەیدا فەرمووی : ( خەڵکینە گوناحە گەورەکان ( الکبائر ) حـــەوتن خەڵکەکە کپ بوون ، گوێ قولاغ بوون ، تا بزانن چین . عەلی فـــەرمووی : ئەرێ بۆچی لێم ناپرسن کە چین ؟! ووتیان : باشە ، ئەی ئەمیری موسوڵمانان ئەو حەوتە کامانەن ؟ فەرمووی : شەریک بۆ خوا بڕیار دان ، کوشتنی نەفسی مرۆڤی بێ تاوان کە خوا حەرامی کردووە ، تۆمەتبار کردنی ئافرەتی بە مێـــرد (مێرد دار) بە زینا کردن ، خواردنی سەروەت و سامانی هەتیوو ، خـــواردنی سوو (ریبا) ، هەڵاتن لە ڕۆژی غەزاو رووبەڕوو بوونەوەی دوژمن ، گەڕانەوە سەر رەوشتی ئەعرابیان دوای واز هێنان لێی . ) ووتم : بابە ، گەڕانەوە ســـەر رەوشتی ئەعربی بۆچی کەوتۆتە ریزی ئەم تاوانانەوە ؟! فەرمووی : چـــونکە شتێکی زۆر گەورەیە . کەم نییە کابرایەک کۆچی کردبێت و بەشە غەنیمەتی خۆی بۆ دانرا بێت و جیهادی لەسەر فەرز بوبێت ؛ ئاوا ئـــەو بەیعـــەت و پەیمانە لە گەردنی خۆی داماڵێت وواز بهێنێت و ببێتەوە بە ئەعرابی !!

* * *

## دەرســـی پێنجـــەم

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ .12

## مانای گشتی ئایەتەکە

ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان هاتنە لات تا پەیمان ( بەیعەت )ی ئەوەت بدەنێ کە هیچ شەریکێک بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن و دزی نەکەن وداوێن پیسی ( زینا ) نەکەن ومنداڵەکانیان نەکوژن و ئەو بوختانە هەڵ نەبەستن ( بەوەی ئەگەر منداڵێک لە مێردی خۆیان نـــەبوو بیکەن بە هی ئەوان ) هەروەها لە کارو باری چاکیشدا سەرپێچیت نەکەن ، تۆش بەیعەتەکەیان لێ وەرگرە داوای لێبوردنیشیان لە خوای گەورە بۆ بکە . خوای گەورەش بوردەو بەبەزەییە .

* * *

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە

عورووەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام لە خاتوو عائیشەی دایکمانەوە ، کە پوری ئەویشە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە خاتوو عائیشە بۆی باس کرد کە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم: ( كان يمتحن من هاجر اليه من المؤمنات بهذه الاية ( يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ ..) تا دەگاتە (غَفُورٌ رَّحِيمٌ ) واتە: هەر ئافرەتێکی موسوڵمان هیجرەتی بکردایە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەم ئایەتە تاقی دەکردەوە یەعنی داوای ئەو بەڵێن و پەیمان و بەیعەتەی لێ دەکرد .

پاشان عوروە دەفەرموێت : خاتوو عائیشە فەرمووی : هەر ئافرەتێکی موسوڵمان ئەو مەرجانەی قبوڵ بکردایە ، پێغەمبەر صلى الله علیه و سلم پێی دەفەرموو : ( بايَعْتُكِ ) واتە : وا بەیعەتم لێ وەرگرتیت . ئەمەش هەر بە قسە بوو . چونکە بە خوا قەسەم پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم هەرگیز لە کاتی بەیعەت وەرگرتنیدا دەستی بەر دەستی هیچ ئافرەتێک نەکەوتووە . بەیعەتیشی هەر وا بە قسە لێ وەردەگرتن کە دەیفەرموو : ( قَدْ بَايَعْتُكِ عَلَى ذلكَ ) واتە: وا بەیعەتم لەسەر ئەوانە لێ وەرگرتیت . ( بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە ) .

ئیمامی ئەحمەد _ رحمه الله _ دەگێڕێتەوە کە ئومەییەی کچی رەقیقە دەفەرموێت : لەگەڵ چەند ئافرەتێک هاتینە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم تا بەیعەتی بدەینێ . ئەویش ئەو بەیعەتەی لێ وەرگرتین کە لەو ئایەتەدا باس کراوە : کە بە هیچ شێوەیەک شەریک بۆ خوا دانەنێین و دزی نەکەین و .. تا کۆتا مەرج پاشان دەیفەرموو : ( فيمَا اسْتَطَعْتُنَّ وَاَطَقْتُنَّ ) واتە : بەو رادەیەی

تواناو تاقەتتان هەبوو . ووتمان : خواو پێغەمبەری خوا لە خۆمان بەبەزەیی ترن بەرامبەرمان . ووتمان : ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا دەست نەخەینە ناو دەستت ؟ فەرمووی : ( اِنِّي لا اُصَافِحُ النِّسَاءَ . اِنَّمَا قَولِي لِامْرَأَةٍ واحِدَةٍ قَولِي لِماءةِ امْرَأَةٍ ) واتە :من تەوقە لەگەڵ ژناندا ناکەم . قسەشم بۆ ئافرەتێک قسەمە بۆ سەد ئافرەت حسن صحیح . هەروەها النسائی و ابن ماجەو ابن جەریریش گێڕاویانەتەوە .

ئیمامی بوخاری رحمه الله دەگێڕێتەوە کە ابن عباس ـ خوا لێیان رازی بێت ـ فەرمووی : نوێژی جەژنی رەمەزانم لە خزمەت پێغەمبەردا کردووە هەروەها لەگەڵ ئەبو بکری سددیق و عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففاندا .. هەر هەموویان نوێژەکەیان پێش ووتارەکە دەکرد . ( واتە نوێژی جەژنیان دەکرد ، ئەوجا ووتاریان بۆ خەڵکەکە دەدا ) پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم کە لە ووتار دەبۆوە ؛ ئاماژەی دەکردە پیاوان کە دانیشن . پاشان بە نێو ریزەکانیاندا دەڕۆیشت بۆ جێ نوێژی ئافرەتان و ئامۆژگاری دەکردن . جارێک لەگەڵ بیلالی حەبەشیدا خوا لێی رازی بێت چوونە جێ نوێژی ئافرەتان و پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئەم ئایەتەی بۆ خوێندنەوە : ( يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ ) کە لە ئایەتەکە بووەوە پرسی ( أَنْتُنَّ علَى ذلِكَ ؟) واتە : ئێوەش لەسەر ئەو بەیعەت و پەیمانەن .. وایە ئافرەتێک وەڵامی دایەوە : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا .. پاشان فەرمووی : خێرو خێرات بکەن .. ئینجا بیلالیش ـ خوا لێی رازی بێت ـ پارچەیەک لە جل و بەرگەکەی خۆی راخست و ئافرەتانیش مستیلەو بازنەکانی خۆیانیان تێ دەکرد ..

* * *

## ڕێـــڕەو

مەرجەکانی ئەم بەیعەتە بنەمای عەقیدەو ژیانی نوێی بارودۆخی کۆمەڵایەتین شەریک بۆ خوا دانەنان بە هیچ شێوەیەک ( نە لە بیروهۆشدا ، نە لە پەرستندا نە لە یاساو ڕێسا داناندا ) ئەنجام نەدانی تاوانی وا کە ســـنوری خـــوای تێـــدا بشکێت وموستەحەققی سزای گەورە بێت دزی ، داوێن پیســـی و زینـــا ، منداڵ کوشتن چ بە زیندە بە چاڵ کردنی کچان بێت .کە خـــوو نەریتێـــکی ناڕەوای جاهیلییەت بوو . چ بە لەبار بردنی کۆرپەی ناو سکی دوو گیانـــان (حامیلە) . چونکە ئەو کۆرپانانەن ، کە بـــەردەوامی دەدەنـــە مرۆڤایـــەتی . هەروەها منداڵێک کە لە مێردەکانیان نیە ، نەیکەن بە هـــی ئـــەوان . بـــەو هیوایەی تاوانێکی زینای ڕابوردوویان بشارنەوە . یان منداڵەکە کە خۆیـــان دەزانن لە کێیە نەیدەن بە کەسێکی تر . چونکە لە ژیانی جاهیلییـــەتی پێـــش ئیسلامدا وا بوو . وەکو بوخاری لە خاتوو عائیشەوە دەگێڕێتەوە کـــە لـــە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا ، جاری وا هەبوو چەند پیاوێک ( چوار یان پێنج ) دەچوونە لای ئافرەتێک و زینایان لەگەڵ دەکرد . پاش دوو گیـــانی ، کـــە منداڵەکەی دەبوو ، گەرچی بیشیزانیانیە کە منداڵەکە لە کامیانە ، بەڵام هەڵی دەگرت و دەیبردەوە بۆ ئەو پیاوەی ئەم کۆرپەکەی پێ دەشـــوبهاندو پێـــی دەووت : ئەمە منداڵی تۆیە و بیشیبە بۆ خۆت !! ئەویش دەبوو بیگرێتە خۆ ! بێ گومان ئایەتەکە ئەو حاڵەتەو هەموو حاڵەتێکی تریش دەگرێتەوە . پاشـــان مەرجی ئەخیر دێت : ( وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ ) ئەمەش بەڵێندانە لەسەر مل کەچی دەربڕین بۆ پێغەمبەر صـــلی الله علیـــه و ســـلم وپابەنـــد بوونـــە بـــە فەرمانەکانیەوە . ئەمەش ڕێسای داڕشتنی ( السمع و الطاعة) ی ئیسلامییە .

## لێکـدانەوەی ئایەتەکان

1_ ( يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ ) بۆ مێیینەیەو دەفـەرمێ (جَـاءكَ ) نەک جاءتك چونکە لە عەرەبیدا بۆ ( جمع التكسير ) دەشێت پێچەوانەی رەگەز بە کار بێت . بۆ نموونە : لە سورەتی یوسفدا خوای پەروەردگار ، بـۆ ژنانی شار دەفەرموێت : (قَالَ) نەک (قالت) : ( وقال نسوة في المدينة ) یوسف/30

هەروەها بۆ کۆمەڵێک پیاوانی ئەعرابیش فـەرمووی : (قالت) نـەک (قال ): (وقالت الاعراب امنا) الحجرات /14 وە ( قالت لهم رسلهم .. ) ابراهيم /10

2_ لەو ئایەتەو لە ریوایەتەکانی حەدیسیشدا دەبینین ئەوەی کە خوای گەورە لە ئافرەتان داوای کردووە بەیعەتی لەسەر بدەن : بەرهەڵستی کردنیانـە لـە ئەنجامدانی هەندێک تاوان . نەک فەرمان کردن بێت بە ئەنجامدانی هەندێـک فەرز . چونکە تاوانەکان لەو جۆرانەن کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە _ بـە تایبەتی ئافرەتانیان _ خوویان پێوە گرتبوو ئەنجامدانیشیان بە خراپە نەدەزانی ! هەر کەسێکیش جڵەوی حەزە لارەکانی خۆی گرت و توانی خوو نـەریت و ئارەزووەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات ؛ گیانی راپەڕاندنی تێدا ئاسانتر دەبێت .

3_ لە هەر دوو سەحیحی ئیمامی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کـە کاتێـک ئافرەتان _ دوای فەتحی مەککە _ بۆ بەیعەتدان هاتنە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیندی کچی عوتبەشیان لەگەڵدا بوو کە ژنی ئەبو سوفیان بوو کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : شەریک بۆ خوا دانەنێـن و دزی نەکەن . هیند فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەبو سوفیان پیاوێکی رەزیل ( بەخیل )ە ئەوەندەم ناداتێ بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات ؛ ئایـا گونـاحم دەگاتێ ئەگەر بێ ئەوەی ئەو ئاگای لێ بێت ، یان پرسی پێ بکەم ، بەشـی خۆمان لە پارەکانی هەڵگرم ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرمووی : ( خذي من

ماله بالمعروف ما يكفيكِ ويكفي بنيكِ . ) واتــه : ئەوەنــدەی بەشــی خــۆت و منداڵەكانت دەكات ؛ ئەمینانه ، لێی هەڵگرە . ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سوور بوونی یاوەرانی پێغەمبەر صلى الله عليه و ســلم بە موراعات كردن و راپەڕانــدن و پابەند بوونیانەوە بە شەریعەتەكەی خواوە . ئەمەش ڕێسایە بۆ هەموو ژنێكی مێرد چروک و پیسكە بەو مەرجەی هێندەیان خــەرجی نــەدابنێ ، بەشــی كردبن .

4ـ ( بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِــنَّ ) واته كۆرپەی زۆڵ .. چونكە لە نێوانی چوار پەلدا لە دایک دەبێت .. نێوان هەردوو دەست و هەردوو ران .

5ـ ( وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ ) خۆ ئاشكرایە كە پێغەمبەر صــلى الله عليــه و ســلم فەرمان بە غەیری چاكە ناكات . بەڵام ئەمە وەكو ئایەتی : ( قــال رب احكــم بالحق ) الانبياء / 112 وایە . واتە : خوایە بە حەقیانەت حــوكم كــە ! خــۆ ئاشكراو بێ گومانە كە خوای گەورە بە ناهەق حوكم ناكات .. ئەم شێوازە جۆرێكە لە جۆرەكانی جەخت ( تەئكیــد ) كردنــەوە . واتــە ( معروف ) تەئكیدە لەسەر ( ولا يعصينك ) هەر وەک ( بالحق ) تەئكیدە لەسەر ( *رب /احكم* ) . هەروەها ئەو ( بالحق ) ە كە سیفەتە لە جێی سیفەت باســكراو (موصوف ) ێک هاتووە كە ئەسڵی عیبارەتەكە دەبێــتە : ( رب احكم بحكمك الحق ..) ئــەم ئایەتەش دەبێتە : ( ولا يعصينك في امرك المعروف ) . واتە لە فەرمانەكانتدا كــە هەمووی هەر چاكن ، سەرپێچیت نەكەن .

6ـ ئەم بەیعەتە كە بە بەیعەتی ئافرەتان ناسراوە ، مانای وا نییە تایبەت بــوو بێت بە ئافرەتەوە . بەڵكو ئەمە یەكێكە لەو حەوت جۆر بەیعەتە شــەرعییەی كە لە ئیسلامدا هەیە . پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەمان جۆر بەیعەتی لــە

پیاوانیش وەردەگرت . ئیمامی بوخاری رحمه الله لـــه عوبــادەی کـــوڕی السامتەوە _ خوا لێی رازی بێت _ دەگێڕێتەوە ، کە پێغەمبەر صــلی الله علیــه و سلم پێی فەرموون : ( أتبايعوني على ألا تشركوا بالله شيئا ، ولا تزنوا ، ولا تسرقوا .. وقرأ الاية ) واتە : ئایا بەیعەتم دەدەنێ لەسەر ئەوەی کە شەریک بۆ خوا بڕیار نەدەن و زینا نەکەن و دزی نەکەن .. ئینجا ئـــەو ئایەتـــەی خوێـــندەوە و فەرمووی : ( فَمَنْ وَفَى مِنكُم فَأجْرُهُ عَلَى الله ، وَمَنْ أصَابَ مِنْ ذلكَ شيئاً فَعُوقِبَ فَهــوَ كَفَّارَةٌ لَهُ ، وَمَنْ أصَابَ مِنْ ذلكَ شَيئاً فَستَرَهُ اللهُ فَهوَ الى الله ، انْ شَاءَ عَذَّبَهُ وإنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ مِنها ) واتە : هەر کەسێکتان بەیعەتەکەی بە سەلامەتی بردە ســـەر ئـــەوە پاداشتی لای خوای گەورە مسۆگەرە . هەرکەسێکیشتان تاوانێـــکی لەوانـــە کردو سزاکەی لە دنیادا وەرگرت ، ئەوە سزاکە کەفارەتی گوناحەکەیەتی و پاک دەبێتەوە پێی . ئەوی تاوانێکی کردو خوای گەورە بۆی پۆشی ؛ ئەوە لە وویستی خوای گەورە خۆیدایـــە گـــەر وویســـتی ســـزای دەدات ، گـــەر وویستیشی ئەوە هەر لێی خۆش دەبێت ..

7_ مەرجی : ( وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ ) تایبەت نییە بە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه و ســلم بەڵکو ئەمە بۆتە ڕێسایەکی دەستوری ئیسلام . چونکە شوێن کەوتوانی ئیمام و خەلیفەو حاکم و ئەمیر و فەرماندەکان ، کە بەیعەتیان دا ؛ دەبێـــت گوێ ڕایەڵی و مل کەچی بۆ هەموو فەرمانەکانیان دەر ببڕن و جـــێ بەجێـــی بکەن مادام لە سەر خێرو چاکە خوازییە . ئەگەر فەرمانەکەشی لـــە چـــوار چێوەی شەرعدا نەبوو ؛ ئەوە لەو فەرمانەیدا گوێ ڕایەڵی ناکرێت چـــونکە هێزی یاسا بە شەریعەتی ئیســـلامەکەوەیەو تـــەنها ئیســـلام مەرجەعییـــەتی موسوڵمانە بۆیە یاساو ڕێسای گەل ودەسەڵاتدار هەر دەبێت لە ئیســـلامەوە وەرگیرا بێت

## بەیعەت ( پەیمان و بەڵێن دان )

زانایانی ئیسلام و شەرعناسان بە درێژایی مێژوی پڕ سەروەری موسوڵمانان حەوت جۆر بەیعەتیان تۆمار کردووە کە جگە لە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم یاوەران و تابعین و تابیعی تابیعینیش لە یەکتریان وەرگرتووە . ئەوانیش ئەمانەن :

1_ بەیعەتی گشتی لەسەر ئیسلام : ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە هەموو کەس دەبێت بە خوای پەروەردگاری بدات . جا ئەگەر موسوڵمانان ئیمام ( خەلیفە ) یان هەبوو ، ئەوە لە ڕێی ئەوەوە دەکرێت . گەر نەیان بوو ، ئەوە نێوان خۆیان خوای گەورەیە کە دەبێت پێوەی پابەند بن . چونکە ئەمەیان ئیعلانی ئیسلامەتی خاوەنەکەیەتی . ئەوی ئەم بەیعەتەی لە گەردندا نەبێت کافرە . ئیمامی ئەحمەد لە محمدی کوڕی الاسوەدەوە دەگێڕێتەوە کە ئەسوەدی باوکی بۆی گێڕاونەتەوە . فەرمویەتی : لە ڕۆژی ئازاد کردن ( فەتح )ی مەککەدا پێغەمبەرم دی صلى الله عليه وسلم لەسەر تیرە شاخێک دانیشتووە ، بەیعەتی لەسەر ئیسلام و شایەتمان لە خەڵکی وەردەگرێت . دەفەرموێ : ووتم : باوکە شایەتمان چییە ؟ فەرمووی بەیعەتی لێ وەردەگرتن کە باوەڕ بە خوا بهێنن و ئینجا شایەتمان بێنن و بڵێن : اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله ( مسند احمد/415/2 و مجمع الزوائد/6 ) پیاوانی سەنەدەکەی متمانە پێ کراون ( رجاله ثقات ) هەروەها البداية والنهاية /ابن كثير .

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە مەجاشیعی کوڕی مەسعودەوە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی من و براکەم هاتینە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم وعەرزمان کرد : بەیعەتمان لەسەر هیجرەت لێ وەرگرە . فەرمووی : (انقضت الهجرة الى اهلها ) واتە : هیجرەت تەواو بوو . ئەوی ئەهلی هیجرەت بوو

کردی ( پێشتر بوو ، بۆ مەدینە ، ئێستا ئەمان لە مەککـــەن ) ووتم : ئـــەدی لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەین ؟ فەرمووی : ( الاسلام و الجهاد) .

2_ بەیعەت لەسەر کار کردن بە ئیسلامەتی و دینداری : ســـیدنا جـــەریری کوڕی عبد الله دەفەرموێ : ئێمەش وەکو ئافرەتان بەیعەتمان بە پێـــغەمبەر دا صلى الله عليه وسلم گەر کەسێکیش بە تەواوی پێوەی پابەند بوو ، نەیشکاند ئەوە ئەهلی بەهەشتە . هەر کەسێکیش شتێکی لێ شکاندو خوا لە دنیادا بۆی پۆشی ؛ ئەوە خۆی و خوای خۆی لێ پرسینەوەی لای ئەوە . ( البخاري /مناقب الانصار ل 43 ومسلم /الحدود ل 44 ) .

ئەوەش کە بە بەیعەتی ئافرەتان ناسراوە هەر لەم جۆری بەیعەتەیە : ئیمامی بوخاری و ئەحمەدو ئەبو یەعلی و تەبەرانی گێڕاویانەتەوە کە ســـەلمای کچـــی قەیس کە پووری پێغەمبەرە صلى الله عليه و سلم دەفـــەرموێ لەگـــەڵ پۆلێـــک ئافرەتی ئەنساردا هاتینە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم و بەیعەتمان پێـــدا . مەرجی بەیعەتەکەی ئەوە بوو : هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدەین ، دزی نەکەین ، زینا نەکەین ، کۆرپەکانمان نەکوژین ، کۆرپەی پیاوی تر هەڵ نەگرینـــەوەو بیکەینە منداڵی مێردەکانمان ، سەرپێچیش لە کردەوە چاکەکانیدا نەکـــەین . پاشان پێی فەرمووی : ( ولا تَغْشُشْنَ أزواجَكُنَّ ) واتە فێـــڵ و خیانـــەتیش لـــە مێردەکانتان نەکەن . بەیعەتمان پێداو هاتینە دەرەوە . دوایی بە ئافرەتێـــکیانم ووت : بگەڕێرەوە لێیَ بپرسە ئاخۆ مەبەست لە فێڵ و خیانەت لە مێردەکانمان چییە ؟ گەڕایەوەو پرسی . فەرمووی (تَأخُذَ مَالَهُ فَتُحابِيَ بِهِ غَيرَهُ) پارەو ســـامانی ببەیت ، تا خۆی پێ شیرین کەی لای پیاوی تر .

هەروەها ئیمامان ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ترمزی لە سیدنا جەریرەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : بەیعەتم بە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دا لەسەر نوێژ کردن و زەکات دان و ئامۆژگاری کردنی هەموو موسوڵمانێک

3_ بەیعەت لەسەر کۆچکردن ( الهجره ) : ئیمامی موسلیم لە یەزید الاسلمیەوە دەگێڕێتەوە : هەر کاتێک پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم سەرییە (مەفرزە) یەکی بۆ غەزا بناردایە رایدەسپاردن کە (اُدْعُهُمْ اَلی اِحْدَی ثَلاثٍ : الاسلامُ مَعَ التَّحَوُّلِ اَلی دارِ الهِجْرَةِ فإنْ أَبَوا الاسلامَ فَالجِزْيَةُ . فإنْ أَبَوهَا ، فالحَرْبُ . ومَنْ أَسْلَمَ وَمْ يُهَاجِرْ يَجْرِي عَلَيهِ مَا علَى المُؤمنينَ ، مَا عَدَا الفَيءُ فَلا نَصِيبَ فِيهِ)

4_ بەیعەت لەسەر پشتگیری و سەر خستن : سیدنا جابر دەگێڕێتەوە کە خۆی یەکێک بوو لەو حەفتا پیاوو ئافرەتەی یەک یەک و دوو دوو لە عەقەبە کۆ بوونەوەو پێغەمبەریان دیت و بەیعەتیان پێدا . دەفەرموێ : پێمان ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ، بەیعەتت لەسەر چی پێ ببەستین ؟ فەرمووی : ( تُبَايعُونِي عَلَى السَّمْعِ و الطاعَةِ ، فِي النِّشَاطِ والْكَسَلِ . والنَّفَقَةِ فِي العُسْرِ واليُسْرِ . وعلَى الامْرِ بالمَعروفِ والنَّهيِ عَنْ المُنْكَرِ . وانْ تَقُومُوا فِي اللهِ لا تَخافونَ فِي اللهِ لَومَةَ لائِمٍ . وعلَى اَنْ تَنْصُرُونِي فَتَمْنَعُونِي إذا قَدِمْتُ عَلَيكُمْ مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أنفُسَكُمْ وأزواجَكُمْ وأبناءَكُمْ . ولَكُمْ الجَنَّةُ ) البداية والنهاية /ابن كثير 160/3 والمستدرك /الحاكم 624/2 : اسناده جيد على شرط مسلم واته : بەیعەتم بدەنێ لەسەر گوێ رایەڵی و ملکەچی ، لە هەردوو حاڵەتی گورج وگۆڵی و سستیدا . لەسەر بەخشین ، لە هەردوو حاڵەتی دەوڵەمەندی و هەژاریدا . لەسەر فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپە . لەبەر خاتری خوا کار بکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران باکتان نەبێت و نەترسن . پشتم بگرن و سەرم خەن . کە کۆچیشم کرد بۆ لاتان

بەرگریم وا لیٚ بکەن وەکو کە بەرگری لە خۆتان و ماڵ و منداڵتان دەکەن .
پاداشتیشتان : بەهەشتە .

5_ بەیعەت لەسەر جیهاد : بەشیری کوڕی خەساس هاتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تا بەیعەتی پیٚ بدات . لیٚی پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا بەیعەتی چیم لیٚ وەردەگریت ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەستی پیرۆزی بۆ دەستی بەشیر بۆ تەوقە راکێشاو فەرمووی : ( تَشْهَدُ أنْ لا الـه الا الله وحْـدَهُ لا شريكَ لَهُ وانَّ محمداً عَبْدُهُ ورسولُهُ . وتُصَلِّيَ الصَّلَواةِ الخَمْسَ لِوَقْتِهَا . وتُـؤدِّيَ الزَّكَـاةَ المَفروضَةَ . وتَصومَ رمضانَ . وتَحُجَّ ، وتُجَاهِدَ في سبيلِ اللهِ ) واتە : بڕیار بدە کە هیچ خوایەک نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله ، وە محمدیش بەندەو نێرراوی خوایە . هەر پێنج نوێژەکە لە کاتی خۆیاندا بکە . ئەو زەکاتەی لەسەرتە بیدە . ڕۆژووی ڕەمەزان بگرە . حەج بکە. لەبەر خاتری خواش جیهاد بکە . بەشیر دەفەرمویٚ : ووتم : بە خوا قەسەم هەر چل پەنجا سەر ووشترم هەیە ! ئەویش هی ماڵ و منداڵ و کەس و کارمن . بۆ جیهادەکەش ، پێم ناکرێت ! چونکە من کابرایەکی ترسنۆکم . دەشڵێن : ئەگەر کەسێک لە بەرەی شەڕ هەڵێت و راکات ؛ بەر غەزەبی خوا دەکەوێت . بە خوا لەوە دەترسم شەڕ دەست پیٚ بکات و وورەم بڕوخێت و هەڵێم و بەر ئەو غەزەبەی خوا بکەوم . پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەستی بەشیری گرت و گوشی و فەرمووی : ئەریٚ بەشیر ، نە زەکات و نە جیهاد پێم ناڵێیت بە چی دەچیتە بەهەشتەوە ؟! بەشیر دەفەرمویٚ : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا دەستت بێنە با بەیعەتت پیٚ ببەستم . ئەویش دەستی پیرۆزی هێناو بەیعەتم لەسەر هەمووی پێدا ( البخاري/ الجهاد ل11 و سنن البيهقي /ب1 ) .

6_ بەیعەت لەسەر مردن : ئیمامی ئەحمەدو بوخاری وموسـلیم و ترمـزی و نەسائی وبەیهیقی دەگێڕنەوە کە مەککی کوڕی ئیبراهیم لە یەزیدی کـوڕی ئەبو عوبەیدو ، ئەویش لە مەسلەمەوە _ خوا لێیان رازی بێت _ گێڕاویتیەوە ، فەرموویەتی : کە بەیعەتم دا بە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم دوایی چوومە بـن دارێک دانیشتم .کە خەڵکی رۆیشتن وکۆڕ تەنک بوو منی بینی فـەرمووی : (یا بْنَ الاکوعِ أَلَا تُبَایِعُ ) واتە : ها کوڕی ئەکوەع بەیعـەت نادەیـت ؟ ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا بەیعەتم دا . گەر دەشفەرموویت بـا جارێـکی دیـش بەیعەت بدەمەوە . بۆ جاری دووەم بەیعەتەکەم دایـەوە . یەزیـد ( ئـەوی حەدیسەکەی لێوە گێڕاوەتەوە ) دەفەرموێ : لە مەسـلەمەم پرسـی ئـەو بەیعەتەتان لەسەر چی دەدا ؟ فەرمووی : لەسەر مـردن . (مسند احمد 47/4 و51 و54 ) .

ئیمامی بوخاری لە عبد اللەی کوڕی زەیدەوە دەگێڕێـتەوە کـە لـەو شەڕەدا کە پێی دەوترێت ( موقعة الحرة ) کاتێک کە لەشکری شامییەکان لە زەمانی یەزیدی کوڕی موعاویەدا هێرشیان کردە سەر مەدینە ، کـە هـەموو دانیشتوانی ئەو سەردەمەی ئەسحابەو تابعین بوون ، ئیبنو حەنزەڵەی ئـەمیری بەرگریوانان لە شار ، بەیعەتی مردنی لە خەڵکەکە داوا دەکـرد . کـە بـە عبداللەی کوڕی زەیدیشیان ووت بۆ بەیعەتدانی ، فەرمووی : من لـە دوای پێغەمبەر صلى الله عليه و سـلم بەیعەتی مردن بە کەس نادەم . ( ئیمامی موسلیم و بەیهیقیش ریوایەتیان کردووە ) .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە بەیعەتەکە شـەرعی بـووە و پێچـەوانەی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم نەبووە بۆیە عبد الله ئینکاری لـە

خودی بەیعەتەکە نەکرد ؛ بەڵکو هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو بەیعەتـــە روون کردەوە کە نایەوێت بە غەیری پێغەمبەری بدات .

7_ بەیعەت لەسەر گوێ رایەڵی و ملکەچی : عوبادەی کوڕی سامیت _ خوا لێی رازی بێت _ دەفەرموێ : بەیعەتی جەنگمان بە پێغەمبەردا صـــلی الله علیـــه و سلم کە ملکەچی تەواوی بۆ دەر برین و لە دەوڵەمەندی و دەست کورتیماندا ، لە سستی و چوستیماندا گوێ رایەڵی بین و خۆخۆیی نەکەین (بەرژەوەندی خۆمان نەخەینە پێش ) وشەڕەپاڵ لەسەر دەسەلاَت وئیمارەت نەکەین ولـــە هەر کوێ بین حەق بڵێین ولە لۆمەی لۆمە کـــاران نەترســـین . (سنن النسائي/ البيعة ل 16 الهداية ب 3)

ئەسحابەکان ئەم جـــۆرە بەیعەتـــەیان بـــە هـــەموو خەلیفـــەکان دا ، هەندێکیشیان بۆ هەندێ خەلیفە نەیدەدا . بۆ نموونە کە سیدنا ئەبو بەکر بوو بە خەلیفە هەندێ ئەسحابەی بەرێز لەسەرەتاوە بەیعەتیان نەدا وەکـــو عـــەلی کوڕی ئەبو تالیب و العباس و فەزڵی کوڕی و زوبـــەیری کـــوڕی عـــەووام خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی ئەسوەدو سەلمانی فارســـی و ئـــەبو زەڕڕی غەففاری و عەمماری کوڕی یاسرو بەرائی کوڕی عازیـــب و ئوبـــەی کوڕی کەعب .. بەلاَم هەموو هەروا نەمانەوە ، چونکە دوایی بەیعـــەتیان دا بەلاَم بۆ نمونە سیدنا عەلی دوای شەش مانگ دای . گەرچی سیدنا عوبادە تـــا مردیش هەر بەیعەتی بە سیدنا ئەبو بەکر نەدا . کەس لەو ئەسحابە بەرێزانەی لەو سەردەمەش بوون هاواری بەرهەڵستی لێ بـــەرز نـــەبووەوە . هـــەروەها کۆمەڵێکی زۆریش لە سەردەمی سیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبیشـــدا بەیعـــەتی ملکەچی و گوێ رایەڵیان نەدا . وەکو سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس و عبـــد اللەی کوڕی عومەرو محمدی کوڕی مەسلەمەو ئەبو ســـەعیدی خـــودری و

ئوسامەی کوڕی زەیدو وە هەروەها .. ئەمە لە کاتێکدا کە هەندێ موسوڵمانی ئەم زەمانە ئەگەر ئەندامی حزبێکی ئیسلامی بێت و بەیعەت بە ئەمیرەکـــەیان نەدا ، پلەی ئەندامێتی نادەنێ ! یان لێی دەستێننەوە ! رەنگە سزاشی بدەن .. چونکە وا حاڵی بوون ، یان وا خەڵکەکەیانە چەواشەو ئیغفال کردووە کــە کاری ئیسلامیت بێ بەیعە نابێت و بەیعەتەکەشت وەکو بەیعەتی خەلیفە وایە و دەبێت حەتمەن تا دەمریت پێوەی پابەند بیت ! گەرچی راستیەکەش ئەوەیە کە موسوڵمان دەتوانێت لە کۆمەڵێکدا کاری رێکخستن و چالاکی جیهـــادی خۆی بکات بێ ئەوەی بەیعەت بە ئەمیری ئـــەو کۆمەڵـــە بـــدات . گـــەر بەیعەتیشی دا ، ئەوە وەکو شێخ سەعید حەووا رحمه الله دەفەرموێ : ئـــەوە بەیعەتی کار کردنە .. دەبێت هەر کەس و کۆمەڵێک کە داوای بەیعەت لـــە کەسێک دەکات ، ئەوەی بۆ روون بکاتەوە کە ئەمە بەیعەتی کار کردنە نەک بەیعەتی خیلافەت .

بەیعەت پەیمانێکی رێکەوتنە ، واتە عەقدە . کەوا بوو دەبێت مەرجەکانی عەقدی تێدا روون بێت وەکو : هەردوو لایەنی عەقدەکە و مەرجی هـــەردوو لاو شێواز (سیغە)ی عەقدەکەو زانینی هۆکارەکـــانی کۆتـــا هێـــنانی و .. وە هەروەها . . . ئەم مەسەلانە پێویستە روون بن . مەگەر نابینیـــت جـــاری وا هەیە کۆمەڵێکی ئیسلامی سەدان ئەندامی خۆی بەرەو ( مـــەجهول ) کێـــش دەکات و ناشهێڵێت ئەندامانی نە چاویان بکرێتەوە و نە بشـــزانن بـــەرەو چ ئامانجێکی خەیاڵاوی سەوق دەکرێن ، یان بۆ چ مەبەستێـــکی بەرژەوەنـــدی سیاسی وەک مەڕ گۆش دەکرێن . جاری واش هەیـــە کـــابرای فریـــو دراو بەیعەت نەک بە ئەمیرێکی مەجهول دەدات بەڵکو بە کۆمەڵەکەی دەدات !! کە ئەمە هەر بیدعەیەکی زۆر مونکەرە! نازانم ئیتر ئەوانە بۆ لۆمـــەی شـــیعە

دەکەن کە تا سپیایی چاویان دادێت ، هەر چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ئیمـــام مەهدی بیرەکەی سامەڕڕان کە پێش هەزارو دوو سەدو قسور ســـالْ و لـــە تەمەنی پێنج سالْییەوە خۆی تێدا شاردۆتەوە . دەبێت ئەمانیش بێتە بیریان کـــە ئەمیرەکەیان لە چ بیرێکدایەو بیر لە چی دەکاتەوە ؟!

هەندێک ناسکە موسوڵمانی تریش پەیدا بوون ، کە تـــەواو پێچـــەوانەی ئەمانەن ! ئەمانیش دەڵێن هەر بەیعەت دان بە غەیری خەلیفە بیدعەیە . واتـــە ئەم کۆمەڵە ئیسلامییانەی لەم سەردەمەدا بەیعەت لە ئەندامانیان وەردەگرن ؛ کارێکی بیدعە دەکەن !! ئەمەشیان هەر نەزانین و هەواو هەوەس و بیدعەیـــە .. چونکە جارێ بەیعەتی مردن بە درێژایی مێژوی ئیسلام ، موسوڵمانان _ بە تایبەتی لە کاتی جیهاددا _ لە یەکتریان وەرگرتـــووە . . نامەوێـــت لێـــرەدا بەرپەرچی ئەم لایەنەیان بدەمەوە . چونکە شێخ عبد القادر بن عبد العزیز لـــە کتێبی (العمدة في اعداد العدة ) ەکەیدا زۆر چاک ئەم گومانەی ڕەواندۆتـــەوە . کە هەر خۆزگەی ئەوە دەخوازم بتوانین بە کوردی هەموو کتێبەکە _ لـــە کاتێکی گونجاودا _ بخەینە بەر دەست ان شاء الله .

* * *

## دەرسی شەشەم

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ .(13)

### مانای گشتی ئایەتەکە

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، کەسانێک کە خوای گەورە رقی لێیان هەستاوەو غەزەبی لێ گرتوون مەکەنە دۆست و لایەنگرو سەرپەرشتی خۆتان . ئەوانە بەراستی هێندە لە رۆژی دوایی هیوا بڕاو بوون ( لە بێ بەشی و رووڕەشی ومایە پووچی خۆیان ) هەر وەکو کە مردووی گۆڕستان لە هەموو شتێک هیوا بڕاو بوون .

### هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە

هەندێک لە زانایانی تەفسیر وەکو ئیمامی قورتوبی و ئیبن کەتیرو زەمەخشەری دەگێڕنەوە کە هەندێک هەژارو دەسکورتی موسوڵمان پەیوەندی باشیان بە جولەکەکانەوە هەبوو . هیوای ئەوەیان پێیان بوو کە لە بەرهەم و حاسڵاتی خۆیان بێ بەشیان نەکەن . ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە تا سنورێک بۆ ئەو پەیوەندییە دانێت ونەهێڵێت هیچ کافرێک ( چ جولەکەو مەسیحی بێت ، چ کافری تر ) ئەو سوکە پەیوەندییە بکەنە درزی دیوارو لەوێوە ( دین و عەقیدە ، یان بیروهۆش و دیدیان ، یان رەفتارو نەریتییان ) دزە بکاتە ناو موسوڵمانان .

دەڵێن ئەمە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەیە . بەڵام مەرجیش نییە بـــۆ هاتنە خوارەوەی هەموو ئایەتێک هۆیەکی هاتنە خوارەوە هەبێت . چـــونکە جاری وا هەیە ئایەت بێ رودانی روداو هاتۆتە خـــوارەوە . چـــونکە پەنـــدو ئامۆژگاری و ئەحکام ، لە لەفزی گشـــتی دەقـــە پیرۆزەکانەوە ( ئایەت بن یان حەدیس ) وەردەگیرێت و تایبەتمەندی هۆ نابێتە مەسەلەی سەرەکی مانا . چونکە وەکو زانایانی ئوسولْ دەفـــەرموون : ( الْعِبْرَةُ بِعُمومِ اللفظِ لا بِخُصُوصِ السَّبَبِ ) واتە : پەند لە لەفزەکە وەردەگیرێت نەک لە هۆکاری تایبەت .

**لێکدانەوەی ئایەتەکە**

1_ سەرەتای ئایەتەکە (کۆتا ئایەتی سورەتەکە) هەر بەم بانگەوازە خواییە ( یا ایها الذین آمنوا ) موسوڵمانان بانگ دەکات ، تا هۆشیان بخاتەوە سەر مەسەلەی دۆستایەتی و لایەنگری ( وەلاء ) . هەروەکو کە لە سەرەتاوە نەیهێشت لەبەر بەرژەوەندی خۆیان (هەر چییەک بێت ) هەر نابێت خۆیان بکەنـــە دۆســـتی کافران و پەیوەندی لایەنگرییان لەگەڵدا ببەستن . بەم ئایەتەی دواییش هـــەر رێ لەو پەیوەندییە دەگرێت ، نەبادا بە هۆی ئەم پەیوەندییەوە دوژمنان نهێنی موسوڵمانان بزانن

2_ ئایەتی یەکەم بە ( فعل ) داوا لە موسوڵمانان دەکات کافرەکان بە (اولیاء) دانەنێن (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء ) اولیاء ەکە ناوە . واتە نەیانکەنە دۆستی هەمیشەیی . بەڵام لەم ئایەتەدا دەفەرموێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا ) تتولوا : هەر ( فعل )ە . بەڵام لەمیاندا وەک بفەرموێ بۆ جارێکیش بێت ، نەیکەن .

3_ تورە بوونی خوای گەورە : ( غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ) :

ا_ ئەمە لە ئایەتی سیفاتە : واتە خوای گەورە توڕە دەبێت ، ئێمەش باوەڕمان وایە کە خوای گەورە توڕە دەبێت ، رقی هەڵدەستێت . بەڵام چۆن ؟ ئـــەوە ئێمە نایزانین .. چونکە زانینی چۆنیەتی هەموو شتێک ئیعتیماد دەکاتـــە ســـەر پەی بردن و زانین و شارەزا بوونی ماهیەت و زاتی ئەو شتە خۆی . ئێمەش کە نازانین خوای پەروەردگار چۆنە ؛ بێ گومان پەی بە چۆنیەتی سیفەتەکانیشی نابەین ( خۆیی بن وەک زانست و زیندوێتی . یان کردەوەیی بن وەک هاتن و دیتن و بیستن و ..هتد ) هۆیەکەشی کەم و کورتی ئێمەیە کە خوای گـــەورە ئەو توانایەی پێ نەداوین تا دەرک بەو چۆنیەتییە بکـــەین . داواشمـــان لـــێ نەکراوە بە دوایدا راکەین . بەڵکو بە پێچەوانەوە . پێـــغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوای لێ کردووین کە لە زاتی خوا خۆی نەکۆڵینـــەوە ، بـــەڵکو لـــە ئاسەواری کردگارێتییەکەی بکۆڵینەوە . دەبێت هەر کە گەیشـــتینە باســـی ماهییەتی خوای گەورە بە ئەدەبەوە بوەستین و بێ دەنگ بین . چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێ : ( لا تدركه الابصار ) الانعام/103 واتـــە : زەینـــەکان پەی پێ نابەن ..

ب _ خوای گەورە _ وەکو لە قورئاندا دەردەکەوێت _ لـــە کـــەس و کۆمەڵێک توڕە دەبێت کە دینەکەیان وەرنەگرتبێت و لاسارانەش چوو بـــن رێبازێکی تریان بۆ رێکخستنی ژیانیان وەرگرتبێت ! ئەمەش قابیلی قبوڵ نییە . خۆ جولەکەکان لە سەر دین بوون ! بەڵام باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی محمد صـــلی الله علیه و سلم نەهێنا . گەرچی دەشیانزانی نێرراوی خوایە ! بـــەڵام حەســـوود بوون ، بوغزاوی و رقن بوون . وایان دەزانی کۆتا پێغەمبەر لەوان دەبێـــت ، بەڵام کە لە نێو عەرەبەکانەوە هات هەڕاڵی و بوغراییان رێی ئیسلامەتی لـــێ گرتن و بورکانی کینەیان خستنیە سەر رێچکەی بن بەست و، بە هۆی دەرون

لاوازییەکەیانەوە گومڕا بوون ! بۆیە ئاوا خوای گەورە لێیان تـــوڕە بـــوو : (المغصوب علیهم ) . مەسیحییەکانیش خوایان دەپەرســـت ؛ بـــەڵام چـــونکە چۆنیەتی پەرستنەکەیان بە پێی تەعلیماتی خوای زاناو کارزان نەبوو ، کەوتنـــە شیرکەوەو خوای گەورەش بە گومڕا ناوی بردن . واتە : (الضالون ) چـــونکە بە هۆی نەزانی خۆیانەوە تێ کەوتن .

لێرەشدا کە خوای گەورە جارێکی تر ئـــەوە بـــۆ موســـوڵمانان روون دەکاتەوە کە : نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو خەڵکـــەی لایانـــداوەو لادەرو پەڕیدەو نامۆ بوون و ، خوای گەورە رقی لێیان هەســـتاوەو غـــەزەبی لـــێ گرتوون ؛ موسوڵمانان بیانکەنە دۆستی خۆیان . نابێت پەیوەندییان لەگەڵـــدا ببەستن . . ئاخر چ بەرژەوەندییەک لەو دۆستایەتیەدا هەیە . کەسێک خوای بەبەزەیی لێی توڕە بووبێت و نەیەوێت . کەسێک بەرنامەی دینەکەی واز لێ هێنا بێت و بەرەڵا بوو بێت وخوای گەورە غەزەبی لێ گرتبێت ؛ چۆن دەبێت موسوڵمانێک ئەوەندە ساویلکە بێت ، وا بزانێت خێری بۆ موسوڵمانان پێـــوە ماوە ؟! دەبێت ئەو موسوڵمانەی بەو هیوایەیە ، چەند گێژو گێل و گـــەلۆرو گەلحۆو گەمژەوگەوێڵ و گەمبۆڵ بێت ؟! حەیفت نەکرد وا بیت ؟!

* * *

## دۆستایەتی و دوژمنایەتی ( الولاء و البراء )

ئێمەی موسوڵمان کە باوەڕمان وایە ئیسلام دینمانە . واتە تەنها ئیسلام بەرنامەو پێڕەوی ژیانمانەو تەنها ئەویش ئایدیۆلۆژی ژیانمانە . یەعنی ئێمە لە دیدی ئیسلامەوە دەڕوانینە بونەوەر : گەردون و ژیان و مرۆڤ . گەردون بەهەرچی دیارو نادیارەوە کە تێیدایە . ژیانیش بەو سیفەتەی قۆناغێکی بوونی تاک و کۆمەڵگەکەی مرۆڤایەتییە . بەو سیفەتەش کە کێڵگەی چاندنی قیامەتی مرۆڤە . دیسان بەو سیفەتەش کە گۆڕەپانی ململانێی سەلماندنی بوونمانە ( لە روون کردنەوەی تیۆری دینەکەو ، پیادە کردنی پراکتیکی بانگەوازەکەی و ، هێنانە دی واقیعی ئوممەت و حوکمی شەریعەتەکەمان ) .. هەر لە دیدو بۆچوونی ئیسلامەکەشمانەوە خەڵکی ـ بە پێی زاراوە شەرعییەکانمان ـ پۆلێن دەکەین لای ئێمە خەڵکی یان دیندارن یان بێ دینن . دیندار بە ئیسلام یان بە مەسیحێتی یان بە جولەکایەتی یان بە مەجووسی یان بە هەر دینێکی تر ئیسلام قبوڵی بێت ئینجا موسوڵمانی بە تەقواو هی کەم تەقواو فاسق . کافریش : شەڕانییە یان موسالیم . لەو نێوانەشدا دووڕوو ( مونافیق )ی بێ هیممەت و ترسنۆک خۆپەرست ، وەکو جرجی بێ سرەوت دێت و دەچێت . هەڵوێستی هەر یەکێکیش لەوانە هەر بە ئیسلامەکەمان هەڵدەسەنگێنین : ئەوی ئیسلام قبوڵی بوو بە هی خۆمانی دەزانین و بەرگری لێ دەکەین . ئەوی ئیسلام پێی قبوڵ نەبوو دەیکەینە هی ناحەزو بە گوێرەی شەرع مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین بۆ نمونە : حوکمی جاسوسێکی موسوڵمان : لەسەرەتاوە کابرا لە ریزی موسوڵماناندا پۆلێن کراوەو قبوڵ بووە . بەڵام کارە جاسوسیەکەی کارێک نییە ئیسلام قبوڵی بێت . جا ئەگەر جاسوسیەکەی لەسەر موسوڵمانان بۆ

کافران بوو ، شتێ گەورەشی دژی موسوڵمانان لەسەر بنیات نرا ؛ ئەوە لەسەری دەکوژرێت . بەڵام لەویشدا هۆکارو جۆری کوشتنەکەی دەبێت روون بکرێتەوە . چونکە ئەگەر جاسوسی کردنەکەی لە روانگەو دیدی باوەڕو عەقیدەیەوە بوو بێت ؛ ئەوە کافر بووەو لەسەر جاسوسێتیەکەی _ بەو سیفەتەی کە کوفرە _ کوژراوە . لەو حاڵەتەشدا حوکمی کفن و دفن و گۆڕستان و میرات و حوکمی تری دنیایی و حوکمی قیامەتیشی جیاوازە . ئەمما ئەگەر لە دادگایەکی شەرعی سەلماندی کە جاسوسێتیەکەی لە روانگەو رەفتارێکی گێلانەو نەزانیەوە کردووەو بەڵام کێشەی گەورەو دژواری لەسەر موسوڵمانان دروست کرد بوو . دەکوژرێت بەڵام ئەمجارە لەسەر خودی جاسویەکەیە _ بەو سیفەتەی کە تاوانێکی زەرەرمەند بووە بۆ موسوڵمانان _ لەم حاڵەتەشدا حوکمی کفن و دفن ومیرات و حوکمەکانی تری دنیای خۆی و ماڵ و منداڵی و حوکمی قیامەتیشی وەکو موسوڵمان حساب دەکرێت .

لەم دیدو روانگەو زەمینەوە تەماشای دۆستایەتی و دوژمنایەتی موسوڵمان دەکرێت . بە پێی ئەم پێناسەسە کە ووتراوە ( وەلاء و بەراء ) بریتییە لە چەسپاندن و راپەڕاندنی واقیعیانەی عەقیدە مومکین نییە خوا بەیەکناسی (التوحید ) لە جیهانی واقیعی کۆمەڵگەیەکدا _ بێ دیاری کردنی بەرەی کوفرو ئیمان و هەڵاوێردنی سەنگەری هەردوولاو دیاری کردنی سنووری نێوانیان _ بسەلمێت و بچەسپێت . بۆیە دەبێت چاک لەوە حاڵی بین کە هەڵوێستی دۆستایەتی و دوژمنایەتی ( الولاء و البراء ) یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین و سەختترین کێشەکانی عەقیدە . چونکە خوای گەورە دەفەرموێ : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ آبَاءكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاء إَنِ اسْتَحَبُّواْ الْكُفْرَ عَلَى الإِيمَانِ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ۔ قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَـآؤُكُمْ وَإِخْـوَانُكُمْ

وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ) التوبة 23-24 وە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) المائدة/51 بۆیە ئیبن عەتیق رحمه الله دەفەرموێ هیچ باسێک لە قورئاندا دوای کێشەی خوابەیەکناسی و پێچەوانەکانی ئەوەندەی وەلاءو بەراء بەڵگەی زۆرو روون و ئاشکرای لەسەر نییە . ( النجاة والفكاك /ل 14 ) .

لە سەنگەری شەرع و لە روانگەی دەیان و سەدان بەڵگەی قورئان و حەدیسەوە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی ( الولاء والبراء ) :

1ـ روکنێکی زۆر دژوارو گرنگی عەقیدەی موسوڵمانانەو باوەڕی هیچ کەسێک بێ ئەو تەواو نابێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) المائدة/51

2ـ بە گرنگ نەدیتنی ئەم روکنە سەرەکییەو شل گرتنی ، ئەو کەلێن و بۆشاییە پەیدا دەکەن کە دوژمنانی ئیسلام لێوەی دزە دەکەنە ناو دبن و ئومەت و بزاڤە ئیسلامیەکەمانەوە ولەوێشەوە زەربەمان لێ دەدەن : ( وَلَوْ أَرَادُواْ الْخُرُوجَ لأَعَدُّواْ لَهُ عُدَّةً وَلَـكِن كَرِهَ اللّهُ انبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُواْ مَعَ الْقَاعِدِينَ ۔ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلاَّ خَبَالاً ولأَوْضَعُواْ خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ) التوبة /46-47

3ـ بێ بایەخ تەماشا کردنی ئەم روکنە سەرەکییە عەقیدەکە لاواز دەکات . گەر هەڵیشی نەوەشێنێتەوە : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ ) آل عمران /149

4_ ناسین و شارەزا نەبوون لەم روکنە دەبێتە تێکەڵ بوونی رەنگە سوورەکەی نێوان کوفرو ئیمان و بەرەکانیان . دواییش دیاردەو رواڵەتەکانی هـــەردوولا تێکەڵ دەبن و سیمای هەردولا وایان لێ دێت لێک جوێ ناکرێنەوە . چونکە ئەو کاتە نە سەنگەرو بەرەی جودا دەمێنێت ، نە جیهادو ئەحکامیشی . ئیتر کە کافرو دووروو موسوڵمان وەک یەکیان لێ هات و هەرموو هـــەر لاف و گەزافی ئەوەیان لێ دا کە رێز لە ئیسلام دەگرن ؛ گلەیی و گازاندە لە کـــێ بکرێت و بە کێ بووترێت : بۆچی ریزەکانمان پڕ بووە لە جاســـوس وپیـــاو خراپ ؟ (وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ) ***المنافقون/4***

* * *

## له جۆره قهدهغه كراوهكانى دۆستايهتى كافران

1_ خۆشويستنى كوفرو كافران و به مهزن دانانيان (الابمان /ابن تيمية ل 13 ) .

2_ پشتگيرى و سهرخستنى كوفرو كافران له شهڕو نـــاكۆكى ودهعوايانـــدا دژى ئيسلام و موسوڵمانان . ( تفسير الطبري 228/3 ) .

3_ رازى بوون به ڕێبازى كوفرو كافران و به كافر نهناسين و نهناساندنيان . يان گومان كردن له كافرێتييان . يان بهراست زانينى كوفريـــان . ( مجموعة التوحيد ل 129)

4_ رازى بوون به كردهوهو ههڵوێستيان و خۆ شوبهاندن پێـــيان و لهبـــهر كردنى بهرگى تايبهتى ئهوان . ( مجموعة التوحيد ل 117 ) .

5_ پهڕاوێز كردنى شهريعهتى ئيسلام و به كهم و كورت ناساندن وپهڕاوێـــز كردن و حوكم پێ نهكردن و گۆڕينى ( العلمانية / سفر الحوالي ) .

6_ هێنان و چهسپاندنى بهرنامهو ياساو رێساى كوفرو كافران و شوێـــن پـــێ ههڵگرتنى ئهوان و راپهڕاندنى پلان و نهخشـــهى ئـــهوان . ( الولاء والبراء / القحطاني ل 239 ) .

7_ پلان دانان و پيلان گێڕان له گهڵ كافران دژى موســـوڵمانان و پـــهيمان بهستن لهگهڵياندا و نووسينى راپۆرت و لێكۆڵينهوه بۆيان ، بۆ دژايهتى ئـــههلى ئيسلام وههروهها جاسوسى بۆ كردنيان و بوونـــه خزمـــهتيارى جـــهنگ و سهربازو پۆليس وئاسايش بۆيان. ( الايمان / محمد نعيم ياسين ل147 )

8_ ههڵاتن له دار الاسلامهوه بۆ دار الكفر لهســـهر بوغزانـــدنى ئيســـلام و موسوڵمانان و سيستمى حوكمييان و چوونه ناو ريزى ئههلى كوفر . ( المحلى / ابن حزم 200/11 )

9_ چوونە ناو ریزی پارت و كۆمەڵەی سكوڵەریستی (عالەمانی ) وەكو كۆمۆنیستی و سۆشیالیستی و لیبراڵی وماسۆنی و بوون بە ئەندام تێیانداو سەرخستنیان بە هەق وناهەق و فەزڵ دانیان بەسەر ئیسلام و گروپی ئیسلامیدا . ( الردة بين الامس واليوم ل 40 )

10_ پرس و راوێژ كردن بە كافران ونزیک كردنەوەو ئیعتیماد كردنە سەریان و متمانە پێ كردنیان و تەعیین كردنیان لە شوێنی دژوارو گرنگ . وەكو ئەمینداریێتی سیاسەت و خەزێنەداری و دارایی و.. هتد . (أحكام اهل الذمة / ابن القيم 242/1 )

* * *

## دەبێت هەڵوێستی موسوڵمان چۆن بێت ؟

1_ دۆستایەتی کافران نەکات : ﴿لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُوْنِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللّهِ الْمَصِيرُ ﴾ ال عمران /28 . واتە : ئەی موسوڵمانینە ، کافرەکان نەکەنە سەرپەرشتیاری خۆتان و دۆستایەتییان مەکەن و نهێنی موسوڵمانانیان مەخەنە بەر دەست چونکە هەر کەسێکتان وا بکات فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت و بەو پاشگەز بوونەوەو کافر بوونەوەیەی خواو پێغەمبەری خوای لێ تەبەڕڕا دەبێت ( تفسير الطبري 227/3 ) هەروەها لە تەفسیری ئایەتی ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ المائدة/51 دەفەرموێ : هەر کەس دۆستایەتی و پشتگیری جولەکەو دیانەکان (مەسیحی ) بکات ؛ ئەوە لە ریزی ئەواندایە چونکە هەر کەس ئەوانی دژ بە موسوڵمانان سەرخست و پاڵپشتی کردن ؛ لە ریزی دین و میللەتی ئەواندا حسێب دەکرێت . ئاشکرایە کە کەسێک پشتگیری کەسێکی تر یان کۆمەڵێکی تر دەکات و هەوڵ بۆ سەرکەوتنیان دەدات ، مانای وایە بە بەرنامەو دین و ئەوەی لەسەرین رازییە . کە ئەوەشی کرد مانای وایە بەرهەڵستی و دوژمنداریێتی ئەو کەسانەش دەکات کە ناحەزو نەیاری ئەو کۆمەڵەن . حوکمی ئەم جۆرە کەسانە لە ئیسلامدا هەمان حوکمی ئەو دوژمنانەی ئیسلامە . (الطبري 277/6) .

2_ کافران و کوفری خۆش نەوێت . چونکە ئەوان :

ا_ دوژمنایەتی موسوڵمانانیان کردۆتە پیشە : ﴿ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ

عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ) المجادلة/ 22 ئیبن كەتیر دەفەرموێ ( *ولو كانوا آباءهم* ) لەسەر ئەبو عوبەیدەی كوڕی الجراح هاتە خوارەوە ، كە لە غەزای بەدردا باوكی خۆی كوشت ( *أو أبناءهم* ) ئەبو بەكری سددیقە كە لە هەمان غەزادا ئەویش عبد الرحمانی كوڕی خۆی كوشت . ( *أو* إخوانهم ) موسعەبی كوڕی عومەیرە كە ئەویش لە هەمان غەزادا عوبەیدەی برای كوشت ( أو عشيرتهم ) عومەری كوڕی خەتتابە ، كە ئەویش هەر لە غەزای بەدردا خزمێكی خۆی كوشت . هەروەها هەر یەک لە حەمزەو عەلی كوڕی ئەبو تالیب و عوبەیدەی كوڕی الحاریتە كە ئەوانیش عوتبەو شەیبەو وەلیدی خزمی خۆیان كوشت .. لە پاداشتی ئەم هەڵوێستەدایە كە خوای گەورە دەرهەقیان فەرمووی : ( *رضي الله عنهم ورضوا عنه* ) .

ب_ ئەوان موسوڵمانان دەبوغزێنن و رقیان لە ئیسلامەكەیان دەبێتەوە : (مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ) البقرة /105 ( ***وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ*** ) ***البقرة/109*** .

ج_ لە موسوڵمانان رازی نابن مادام دەیانبینن بە ئیسلامەكەیانەوە پابەندن ، و نایانەوێن و هەر پەڕاوێزیان دەكەن : ( وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ ) ***البقرة/120*** .

د ــ خۆزگەی ئەوە دەخوازن وبەردەوام هەوڵیش دەدەن ، كە موسوڵمانان لە دینەكــەیان ژێوان ( پەشیمان ) بكەنەوە ، تا واز لە ئیسلام بهێنن : ( يَا أَيُّهَــا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَــانِكُمْ كَــافِرِينَ ) *آل عمران/100* هەروەها (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ ) آل عمران/149 .

3ــ كافرو مورتەدد نەكاتە راوێژكارو پلەو پایەی كاریگەریان پێ نەسپێررێت چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموێ : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّــن دُونِكُمْ لاَ يَأْلُونَكُمْ خَبَالاً وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاء مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الآيَاتِ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ) آل عمران/118 ئیمامی قورتوبی رحمه الله دەفەرموێ : البطانة چاوگە و مانای تاک و کۆ دەگەیێــت . بــە مانــای راوێژكارو رازگرو سرپۆشە . خوای گەورەش كە بەرهەڵستی موســوڵمانانی كردووە لەوەی كافرو جولەكەو ئەهلی هەواو هەوەس بكەنە پیــاو مــاقوڵ وراوێژكاری خۆیان و نابێت پرس ورایان پێ بكەن و نهێنی وسامانیان بخەنــە بەر دەست . ( *لا یألونكم خبالا* ) واتە : هیچ جۆرە رەنج و هەوڵ و ووزەیەک نامێنێت بۆ فەسادو فتنەو شێواندنی كاروبارتان نەیخەنە كار . واتە گەرچی لــە رواڵەتدا شەڕتان لەگەڵ ناكەن بەلاَم مەكرو فێڵ و خراپە نامێنێت بــۆ لاواز كردنتان نەیگرنە بەر . ( *ودوا ما عنــتم* ) : ئەو شتەیان دەوێت كە ناڕەحــەتی موسوڵمانانی تێدایە . ( تفسیر الطبري 178/4 ) .

گەر بزانین كە ئەبوبەكری سددیق ــ خوا لێی رازی بێت ــ هیچ یەكێكی لەو كەسانە تەعیین نەكردەوە كە زووتر پاشگەز ( مورتەدد ) بووبوونەوە . چونكە دەیفەرموو : جێی متمانە نەماون ( الفتاوی الكبری / ابن تيمية 607/4 ) . دەبێت لەم زەمانەدا چی بكەین كە زۆرینەی حاكم وكاربەدەستانی و لاَتانمــان

مورتەدد بوونەتەوەو ئەوان ناهێڵن موسوڵمانی ساغ و دیندار لە هیچ جێـــیەک تەعیین ببێت ؟!

4_ نەچێتە ریزی کفرو مورتەددانەوە . جا حکومەت بن یان حزب و کۆمەڵ ئیبن تەیمیە _ رحمە الله _ دەربارەی تەتەرو مەغۆلەکان دەفـــەرموێ : هـــەر کەسێک لە لەشکری ئیسلامەوە بچێتە ریزی ئەوانەوەو ئیلتیحاقیـــان پێـــوە بکات ؛ حوکمی ئەمیش هەر وەکو حوکمی ئەوانی لێ دێت . چونکە ئەگەر سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتە (ئەسحابەو تابعین ) زەکات نـــەدەرەکانی زەمـــانی سیدنا ئەبوبەکری سددیقیان بە کافرو پاشگەز بووەوە دانابێت کە نوێژیشیان دەکردو رۆژوەکەشیان دەگرت و دژی کۆمەڵگەی ئیســـلامیش نەجـــەنگا بوون! دەبێت حوکمی ئەو کەسانە چەند قورس بێت کە لەگـــەڵ دوژمنـــانی خواو پێغەمبەر دان وچوونەتە ریزی لەشـــکرەکانیانەوەو دژی موســـوڵمانان دەجەنگن ؟ ( الفتاوى الكبرى 332/4 ) . لەویش روونتر : سەیری فەتواکـــەی ئیمامی ئیبنو حەزم بکە _ رحمە الله _ کە دەفەرموێ : ئەگەر کافرێـــک بـــە هۆی هێزو دەسەڵاتەوە دەستی گرت بەسەر دار الاسلامێـــکداو لـــێ گـــەڕا موسوڵمانان دینی خۆیان پیادە کەن و حـــوکمی شـــەرعی خـــواش بەســـەر کۆمەڵگەکەیاندا بچەسپێنن ؛ بەڵام لەم گەڕێن بە حاکمێتی بمێنێـــتەوەو هـــەر لەسەر کوفری خۆشی بێت . هەر کەس بە حوکمەکەی رازی بێت ، کـــافر دەبێت . هەر کەسێکیش یارمەتی بدات ، کافر دەبێت . هـــەر کەسێـــکیش حوکمەکەی بۆ پایەدار کات و بۆی بپارێزێت ( سەربازو پۆلیس وئاسایشـــی ئەم زەمانە ) حوکمەکەی وەکو ئەوەو کافر دەبێت ! با هەر لاف و گـــەزافی موسوڵمانێتیش لێ بدات . ( المحلى 199/11-200 ) . ئینجا بـــەراوردی ئـــەو فەتوایەو حاڵی موسوڵمانان بکە بە گشتی و موسوڵمانانی عێراق بە تایبەتی ! کە

دەبینی هەندێکیان بۆ کورسیەکی شکاوو پارەیەکی سوحت[5] بوونەتە کــەوا سووری پێش لەشکری ئەمریکا و هەندێکی تریشیان بوونەتە راوێژکاری !

5_ بەرهەڵستی دیدو بۆچوون و بیروبــاوەڕی پــووچ و پــلان ونەخشــە گڵاوەکانیان ودوور کەوتنەوە و حەزەر دان لێیان وخۆ ئامادە کردن وجیهاد دژی هەموو پۆلەکانیان . لەوانە :

ا_ کافری ئەسڵی : ئەگەر کافری ئەسڵی هێرشی هێنایە سەر ناوچەیەکی ئیسلامی ؛ جیهاد وەکو نوێژو رۆژوو لەسەر یەک یەکی موسوڵمانان فــەرز دەبێت . تا ئێستا پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە شەرعیە هیچ زانایــەکی کــۆن و نوێ فەتوای نەداوە . ئیبن تەیمییە _ رحمه الله _ دەفەرموێ : ئەو دوژمنــەی هێرش دێنێتە سەر ئەهلی ئیسلام و وڵات و دین و دنیایان دەشێوێنێت هیچ شتێک دوای شایەتمان هێنان ، وەکو جیهاد کردن دژی ئەوانە فەرز نابێــت . (الفتاوى الكبرى /الاختيارات العلمية 607/4) . ئەمــەش مانــای وایــە : ئەگــەر کەسێک دوای نوێژی بەیانی موسوڵمان بوو ، پێش ئەوەی ئیســلامەتی فێــر کرێت و نوێژی نیوەڕۆی بکات ؛ پێی دەوترێت وەرە بۆ جیهاد و بەرەنگار بوونەوەی ئەو کافرە هێرش هێنەرانە !! چونکە لە زاڵ بوونی دوژمنە کــافرە هێرش هێنەرەکاندا دین و ئوممەتەکە _ بە کابرای نــەو موسوڵمانیشــەوە _ دەفەوتێت .

ب_ ئەو حاکم و کاربەدەستە مورتەددانەی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو هێشتا هەر حوکمی وڵاتی موسوڵمانان دەکەن جیهادی ئەمانە لە جیهــادی کافری ئەسڵی لە پێشترە ئەمانە گەر موسوڵمان بوونایەو حوکمی ئیسلامیان

---

[5] ئەگەر کابرایەک بە نەزانی سەرپێچی لە خواردنی حەرامێـک کـرد ، پێـی دەوترێـت حەرام ، بەڵام ئەگەر زانی حەرامەو هەر دەیخوارد ، ئەمە سوحتە .

راپەڕاندایە ؛ بەڵام ئوممەت هەڵی نەبژاردنایە ، بۆمان هەبوو گوێ رایـەڵییان نەکەین و هەوڵی لابردنیشیان بدەین ! چ جای ئەوەی کە ئەمانە هەم خۆیـان بەسەر ئوممەتەکەدا سەپاندووە و هەم مورتەددو هـەم شـەڕانی و دوژمـنی ئیسلامیشن ؟!! چونکە هەموو هەر بە پشـتیوانی دوژمنـانی ئیسـلام و بـۆ راپەڕاندنی نەخشەو پلانی ئەوانیش هاتوونەتە سەر حوکم و کۆشکی کۆماری وپاشایەتیان پێشکەش کراوە ! بڕوانە هەموو وولاتە دیموکراسیەکانی دونیـا ، بزانە دەهێڵن کەسێک یان تاقمێک یان حیزبێک بێ هەڵبـژاردن بێـتە سـەر حوکم ؟ کە بە هەڵبژاردنیش چوونە سەر حوکم بزانە دەهێڵن لـە مـاوەی یاسایی خۆیان زیاتر بمێننەوە ؟! بزانە هەر دەهێڵن لە هەڵوێستێکیدا پێچەوانەی یاسای وولات بجوڵێتەوە . چ جـای ئەوەی لێی گەڕێن دەستورو گەل (واتە شەرع و ئوممەت ) بخاتە ژێر پۆستاڵەوە ؟ تەنها لە وولاتانی ئێـمەدایە _ بـە پشتیوانی دەسەڵاتدارانی رۆژ ئاوا خۆیان _ دیکتاتۆرێکی تاکڕەو ، یان هـۆزو خێزانێکی دیکتاتۆری یان حیزبێکی دیکتاتۆری خوێنڕێژ بێتە سەر حـوکم و بشمێنێتەوە ! چونکە ئەم تاغووتانەی وولاتانی ئێمە ، هەر رۆژئاوا دەیانهێنن و ئەوانیش دەیانپارێزن . تا هەر کاتێک رۆڵیان تەواو بوو لاقیان بگرن و وەک لاکە تۆپیو فڕێیان دەن !

جیهاد دژی ئەمانە ، دژی دەستەو دایەرەو دووڕووە کاسە لێسەکانیشیانە ( إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَـاهَرُوا عَلَـى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ) الممتحنة /9 .

6_ موسوڵمانان سەرخات و لایەنگریان بێت و پشـتیان چـۆڵ نـەکات . هاوکاریان بکات و یارمەتییان بدات . تا هەست بە برایـەتی و یـەکڕیزی و یەکلاشەیی یەکتری بکەن . خوای گەورە دەفەرموێ : (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ

وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ . وَالَّذينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ . وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُولَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ . وَالَّذِينَ آمَنُواْ مِن بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَـئِكَ مِنكُمْ وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ الانفال/72-75 ئیبن کەتیر دەفەرموێ : خوای پەروەردگار موسوڵمانانی کردووە بە سێ پۆلەوە : پۆلی کۆچکەرەکان (موهاجرون) کە ماڵ و منداڵ و سامان و شاری خۆیان لەبەر خاتری ئیسلام بەجێ هێشت و هیجرەتیان کرد بۆ مەدینەو تا دینەکەی خوا پیادە کەن و سەری خەن . سەرو سامانیشیان لە پێناویدا دانا . . ئینجا پۆلی پشتیوانان (ئەنسار ) کە بریتی بوون لە موسوڵمانانی مەدینە . ئەمانیش داڵدەی کۆچکەرەکانی مەککەیان داو بۆیان بوونە پەناگەو باوەشی سۆزو برایەتی و لە نێو ماڵ ومنداڵی خۆیاندا پێشوازیان لێ کردن وکردیاننە هاوبەشی ماڵ و حاڵ . پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دووکەس دووکەس ئەم دوو پۆلەی دەکردە براو هاوبەشی ماڵ و حاڵی یەک . پۆلی سێیەمیش : ئەو موسوڵمانانە بوون کە لە جێ و رێی خۆیان مابوونەوەو هیجرەتیان نەکرد بوو . ئەمانە هیچ پشک ( بەش )ێکیان لە دەسکەوتەکانی شەڕدا نەبوو بەڵام مافی پاراستنیان بەسەر موسوڵمانانەوە هەبوو . بۆیە دەفەرموێ : ( *وإن استنصروكم في الدين فعليكم النصر الا على قوم بينكم وبينهم ميثاق* ) واتە : ئەگەر هانایان بۆ هێنان کە بڕۆن بە دەنگیانەوەو ئەو چەوسانەوەیان لەسەر هەڵگرن ، کە دوژمنان لەبەر دینەکەیان خستوێتیە سەریان ؛ بچن بە هانایانەوەو سەریان خەن . لایەنگریان بن . ئەگەر داوای

ئەوەیان لێ کردن کە دژی کۆمەڵێک بوەستنەوە کە هاوپەیمانتان بوون ؛ ئەوە مەکەن . با پەیمانەکەتان نەشکێت . پاراستنی پەیمانەکە گرنگترە پێوەی پابەند بن وەک لە سەرخستنەکەی ئەوان . ( تفسیر القران العظیم 329/2 ) .

***

# تەفسیری سورەتی

# الصَّفِّ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (1) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ (2) كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ (3) إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ (4) وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (5) وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ (6) وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (7) يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (8) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (9) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (10) تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (11) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (12) وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (13) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ (14) .

## پێناسەی سورەتەکە

ئەم سورەتە هەر لە سەردەمی یاوەراندا پێی ووتراوە سـوورەتی الصـف ، بۆیە ئیمامی بوخاری هەروەها ئیمامی ترمزیش رحمـەتی خوایـان لـێ بێـت کردویانە بە ناونیشان و پێناسەی سوورەتەکە ئەلف و لامی ناوەکـەی پێـی دەوترێت ئەلف و لامی عەهد ، الصف : ریزە ، کە بریتییە لە رێکخسـتن و رێک دانانی هەرچی شتێک کە لێک دەچن ، لەو ئایەتەوە هاتووە کە خـوای گەورە هەر لەم سورەتەدا لە ئایەتی چوارەمیدا دەفەرموێ : ( إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا ) واتە : خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە لە پێـناوی ئەودا یەکریز کوشتار دەکەن . سیووتی دەفەرموێ پێشی دەڵێـن سـوورەتی حەواریین ، و سوورەتی سەییدنا عیسا ، ئەم سـورەتە شەسـت و یەکـەمین سورەتە ، چواردە ئایەتە .. النحاس و موجاهید و عەتاء لە ئیبنو عەبباسەوە ــ خوا لێی رازی بێت ــ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی مەککییە (واتە لە مەککـە هاتۆتە خوارەوە ) بەڵام ماوەردی و زەمەخشەری و فەخری رازی و ئـەوانی تر دەفەرموون هەموو ئایەتەکانی مەدەنین ( واتە لە مەدینە هاتوونەتە خوارەوە ) وام بۆ ساغ بۆتەوە کە ئەمەیان راسـترە ، چـونکە ئـەو هـۆی هاتنـە خوارەوانەی بۆ پێشەکی سوورەتەکە هێنراونەتەوە هـەمووی واللـە اعلـم دەگەڕێنەوە بۆ موسوڵمانان لە مەدینە ، بە تایبەتی کە ریوایەتی جابری کـوڕی زەید دەفەرموێ ئەم سوورەتە لە دوای سوورەتی التغابن هاتۆتە خـوارەوە ، کەوابوو لە ریزی هاتنە خوارەوەدا سوورەتی سەدو هەشتەمە...

ئەم سورەتە ــ لەگەڵ ئەو ئاماژەکردنانەی بۆ ئەم باس و ئەو باسی جـودا دەکات ــ چەند خاڵێکی سەرەکی رۆشن زۆرتر تۆخ دەکاتەوە :

خاڵی یەکەم : ئەوە زیاتر لە مێشکی موسوڵمان دەچەسپێنێت ، لەوە دڵنیا بێت کە دینەکەی ڕێبازو بەرنامەی خوای گەورەیەو بۆ کۆمەڵگـــەی مرۆڤایـــەتی ناردووە ، بەم شێوازە کۆتاییە ناردویێتی ، هەر لەوەیە کە پێشتر بە شێوازی تر دەینارد کە لەگەڵ دیدو بیروهۆش و قەبارەی کۆمەڵگەکانی تری پێشـــووی مرۆڤایەتیدا دەگونجا ، پێشتر ئەزموونی جۆراوجۆری گەلێک لە پێـــغەمبەران و نێراوانی خوای گەورەو پەیامەکانیان و خەڵکانی تـــر رابـــورد ، کـــە هـــەر هەموویان ڕێخۆشکەرو زەمینەسازیی بوون بۆ هاتن و پیادەکردنی ئـــەم دینـــە کۆتاییە . ئەم دینەی کە خوای گەورە وویستی وا بوو بیکاتە مۆری ڕەسمـــی خۆیی و پێغەمبەرایەتی پێ خەتم کات ، کە ئەی مرۆڤایەتی ئەوە بزانن کە ئەمە کۆتا بەرنامەمە بۆتانی دەنێرم و غەیری ئەمەش لە ئێوە قبووڵ ناکەم ، ئێـــوەش بیگرنە بەرو پیادەی کەن ، تا بەختەوەری دنیاو ڕووسووری قیامەت بن ..

لەم نێوانەدا ئاماژەیەک بە پەیامەکەی سەییدنا موسا دەکاتەوە ، ســـەلامی خوای لێ بێت ، تا هەموو لایەک لە چارەنووسی بەنوئیسرائیلییەکان وەبـــیر بهێنێتەوەو وەک ئەوەی پێیان بفەرموێ : بزانن کە بەنو ئیسرائیلییە کافرەکان ئەو هەموو ئازارەی پێغەمبەرەکانی خوایاندا ئەو هەموو بەرهەڵستییەیان کردن وئەو هەموو بەربەست وکەندوکۆسپەیان خستنە ڕێ ، ئاقیبەتییان بوو بەچی؟! کێ سەرکەوت وڕووڕەشی و نەهامەتی دەروونی و زەلیلی جەستەیی بۆ کـــێ مایەوە ؟! پێغەمبەران وئیمانداران سەرکەوتن ودوژمنەکانیان گومڕا بـــوون . بەڵام ئەم سەرکەوتن وسەربەرزییەی ئیماندارانی بەنوئیسرائیل خۆشیان زۆری نەخایاند ! ئەمانیش ووردە ووردە لە دینەکەی خوا لایانـــداو ڕاو بۆچـــوونی خۆیان خستە پێش دینەکەی خوای گەورەو کارزان ! تا سەرەنجام شایانی ئەوە نەمان پەیامی خوایی لەسەر زەمیندا هەڵگرن : ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِـــمَ

تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْـــدِي الْقَوْمَ الْفَاسِــقِينَ ) واتە : كە موسا بە قەومەكەی فەرموو : ئەرێ ئێوە بۆچی كە دەشزانن من نێرراوی خوام و بۆ ئێوەی ناردووم ، هەر ئازارم دەدەن ، ئەوجا كە ئەوان لە رێ لایاندا ، خواش دڵی ئەوانی لەسەر خواوویستی لادا، چونكە خوا رێنمایی خەڵكانی لادەر ناكات . كەوا بوو قەومەكەی سەییدنا موسا هی ئەوە نەمان پەیامی خوایی هەڵگرن ، چونكە هەر لەو كاتەوەی كــە لــە رێ ترازان و لایاندا ، ئەمیندار نەمان ، هەر لەو كاتەوە كە دینەكەیان پشت گوێ خست خۆیان گومڕا كردو هی ئەوە نەمان خەڵكانی تر هیدایەت بدەن .

دیسان هەر لەم نێوانەدا ئاماژەیەكیش بە پەیامی سەییدنا عیسا دەكاتـــەوە ، بەو سیفەتەی كە هەر بەردەوام بوونی ئاڕاستەی پێغەمبەرایەتییەكەی ســـەییدنا موسایەو رێڕەوو پێشەكییەكیشە بۆ پەیامەكەی سەییدنا محمـــد صلى الله علیە وسلم كە كۆتا پەیامی پێغەمبەرێتییە ، ئاڵقەی پەیوەستی نێوان پەیامی پێشـــووی سەییدنا موساو پەیامی دوایی سەییدنا محمدە صلى الله علیە وسلم .. ســـەییدنا عیسا مژدەی هاتنی پێغەمبەرێكی دی دەداتە خەڵكەكەی ، كە ئەگەر تا ئـــەو زەمانە ژیان و دیتتان لاتان نامۆ مەبێت و ئێوە پێش هەموو كەس باوەڕی پـــێ بهێنن و شوێنی كەون : ( وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُــولُ اللَّــهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ) واتە : كە عیسای كوڕی مەریەم بە بەنی ئیسرائیلییەكانی فەرموو : مــن پێـــغەمبەری خوام و بۆ ئێوە نێرراوم ، ئەو تەوراتەی خوا بە راســـت دەزانم كـــە پێـــش پەیامەكەی من بۆی ناردن مژدەی هاتنی پێغەمبەرێكی تری خواشتان پێ دەدەم كە لە دوای من دێت ، ناوی ئەحمەدە . كەوابوو سەییدنا عیسا بۆ ئەوە هات تا ئاڕاستەی پێغەمبەرایەتییەكە لە سەییدنا موسا وەرگرێت و قەومەكەی خۆی

پێ ئاڕاستە کات وئینجا زەمەنەکە بەردەوام کات تا پەیامەکـــەی ســـەییدنا محمدیش صلى الله عليه وسلم دێت .

له زانیاری خوای پەروەردگاردا ئەم هەنگاوانە دیاری کراو بوون ، دەبوو هەر ئاوا هەڵهێنرێنەوە تا هەموو دەگەنە کات و شوێنی پێویســـت ، کـــات و شوێنی چەسپاندنی بڕیارە نەگۆڕەکەی خوای کارجوان ، کـــە بریتییـــە لـــە : وەرگرتن و پیادەکردنی دینەکەی خوا ــ بەو شێوە کۆتاییەی ــ کە لەســـەر دەستی کۆتا پێغەمبەری خوا هاتووە صلى الله عليه وسلم و دەبێت بەو هـــەموو دین و ڕێبازێکی دی کەنار درێت و هەر ئەویش ببێتە ڕێبازی کارو بەرنامەی ژیان : ( هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَـرِهَ الْمُشْرِكُونَ ) واتە : ئەوە هەر خوای گەورەیە کە پێغەمبەرەکەی بە بە ڕێنمایی خۆی و دینی حەقەوە ناردووە تا ــ بە کوێرایی چاوی موشریکان ــ بەســـەر هەموو دین و بەرنامەیەکی تردا زاڵ بێت ..

خاڵی دووەم : خاڵی دووەمیش لەسەر ئەم خاڵی یەکەمە بنیات دەنرێـــت ! ئەگەر ئەمە لە هەستی موسوڵماناندا دابین بوو ، کە قەناعەتی تەواوی ئـــەوەی بۆ دروست بوو کە ئەو بۆیە هیدایەتی خوای بۆ هاتووە تا پەیامە کۆتاییەکەی خوا وەرگرێت و پێوەی پابەند بێت و وەکو ئەمانەتێـــکی خـــوایی ــ کـــە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت هێناویانە ــ بیگەێنێـــت و لـــە ژیـــانی کۆمەڵگەکەیدا پیادەی کات ، کە ئەم مانا بەهێـــزو هەســـتە بـــەرزە وەک عەقیدەیەکی نەگۆڕ لە ناخی چەسپی، ئیدی هەستی بەرپرسی وهیممەتی شـــان دانە بەر لێپرسراوێتییەکەی زیاتر دەبێت و بە نییەتێکی پـــاک و وورەیـــەکی بەرزەوە روو لە جیهادەکە دەکات ، سوور دەبێـــت لەســـەر دەرخســـتن و سەرخستنی ، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە بـــەم دینـــە ، هـــەموو دیـــن

وبەرنامەیەکی دی ــ وەکو خــوای گــەورە مەبەستێــتی ــ وەلا نێــت ، مساوەمەش لەسەر ئەم خاڵە نەگۆڕەی لێی بووە بە عەقیدە ناکات ، دڵەراوکێ و راڕاییشی تووش نایێت ، کە ئەم حەقیقەتە ئاشکرا کات و هــەنگاوی بــۆ هەڵێهێنتەوە یان نا ؟! ئەو کاتە ( بەڵێ تەنها ئەو کاتە ، کە ئەم خاڵەی لە دڵ و دەروونیدا بۆ بۆتە بەڵگەنەوویستی عەقیدەکەی ) پێــی شتێــکی نــاقۆڵاو ناماقووڵییە رێی جیهاد بگرێتەبەرو دواتر لێی بکەوێتە پاشەکشە یان لێی لادات ! یان مساوەمەی لەسەر بکات و چۆک دادات ! وەکو کــە لــە هەندێــک موسوڵمانانی سەردەمی یەکەمی قورئان و زۆرێکی موســوڵمانانی ســەردەمە دواییینەکانی ئێمە دا رووی داوە . هەر لەبەر عاری ئەم هەڵوێستە بەزیووانەیە خوای پەروەردگاری کردگاری مرۆڤ و کارزان لەسەرەتای سورەتەکەدا بە موسوڵمانەکان دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتًــا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ . إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ ) واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هــۆ موســوڵمانینە ! بۆچی شتێک ناکەن کە خۆتان دەیڵێن ؟! ئاخر ئەمــە هەڵوێستێــکە ــ کــە شتێک دەڵێن وخۆتان نایکەن ــ رقی خوا هەڵدەستێنێت ! خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە یەکڕیز لەبەر خاتری ئەوو لە پێــناوی رێــبازو بەرنامەکەی ئەودا کوشتار دەکەن ! یەکڕیز وەکو دیواری خشت و رێک .

<u>خاڵی سێیەم :</u> هەر لە سەرەتای سوورەتەکەوە حەزەر دەداتە ئیمانداران کــە نەکەن وادە بە خیلاف دەرچن ، بەڵکو پێویستە سەرڕاستانە بــە ئــەحکامی دینەکەوە پابەند بن و پیاوانە بیگرن .. کە رۆژی هیممەت و جوامێریش هاتە پێش خۆ نەدزنەوە ! بەڵکو وەکو یاوەرانی عیسا هاوارکەن : ( نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ ) ئێمە پشتیوانانی خواین ! ئینجا ئــەوەش داوا دەکــات کــە دوای بــە دەم

هاتنەوەی ئەم هاوارەوە ، خۆگرانە بەردەوام بمێننەوە ، ئەمــەی دووەمــیش گرنگترە ، چونکە لەوانەیە کە دیمەنێکی مەزڵومێتی ئیســلام و موســوڵمانان ببینیت جوامێریت وات لێ بکات ، هەموو کیانت بخرۆشێت و ببیتە رقێــکی پیرۆزی بەرخۆدان و رابوون و بەرەنگاری ، بەڵام دوای کاڵ بوونەوەی وێنە دراماتیکییەکەوسارد بوونەوەی حەماسەتت ، ئیتر ئیرادەی بەردەوام بوونــت سست ببێت و حەزو شەیتانیش بە بەهانەی هیچ و پووچ بۆت بکەونە حیلــە شەرعی خۆدزینەوە .. زۆرمان هی ئاوا بینی ،

ئینجا لە ناوەڕاستی سورەتەکەدا بانگهێشتیان دەکات بــۆ بــەرەواجترین بازرگانی ، بۆ قازانجترین بازرگانی دنیاو رۆژی دوایی ، بۆ جیهاد کردن ، بــۆ کوشتاری ئەو کافرانەی نە تەسبیحاتی خوا دەکەن ( واتە لە سیستمی هەموو بونەوەر یاخی بوون و پێچەوانەی هەموو زیندەوەرو بێگیان دەبــزن ) ونــە ئامادەشن سەروەری شەریعەتەکەی بکەنە سێبەری ژیانی خۆیان و کۆمەڵگــە موسوڵمانەکە : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِـيمٍ . تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْــرٌ لَّكُــمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ . يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ . وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيــبٌ وَبَشِّــرِ الْمُــؤْمِنِينَ ) واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هــۆ موســوڵمانینە ! جۆری ئەو بازرگانیەتان پێ راگەێنم کە ئەگەر کردتان لە سزاو ئازاری بەژان قوتراتان کات ولاتاندا ؟! باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەکەی بهێنن ولــە پێــناوی خوادا بە سامان و گیانتان جیهاد بکەن ، گەر پەی پێ ببەن ئا ئەوەتان باشترە . بە ئەنجامدانی جیهادەکە لێتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە نێو ئەو بەهەشتانەوە کە روبار بە ژێر باخ و باخاتەکانیدا دەڕوات و کۆشک و تەلاری جــوان و

رازاوەیان تێدایە ، بەهەشتێکی نەبڕاوەیە ئائەوەشە سەرکەوتن و سەرفرازی مەزن .. جگە لەمانەش ، هی تریش هەیە کە خۆتان زۆر شەیدانی ، سەرکەوتنیشی لای خواوەیەو ئازادی نزیکە ، دە ئەم مژدە بدە بە موسوڵمانان ..

ئینجا سورەتەکە بە بانگێشتێکی تر بۆ موسوڵمانان کۆتایی دێت ، تا هەموویان ببنە پشتیوانی خوا ! هەر وەکو کە یاوەرانی دەوری سەییدنا عیسای پێش ئەمان( حەوارییەکان ) بوونە پشتیوانانی خوا ، ئەو حەوارییە ئیمانداره بەڕێزانە هەرچەند بەنوئیسرائیلییە کەللەڕەقەکان زۆریان دوژمنداریێتی کردن ، زۆر بەرهەڵستی سەییدنا عیساو بانگەوازەکەی بوونەوە ، بەڵام ئەمان هەر سوور بوون لەسەر سەرخستنی بانگەوازی خواوویستیی سەییدنا عیسا : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ ) واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! ببنە پشتیوانی خوا ، هەر وەک عیسای کوڕی مەریەم بە یاوەرانی خۆی فەرموو : کێ لەگەڵ من دەبێتە پشتیوانی خوا ؟! ئەوانیش هەموو ووتیان : ئێمە پشتیوانی خواین ، ئینجا ئەوە بوو کۆمەڵێکی بەنوئیسرائییل باوەڕیان هێناو موسوڵمان بوون ، کۆمەڵێکی تریشیان باوەڕیان نەهێناو کافربوون ، ئیدی ئێمەش ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا بوو بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرمان خستن ، تا هاتنە نێو خەڵکی و دەرکەوتن ..

ئەم دوو خاڵە لە سوورەتەکەدا زۆر گەش و رۆشنن ، چونکە تەقریبەن هەموو سورەتەکەیان گرتۆتەوە ، تەنانەت ئەو ئایەتانەش کە سەرزەنشتی کافرو بەرهەڵستکارەکان دەکەن هەر لەبەر ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەیانە لە

ئیسلام و بانگەوازو شوێن کەوتووانی ! دینی هەموو پێغەمبەران هەر ئیسلامە ، بۆیە قورئانی پیرۆز لە باسی هەموویاندا ــ سەلامی خوایان لێ بێت ــ هەر زاراوەی ئیسلام بەکار دەهێنێت . بۆیە کە لەم سورەتەشدا لە نێو جەرگەی باسی هەڵوێستی دوژمندارانەی بەنوئیسرائیلەوە وا دێتە سەر هەمان هەڵوێستی دوژمندارانەی قورەیش کە زۆرجار قورئان خوێن هەست بەوە ناکات کە بەرەی شەڕەکە لە رووی زەمەنەوە گۆڕاوە ! نابینێت دوای هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەوان و مژدەی پێغەمبەرایەتییەکەی سەییدنا محمد صلى الله عليه وسلم ، دێتە سەر باسی قورەیش ودەفەرموێ : ( فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ . وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ . يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ) واتە : هەر کە بەڵگەو نیشانەی رۆشنی بۆ هێنان و هەنجەتی برین ، هاواریان کرد : ئەمە سیحرەو ئاشکرایە !! ئاخر کێ لە کەسە ستەمکارو زاڵمترە کە هەر کاتێک بۆ ئیبسلامەتی بانگ کرێت ، درۆو دەلەسەو بوختان بە ناوی خواوە دروست دەکات ! بەڵام بە تەئکید خۆ خوا رێنمایی ستەمکاران ناکات . ئەوانە دەیانەوێت نووری بێچوونی خوا بە فوو بکوژێننەوە ! بەڵام حەتمەن خوای گەورە ــ بە کوێرایی چاوی کافران ــ تەواوکاری نوورەکەی خۆیەتی ..

موسوڵمان هەر لەم دوو خاڵە سەرەکییە گەشەی ئەم سوورەتەوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ئیسلامەی ئەو گرتوویێتیە بەر ــ کە کۆتا شێوازی کۆتا پەیامی خواییەو هاتۆتە سەر زەمین ــ عەقیدەیەکی خواوویستییەو بە ئەمانەت بەو سپێرراوە ، دەبێت شیاوانە نەوە بە نەوە بۆکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵگرێت و لە پێناوی پاراستن و پیادەکردنیدا جیهادێکی بەردەوامی نەپساوە

بکات ، ئەمەشیان ( جیهاد کردنەکە بەو شێـــوەیەی کـــە خـــوای گـــەورە دەیەوێت و خۆشی دەوێت ) تەکلیفی خوای گەورەیەو لێی کردووە .. هـــەر موسوڵمانێک کە ئەم سوورەتە دەخوێنێت ، دەبێت لەوە بەرچاو روون بێـــت کە ئەم کۆتا دینەی بۆ ئەم هاتووە ، ئەمانەتی خوای گەورەیەو دەبێت جیهـــاد لە پێناو مانەوەو پایەدار کردنیدا بکات ، دەبێت ئەمەی لا بەڵگەنەوویســـت بێت و منجەمنج و جووینەوەی تێدا نەکات ، نە خۆی هەڵخەڵەتێنێـــت نـــە خەڵکی دەروبەریشی ، دەبێت بەو پەڕی قەناعەتەوە خۆی بخاتە ریزی ئـــەو موجاهیدانەی لەبەر خاتری خوای گەورە یەکریز کوشتار دەکەن !

سوورەتەکە لەگەڵ تۆخ کۆدنەوەی ئەو دوو مەبەســـتەی خۆیـــدا ، لـــە گۆشەو کەنارەکانی ئاڕاستەو ئامۆژگارییەکانی خۆیدا ، رەوشـــت و رەفتـــارە رەسەنەکان وەبیر موسوڵمانان دەهێنێتەوە ، هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات کە نەکا ناوەوەو دەرەوەی خۆی یەک نەبن ! نەکا لە ناخیدا شتێکی بوێت و بە رەفتاری دەرەوەی شتێکی پێچەوانەی ئەو ئەنجامدا ! چونکە ئەمە ناقۆڵایـــە ، ئەمە لە رەوشتی موسوڵمان ناوەشێتەوە ، چۆن دەشێت موسوڵمان لە ناخیـــدا چەپەڵ بێت و لە دەرەوەی جوان ! چۆن دەبێت شتێـــک ئاشـــکرا کـــات و دژەکەی لە ناخیدا پەنهان کات ؟! نا ، ناشێت ، موســـوڵمانی خواوویســـت ئەوەیە کە بۆ خوا ساغ بۆتەوە رەنج و هەوڵی لەبەر خـــاتری خوایـــەو بـــۆ دینەکەی ئەوە ، هەنگاوو هەڵوێستەکانیشی بە پێی شەریعەتەکەی ئەون بۆیە رێک و پێکەو خشتی خشتەو لەگەڵ خوشک وبراکانی تریدا هـــەر شـــیاوی دیواری سفت و رێکی بانگەوازەکەی خوان ..

* * *

## هۆی هاتنە خوارەوەی

ئیمامی ئیبنو کەثیر چەندین ریوایەتی لە تەفسیرەکەیدا هێناوەتەوە کـــە بـــە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتەی داناوە ، کە لە چەندین رێگاوە دێنەوە سەر ئەم دەقە : ریوایەتی ئیمام ئەحمەد لە لە عبداللەی کــوڕی ســەللامەوەو ترمذي لە عبداللەی کوڕی عبدالرحمانی دارمییەوە ، ئــەویش دەیگەێنێــتەوە عبداللەی کوڕی سەلام ، کە فەرموویەتی : ( تذاكَرْنَا أيُّكُمْ يَأتي رَسولَ الله صلَّى الله عليهِ وسَلَّمَ فَيَسْأَلَهُ أيُّ الأعمالِ أحَبُّ إلى الله ؟ فَلَمْ يَقُمْ أحَدٌ مِنَّا . فأرْسَلَ رسُــولُ الله صلى الله عليه وسلم إلينا رَجُلاً رَجُلاً فَجَمَعَنا فَقَرَأَ علَينا هذِهِ السُّورةَ يَعني سُورَةَ الصَّــفِّ كُلِّهَا ) چەند کەسێک بووین دانیشتبووین ، هەر وا قسەمان دەکرد ، ووتمان : ئەرێ کێمان بچینە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و لێی بپرسین داخۆ چ کردەوەیەک لە هەموان لای خــوای گــەورە خۆشەویســتیرە ؟ کــەسمان هەڵنەستاین ، کەچی هەر لەو کاتەدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نــاردی بــە شوێن یەک یەکماندا ، کە چووینە خزمەتی و لای کۆبووینەوە ئەم سورەتەی (الصف) ی بە تەواوی بەسەرماندا خوێندەوە .

بەڵام هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە ــ وەکو موفەســـیرین ریوایـــەت دەکەن و ئیمامی تەبەریش ئیعتیمادی کردۆتە سەر ــ ئەوەیە کە هەندێک لە یاوەرانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە هێشتا جیهادیان لەسەر فەرز نەبووبوو خۆزگەیان بۆ خواستبوو ، کەچی کە فەرز کرا هەندێکیان کەمتەرخــەمییان تێدا نواند ، بۆیە خوای گەورە ئاوا بە سەختی سەرزەنشتی کردن .

عەلی کوڕی تەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە کە فــەرمووی : چــەند کەسانێک پێش ئەوەی جیهاد لەسەر موسوڵمانان فەرز ببێت ، هەر دەیانووت : خۆزگە خوای گەورە ئەو کارەی بۆ روون بکردینایەتەوە کە پێی خۆشـــە

ئەنجامی بدەین ، تا بیکەین و خۆشەویستی خوا مسۆگەر کەین ، تـــا دواتـــر خوای گەورە پێغەمبەرە ئازیزەکەی خۆی صلی الله علیه وسلم لـــێ ئاگـــادار کردەوە کە ئەوەی خوا پێی خۆشە بیکەن : باوەڕ هێنانتانە ــ بێ گومـــان و دوودڵیی ــ بە خوای گەورە ، ئینجـــا جیهـــاد کردنتانـــە دژی یاخییـــان و سەرپێچانی فەرمانی خوای گەورە ، ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێـــناو بڕیـــاری خوای گەورەیان وەرنەگرت . بەڵام کە جیهادەکە فـــەرز بـــوو هەندێـــک موسوڵمان پێیان ناخۆش بوو، بەلایانەوە قورس بوو ! بۆیە خـــوای گـــەورە فەرمووی : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ . كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ ) ..

ئیمامی ئیبنو کەتیریش لە تەفسیرەکەیدا وای ریوایـــەت کـــردووە کـــە : جمهوری ئەهلی تەفسیر رایان لەسەر ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە دەربـــارەی ئـــەو ئەسحابانە هاتە خوارەوە کە تەمەنناى جیهاد کردنییان خواست ، کەچی کە فەرز کرا ، هەندێکیان خۆیان لێ دزییەوە ، ئەمەش وەکو ئەو ئایەتانەی تـــرە کە دەفەرموێ : ( أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلا أَخَّرْتَنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدَّنْيَا قَلِيلٌ وَالآخِرَةُ خَيْـــرٌ لِّمَنِ اتَّقَى وَلاَ تُظْلَمُونَ فَتِيلاً . أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ) النساء/77-78 واتە : مەگەر حاڵی ئەوانەت نەدی کە پێیان دەوترا دەست لـــە جیهاد بگرنەوەوهەقتان نەبێت و مەیکەن ( بەڵام هەندێکیان هەر داوای فەرز بوونیان دەکرد ! ) نوێژی خۆتان بکەن و زەکاتەکەتان بدەن ، کەچی کـــە کوشتاریان لەسەر فەرز کرا ، کۆمەڵێکیان ئەوەندە لەو خەڵکە تۆقییون زیاتر لەوەی کە لە خوا دەترسێن ! بۆیە دەیانووت : خوای گیـــان بۆچـــی ئـــەم

کوشتارەت لەسەرمان فەرز کرد ؟! نەدەبوو بتخستایەیتە کاتێکی تر ؟! بڵێ : شمەکی لەزەتی دنیا شتێکی کەمە ، خێرو خۆشی خەڵکی دیندارو خواوویست وا لە رۆژی دواییدا ، بێ خەم بن خۆ لەوی هیچ جــۆرە ستەمێــکتان لــێ ناکرێت ، ئێوە لە هەر کوێیەک بن مردن هەر دەتانگاتێ ! با لە قەڵاو قوللەی مەحکەمیشدا بن ..

یان کە خوای گەورە دەربارەی هەندێکی تر ، یان هەر ئەوانە فەرمووی : ( فَإِذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ ) سورةتی محمد/20 واتە : کە سورەتێکی حوکم دێتە خوارەوەو باسی کوشتاری تێدایە ، دڵ نەخۆشەکان دەبینیــت وا ســەیرت دەکەن و چاوت تێ دەبڕن دەڵێی ئەوانەن کە مەرگ شاباڵی خۆی بەسەریاندا دەکێشێت و هاکا گیانیان دەرچوو !!

هەندێک لە ئەهلی تەفسیر وەکو قەتادەو زەحەاک دەفەرموون ئەم ئایەتانە لەسەر کەسانێکی تر هاتنە خوارەوە کە خۆیان هەڵ دەکێشــاو لــە کــۆڕو کۆمەڵدا دەیانووت : ئاوامان بەرگری کردو ، ئاوا شمشێــرمان وەشــاندو ، ئاوامان کردو .. ئیدی خوای گەورەش پێی فەرموون کــە ئــەوەی نــەتان کردووە بۆچی بۆ خۆتانی دەکەنەماڵ ؟! کارێکی چاکە کــە نــەتانکردووە بۆچی دەڵێن کردوومانە ؟!

زەمەخشەری لە الثعلبي یەوە ، ئەم ریوایەتە دەکاتە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان : یەکێک لە کافرەکانی قورەیش لە غەزای بەدردا زۆری زیان لــە موسوڵمانان دا ، سوهەیبی رۆمی خۆی گەیاندێ و کوشتی ، کــە کوشــتار تەواو بوو ، باس و خواسی دەگێڕرایەوە ، کابرایەک بۆ خۆ هەڵکێشــان لای پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ووتی وام کردو وام کردو فــلان کەســم ئــاوا

کوشت ! پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە کوشتنی کابرا زۆر دڵخۆش بوو ، عەمری کوڕی عبدالرحمن کە دەیزانی ئەو فلان کەسە سوهەیب کوشتبووی نەک ئەم ، بە سوهەیبی فەرموو : بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بڵێ کە تۆ کوشتووتە ، سوهەیب فەرمووی : لێ گەڕێ ، لەبەر خاتری خواو پێغەمبەری خوا کوژراوە ، عەمر خۆی نەگرت و بە پێغەمبەری فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەو کابرایە سوهەیب کوشتی ، ئەوجا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رووی کردە سوهەیبی رۆمی ( کە کونیەکەی ئەبو یەحیا بوو ) فەرمووی : (کذلكَ یا ابا یحیی ؟) فەرمووی : بەڵێ . ئەوکاتە ئەو ئایەتانە هاتنە خوارەوە .

بە هەر حاڵ ئەم ئایەتە پیرۆزانە گەر هەر هۆکارێکیان هەبێت بۆ هاتنە خوارەوە ، خۆ مەنعی ئەوە ناکەن کە ئایەتەکان خۆیان هی ئاڕاستەو ئامۆژگاری و پەروەردەن ، گەر هۆی هاتنە خوارەوەکانیشیانمان نەزانی دەرس و ئامۆژگەرییەکان هەر لە خودی ووشەی ئایەتەکان و ماناکانیانەوە وەردەگیرێت نەک لە هۆکاری هاتنە خوارەوەکانیان ، هەرچەندە ئەگەر هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەت زانراو سەنەدەکەی راست بوو ، حەتمەن ــ وەکو زانایانی ئوسوڵ دەفەرموون ــ هۆی هاتنە خوارەوەکە بەشێک دەبێت لە تەفسیری ئایەتەکە . هەرچەندە ئەوەی کە ئیمامی تەبەری و ئیبنو کەتیر هێنایانەوە بەڵگەی بەهێزتریان لەسەرەو هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە هەر ئەوەیە کە ئەو ئەسحابە بەڕێزانەی تەمەننایان دەکرد خوای گەورە کارێکیان پێ بسپێرێت کە خۆی خۆشی دەوێت ، تا ئەمانیش ئەنجامی بدەن ، بەڵام دوایی کە کوشتارەکەی لەسەر فەرز کردن ، هەندێکیان لە خۆزگەکەی خۆیان کشانەوەو ترسان ، سیاقی ئایەتەکان و تەوەری باسەکەنیان و ئایەتی دوای ئەوانیش هەر لەسەر سەرراستی و پابەندی و جیهاد

کردنەکەن .. کە نابێت کەسێک دەم هەراشانە خەڵکی بۆ کوشتارو جیهاد بخرۆشێنێت و خۆشی نەیکات !! ئەمە ــ هەرچەندە لە تەبیعەتی هەندێک دەروونە ــ بەڵام هەر مایەی سەرزەنشتی خوای گەورەیە ! چونکە کەسێک خۆی هیچی لەباردا نییە ، بۆچی دەمدرێژی لە مەسەلەیەکی وا گەورەو دژواردا دەکات و کەسانێکی بەرپرس و ئەمیریش فریوو دەدات ؟! بۆچی خۆ با دەدەن و دەڵێن ( ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ) البقرة/246 کەچی کە رۆژی کاری جیددیش هاتە پێش دزەی لێ دەکەن ؟! مەگەر ئەمە جێی سەرزەنشت و سزا نییە ؟! بەدی ، بە تەئکید مایەی سزایە بۆیە خوای گەورە ئاوا بە لەفزی (كَبُرَ مَقْتًا ) باسی فەرمووە کە لە هەموو قورئاندا چوار جار هاتووە ؟! ئاخر هەڵوێستێک کە ئاوا رقی خوای رەحمان و رەحیم هەستێنێت ! دەبێت چەند ناقۆلاو دزێوو قێزەوون بێت ؟! ئاخر چۆن موسوڵمانی خواناس دەوێرێت خۆی بکاتە خاوەن هەڵوێستی وا چ جای ئەوەی بە سەربەستی خۆی بیگرێتەبەر ؟!

* * *

## دەرسی یەكەم

## ئایەتەكانی 1 ـ 4

(سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ . يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ . كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ . إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ . )

## ماناى گشتى ئایەتەكان

(1) هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە تەسبیحاتی خوای گەورە دەكەن ، بە گەورەو مەزنی دادەنێن بڕیاری بێ خەوشی بۆ دەدەن ، بەڕێزەوە سوپاس و ستایشی دەكەن و بە تاک و پاکی دەزانن ، چونكە خوای گەورە عەزیزە : بەرزو مەزنەو كەس حەددی ئەوەی نییە بۆ بەربرەكانێی بیگاتێ ، خوای گەورە حەكیمە : هەموو كارو فەرمانێكی قەدەری و شەرعی خۆی لە كات و شوێنی شیاوی خۆیدا دەكات . هەر وەكو لە شوێنی تریشدا دەربارەی ئەم تەسبیحات كردنەی مەخلووقاتی ئاسمانەكان و زەوی دەفەرموێ : (تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَـكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ) الاسراء/44 واتە : هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدان تەسبیحاتی خوای گەورە دەكەن ، هیچ شتێک لە بونەوەردا نییە ئیللا تەسبیحاتی خوا دەكات ، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتەكانیان حاڵی نابن ، خوای گەورە بەئارام ولێبوردەیە ..

(2) ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! بۆچی ئەو كارانە ناكەن كە خۆتان دەیڵێن ؟!

(3) ئاخر ئەمە هەڵوێستێکە ــ کە شتێک دەڵێن وخۆتان نایکەن ــ رقی خــوا هەڵدەستێنێت!

(4) خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە یەکڕیز لەبەر خاتری ئەوو لە پێناوی رێبازو بەرنامەکەی ئەودا کوشتار دەکەن ! یەکڕیز وەکو دیــواری خشت و رێک .

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی یەکەم** : ( سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُــوَ الْعَزِيــزُ الْحَكِــيمُ ) شەش سوورەتی قورئان بە تەسبیحاتی خوای گەورە دەست پــێ دەکــات ، ئەوانیش : الإسرء ، الحدید ، الحشر ، الصف ، الجمعة ، التغابن ، اللأعلــی . کە وورد سەرنجیان دەدەیتێ دەبینی بە ریزی بەکار هاتوون ! نەک یەک لــە دوای یەک ، نا چونکە سوورەتی تریان وا لە نێواندا ، بەڵام لە رووی زانستی سەرفەوە ( مۆرفۆلۆژی ) بە ریزی داتاشینی زمانەوانی عەرەبی ، کە بریتییە لە هاتنی چاووگ ، ئینجا کرداری رابوردوو ، ئینجا کرداری رانەبوردوو ، ئینجا کرداری فەرمان ! ئەمەش ئەسڵی بەکارهێنانی ووشەی عەرەبییە کە تــۆ لــە زمانی عەرەبیدا باس لە وزوشەیەک دەکەیت ، دەبێت یەکەمجار چاووگەکەی بهێنێت ، ئینجا بزلنیت کرداری رابوردووەکەی چۆن لێ وەرگیراوە ، ئینجــا داتاشینەکانی تری . بۆ نموونە دەڵێیت : ( قَولٌ : سەرچاوەی قَالَ ) ە . ئــەم ووشەیەی تەسبیحاتیش ئاوا لە قورئانەکەدا هاتووە : لە سوورەتی ئیســرائدا چاووگە : ( سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَــيْلاً ) ئینجا لە سوورەتی حەدیدو حەشرو سەففدا کرداری رابوردووە : ( سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ) ولە سوورەتی جوموعەو تەغابوندا کرداری رانەبوردووە : ( يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ) و لە سورەتی ئەلئەعلادا کرداری فەرمانە : ( سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ) !

ئەم ریزبەندییە جوانــەش بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی کــە ریزبەنــدی سوورەتەکانیش هەر وەک هەموو قورئانەکــە هــەر لــە لایــەن خــوای پەروەردگارەوەیە .

ووشەی سَـــبَّحَ یەعنی پاکی و بێ خەوشی بۆ .. یەعنی بە مەزن و تەواوێـــتی مەتح کردن ، کوردەواری جوان ئەم مانایەی پاراستووە کـــە بـــە هـــەموو زیکرەکانی خوای گەورە ـــ بە تایبەتی دوای نوێژە فەرزەکان ـــ ی ووتووە : تەسبیحات ، چونکە لەو زیکرانەدا سُبحانَ اللهِ الحَمدُ للهِ ولا الهَ الا اللهُ و اللهُ اکبریان تێدایە ، کە هەموویان هەر مەتحی خوای گەورەن ..

ئەم سەرەتایە زۆر گرنگە لە جێگیر کردنی ئەو دیدو تێڕوانینەی لە پێناســـەی سوورەتەکەدا باسمان کرد ، کە بریتییە لە قەناعەت کردنی موسوڵمان بەوەی کە ئەمەی ئەو گرتوێتییە بەرو بە بەرنامەی خۆی قبووڵی کـــردووە ، دیـــنی خوایە ، کۆتا پەیامی ئەوە ، ئەم تەکلیف کراوە پێوەی پابەند بێت و خـــەڵکی بۆ بانگ کات و پیادەی کات ، دیسان تەکلیف کـــراوە کـــە بـــە جیهـــاد بیپارێزێت ، ئەم سەرەتایەش ئەوەی لا جێگیر دەکـــات کـــە هەرچـــی لـــە ئاسمانەکان و زەویدان ، ستایشی خوای گەورە دەکەن ، نەکات ئـــەم لـــەم سوپاس و ستایش و خواناسییە دوا کەوێت ! دەبێت خواناسی و خواپەرستی و راسپاردە هەڵگرتنەکەی(کە بانگەوازەکەی خوایە ) بە قەدەرێکی گەردوونی و تەکلیفێکی شەرعی بزانێت و زۆر بە جیددی شانی بداتە بەر ، تا دینەکـــە بەسەر هەموو بەرنامەو دیدو تێڕوانینێکی تردا زاڵ بێت ، چونکە بزاڤ بـــەم قورئانە وەکو بزوتنەوەکانی تری ناو گەردوونە ، کە هەمووی هەر دەبێت بە پێی ئەو یاساو رێساو سیستەمەی خوا بێت کە بۆی داناون ، دیندارییش ئاوایە . چونکە دینداری ناسینی خوایە ، پەرســـتنی خوایـــە ، پابەنـــد بوونـــە بـــە شەریعەتەکەی و چەسپاندنێتی ، ئەمەش دەبێت لە هەموو کەسێکدا بێتە دی ، تا هەموو خەڵکی لەگەڵ نەغمەی بزوتنەوەی گەردووندا پێ هەڵگرن ، نابێت کەسانێک لاپەڕیدە بژین ونامۆ بجوڵێن وناوازە بچڕن !!

هەندێک لە زانایان رایان وایە کە بوونەوەرو ئەوی کە تێیدایەتی بەوە تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن کە دەبنە بەڵگەو نیشانە لەسەر گەورەیی خوای گەورە نەک بە وێردو زمان بەڵام زۆرینەی زانایانی تر رایان پێچەوانەی ئەوەیەو دەفەرموون : نەخێر لە حەقیقەتدا ئەمانە هەر یەک بەو زمانە تەسبیحات دەکات کە خوای گەورە بۆی دروست کردوون ، ئەم رایەشیان بەهێزترە ، چونکە خوای گەورە لە باسی چیاکان و زیکر کردنیان لەگەڵ سەییدنا داوودا بۆ خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ) الانبياء/79 واتە : چیاو باڵندەکانمان لەگەڵ داوودا ملکەچ دەکرد تا زیکری خوا بکەن ، ئەگەر ئەمە زیکری حەقیقەت و بە زمان نییە ئیتر چ تایبەتمەندێتییەکی بۆ سەییدنا داوود تێدایە ، جا کەوا بێت ئەم چیاو باڵندانە لەگەڵ ئێمەشدا هەر زیکر دەکەرن ، ئاشکرایە کە نابێت ماناکەی ئاوا بێت ، چونکە ئەوە ئیمتیازێکی تایبەتی سەییدنا داوودە .. ئەمە جگە لەوەی کە فەرموودەی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم لە سەحیحی لای ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی موسلیمدا بۆ هاتووە کە فەرموویەتی : ( إِنِّي لَأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ إِنِّي لَأَعْرِفُهُ الْآنَ ) واتە : بەردێک لە مەککە دەناسمەوە کە پێش پێغەمبەرایەتییم سلاوی لێ دەکردم / ئێستاش دەیناسمەوە . یان لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە چێشت لە بەردەستی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم تەسبیحاتی کردووە ..

کۆتایی ئایەتەکەش بە دوو سیفەتی خوای گەورە دەهێنێتەوە کە هەم عەزیزە واتە زاڵ و بێ باک ، ئیمامی شەوکانی لە فتح القدیردا دەفەرموێ یەعنی : بە توانایەکی وا کە نە کەس دەتوانێت ململانێی لەگەڵدا بکات ، نە کەسیش دەتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت ، بێ باکیشە لەوەی ئێوە تەسبیحاتی

دەکەن یان نا .. هەم حەکیمە واتە هەموو شتێک لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا دەکات کەوابوو کە فەرمانی پابەندبوون و ڕێـــز گـــرتنی پێـــغەمبەرو سەرخستنی بانگەوازەکەی و کوشتارەکەی پێ کردوون ، دەزانێـــت چـــۆن وبۆچی وکەی پێتان دەکات .

ئەوی موسوڵمانە ، ئەوی ئەم دینەی قبووڵ کردووە ، دەبێ ئەوە بزانێـــت کە ئەمە پەیمانەو بە خوای خۆی داوە ، ئەمە بەڵێنەو لەگەڵ خوای خـــاوەن دینەکەدا بەستوێتی ، بۆیە ئەوی پێچەوانەی ئەم پەیمان و بەڵێن و بەیعەتـــەی ڕەفتار کات ، نەک هەر عارێکی بەسەر خۆیدا هێناوەو زیانی لێ کەوتووە ! نا ڕقی خوای هەستاندووە !! بۆیە یەکسەر لە ئایەتی دوای ئەودا دەفەرموێ :

* * *

**ئایەتی دووەم** : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) ..

هەڕەشەیەکی توندو سەختە لەو کەسانەی بەڵێن دەدەن ونایبەنە سەر ، هەڕەشەیە لە کەسانێک کە بە قسە شتێک دەڵێن و بە کردەوە شتی تری پێچەوانەی ئەنجام دەدەن ! ئەوانەی کردوەی وایان لێ دەوەشێتەوە کە پێچەوانەی گوفتارو ئامۆژگاریەکانیانە بۆ خەڵکی !! سەیری شێوازی داڕشتنەکە بکە ، بە لامی تەعلیل واتە پرسیت لە هۆ ، دەست پێ دەکات ، هەر وەکو ئەوەی بفەرموێ : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! ئاخر بۆچی ئەوەی خۆتان نایکەن بە خەڵکی دەڵێن بیکەن ؟! بۆچی ، بە چ پاڵنەرێکتان ؟! ئەگەر راستەو باوەڕتان بە حەقیقەتی ئەم فەرمانە خواییانە هەیە ئەدی بۆچی خۆتان نابنە پێشەنگ و خۆتان یەکەم کەس ئەنجامیان نادەن ؟! ئەگەر باوەڕشتان پێیان نییە ! ئەدی بۆچی خۆتان خستۆتە پێش خەڵکی ؟! بۆچی بوونەتە سەردارو پێشەوا ؟! ئەگەر باوەڕیشتان پێیەتی ، بەڵام وادەزانن مانەوەی خۆتان گرنگترە ! چونکە خۆتان بە سەرکردەو پێشەوا دەزانن ، کێ ئەم زانیاریانەی پێداون ، کێ مانەوەی بۆ مسۆگەر کردوون ؟! ئەگەر راستەو سەرکردە نابێت پێشەنگی ئەنجامدانی فەرمان بێت ، ئەدی بۆچی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەکەم کەس خۆی فەرمانەکانی خوای پەروەردگاری ئەنجام دەدا ؟!

ئەمە رەفتارێکی ئەوەندە زەق و ناقۆلاو ناشیرینە ، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لە داعیەکدا ، لە سەرکردەیەکدا ، یەکسەر بە نارەوایی و ناقۆلاییەکەی خۆی لە مێشکی خەڵکیدا دەچەسپێت ، ئیدی قسەزانی و رەوانبێژی و زۆر ئایەت هێنانەوە نایسڕێتەوە ! جارێک لە یەکێک لە بەرەکانی جیهادی کوردستان ، موجاهیدێکی کەلاری بە یەکێک لە مەلاکانی سەرکردایەتی

بزوتنەوەی ئیسلامی ووت : مامۆستا ! توو ئەو خوایە ئەگەر ئەمـــەی ئێـــمە دەیکەین جیهادەو پاداشتەکەی بەهەشتی خوایەو بە راستیش بەهەشت هەیە ! ئێوە بۆ خۆی لێ نادەن ؟! ئەگەر جیهادیش نییە یان بەهەشت نییە بـــا ئـــەم خەڵکەی بۆ نەدەین بە کوشت !

ئەو زانا بەڕێزانەی سەلەف کە فەرموویانە موسوڵمان کـــە بەڵێنێـــکی دا ، دەبێت بیباتە سەر ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە بەڵگە لەگەڵ ئـــەو فەرموودەیـــەی پێغەمبەر ﷺ الله علیه وسلم کە دەفەرموێ : ( اَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فيهِ كـــانَ مُنافِقَـــاً خَالِصاً ، ومَنْ كانَتْ فيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ ، كانتْ فيهِ خَصْلَةٌ مِنْ النِّفَاقِ حَتَّـــى يَـــدَعَهَا ، اذا أُتْمِنَ خَانَ ، واذا حَدَّثَ كَذَبَ ، واذا عَاهَدَ غَدَرَ واذا خَاصَمَ فَجَرَ ) متفق علیه واتە : چوار سیفەت هەن لە هەر کەسێکدا هەبن ، دەیکەنە دووڕوو ( مونافیق )ێکی تەواو ، هەر کەسێکیش یەک ســـیفەتی لەوانـــە تێـــدا بێـــت ، سیفەتێـــکی دووڕوویيەو تێدایەتی ، هەر پێوەی دەبێت تا وازی لـــێ دەهێنێـــت : ئـــەوی راسپاردەی لا دانێن و خیانەتی لێ بکات ، ئەوی قسەی درۆ دەکات ، ئەوی بەڵێنێک بدات و نەیباتە سەرو غەدر لە خاوەن بەڵێنەکەی بەرامبەری بکات ، ئەوی لە ناکۆکی و ئیختیلافدا کەللە رەق دەبێت و دەستدرێژی دەکاتە سەر بەرامبەرەکەی .. یان ئەو فەرموودەی کە لە سەحیحدا هاتووەو دەفـــەرموێ :(آيَةُ المنافِقِ ثَلاثٌ اذا حَدَّثَ كَذَبَ واذا وَعَدَ اَخْلَـــفَ واذا اُئْـــتُمِنَ خَـــانَ ) واتـــە : نیشانەی دووڕوو سێیە : کە قسە دەکات درۆ دەکات ، کە بەڵێـــن دەدات نایباتە سەر ، کە راسپاردەشی لا دادەنێن ناپارێزێت . ئەم دوو فەرموودەیـــە پێنج سیفەتی دووڕوو دەخەنە روو کە پێیان دەوترێت دووڕوویی بچوک یـــان دووڕوویی کردەوە ، کە گوناحی گەورەن بەڵام خاوەنەکانیان لە ئیســـلام و ئوممەتەکەی ناباتە دەرەوە ..

ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداوودو لە عبداللەی کوڕی عامیری کوڕی رەبیعــەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : ( دَعَتْنِي أُمِّي يَومَاً وَرَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلمَ قَاعِدٌ فِي بَيْتِنَا فَقَالَتْ : هَا تَعَالَ أُعطيكَ ، فقالَ رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلمَ : وَمَا أَرَدْتِ أَنْ تُعْطِيَهُ ؟" قَالَتْ : أُعْطِيَهُ تَمْرَاً، فَقَالَ لَهَا رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلَّمَ : أَمَا إِنَّكِ لَو لَـمْ تُعْطِيهِ شَيْئاً كُتِبَتْ عَلَيكِ كِذْبَةً) واتــە : پێــغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەشــریفی هێنابووە لامان و دانیشتبوو ، منیش کە هێشتا گچکە بووم وویستم راکەمــە دەرێ ولەگەڵ منداڵاندا یاری بکەم ، دایکم بانگی کردم فــەرمووی : وەرە عبدالله ها شتێکت بدەمێ ، پێــغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێــی فــەرموو : دەتوویست چی بدەیتێ ؟! دایکم فەرمووی : دەنکە خورمایەکی دەدەمــێ ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : دە باشە ، چــونکە گــەر هیچــت نەدایاتێ ، درۆیەکت لەسەر دەنوسرا [6].

گەورەیی ئیسلام و بانگەوازەکەی لەوەدایە کە ناهێڵێت داعیانی موسوڵمان ، خەڵکی بۆ ئیسلامەکە بانگێشت بکەن و خۆیان پێوەی پابەند نەبن ، خوای گەورە سزای ئەو جۆرە داعیانەی زۆر سەخت کردووە ، لــە فــەرموودەی سەحیحی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا لــە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە ــ خوا لێیان رازی بێت ــ هاتووە کە فەرموویەتی : ( يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَومَ القِيامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ فَتَنْدَلِقُ أَقْتابُ بَطْنِهِ فَيدورُ فِي النَّارِ كَمَـا يَــدُورُ الحِمَارُ بِالرَّحَى فَيَجْتَمِعُ عَلَيهِ أَهْلُ النَّارِ فَيقُولونَ مَالَكَ يا فُلان ؟ أَلَمْ تَكُنْ تَأمُرُ بِــالْمَعْرُوفِ وتَنْهَى عنِ الْمُنكرِ ؟ قالَ : فَيقولُ لَهُمْ : بَلَى وَلَكِنِّي كُنْتُ آمُــرُكُمْ بِــالْمَعْرُوُف ولا آتيــهِ وأَنْهَاكُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وآتِيــهِ ) واتە : رۆژی قیامەت ، کابرایەک پەل کێش دەکەن و فڕێی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە ، وورگ و رێخۆڵەی دێتە دەرێ ، لــە

[6] تەرجومە کوردییەکە هی ریوایەتەکەی ئیمام ئەحمەدیشە .

ناو ئاگرەکەدا بە دەوری خۆیدا ــ لە تاو ژان و ناسۆری ــ خول دەخوات ، وەکو کەری دەستاڕ ( لە کوردیدا گای گێرەیە ) ئینجا خەڵکی دێنە دەوری و دەیناسنەوە ، هاواری دەکەنێ : ئـــەری کـــابرا ئـــەوە چـــیتە ؟! (واتـــە بەسەرسامییەوە لێی دەپرسن ، چونکە لەو باوەڕەدا نەبوون ئەوە شوێنی ئـــەو بێت و چارنووسی بەو رۆژە گەیشتبێت ) لێی دەپرسن : مەگەر تۆ فـــەرمانت بە چاکەو بەرهەڵستیت لە خراپە نەدەکرد ؟! دەڵێ : بەدی ! بەڵام کە مـــن فەرمانی چاکەم بە ئێوە دەکرد خۆم نەمدەکرد ، کە بەرهەڵســـتی خراپەشـــم لێتان دەکرد بۆ خۆم دەمکرد ..

ئەمە لەسەر درۆو پەیمان شکاندن ودینداری فرت و فێڵ و رووکەش ..

* * *

**ئايەتى سێيەم** : ( كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ )

مقت : زۆرترین رق هەستانە ، یان كارگەرترین هۆی توورەبوونە ، عەرەب جۆرێک ژن مارە كردنیان هەبوو پێیان دەووت : نكاح المقت ، كە بریتی بوو لە مارە كردنەوەی باوەرژنی خۆ .. مقت و المقاتە هەر بە هەمان مانان بۆبكەریشیان دەووترێت : مقیت یان ممقوت .. لێرەدا كە بە منصووب هاتووە لەبەر ئەوەیە كە تەمییزە ..

گەورەترین و دژوارترین شتێک كە رقی خوای گەورە هەستێنێت ئەمەیە ! ئەوەیە كە كەسێک پەیمان بە خواو بە پێغەمبەرەكەی و پاش ئەویش بە ئەمیرەكەی بدات كە بێ خەم بە حەتمەن كوشتار دەكەم ! بەڵێن بێت ، لەسەر ئەم جیهادو قیتالە بەیعەتت پێ دەدەم ! كەچی لەو كاتەی بڵێسەی شەڕ كڵپە دەستێنێت ئەم خۆی دەدزێتەوەو كەس نایدۆزێتەوە !! ئاخر ئەگەر سەد كەسی وا بەیعەتی كوشتارو مردن بە ئەمیرێک ببەستن و ئەویش بە دیدو دیراسەو لێكۆڵینەوەی خۆی و ئەو ووزانەی لەبەر دەستیدان هەستی پێ كرد دەتوانێت دە مەفرەزە لە موجاهیدەكانی تەشكیل كات و بیاننێرێتە سەر دوژمن ! بەڵام لە سەعاتی سفردا خۆی لێ بدزنەوە ، لەو كاتەی ئەو پێویستی پێیانە ، خۆ وون كەن ! هەر هەموو كارەكە هەڵ دەوەشێننەوە ! ریسەكە دەكەنەوە بە خوری ! ئیدی ئەو ئەمیرە مارانگاز دەبێت و متمانەی بە جەنگاوەرە دلێرەكانیشی كەم دەبێتەوە !

قورئانی پیرۆز پڕە لە باسی ئەو دەم هەراشە دەروون بەزیوانە ! وەک دەفەرموێ :

* ( وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا ) الاحزاب / 13 كۆمەڵێكیان

بە خەڵکی شاری مەدینەی پێغەمبەریان دەوتت : هۆ خەڵکی یەسریب ( نــاوە کۆنەکەی پێش تەشریف بردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەی ئەمە جـێ و ڕێی ئێوەیە ، کوڕە بگەڕێنەوە ! هەندێکی تریشیان داوای مۆڵەتی گەڕانەوەیان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکرد ، دەیانووت : ماڵەکانمان چۆڵەو لەبـەر ئابڕوو ناموسی خۆمان هەر دەبێت ئیزنمان بدەیت و بگەڕێینەوە ! بـەڵام لـە ڕاستیدا لەبەر ئابڕووی ماڵەکانیان نەبوو ، هەر دەیانوویست هەڵێن !

* ( وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ وَكَـانَ عَهْـدُ اللَّـهِ مَسْـؤُولًا ) الاحزاب/15 بە تەئکید پێشتر پەیمانیان بە خوای گەورە دابـوو کـە پشـت هەڵناکەن ! ئاخر پەیماندان بەرپرسێتی لەسەرە ؟! نازانن کە خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە کە بۆچی شکانتان ؟ !

ئاخر بۆیە ئیمامی ئیبنو قودامەی مەقدیسی لە کتێبی الْمُغْنِي یەکـەی خۆیـدا دەفەرموێ : ئەگەر جەنگاوەرێک بە ئەمیرەکەی ووت : دەرەقـەتی دوژمـن نایەین ! دەبێ ئەمیر یەکسەر ئەو کەسە لە ریزی جەنگاوەرەکانی دەر بهێنێت و لەگەڵ خۆی نەیبات ، چونکە ئەمە مایەی وورە دابەزینە ، نابینیت خـوای گەورە بە گلەیی و گازاندە دەربارەی یاوەرانی طالوت دەفەرموێ : ( قَـالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنودِهِ ) البقرة/249 واتە : ئەمڕۆ هەر بە هـیچ جـۆرو شێوازێک دەرەقەتی جالووت نایەین ! کەچی کە ئەم بەزیوانە لە ریز پەڕین ، دەبوو ریزەکە لاواز ببێت ، کەچی بەهێزتر بوو ، پاڵفتە بوونـەوەی ریـزی جیهادەکە لەمانە بووە مایەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی خـوای گـەورە لـە کۆتاییەکەیدا دەفەرموێ : ( فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء ) البقرة/251 واتە ئیتر بە ئیزنی خوا تێکیان شکاندن و

داوود جالووتی کوشت و خواش دەسەلآت و حیکمەتی خۆی پێ بەخشـــی و ئەوەی خۆی حەزی کرد فێری کرد ..

بەلآم لەبەرامبەر ئەم دەروون بەزیوانەشدا بڕوانە قورئان چۆن هەلۆێســـتی سەرڕاستی دینداری کەلەپیاوانی مێژووی تۆمار کردووە ، هەر لـــە ســـورەتی ئەحزاب سەرنج بدە :

* ( مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِـــنْهُم مَّـــن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ) الاحزاب/23 واته : له موسوڵمانانندا پیاوانی وا هەن کـــە سەرڕاستانە ئەو پەیمانە کە بە خوایان بەستبوو بردیانە سەر ، جا هەیانە بـــەو پەیمانەوە رووی لە مەرگ کردوو هەشیانە هێشتا هەر چاوەڕێیە ، بـــەلآم بـــە هیچ جۆرێک نەگۆڕاون ..

* ( لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِن شَاء أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ) الاحزاب /24 تا خوای گەورە پاداشـــتی راســـتگۆیان لەســـەر راستگۆییەکەیان بداتەوە و ئەشکەنجەو ئازاری دووڕووانیش ــ گـــەر حـــەز بکات ــ بدات یان لەوانیش خۆش ببێت خوا لێبوردەو بەبەزەییە ..

کەوابوو ئەوی بەڵێنی داوەو بردویێتییە سەر شایانی پاداشتی خوای خـــاوەن بەڵێنەو ئەوی بەڵێنی داوەو خۆی لێ دزیوەتەوەو شکاندویێتی شـــایانی ســـزایە ..موسوڵمانی دینداریش دەزانێت کە بۆی نییە پەیمان بە خـــەڵکی بـــدات و بیشکێنێت ، چ جای بە خوای پەروەردگار !! بۆی نییـــە قســـەو رەفتـــاری پێچەوانەی یەک بنوێنێت ، خوای گەورە لە مـــەتحی ســـەییدنا شـــوعەیبدا دەفەرموێ : ( وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ ) هود/88 واته : نامەوێـــت لەو شتەی بەرهەڵستیم لێ کردوون لێی خۆم پێچەوانەتان بکەم وبکەمە ناوی!

ئیمامی نەخەعی ( کە پێشەوایەکی بەڕێزی تابیعینە ) دەیفـــەرموو : ســـێ ئایەت منیان لە خەڵکی گرتۆتەوە کە شتیان بۆ بگێڕمەوە : ( أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ ) البقرة/44 واتە : چما فەرمان بە خەڵکی بە چاکە دەکـــەن و خۆتان بیر دەچێتەوە ؟! ( وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ ) هود/88 واتە : نامەوێت لەو شتەی بەرهەڵستیم لێ کردوون لێی خۆم پێچەوانەتان بکـــەم و بکەمە ناوی ! ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) .

* * *

**ئایەتی چوارەم** : (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ) واتە : خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە یەکڕیز لەبەر خاتری ئەوو لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەکەی ئەودا کوشتار دەکەن ! یەکڕیز وەکو دیواری خشت وریک .

مرصوص : فەڕائی زمانەوانی دەفەرموێ : داڕێژراو بە قوڕقووشم (رصاص) ئەلموبەڕەد دەفەرموێ : نوساندنی بەردی دیوارە بەیەکترییەوە تا وایان لێ دێت وەک یەک پارچە دەنوێنن ، هەندێک زمانەوانی تریش دەڵێن مەبەست لە خشت و ڕێکبوونی ددانە ..

خۆشەویستی یەکێکە لە سیفەتی کرداریی خوای گەورە ، خوای گەورە دوو جۆر سیفاتی هەن ، جۆرێکیان : سیفاتی خۆیین ، کە بە زاتی پیرۆزی خۆیەوەن ، وەکو زانستی و زیندوویی ، یان وەکو دەست و پەنجە ، جۆرەکەی تریان : کردەوەن ، وەکو هاتن ، توڕە بوون ، خۆشوویستن .. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە خوای گەورە ئەم سیفەتانەی هەیە بەڵام نازانین چۆنیەتییەکەیان چۆنە ؟ دەستی هەیە بەڵام نازانین دەستەکە چۆنە ، ناشکرێت بە دەستی مەخلووقی بچوێنین ، ناشکرێت بپرسین : داخۆ لەپی دەستی هەیە یا نا ؟! چونکە هیچ زانیارییەکەمان دەربارەی چۆنیەتی ئەو دەستە نییە .. یان باوەڕمان بەوە هەیە کە خوای گەورە تووڕە دەبێت ، بەڵام نازانین چۆنیەتەکەی چۆنە ، ناشکرێت بە هی خۆمانی بچوێنین چونکە تووڕویی خۆمان حاڵەتێکی دەروونی و جەستەیی مەخلووقە ، کە دیاردەیەک دەبینین لەگەڵ بۆچوونماندا ناگونجێت و دەسەڵاتی گۆڕینیمان نییە ، خوێن لە دەمارەکانماندا کۆدەبێتەوە ، بەڵام خۆ ئێمە نازانین خوا خۆی چۆنە تا سیفەتی تووڕو بوونەکەی بزانین ، بۆیە ئەسڵ ئەوەیە کە بڵێین : بەڵێ باوەڕمان بە

ئایەتەکانی سیفاتی خوا هەیە وەکو خۆیان کە هاتوون ، بەو مەبەستەش کە خوای پەروەردگار فەرمووێ ، یان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هێناوێ ، بێ ئەوەی چۆنیەتییان بۆ دیاری بکەین یان بیانچوێنین بە سیفاتی مەخلووق ، چونکە هەر تێپەڕبوونێک لەم پێناسەو سنووره دەمانخاتە هەڵەی شوبهاندنەوە ، چونکە ئێمە بە پێنج هەستەوەرەکانی دەرێ ( بینین ، بیستن ، بۆن کردن ، تام کردن ، دەست لێدان ) و بە هەستەکانی ناخمان ( خەیاڵ ، وەهم ، هەستی هاوبەش ) دەرک بە شت دەکەین ، خوای گەورەش نە زاتی خۆی و نەسیفەتەکانیشی ناشێت و ناکرێت بەم هەستەوەرانە پەی پێ ببەین ، بۆیە پێویستە سنووری خۆمان بگرین و لێی تێپەڕ نەکەین .. چونکە وەک بە هەستەوەرەکانی دەرێ پەی بە سیفەتی خوا نابەین ، بە ئامێرەکانی ناخیشمان هەر دەرکی پێ ناکەین ، چونکە پێوەری ئەوانیش ئیعتیماد دەکاتەوە سەر هەستەوەرەکانی دەرێ ، بۆ نموونە من مەدریدی پایتەختی ئیسپانیام نەدیووە ، بەڵام دەتوانم خەیاڵی لێ بکەمەوە ، یان بە تەوەهھوم وێنەیەکی لە مێشکمدا بۆ بکێشم ، بەڵام حەتمەن هەر قیاسی دەکەمەوە لەسەر شارێکی تری ئەورپایی تر ، کە بڵێن پەیکەری زۆری لێیە ، قیاسی دەکەمەوە لەسەر ڤیەننای پایتەختی نەمسا ، یان شاری فلۆرەنسەی ئیتالیا کە دیومن پڕن لە پەیکەر ، کە بڵێن روباری ئاو بە ناوەڕاستی شارەکەدا دەڕوات ، قیاسی دەکەم لەسەر ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا یان ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد ، چونکە ئەمانم دیووە. وە هەروەها گەر پێم بڵێن ئەتۆم چییە ؟ ئەو رەسمەیان بۆ دەکێشم کە ئەلیکترۆن بە دەوری ناوکدا خول دەخۆن ! وە هەروەها هەر شتێکی تری نەزانراو حەتمەن دەیچوێنم بە زانراوێک .. بەڵام بۆ سیفاتی خوای گەورە بۆمان نییە شێوازێک دارێژین ، بۆمان نییە چۆنیەتییەکیان بۆ وێنە بکێشین ..

چونکە هەرچی بە مێشکماندا دێت هەر ماددەیەو خـوای گـەورەش لـە دەرەوەی ماددەو ووزەیە .. بەڵام دەشێت شێوە یان وێـنەی مەخلووقێـکی نەزانراو بە زانراوێک قیاس کەین ، نابینیت کە ئێـمەی مـرۆڤ شـەیتانمان هەرچەندە نەدیووە ، بەڵام خوای گەورە نەزانراوێکی دووری وەک : (شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ ) درەختێکە لە قوڵایی بنی دۆزەخەوە دەردەچێت بۆمان دەچوێنێت بە سەری شەیتان ! (طَلْعُهَـا كَأَنَّـهُ رُؤُوسُ الشَّـيَاطِينِ ) الصافات / 65 چونکە هەر یەکەمان شێوەیەکی خەیاڵی شەیتانمان لە بیردا هەیە ، بۆ نموونـە من لام وایە سەری زل و قژ بژو چاوی خوارو رەنگی دێزەو زۆر ناشـیرینە ، بەڵام کابرایەکی ئەوروپایی کە رەسمی دەکێشێت ، دوو قۆچی بۆ دەکـات و کلکێکی درێژو دوو کەڵبەی تیژو درێژی بۆ دەکات. مومکینە بتوانین وێنەی هەموو مەخلوقێکی تر تەسەور بکەین ، بەڵام بە هـیچ شێـوەیەک نـاتوانین تەسەوری سیفەتی کردگار بکەین ، چونکە لە دەرەوەی سنوورەکانی کات و شوێن و ماددەو ووزەن ، هەموو زانیاریەکانی ئێمەش ــ هەر چەندە زۆر زۆر سنوردارن ــ بەڵام هەر وان لە سنورەکانی کات و شوێن و ماددەو ووزەدا !

کەوابوو ئەوەندە با بزانین کە خوای گـەورە خەڵکانێـکی موسـوڵمانی جەنگاوەری یەکڕیزی خۆش دەوێت ، یەعنی لای پەسەندن ، رێـزییان زۆرە لای ، ئاگای لێیانە ، جێ بایەخنی ، سەرپەرشتییان دەکات ! ئەمانەی بەڕێزیان خۆشی دەوێن جەنگاوەرن ، یەکڕیزن ! ئەمە مایەی خۆشحاڵی موجاهیـدە ، کابرای موسوڵمانی جەنگاوەر ــ ئەگەر نییەتی پاک بێت و راست کات ــ لە هەردوو سەرەوە سەرفرازی مسۆگەر کردووە : لە لایەکەوە ئەو پەیمانەی کە بە خوای دابوو کە لەبەر خاتری ئەوو لە پێناوی دینەکەی ئەودا بجەنگێـت ، ئەوەتا وا بە وەفایەو پەیمانەکەی هێناوەتە دی ، قسەو کـرداری کـردوون

بەیەک ،  لە لایەکی تریشەوە ئەوەتا وا لە ریزی موجاهیدە جەنگاوەرکاندایە کە خوای مەزن خۆشی دەوون ، کەاوبوو لەمسەرەشەوە هەر مســۆگەرە ، خۆزگەم بە خۆی ..

بەڵام بەکارهێنانی یەکریزی لێرەدا زۆر مەبەستە ، چونکە لە لایەکەوە هەر بە لەفزی صفا هێناویێتییەوە کە حــاڵی کوشــتارەکەیە ، کــە موســوڵمانە جەنگاوەرەکانی تێدایە ، یەک دڵن ، یەک ران ، یەک رێن ، یەک فەرماندەو ئاراستەن ، لە لایەکی ترەوە خــوای گــەورە نموونەیــەکی بەرجەســتەی نیشانداون ، کە دیوارە ، دیواریش لە هەموو کات و شوێنێک هەیە ، دیواری قوڕ بێت یان هەوربرەکانی رۆژ ئاوا هەر سیفەتی راست و رێکی وبەربەســتی دەگەێنێت ، چ جای ئەوەی بە مرصوص ( خشت و رێک ) وەسفی کردووە ! مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە موسوڵمانان لە کاتی شەڕو پێــکدادانددا وەک دیواری رێک و رەپ و پتەو خۆگرن و کەلێن نەخەنــە نێــوانیان ، نــەبادا دوژمنەکانیان لەو کەلێنانەوە دزە بکەنە ریزەکانیانەوە . کەلێنی ئیختیلافات و ناکۆکی ناوکۆیی ..

ئاشکرایە کە دیواری مرصوص کەڵەکە بەردێک نییەو گەڵڵابەیەک هــەڵی رشتبێت . با بەردەکانی نەقاڕی و رێک و خشتیش بن ، وای بێــنە خــەیاڵی خۆت گەڵڵابەیەک بلۆکی چیمەنتۆ بێنەو هەڵی رێژە ، داخۆ بۆت دەبنە دیوار ، کەوابوو هەر موسوڵمانە جەنگاوەرە وورە بەرزو دلێرو چاونەترسەکە کافی نییە ، گرنگە کە ئەم کەرەستە نایابە لە ریزێکی نایابی ئەندازیارانەشدا بێت ..

لە فەرموودەی پێغەمبەری نازداریشدا صلی الله علیه وسلم ئـەم لێکچـواندنە گرنگە هاتووە ، کە دەفەرموێ : ( إِنَّ الْمُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا )[7] واتە : موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەک ریزە خشتی خانوویەکی رێـکە ، هـەر یەک ئەوی تر دەبەستێتەوە .

سەرنج دەرە دیواری خانوویەک و سەرنج دەرەوە ریزی موسوڵمانان ! کە لە کەسانی وەکو تۆ پێک دێت ! لە خۆت رازیت ؟! ئایـا بـە راسـتی تـۆ بلۆکێکی ئەندازیارانەی رێک و پێکی ئەم ئوممەتـەیت و کـەس نییـە لـە دیوارێکت هاوێت ؟! سەیر کەینەوە : هەر وەکو چۆن خانوویەکی خشت و رێک ، بریتی نییە لە کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە کراو ، بەڵکو پێکهاتەی چەند دیوارێکی راست و رێکەو بە بلۆک یان بەردی پتەوو نەقاڕی هەڵچـنراوەو هەر یەکەیان بە چیمەنتۆو شیشی ئاسن ، بە پێی نەخشـەیەکی ئەنـدازیاری پێکەوە چەسپێنراون ، ئەم خانووە هەموو شتێکی بە پێی نەخشەیە : پایەکانی ، پردی پەیوەست و گرێ و تێهەڵکێشی سەربان و کـۆڕنیش و لاشـیپانی ، و قووڵی و پانی بنەپایەو ئەستوری بناغەو پایەو دیوارو رادەی بڵندیان ، هەروەها هەموو حساباتێکی تین و قورسی و بارودۆخی کەش و سەرماو گەرماو ئاڵ و گۆڕی هەواو .. هتد[8] . ئەمە هەر وەسفی گشتی موسوڵمانانە بۆ یـەکتری ، ئەدی لە جەنگ و کوشتارەکەدا دەبێت چۆن بن تا خوای گـەورە خۆشـی بوێن ؟!

---

[7] البخاري : الصحيح / كتاب الصلاة ــ تشبيك الاصابع / رقم 459 ، مسلم / كتـاب البروالصـلة / رقـم 4684 ، سنن الترمذي / كتاب البر والصلة / 1851 ، النسائي / الزكاة / 2513 ، مسند احمد 18798

[8] بڕوانە کتێبە بەنرخەکەی ماجد عرسان الكيلاني کە بـە نـاوی ( الامـە المسـلمە ) ەوە نووسیوێتی و دانا سەعید کردوێتی بە کوردی .

ئیمامی ئەحمەد لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ــ خــوا لێــی رازی بێــت ــ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : ( ثَلاثَةٌ يَضْحَكُ اللهُ إليهم : الرَّجُلُ يَقومُ مِن الليلِ والقومُ إذا صُفُّوا لِلصَّلاةِ ، والقَومُ اذا صُفُّوا لِلقتــالِ ) واتە سێ پۆل هەن کە خوای گەورە بە دەمیانەوە پێ دەکەنێ : پیاوێک کە بۆ شــەو نوێژی هەستاوە ، کۆمەڵێک موسوڵمان بۆ نوێژ ریزیان بەستووە ، کۆمەڵێــک موسوڵمانی جەنگاوەر کە ریزیان بەستووەو ئامادەی کوشتارن . لە حەدیســی تردا هاتووە کە هەر کەس خوای پەروەردگار بە دەمیەوە پێ کــەنی ، ئــەوە ئیدی سەرفرازی راستەقینەیە .

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو شوێنە پیرۆزانەی قورئان کە موسوڵمانانی تێدا هــان دەدات بۆ کۆمەڵکاری شەرعی خۆیان ، چونکە مومکین نییــە بانگــەوزای ئیسلامی و پێکەوەنانی کۆمەڵگەو پیادەکردنی شەریعەتەکەی وجیهاد لە پێناوی پاراستنی ئەم دینەو مانەوەیدا بە تاکڕەوی بکرێت ، کاری تاک گەر پــاک و شەرعیش بێت ، بەرهەمەکەی ئەوەندە کاریگەر نابێــت جاهیلییــەت لاواز کات چ جای ئەوەی رایــداو لایــدا ، چ جــای ئــەوەی دینەکــەی پــێ بەرقەرارکات ، بۆیە لێرەشدا خوای گەورە تەئکیــد لەســەر کۆمەڵکارێــتی کوشتارەکە دەکاتەوە ، یەکڕیزی جەنگاوەران ، بێ گومان یەکڕیزی مەبەستی لەوە نییە هەموو ئەو موسوڵمانە جەنگاوەرانە لەیەک شوێندا ریزی ببەســتن وەکو ریزی نوێژی جەماعەت ، نەخێر چونکە ئەمە مایەی کوشــتن و لــە ناوچوونیانە ، بەتایبەتی لەم زەمانی تۆپ و فڕۆکەو رۆکێتانەدا کە بە مــانگی دەسکرد ئاڕاستە دەکرێن ، بۆیە بە پێچەوانەوە دەبێت بە لاشە لێکەوە دوور بن ، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە دەبێتە مایــەی هێــزو پێــزو رێــزی جەنگاوەرەکان ، کەوابوو لێرەدا مەبەست یەک بیری و یەک رێبازی و یەک

مەبەستی و یەک سەرکردایەتی و یەک ئاراستەییە ئەمـــەش بەڵگەنەویســـتی شەڕی کۆن و نوێیە ، هەموو کەسێک هەر بە فیترەتی خۆی ئەمە دەزانـــێ ، کافرێکی وەکو فیرعەون و دەستەو دایەرەکەشی لـــە بەرامبـــەر بانگـــەوازە ئاشتیانەکەی سەییدنا موسادا دەیانووت : ( فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُـــمَّ ائْتُـــوا صَـــفًّا ) طه/64 لە قورئاندا لە هیچ شوێنێکدا نابینیت کاری تاک کەسی کرابێتە مایەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان ، بە پێچەوانەوە هەمیشە فەرمانەکانی خوای گەورە بە شێوازی کۆ هاتوون : یا ایها الذین آمنوا .. کتـــب علـــیکم .. اذا کنتم .. اذ انتم .. أقیموا .. أعدو ا .. جاهدوا .. تەنانەت نوێژیش کـــە بـــە تەنها دەیکەیت هەر دەڵێیت : ( إيَّاكَ نَعبُدُ وإيَّاكَ نَستعينُ . اهْدِنَا الصِّراطَ المستقيمَ )

ئەوەی کە خوای گەورە کردوێتییە مایەی خۆشەویســـتنی جـــەنگاوەرانی موسوڵمان ــ وەک لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت ــ باوەڕو کوشتارو یەکڕیزییە ، ئەمانەشی لە شوێنی تری قورئاندا بە فراوانتر باس فەرمووە ، بـــۆ نموونـــە ئەوەی کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی سوپای موسوڵمانان لە سورەتی الانفالـــدا باسی فەرمووە : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُواْ وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُـــمْ تُفْلَحُونَ . وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ) الانفال/45 -46 واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێـــناوە ، هـــۆ موسوڵمانینە ، کاتێک بە کۆمەڵێکی دوژمن دەگەن ، خۆتان ڕاگرن ، زیکری خوا زۆر بکەن تا سەرکەوتوو بن . گوێڕایەڵی خواو پێـــغەمبەرەکەی بـــن و ڕاجوێییتان نەتانگەێنتە ناکۆکیتان ، چونکە دوایی فەشەل دەبن و هێزو پێزتان نامێنێت ، بە ئارامیش بن خواس لەگـــەڵ ئارامگرانـــە . ئەمانـــە هۆکـــاری سەرکەوتنن : خۆڕاگرتن ، یادی خواو پێداچوونەوەی نییەت و پشت بە خوا

بەستن ، ملکەچی دەربڕین بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەری خـــواو ئـــەو ئـــەمیرە شەرعییەی دانراوە ، ناکۆک نەبوون و ململانێ نەکردن ، ئارام گرتن و ئارام بە خۆدان ..

سوننەتی پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم هەر جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەم خاڵانە .. لەبەر گرنگی گوێڕایەڵییەکەیە کە ئەبو موسای ئەشعەری ــ خـــوا لێی رازی بێت ــ دەیفەرموو : ( أَلْزِمُوا الطاعَةَ فَإنَّها حِصْنُ المُحارِبِ ) واتە : خۆ لەسەر گوێڕایەڵی رابهێنن ، چونکە قەڵای جەنگاوەر ئەوەیە .. اکثمی کوڕی صیفي دەیفەرموو : ( أَقِلُّوا الخِلافَ عَلَى أُمَــرَائِكُم ) راجوێییتان لای ئەمیرەکانتان کەم کەنەوە .

گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵکاری و ملکەچی ئەمیر ــ لە کاری خێردا ــ و هیجرەت و مایەی پاراستنی ئیسلام و مانەوەی عێزەتی موســـوڵمانانە ، بۆیـــە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەکو لە حەدیسی ســـەحیحی ئیمـــامی ئەحمـــەدو ترمزییەوە لە الحارث الاشعەرییەوە دەگێڕنەوە کە دەیفەرموو : (وأنــا آمُــرُكُمْ بِخَمْسٍ ، اللهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ : الجَمَاعَةُ والسَّمْعُ والطاعَةُ والهِجْرَةُ والجِهَادُ ) واتە : فەرمانتان بە پێنج شت پێ دەکەم کە خوای گەورە فەرمانی بە منیش پــێ کـــردوون : کۆمەڵکاری ، گوێڕایەڵی و ملکەچی و هیجرەت و جیهاد ..

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

ــ شێوازی پرسیار کردنەکەی ( لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) پێی دەوترێت : پرسیاری بەرهەڵستی وسەرزەنشتی ( التوبیخ ) ، چونکە ئەگەر قسەکەی کابرای خۆهەڵکێش دەیکات ، لە رابوردوودا وا نەبوو بێت ، دەبێتە درۆ ، گەر لە داهاتووشدا وا دەرنەچێت ، دەبێتە وادە بە خیلاف و بەڵێن شکاندن ! ئەم دوو رەفتارەش هەردووکیان هەر پەسەند نین ودەبوغزێنرێن .

ــ كَبُرَ : بۆ سەرسام بوونە ، کە بریتییە لە بە گەورەو گرنگ گرتنی ئەو کارە لە دڵی گوێ گرەکاندا ، ( مَقْتاً ) کە منصوبە بۆ راڤە کردنی سەرسوڕمانەکەیە ، یەعنی ئەم کارەتان کە جێگای سەرسوڕمانی خوای گەورەیە ، دەبێتە مایەی رق هەستانی ئەو ، رستەکەش هەمووی دەبێتە رستەیەکی تەفسیری بۆ باسی پێشتر کە ( تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) ە ، واتە : ئەوەی کە دەیڵێن و خۆتان نایکەن ئەمەش وەکو زەمەخشەری دەفەرموێ[9] بوغزاندنێکی وایە بواری پێچەوانەکەی تێدا نییە ..

ــ دووبارە کردنەوەی ( تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ) هەر بۆ گەورەو دژوار زانینی کارەکەیە ، تا گوێ گر هەست بەوە بکات کە ئەمە کارێکی ئەوەندە ناشیرین و ناپەسەندە کە دەبێتە مایەی رق هەستانی خوای گەورەو توورە بوونی !! بۆیە نابێت توخنی کەون ..

ئیمامی قورتوبی دەفەرموێ : ئەم ئایەتە هەموو ئەو کەسانە ناچار دەکات کە نەزرییان کردووە ، بیهێننە دی ، بەو مەرجەی تاعەت و پەرستنی خوای

[9] الزمخشري : الكشاف ـ دار الكتاب العربي چاپی 3/ 1987 ب 522/4

گەورەی تێدا بێت نەک تاوان و سەرپێچی کردن ، نـــەزری خـــەڵکی دوو جۆرە :

* نەزری خواپەرستی ، وەک ئەوی دەڵێت : نەزر بێت ئەوەندە رکات نوێــژ بکەم ، یان شەرت بێت ئەوەندە رۆژ بەرۆژوو بم ، یان عەهد بێت ئەوەنـــدە تەسبیح لا اله الا الله بکەم .. ئەمە دەبێت ئەو پەرســـتنانە ئـــەنجام بـــدات ، چونکە بوونەتە قەرز لەسەری .

* نەزری شیاو ( موباح ) : وەک ئەوەی نەزرەکەی بە مەرجێـــکی تـــرەوە بەستێتەوە ، وەک ئەوەی بڵێت : ئەگەر دەستی ئەو کابرایـــە لـــە بـــەرۆکم ببێتەوە ( یەعنی کۆڵم لێدا ) شەرت بێت ئەوەندە پارە بکەم بە خێر ، یان نەزر بێت ئەگەر فلاَن کەس بە سەلامەتی گەڕایەوە مانگایەک بکەمـــە خێـــر.. وە هەروەها ، زانایان و شەرعناسان رایان لەم بارەیەوە دوو جۆرە :

ــ ئیمامی مالیک و ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی شـــافیعی لـــە قەولێـــکی دا دەفەرموون : ئەگەر کەسێک شتێکی لەسەر خۆی کـــردە مـــاڵ ، دەبێـــت ئەنجامی بدات ، بۆ نموونە ئەگەر بە کەسێک بڵێت : ئەگەر ژنت مارە کـــرد من پەنجا هەزار دینارت هاوکاری دەکەم ، بە مارە کردنەکە ، پەنجا هـــەزار دینارەکەی لەسەر ماڵ دەبێت و دەبێت بیدات . زانایان دەفەرموون ئەوەی کەسێک وەکو نەزری نێوان خۆی و خوای گەورە ، یان بەڵێنی نێوان خۆی و بەندەکانی خوا بڕیاری لەسەر دەدات ، ئەوە کۆڕا ( ئیجمـــاع ) ی زانایـــانی لەسەرە کە هەر دەبێت جێبەجێی کات ، وەکو بۆ نموونە دەڵێـــت : ئەگـــەر نەخۆشیەکەم یان نەخۆشەکەم چاک بۆوە ، یان لەو موسیبەتە رزگارم بـــوو ، یان ئەگەر ئەوەندەم پارە دەسکەوت ، یان قازانجم کرد ، شەرت بێ ، یـــان نەزر بێ ، یان بڕیار بێت سێ رۆژ بە رۆژوو دەبم ، یان دەچمە حەج ، یـــان

ئەوەندە پارە دەکەم بە خێرو دەیبەخشمەوە ، ئەمانە هەموو لە گەردنـــدان و دەبێت کە مەرجەکە هاتە دی ــ ئەگەر کۆســـپ پەیـــدا نـــەبوو بـــوو ــ نەزرەکەش بێهێنرێتە دی .. چونکە خوای گەورە لە زۆر شوێـــنی قورئانـــدا مەتحی ئەو کەسانەی کردووە کە بەڵێنەکانیان دەبەنە سەر ، وەکو ( وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ )البقرة/177.. ئەمما ئەگەر نێوان خۆی و نەفسی خۆی بوو ، لە کارێکدا کە نەپەرستنە نە پابەند بوونی شەرعی ، ئەوە ئـــازادە دەتوانێـــت بیکات و دەشتوانێت نەیکات ، بۆ نموونە دەڵێت : ئەمجارە لـــەم نەخۆشـــییەم چاک ببمەوە ئیتر تۆپی پێ یاری ناکەم !

ــ ئەوی خانوویەک دروســـت دەکـــات زۆری بایـــەخ پـــێ دەدات ، وای دروست دەکات ئامانجی لە دروست کردنەکەی پێ بێتە دی ، ئەگەر دیواری ماڵە ، وا مەحکەم دروستی دەکات کە رێک و سفت و لووس بێت ، کونبڕی دەکات ، لە دەرەوە لەبغ و لە ناوەوە گەچکاری دەکات تا نەفەسی هـــەوای لێ ببڕێت ، ئەگەر دیوارەو بۆ بەربەستی باخ و ماڵ و قەڵاو قوڵلەی دروست دەکات ، ئەوەندە پان و پۆڕو بەرزو مەحکەمی دروست دەکات کە کـــەس نەتوانێت کوناودەری کات یان بەسەریدا بازدات .. ئێ خـــوای گـــەورەش داوای وای لەو موسوڵمانە جەنگاوەرانە کردووە کە لە جیهاددا دیوارێـــکی بەشەریی وا دروست کەن ، مەبەستەکەی پێ بێتە دی ، مەبەستی پاراســـتنی دینەکەو پایەدار کردنی شـــەریعەتەکەی .. (بێـــگومان مەبەســـت دیـــواری مەعنەوییە کە بریتیە لە یەکریزی و نەهێشتنی هۆکانی ئیختیلافات ، ئەگینا خۆ لە هیچ بەرەیەکی کۆن و نوێی شەڕدا هەر مومکین نابووەو نابێـــت هـــەموو موجاهیدەکان یەکریز بووەستن ، بە تایبەتی لەم زەمانەدا ) ..

ــ پەیوەندییەكی پەروەردەی دەروونی زۆر گرنگ هەیە لە نێوان حاڵەتی یەكەم ( قسەی بێ كردەوە ) كە كارێكە ، ئەنجامدانی دەبێتە مایەی رق هەستان و غەزەبی خوا ، كەچی حاڵەتی دووەم ( كوشتار كردن بە یەكڕیزی ) كارێكە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی خوای گەورە ! ئەمەش وا دەكات هەمیشە بەرپرسێتی هەڵبژاردنی هەڵوێستێكیان بكەوێتەوە سەرشانی موسوڵمانەكە خۆی ئەگەر راست دەكات و نایەوێت خوای لێ بڕەنجێت با قسەی بێ كردەوە نەكات ، دیسان ئەگەر راست دەكات و خوای خۆش دەوێت و دەیەوێت رازی كات تا لێی رازی بێت ، با بچێتە ریزی ئەو كەسانەوە كە كوشتار لە پێناوی خوادا دەكەن.

ــ رای زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوە بووە كە ئەگەر موسوڵمانان یەكڕیز بۆ جەنگ بەرامبەر كافران وەستابوونەوە ، موسوڵمان بۆی نییە لە ریز بچێتە دەرەوەو داوای زۆرانبازی و شەڕە شمشێر تا مردن لە كافران بكات ، وەكو كە لە زەمانی كۆندا باو بووە ، چونكە دوور نابێت لە ریابازی و هەڕاڵی و خۆ بادان .. بەڵام ئەگەر لە كافرەكان خەڵكانێك بۆ تەحەددی و بەربەرەكانێ هاتنە دەرەوەو داوایان لە موسوڵمانان كرد ئازاترینییان بنێرنە وێزەی ، ئەو كاتە دەشێت ، هەر وەكو زەمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كە پێی قبووڵ بووەو یاوەری تایبەتی بۆ ئەو تەحەددایە ناردۆتە مەیدانەوە ، وەكو لە غەزاكانی بەدرو خەیبەردا روویدا .. ئەوی بە تاقی تەنها بۆ تۆقاندنی دوژمنان و زەربە لێدانیان ، یان بۆ زات شكانی موسوڵمانان و ئازا كردنیان هەڵدەكوتێتە سەر لەشكرێكی زۆری دوژمنان كە دەشزانێت رزگاری نابێت ، نەك هەر جائیزە ، رەنگە پەسەند كراویش بێت ..

## کۆمەڵکاریی و هەستی

لەو بەڵگەنەوویستانەی کە پێویستە موسوڵمان لە ناخیدا بچەسپێت ئەوەیە کە ئەم دینە بۆ ئەوە نەهاتووە کە شوێن کەوتووانی تاک تاک بڕۆنە خەڵوەتگایەکەوە بکەونە خوا پەرستی ، نەخێر ، ئەم دینە بەرنامەی کۆمەڵکارییە ، هیچ بڕگەیەکی شەرع نابینیت تاک بە سیفەتی تاکێتی و بۆ تەنهایی پەروەردە بکات ، بۆ ئەوە هات تا ئوممەتێک بنیات نێ ، تا بە هەموو تاکەکانیەوە ئەم ئەمانەت خواییە هەڵگرن ، ئەمانەتی ئەم دینەو بانگەوازو پیادەکردنی لە سیستمێکی حوکم و ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی رەسەندا ..بۆیە هەر دەبوو ئیسلام هەر لە سەرەتایەوە تاکەکانی خۆی بە گیانێکی کۆمەڵکاری هەروەزی پەروەردە بکات ، دەبوو هەر لەسەرەتای موسوڵمان بوونیشیانەوە رووبەڕووی ئەو واقیعە مرۆڤایەتییە کۆمەڵگەکەی خۆشیان بنەوە ، تا هەست بەوە بکەن کە بە رەنجی هەموویان ئەم کۆمەڵگەیە دەگۆڕرێت ، چونکە ئامانجی ئوممەتەکەش هەر دەستەجەمعییە ..

ئیسلام لەو ئاراستانەشیدا کە رووەوڕووی تاکەکانی دەکاتەوە هەر پێی گرنگە گیانی کۆمەڵایەتییەکەیان تێدا بچەسپێنێت ، بۆیە هەموو رێساکانی خواناسی و خواپەرستی و شەریعەت و رەفتارو رەوشت و بانگەوازو کارو خەبات هەر هەموویان تاکی موسوڵمان بە هەستی بەرپرسێتی کۆمەڵکاریی دەبەن .. سەیری سەرەتای هاتنی ئیسلام خۆی بکە ، ئەو کاتەی کە موسوڵمانان زۆر کەم بوون و لە ترساندا بە بانگەوازەکەیانەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆیان لەم ماڵ و ئەو ماڵی مەککە دەشاردەوە ! یەکێک لەو پەناگەی خۆیان تێدا دەشاردەوە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبول ئەرقەمی مەخزومی بوو ، ئەو کاتەی عومەری کوڕی خەتتاب ــ خوا لێی رازی بێت ــ موسوڵمان بوو

، ئەم موسوڵمانانە لە چل کەس کەمتر بوون ، هەمووشیان لە مـــاڵی ئەرقــەم خۆیان شاردبۆوە ، بەڵام سەیرکە :

ـــ ئەرقەمی خۆی تەمەنی بیست ساڵان بوو !

ـــ لە بەنی مەخزوم بوو ، کە دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەر بوون صلی الله علیه وسلم ! خالیدی کوڕی وەلید، کە بیست ساڵی ڕەبەق دژی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەستایەوە ، لەم بەنی مەخزومە بوو !

ـــ ماڵەکە لە گەڕەکی سەفا بوو ، کە خەڵکێکی زۆری لێ نیشتەجێ بوو !

لەگەڵ ئەم هەموو خاڵە دژوارەدا ، مەگەر ئاسانتر نەبوو ، باشـــتر نـــەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەم موسوڵمانە کەم و موستەزعەفانەی لە ماڵان و جێی جوداو لێکەوە دوور بشاردایاتەوە ؟! بەدی .. ئەدی بۆچی هەمووی لە جێیەکدا کۆ دەکردنەوە ؟! خۆ ئەو کاتە نە نوێژ فەرز بوو بوو ، نە جومعـــەو جەماعەت هەبوو ؟!

گوێ نەدانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بـــە ئیحتیمـــالاتی هـــەموو ئـــەو دژوارییەی دەهاتە ڕێی کەشف بوونی شوێن کەوتووەکانی لەبەر ئەوە بوو کە ئەو ئیجابێتییەی لەو کۆڕو کۆبوونەوە نهێنییەیانەوە دروست دەبـــوو ، ئـــەو کاریگەرییەی ئەو کۆبوونەوە لە ناخی موسوڵمانانداا لەسەر پەروەردە کردن و هەست کردنیان بە یەک ئوممەتی و یەک جەستەیی خۆیان دروستی دەکرد ، لە هەموو ئەو کێشانە گرنگتر بوو کە کەشف بوونەکەیان دروستی دەکرد ..

کەوا بوو ئیسلام هەر لەسەرەتایەوە ، وەکو کە بایەخی بە ناسینی خـــواو پەرستنی خوا دەدا ، بایەخیشی ـــ بە هـــەمان بـــڕو ڕادە ـــ بـــە گەشـــەی کۆمەڵایەتی ئەو پۆلە پێشڕەوە موسوڵمانەی یەکەم دەدا ، تا لە ناخیاندا ئـــەو هەستە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵکارییەی یەک ئوممەتییەیان تێدا دروست کات .

ئەم سێ ئایەتەش دوو پایەی سەرەکی ئەم هەستی کۆمەڵکارییە دادەڕێژێت:

لە لایەکەوە ناهێڵێت موسوڵمان فشـــەکەرو خۆهەڵکێـــش وهەڵـــەپاس دەرچێت . بەڵکو راستگۆو سەرڕاست و پابەندو جیددی بێـــت ، ناهێڵێـــت شلگیرو کەمتەرخەم و بێ بایەخ بێت بەڵکو هەستیارو بە عەزم و هیممـــەت بەرز بێت ، ناوەو دەرەوەی وەکو یەک وابن .. دەنا بەر رقی خوای گـــەورە دەکەوێت ، چ هەڕەشەیەکیش لە دڵی موسوڵماندا لەمە کاریگەرترە .. چـــی لەوە زیاتر موسوڵمان دەترسێنێت کە پێی بڵێن : فلاَن کار یان فیسار رەفتـــار خوات لێ دەڕەنجێنێت ؟!

لە لایەکی تریشەوە ئەم ئایەتانە ئاسۆیەکی بەرز نیشان موسوڵمان دەدات ، کە بریتییە لە رازی بوونی خوای گەورەو خۆشوویستنی ئەو بۆ ئەم ، ئەمـــەش کە ئامانجی دنیاو رۆژی دوایی موسوڵمانە ، رەنگرێژی رێگاکەشی ئەرکەکانی دینداری و نارەحەتییەکانی رێی جیهادە

* * *

## دەرسی دووەم

## ئایەتەکانی 5 ـ 6

( وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ . وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ . )

## مانای گشتی ئایەتەکان

( 5 ) موسا بە قەومەکەی خۆی فەرموو : ئەرێ گەلی خزمان ، ئێوە بۆچی ئاوا ئازارم دەدەن ، لە کاتێکدا کە بە تەئکید ئێوە دەشزانن ولەوەش دڵنیان کە من نێرراوی خوای گەورەم و بۆ ئێوەی ناردووم ؟! ئیدی کە ئەوان لە حەق لایاندا ، خوای گەورەش دڵی ئەوانی لە قبووڵ کردنی حەق لادا ، چونکە خوای گەورە ڕێنمایی قەمی وا ناکات کە لە ڕێ لایانداوەو لە سنوور دەرچوون ..

( 6 ) ئەوجا کە عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی : ئەرێ هۆ بەنو ئیسرائیلینە! دڵنیابن من پێغەمبەری خوام و بۆ ئێوەی ناردووم ، ئەو تەوراتەی کە پێش من هاتبوو ، منیش بە ڕاستی دەزانم ، مژدەی ئەوەش ڕادەگێنم کە پێغەمبەرێکی تر لە دوای من دێت ناوی ئەحمەدە ، کەچی کاتێک ڕاستی پێغەمبەرێتی و پەیامی خوای بە بەڵگەی بەهێزو ڕاستی ڕۆشنەوە پێ ڕاگەیاندن ، ووتیان : ئەمە سیحرە ! ئەمە جادووگەرییەکی ئاشکرایە ..

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی پێنجەم** : ( وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ) .

ئاماژەیەکی خێرایە بۆ سەییدنا موساو قەومەکەی ، باسی هەڵوێستێکیانە کە لەگەڵ باسەکانی ئەم سوورەتەدا دەگونجێت ، ئەویش حەزی لادان و حــەق وەرنەگرتنە لەگەڵ دڵنیابوونیشیاندا لەوەی کە ئەمە پــەیامی خوایــەو بــە پێغەمبەرێکی خۆیدا ناردویەتی ! هەروەها ئەو ئازارە جەستەیی و دەروونییە بە دەست کافرو موسوڵمانی قەومەکەی و قەومی فیرعەونەوە دەیچێشت خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی زۆر جۆری لەو ئەشــکەنجەو ئازارانــە فەرمووە ، وەک دوای بیست و دوو ساڵی رەبەق لە بانگەوازی خواپەرســتی و رزگار کردنی قەومەکەی و نقوم کردنی فیرعەون و سوپاکەی لــە ئــاوی دەریای سووردا لەبەر چاوی خۆیان ، کەچی لە دوای پەڕینەوەو سەلامەتی و ئەمان ، لە جیاتی سوپاسی خوای گــەورە بــە ســەییدنا موســایان ووت : گوێرەکەیەکمان بۆ پەیدا کە با ئێمەش وەک ئــەو قەومــە بیپەرســتین !! (وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَآئِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْاْ عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَــهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ) الاعـراف/138 یان دوای ئەوەی کە خوای گەورە بەڵێنی پێدان هەر بچنە نزیک قودس و خۆیان ئامــادەی غــەزا کەن ، خوای گەورە گرتنی شارەکەیان بۆ ئاسان دەکات ، کەچی بەو پەڕی بێ ئەدەبییەوە پێیان دەووت : دە بڕۆ تۆ خۆت و خواکــەت بجــەنگن ، وا ئێمەش لێرە دانیشتووین !! ( قَالُواْ يَا مُوسَى إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا أَبَدًا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ ) المائـده / 24 .. یان ـــ وەکو ئەوەی خــوای پەروەردگاری سەییدنا موسا بەرجەستەیەک بێت و سەییدنا موسا ئەمــدیووو

دیوی پێ بکات ــ دەیانووت : ئادەی موسا خوامان بە ئاشکرایی نیشان دە ! ( فَقَالُواْ أَرِنَا اللّهِ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ثُمَّ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ ) النساء/ 153 یان لە راپەڕاندنی سادەترین فەرمانی خواییدا ، چەند دەکەوتنە دەمەوەری و شەڕە دەم ، دەیان جار بە رووی سەییدنا موسادا هەڵدەسڵەمینەوە ! وەکو ئەوەی کە خوای گەورە لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمانی پێ کردن مانگایەک سەربڕن ، هەر مانگایەک بێت : (وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً ) البقرە/67 کەچی ئەوەندەیان موجادەلە لەسەری کرد کە خەریم بوو هەر ئەنجامیشی نەدەن : ( فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ ) ! یان لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەی کە سەییدنا موسا بە هۆی ئەوانەوە تینی دەروونی دەکەوتە سەر ، کەچی ئەوان بەویان دەووت : ئێمە پێش ئەوەی تۆش ببیتە پێغەمبەرمان هەر لە ناسۆرو ئازاردا بووین و ئێستاش کە تۆ هاتوویت بۆمان هەر لە ناسۆرو ئازارداین ! (قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِينَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا )الاعراف/129 .. زۆر جۆری تریش !! ئەمەش لێرەدا بیرخستنەوەیەکە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە هەر تۆ تووشی هەڵوێستی جاهیلییانەی کافران نەبوویت ، ئەوەتا سەییدنا موسا پێش جەنابت ، هاواری لێ هەستاوە کە بۆچی ئاوا ئازارم دەدەن ؟! ئەمانەش هەڵوێستێکن و لە تەسک بوونەوەی شەقام و زیاد بوونی تین و فشاری جاهیلیی لەسەر ئەهلی ئیسلام ــ بە تایبەتی لەکاتەکانی زیندان و رووبەڕوو بوونەوەی جەنگدا ــ زۆرتر دەبن .. پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بەم جۆرە دەرسانەی ئاڕاستەی خوا گەورەن ، پەروەردە دەبوو بۆیە دەیفەرموو:

( قَالَ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَى مُوسَى لَقَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ )[10] واته : رەحمەتی خوا لە موسا بێت ، لەوەش زیاتر ئازار دراو هەر بە ئارام بوو .. خوای گەورە بە شوێنەکەوتووانی پێغەمبەری مەزنی فەرمووە کە وەکو شوێنکەوتووی سەییدنا موسایان لێ نەیەت و ئازاری پێغەمبەرەکەیان بدەن ، چونکە خوا لە پشتێتی و دوایی بەر غەزەبی دەکەون .. بۆیە پێی فەرموون : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا وَكَانَ عِنْدَ اللَّهِ وَجِيهًا ) الاحزاب/69 واته : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! وەکو ئەو کەسانە مەبن کە سەییدنا موسایان ئازاردا ( کە تۆمەتییان دەخستە پاڵی و ) خوای گەورەش پاکی و سەرڕاستی لە هەموو ئەو شتانە ئاشکرا کرد کە دەدرانە پاڵی ، چونکە ئەو لای خوای گەورە ڕێزدارو ئازیزە . لە حەدیسی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە روون کردنەوەی ئەم ئایەتەدا فەرمووی : ( كانَتْ بَنو إسرائيل يَغْتَسلونَ عُرَاةً يَنْظُرُ بَعضُهم إلى سَوأةِ بَعضٍ وكانَ موسَى عليه السلام يَغْتَسِلُ وحْدَهُ فقالوا والله ما يمنع موسى أن الا انه أدْرٌ ) واته : بە نوئیسرائیلییەکان بە رووت و قووتی خۆیان لەبەر چاوی یەکتری دەشت ، سەیری عەورەتی یەکتریشیان دەکرد ، سەییدنا موسا علیه السلام بە تەنها خۆی دەشت ، بەنوئیسرائیلییەکان ــ بۆیان کردە ئیدیعایە کە گوایە ــ موسا لەبەر ئەوە نایەوێت لەگەڵماندا خۆی بشوات چونکە قۆڕە !! لە ریوایەتێکی تردا : چونکە گرۆییە !!

لەم ئایەتەشدا خوای پەروەردگار دیسان دادپەروەری خۆی لە ئازادی و سەربەستی و سەرپشک کردنی رێ هەڵبژاردنی مرۆڤدا رۆشن دەکاتەوە ، هەر

---

[10] ئیمامی بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە لە سەحیحی بوخاری / المغازی ژمارە 3990 یە

وەکو کە لە زۆر جێی تری قورئاندا هیدایەت و ڕێنمایی خـــۆی پەیوەســـت دەکاتەوە بە وویست و ئیرادەی مرۆڤەکانەوە وەکو بیەوێت بفەرموێ : ئـــەو کەسانەی دەیانەوێت ڕێنمایی من وەرگرن وبە هیوای هیدایەتی منن ، نابێـــت چەند سیفەتێک هەیە تێیاندا بێت ، بۆ نموونە نابێت ستەمکار بن چونکە خوای گەورە ڕێنمایی ستەمکاران نادات : ( وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ )الجمعة/5 یان نابێت خۆیان حەز بە لارێیی بکەن : ( وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِــقِينَ ) التوبـة/24 یان نابێت درۆزن بن : ( إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ) الزمر/3 یان نابێـــت دەستبڵاو بن وشت بەفیڕۆ دەن : ( إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُـــوَ مُسْـــرِفٌ كَـــذَّابٌ ) غافر/28 وە هەروەها .. ئەمەش ڕێسای بەستنەوەی ئەنجامە بە هۆکارەوە (ربط النتائج بالاسباب ) یان ئەنجام بە پێشەکییەوە : ئەو هۆکارانە بگیرێنە بەر ، ئـــەو ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە .. ئەو پێشەکییانە هەڵنەچنرێن ، ئەو ئەنجامە نایاتە دی .. بۆیە دەفەرموێ ( فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ ) ئەوان لە گوێـــڕایەڵی و ملکەچی نێرراوەکەی خوا لایاندا ، خوای گەورە لە باوەڕ هێنان و هیدایـــەتی خۆی لایدان .. ئەوان لە باوەڕ لایاندا ، ئەمیش لە پاداشت لایدان .. ئەمەش ڕێسایەکی قورئانییەو لە زۆر جێی قورئاندا بۆ زۆر باس جەختی لێ دەکرێتەوە ، وەک دەربارەی دووڕووەکان دەفەرموێ : ( فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَـــزَادَهُمُ اللّـــهُ مَرَضاً ) البقرة/ 10 یان بۆ موسوڵمانان دەفەرموێ : ( وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُـــدًى وَآتَاهُمْ تَقْواهُمْ ) محمد/17 یان بە گشتی دەفەرموێ : ( وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ) التغابن/11 .

پیتی تەحقیقی ( قد ) ی لە پێش ( تعلمون ) ەوە بە کار هێناوە تا تەئکیدێک بدات کە هیچ گومان و دوودڵییەکی تێدا نەهێڵێت ، واتە لە کاتێکدا کە ئێوە

یەقینتان هەیە کە من تێرراوی خوام ! لەوە دڵنیا بوون کە ئەو نـــاردوومی ، کەچی نەک هەر باوەڕم پێ ناکەن و شوێنم ناکەون ، تووشـــی ئەشـــکەنجەو ئازاریشم دەکەن ، دەڵێی لەوەیان دڵنیا بوون کە بێ کەسم !! کـــە خـــوای گەورە لەسەرم ناکاتەوە !!

دەفەرموێ کە پێی دەووتن : من نێرراوی خوای گەورەم .. بە مانای تر : خۆ دەبێت ئێوە رێز لە نێرراو بگرن ، خۆ ئەگەر لەبەر خۆشم رێزم لێ نەگرن ! خۆ هەر دەبێت لەبەر خاتری خوای گەورە رێزم لێ بگرن ! خۆ هەر دەبێت لەبەر خوای گەورە پەیامەکەییم لێ وەرگرن کـــە گەیاندنەکـــەی بـــە مـــن سپاردووە ! من راسپاردەی ئەوم هێناوە !

* * *

**ئایەتی شەشەم** : ( وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ) .

قورئانی پیرۆز بەردەوام کە ناوی سەییدنا عیسا دەهێنێــت ، بــە نــاوی دایکییەوە ناوی دەهێنێت ( عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ ) چونکە چەسپاندی عەقیدەیــە ، تەئکید کردنەوەیەکی بەردەوامە کە سەییدنا عیسا کوڕی خوا نییەو کــوڕی خاتوو مەریەم خانە .. بۆیە لێرەشدا ئەم وەکو سەییدنا موسا نافەرموێ ( يَــا قَوْمِ ) چونکە نەسەبی لەوان نییە . نابینیت بۆ سەییدنا شوعەیبیش دەفەرموێ : ( إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ) الشعراء/177 چونکە سەییدنا شوعەیب لەو قەومە نەبوو ..

ئەمیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نێرراوی خوای گەورەیەو ئەمیش بۆ بەنوئیسرائیلییەکان هاتووە ، هەموو ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە ئەمیش بــە راستی دەزانێت ، ئەوەیان بیر دەخاتەوە کە لە تەوراتیشدا ــ وەکو ئیمــامی قورتوبی دەفەرموێ ــ باس و وەسفی سەییدنا عیساو پێغەمبەرێتییەکەی هاتبوو .. ئینجا بۆ ئەوەی بەردەوامێتی پەیامی خۆایان تێ گەێنێت ، مژدەیان دەداتێ کە پێغەمبەرێکی تریش بە دوای ئەمدا دێت .. هەر لە قورئانی پیرۆزدا جەخت لەسەر ئەوەشە کە باس و وەسفی محمد صلی الله علیه وسلم و یاوەرانی لە پەیام و مژدەی پێغەمبەرانی تردا هاتووە ، چونکە خوای گەورە ــ دوای ئەوەی کە مەتحی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و یاوەرانی فەرمووە ــ ئینجا دەفەرموێ : ( ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ ) الفتح/ 29 ..

( اسْمُهُ أَحْمَدُ ) ناوی ئەحمەده .. لە حەدیسی سەحیحی بوخاریدا هـــاتووه : (لي خمسة أسماء : أنا محمد ، وأنا أحمد ، وأنا الحاشر الذي يحشر الناس على قدميّ ، وأنـــا الماحي الذي يمحو الله بي الكفر ، وأنا العاقب ، أي الذي لا نبيّ بعده ) لە ســـەحیحی موسلیمیشدا لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە ــ خوا لێی رازی بێت ــ هـــاتووه کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( أنا محمد وأحمد والمقفـــي والحاشـــر ونبي التوبة ونبي الرحمة ) ..

ئەحمەد و محمد لە ( حَمَدَ ) ەوە وەرگیراون . أحمد : لە سیفەتەوە وەرگیراوە نەک لە کرداری حَمِدَ ، واتە لە سیفەتی بەراووردی أفعل کە دەبێت بە ( احمـد) واتە سوپاسکارترین کەس ، چونکە پێغەمبەران ــ سەلامی خوایاین لێ بێـــت ــ هەموویان هەر سوپاسکارن بەڵام ئەم دەبێت بە سوپاسکارترینییان .. ئەمما موحەممەد کە ئەویش لە سیفەتەوە وەرگیراوە بـــە مانـــای محمـــود ە واتـــە سوپاسکراو ، بەڵام دووپات کردنەوەو زۆر بەکارهێنانی تێدایە ، چونکە محمد ئەو کەسەیە کە سوپاس دەکرێت و دواتر سوپاس دەکرێتەوەو ئینجـــا هـــەر بەردەوام جار بۆ جار سوپاسی دەکرێتەوە .. کەوابوو ناوی محمـــد لەگـــەڵ ماناکەیدا جووتە ، بۆیە خوای گەورە پێش لەدایک بـــوونی پێـــغەمبەر ئـــەو ناوەی لەسەر زمانی سەییدنا عیسا لێناوە . بەو دوو ناوەشەوەیە کـــە دەبێـــتە سوپاسکراو ( مەحموود ) لە ژیانی دنیادا ، چونکە ئەو هەموو کەسەی کە تـــا رۆژی قیامەت بەردەوام دێن و موسوڵمان دەبن و بە پێـــی ســـوونەتی ئـــەو خوادەپەرستن ، هەمووی بۆ ئەو پاداشت وپلەبەرزیی لای خوای گەورەیـــە ، هەوەرها سوپاسکراوی قیامەتە چونکە تکاکـــاری گـــەورەی لای خـــوای گەورەیە ..

هەر لەو زەمانەوە کە موسوڵمانان و مەسیحییەکان موناقەشەیانە تا ئێستا ، یەکێک لە خاڵی موناقەشەکانیان ئەم ووشەی (احمد) ەیە :ە لە ئینجیلی کۆندا هەر بە ووشەیەک هاتووە کە مانای محمد و احمدە .. بۆیە دوای لێکۆڵینەوەو سەرنجدانی هەندێک قەشەو پیاوانی دینی مەسیحی وەکو عبدالاحد داوود و سولەیمان شاهید ، موسوڵمان بوون ، تەنانەت قەشەیەکی بەناوبانگی وەکو سولەیمان شاهد ئیعتیراف بەوە دەکات کە هەر ئەم ووشەیە بووە هۆکاری هیدایەت دانی بۆ ئیسلام .. ئێرە جێی ئەو باسە توولانیانە نییە ، ئەگینا زۆرم لەو مونازەرانە دەهێنایەوە کە لە نێوان داعیانی ئیسلامی وەکو ئەحمەد دیدات و محمد مەرجان ( کە ئەویش هەر قەشە بوو موسوڵمان بوو ) بەرامبەر قەشەو توێژەرەوەکانی مەسیحییەتی وەکو سویگارت و گرگۆریۆس و نیکۆلا یاگوب و ئەوانی تریاندا بووە ، موناقەشەکانیان لە سەر شریت وسی دی و ئینتەرنێت وکتێب هەیە .. لە هەموو موناقەشەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە مەسیحییەکان دەیانەوێت هەردوو جۆر تەحریفی لەفزی و مانای ووشەکە بکەن ، لە لایەکەوە دەڵێن ووشەکە پاراکلیتۆس (PARACLETOS ) ە نەک پیریکلیتوس ( PERICLETOS ) لە لایەنی ماناکەشیەوە دەڵێن : ئەو وەسفەی ئینجیل باسی کردووە هی فریشتەیە ، جاری واش هەیە دەڵێن : هی خوای گەورەیە .. بەڵام بە هەر حاڵ بۆ کەسێک مەسەلەکە جێ بایەخی بێت بواری بەدوادا چوونی زۆرەو خۆشە ..

پاشان خوای گەورە دەفەرموێ : ( فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ) لەگەڵ روون بوونەوەی هەموو بەڵگەو نیشانەکاندا ، ووتیان ئەمە سیحرە ! جادووە ! کەئەنەما بۆیە دەرەقەتی نایەین چونکە شتێکی نائاساییە ! ، خۆ هەر ئێمەش نین کە دەرەقەتی نایەین ! بێ گومان ئەم جۆرە بەهانەیان هەر بۆ

ئەوە بوو کە لووت بەرزی وغرووری خۆیان بپارێزن و تەسلیم بە حەقەکـــە نەبن !!

قورائنەوانانی پێشوو وەکو نافیع و ئیبنو کەتیرو ئەبو عەمرو ئەبو بەکر لـــە عاسمەوە گێڕاویانەتەوە کە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیـــدی و ســـیبەوەی بەفەتحە لەسەر یائی ( من بعدی ) خوێندوویانەتەوە ، ئەوانی تریش بە سکون ، هەوەرها کیسائی و خەلەف و حەمزە ووشەی (سحر مبین) یان بـــە (ســـاحر مبین) خوێندۆتەوە ، ئەوانی تریش هەر بە (سحر مبین ) .

* * *

## دەرسی سێیەم

## ئایەتەكانی 7 ـ 8 ـ 9

( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (7) يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (8) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (9) ) .

## مانای گشتی ئایەتەكان

( 7 )كێ هەیە لەو كەسە ستەم كار تر كە درۆ بەدەم خواوە هەڵ دەبەستێت لە كاتێكدا كە بۆ یەكخواپەرستی ئیسلامەتی بانگ دەكرێت ؟! بە تەئكید خوای گەورە رێنمایی قەومی ستەمكار ناكات .

( 8 ) ئەوانە دەیانەوێت نوری خوا بە فوو بكوژێنەوە !! ( واتە بە رەنجی خۆیان دەیانەوێت بەربەستی حەق بكەن ، ئەمەش وەكو ئەو كەسەیە كە هەوڵ دەدات بە فوو خۆر بكوژێنێتەوە ! ) بەڵام بە دڵنیاییەوە خوا نوری خۆی تەواو دەكا هەرچەندە كافران پێیان ناخۆش بێت .

( 9 ) خوای گەورە هەر ئەو خوایەیە كە پێغەمبەرەكەی خۆی بە رێنمایی و دینی حەقەوە ڕەوانە كرد ، تا ــ بە كوێرایی چاوی موشریكان ــ بەسەر هەموو ئاین و بەرنامەیەكی تردا سەری بخات ، با موشیریكانیش پێیان ناخۆش بێت .

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی حەوتەم :** ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) .

بەم پرسیارە دەست پێ دەكات كە لە زمانی عەرەبیدا پێـی دەوترێـت ( استفهام انكارى ) واتە پرسیاری نكوولّی . كە لە دوازدە شوێنی تری قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە دەپرسێت ، وەكو ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللّهِ ) البقرة/114 یان ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ )الانعام/21 یان ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا ) الكهف/57 واتە : ئاخر كـێ هەیە لەو كەسە ستەمكارتر بێت ، ستەمكارییش بریتییە لە دانانی شـت لـە غەیری شوێنی خۆیدا .. واتە كەس لەو كەسە زاڵمتر نییە .. چـونكە هـەم باوەڕیان نەهێناوەو كافر بوون ، هەم قەدری خوایان نەگرتووە ، هەم درۆیان بە ناوی ئەوەوە هەڵبەستووە ، هەم بانگەوازە خواییەكە لە مێشكی خەڵكیـدا بە تووڕەهاتی دیو بۆچوونە خوارو خێچـەكانی خۆیـان تێـكەڵ دەكـەن ! گەڕەلاوژێكەی خۆیان بە هی خـوا دەناسێـنن و بانگـەوازە خواییەكـەی پێغەمبەرانیش بە سیحرو جادووگەری ! هەم بەرهەڵسـتی پێـغەمبەرەكانیش دەكەن !! بۆیە بە ڕاستی ئەم كافرە موحاربیانە زاڵمترین كەسن ..

افترى : هەڵی بەست ، دروستی كرد . چاوگەكەی ( افتراء ) .

الاسلام : خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم بوونە بە خوای پـەروەردگارە ، بـەم مانایەش ئیسلام دینی هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوایە ، هەر لە ئادەمەوە تا دەگاتە پەیامەكەی محمد صلی الله علیه وسلم كە كۆتایی بە پەیامە ئاسمانییەكان هێناوە . خوای گەورە ـــ وەك لە قورئاندا دەردەكەوێت ـــ زۆر بایەخی بەم ڕاستییە داوەو سوور بووە لەسەر ڕوون كردنەوەی . وەك لەسەر زمانی نوح

دەفەرموێ : ( وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ) یونس/72 واتە : فەرمانم پێ دراوە کە لە موسوڵمانان بم . لەسەر زمانی ئیبراهیم و ئیسماعیلیش دەفەرموێ : (رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ ) البقرة/128 واتە : خوایە بمانکە بە دوو موسوڵمانی خۆت . وە لە راسپاردەکەی یەعقوبدا کە بۆ کورەکانی کرد ، دەفەرموێ : ( إِنَّ اللّـهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ) البقرة/132 واتە : خوای گەورە دینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە دە ئێوەش بە موسوڵمانێتی بمرن . وە لەسەر زمانی موسا دەفەرموێ : ( فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ) یونس/84 واتە : مادام وایەو گەر موسوڵمانن ، پشت بەو ببەستن. کە باسی تەوراتیش دەکات دەفەرموێ : ( يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ ) المائدة/44 واتە : ئەو پێغەمبەرانەی کە تەسلیم بە خوا بوون ئەوانە حوکمی پێ دەکەن . لەسەر زمانی یوسفیش دەفەرموێ : ( تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ) یوسف/101 واتە : بە موسوڵمانێتی بمرێنەو بە پیاوچاکانم بگەێنە . لەسەر زمانی سیحربازەکانی فیرعەون ــ کە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی سیدا موسا هێنا ــ فەرمووی : ( رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ) الاعراف/126 واتە : خوایە ئارامی خۆتمان بەسەردا بارێنەو بە موسوڵمانێتی بمانمرێنە . لەسەر زمانی یاوەر (حەواری ) ەکانی دەروری سەیدنا عیسا دەفەرموێ : ( آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ) ال عمران/52 واتە : ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوە تۆش شاهیدی بدە کە ئێمە موسوڵمانین . لەسەر زمانی شاژنی سەبەء (بەلقیسی یەمەن ) کە باوەڕی بە خوا هێنا ، دەفەرموێ : ( وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ) النمل/44 واتە : لەگەڵ سولەیماندا بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان موسوڵمان بووم . لە دوعای پیاوچاکەکەشدا دەفەرموێ : ( إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )

الاحقاف/15 واتە : خوایە پیاوچاک لە وەچەو نەوەکەم دروست بکـــە ، مـــن تۆبەم کردووەو بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوەو لە ریزی موسوڵمانانم

لە حەدیسی سەحیحیشدا هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (الانبياءُ إخوةٌ ، أبناءُ علّات ، أمهاتُهم شتَّى ودينُهم واحدٌ ) دوو شێخەکەو ئـــەبو داوود گێڕاویانەتەوە . واتە : پێغەمبەران هەموویان برای یـــەکن ، باوکیـــان یەکەو دایکیان جیاوازەو دینەکەشیان یەکە . خوای گـــەورە دەفـــەرموێ : (شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ) الشورى/13 واتە : خوای گـــەورە لـــەو یاساو ئەحکامە دینییانەی بۆ ئێوەش کردۆتە بەرنامە کە نووحی پێ راســـپارد بوو ، هەروەها ئەوەش کە بە وەحی بۆ خۆت و بۆ ئیـــبراهیم و موســـاو عیساشی نارد ، کە : دینەکە پایەدار کەن و بیچەسپێنن و لە نێوان خۆتانـــدا جیاوازی و ناکۆکیتان تێ نەکەوێت [11].

ئەم ئایەتە پیرۆزە وەکو هەر ئایەتێکی تری قورئـــان ، هـــەم بـــۆ خـــۆی سەربەخۆیەو مانای سەربەخۆ دەبەخشێت ، هەم پەیوەستە بە ئایەتی پێـــش و پاش خۆیەوە . بۆیە لە لایەکەوە ئەوە باس دەفەرموێت کە کەس نییـــە لـــەو کەسە زاڵمترو تاوانبار تر بێت کە بەرەو ئیســـلامی بانگێشـــت دەکـــەن و ئیسلامی بۆ روون دەکەنەوە کەچی ئەو لە جیاتی ئەوەی بە دەنگییەوە بێت ، درۆو دەلەسەی بە دەم خوای پەروەردگارەوە هەڵ دەبەستێت ! ئاخر ئەگەر ئەو راست دەکات وخوای خۆش دەوێت ، ئەگەر راست دەکات وحەزی لە

---

[11] شایەتمان ( بەشی یەکەم لە بەرگی یەکەمی کتێبی الاسلام / سەعید حەووا ) وەرگێڕانی ئازاد بیلال ، بلاوکراوەی بنکەی دیدی نوێ / لقی دەرەوە ـ چاپی یەکەم / بەریتانیا 2005 لا 11ـ12 .

دینداریيه با پەیامەکەی خوا وەرگرێت ، نـــەک لـــەولاوە راوبۆچوونێـــک داتاشێت وبیداتە پاڵ پەیامی خوایی و خەڵکی پێ ئیغفال کات وبڵێ ئەمـــەش دینی خوایە ! دیسان ئایەتەکە بە ئایەتەکەی تری پێش خۆشیەوە پەیوەســـتە ، چونکە دەبێتە بەپەرچدانەوەیەکی بەنو ئیسرائیلییەکان کە سەییدنا عیسایان بە درۆ خستەوەو پەیامەکەی خوایان لێ وەرنەگرت ..

سەرنج بدە کۆتایی ئایەتەکەو ژانی ئیهمال کردنی ملهوڕان و ستەمکاران ، دەفەرموێ : (وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) یەعنی تا ئەوان پێیان تەنازول بێت ، بێن بەدەم ئەم دینەوە تا ئەوان سوور بن لەسەر ئەم هەڵوێستە موستەکبیرانەی خۆیان خوای گەورە ئەو رێنماییەی خۆییان لێ دەگرێتەوە .. تـــا ئـــەوان وا خۆیان نەسازێنن و مەرجەکانی دینداری و خواوویستی لە خۆیاندا نەهێننە دی ، خوای گەورە نایانهێنێتە ریزی ئەو موسوڵمانە پاکانەوە کـــە ســـیفەتەکانی رێنمایی خوایی و دینداریيان لە خۆدا چەسپاندووەو شایان بوون خوای گەورە هیدایەتییان بدات .. ئینجا بڕوانە : کە دەفەرموێ ( وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) واتە ستەمکارێتی لەم کۆمەڵە خەڵکەدا بۆتە پیشە ، بۆتە سیمای ناسینەوەی قەومییان !!

**ئایەتی هەشـتەم** : ( يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُـــورِهِ وَلَـــوْ كَـــرِهَ الْكَافِرُونَ ) ..

دوای ئەوەی خوای گەورە هەڵوێستی ئەو قەومەی بەنوئیسرائیلییەکانی لـــە بانگەوازی خوایی و پێغەمبەرێتی سەییدنا عیسا بەیان فەرموو ، ڕەنجـــی بـــێ سەمەرو هەوڵی نەزۆک و دۆخ وحاڵییانی بەم نموونەیە شـــوبهاند : کۆمەڵـــە کەسێک بەردەوام لەم سەر زەمینەوە فوو لەو خۆرە دەکەن کە نەوەدو ســـێ ملیۆن میل دوورە تا بیکوژێننەوە !! چ گەلۆرییەکە ؟!

یریدون : ئیرادە کە وویستە سەرەتای راپەڕاندنی بڕۆیارە ، چونکە پێش وویستن قۆناغی تر هەن ، بۆ نموونە کەسێک کە دەیەوێت دزییەک بکات ، پێش دەستکردنی بە کارەکە ئەم هەڵوێستانەی لا دروست دەبن : یەکەم : پێناسەی شتەکەو جوێ کردنەوەی لەوانەی نایەوێن . دووەم : حەز لێ کردنی . سێیەم : پێناسەکردنی بە دیدو بۆچوونی خۆی ( وەک ئەوەی ئایا چاکە یان خراپە ) چوارەم : پلان دانان بۆی . پێنجەم : بڕیاردانی ..

ئەم زاڵمانە وەک خۆشیان پەیامەکەیان وەرنەگرت ، بەرهەڵستیشیان کردو لەمپەری زێڕو زۆریشییان لەبەردەم خەڵکیدا دادەنا تا دینەکە تەشەنە نەکات ، بەڵام دینێک وەکو مەحوی شاعیری خواناسی کورد دەفەرموێ : ( نووری بێ چوونی موممیدی بێ .. ) خوای کردگارو بەدەسەلات ناردبێتی ، خوای بەهێزو کارزان لە پشتییەوە بێت ، چۆن بە کۆمەڵە خەڵکێکی پەراگەندەو گەندەڵ و کرمێ ـــ با هەموو رەنجیشیان پێکەوە بخەنە گەڕ ـــ لاواز دەبێت ، چ جای ئەوەی بکوژێتەوە !!

لامی لِيُطْفِؤُوا لامی جەخت کردنەوەیە ، بۆ تەئکید کردنە ، واتە بە تەئکید ئەوان ئەو هەموو فووە بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوە دەکەن کە کە نووری خوای پێ بکوژێننەوە ! چونکە ئەسڵی رستەکە ( یریدون أن یطفؤا ) ەو أن لابراوە ..

الإطفاء : ئیمامی قورتوبی دەفەرموێ : هەر بە مانای (اخماد)ە ، هەردووکیشیان بۆ کوژانەوەی ئاگرو ئەوی وەکو ئاگرە وەک تیشک و رووناکی ، بەڵام الإطفاء بۆ کوژاندنەوەی کەم و زۆر بەکار دێت ، کەوابوو ئەم گەوجانە کە بە هەموو رەنجی کۆمەڵکاریانەوە هەوڵ دەدەن هیچیان پێ ناکرێت چونکە خۆ ئەم نوورە خواییەو چرایەکی بەشەریی نییە تا بیکوژێننەوە ..

کەوابوو ئەم گێلە پیاوانە بە شێوەیەکی کۆمەڵکارانە رەنجێکی زۆرو بەردەوام دەدەن ، کەچی کەمێکیشیان لە نورەکەی خوای گەورە پێ ناکوژێنرێتەوە ! چ رەنجێکی بێ هودەیە !

ئەمە لە رەوانبێژی زمانەوانی عەرەبیدا پێی دەوترێت لێچواندنی ژیروانی بە هەستپێکراو (تشبيه المعقول بالمحسوس ) ئینجا بڕوانە کە دەفەرموێ : فووەکەیان بە دەم دەکەن ، ئەو پەڕی بێ بەرهەمی رەنجەکەیان دەردەخات ، ئەگەر فوو کردنەکەیان بە باوەشێن بوایە زۆرتر دەبوو ، کەمتریش ماندوو دەبوون ! بەڵام ئێستا هەم بە دەمەو هەم بەردەوامیشە !! شێوازی وێنە کێشی قورئان زۆر جوانە ، کە لەم ئایەتە تێ دەگەیت و چەند جارێک دەیخوێنیتەوە وات دێتەر بەرچاو کۆمەڵێک کەرپیاوی عینادو گەلۆر لەسەر پەرزاییەکەوە پێکەوە فوو لە خۆر دەکەن ، لە رقاندا رەش داگەڕاون ، لە رەنجیشدا سوور هەڵگەڕاون ! هەر بەردەوامیشن تا بەلادا دێن ، یان لە رق و رەشبینیی خۆیاندا دەکەونە کوشتنی ئەو کەسانەی کارەکەیان بە راست نازانن و هاوکارییان ناکەن ! یان ئەوانەی خوێنی خۆیان دەکەنە کاسەوەو پێیان دەڵێن: ئێمە ئەو نوورەمان پێ قبووڵە !!

لە لێچواندنەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەهلی باتڵ لەوە دڵنیان تا خەڵکی لە دین دوور بن ئاسانتر ئیستیغلال دەکرێن ، ئاسانتر دەترسێنرێن ، کەوابوو تا دنیا دوور لە دینی خوایی بە تاریکی بمێنێتەوە قازانجی ئەوانە ، بۆیە ئەوانیش ئاوا سوورن لەسەر ئەوەی بە کۆمەڵ و بەردەوام دژی ئەم دینە بووەستنەوەو فوو کەن !! بەڵام ئەمانە لە نەفامی و قین و عینادی خۆیانەوەیە کە بیر ناکەنەوەو دیدیان بەرفراوانتر ناکەن تا حەقیقەتی دینی خوا وەکو خۆی ببینن ناشیانەوێت ببینن ، بۆیە شایانی ئەوە نین خوای گەورەش هیدایەتییان بدات ..

ئینجا خوای گەورە ئەوەندەی تر ژانیان دەخاتە دڵەوەو ڕەشبینیان دەکات کە بە ڕستەی ناو ( جملة اسمية ) دەفەرموێ : ( وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ ) ڕستەی نـــاو هەم تەئکید دەبەخشێت هەم چەسپاوی و بەردەوامی ( الثبوت والدوام ) بـــەڵام لە سوورەتی تەوبەدا بە کردار دەفەرموێ ( يتم نوره ) کرداریش بـــۆ ڕوداوو دووبارە بوونەوەیە ( الحدث والتكرار ) .. کەوابوو تا ئەوان هـــەن بـــا هـــەر فووکەن ! خوای گەورە تەواوکاری نوورەکەیەتی ، تەواو کردن یەعنی هـــەم نوورەکەی زیاد دەکات ، هەم بەرەبەستەکانی ڕێی لا دەدات و ناهێڵێت ببنە سێبەرو بەربەستی گەیاندنی ! دەی ئەمە دوو لایەنی بەرامبەر ، بـــزانین کـــێ ماندوو دەبێت ، سەرەنجامی ئەم ململانێیە کـــێ دەکەوێـــت ؟! پێـــغەمبەری نازداریش لە یەقینی خواناسی خۆیەوە دەفەرموێ : ( واللهِ لَيُتَمَّنَّ هذا الامرُ حَتَّـــى يَسيرُ الراكِبُ مِنْ صَنْعَاءالى حَضْرَمَوتَ لا يخافُ الا اللهَ والذِّئبُ عَلَـــى غَنَمِـــهِ وَلكِـــنَّكُم تَسْتَعْجِلُونَ ) صحيح البخاري /كتاب الاكراه واتە : خوای گەورە ئەم دینەی خـــۆی هەر دەگەێنێت ، تا وای لێ دێت سورا لە سەنعاوە ( پایتەختی یەمەنی ئێستایە) دەچێت بۆ حەزرەمەوت ( پایتەختی ئێستای سەڵتەنەتی عومانە ) لە هیچ شتێک لە غەیری خوا ترسی نییە ، گورگیش بەسەر مەڕەکانیەوە دەبێت ( بە دەردی کورد دەڵێت : گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە ) بەڵام ئێوە پەلە دەکەن

لە کۆتایی ئایەتەکەشدا ئەوەندەی تر ڕقیان هەڵدەستێنێت ، تا تووڕە تر بن و ئەوەندە فوو بکەن ، گێپەڕەی ملیان بتەقێت ! بۆیە دەفەرموێ : ( وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ) واتە : با کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت ، هـــەر بـــە کوێـــرایی چاویان خوای گەورە خۆی تەواوکردنی نوورەکەی ئەنجام دەدات ! کافریش لێرەدا لەو کاتەدا مەبەست لەوانەی ئەهلی کیتاب بووە چونکە لـــە ئایـــەتی دواتردا دەفەرموێ بە کوێرایی چاوی موشریکەکان ، کە عـــەرەباکانی ئـــەو

سەردەمە بوون ، بێگومان ئەم لێکدانەوەیەش رێی ئەوە ناگرێت کـــە مانـــای ئایەتەکە گشتییەو خوای گەورە دینەکەی خۆی بە کوێرایی چاوی کافران و موشریکان و دوورِووان و هەموو دوژمنانی خوا بە سەرانسەری سەر زەمین و لە هەموو کات و شوێنی هەموو نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا هـــەر دەگەیێنێـــت ، مەگەر ئەم ئینتەرنێتەی سەردەمی ئێمە رێگایەکی ئەو گەیاندنەی نییە ؟! کـــە ئیسلامی بە هەموو زمانێک بردۆتە هەموو ماڵێکەوە ..

قورئان خوێنە بەناوبانگەکانی وەکو نافیع و ئەبو عەمرو ئیبنو عامرو ئـــەبو بەکر لە عاسمەوە گێڕاویانەتەوە کە بە ( مُتِمٌ نُورَهُ ) خوێندویتییەوە . واتە بـــە تەنووین لەسەر میمی دووەمی متم و منصوب بوونی نور ، بـــەڵام کیســـائی و حەفس و خەلەف بە بێ تەنووین خوێندوویانەتەوە ..

* * *

**ئایەتی نۆیەم** : ( هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ) .

خوای گەورەیە کە محمدی صلی الله علیه وسلم بە پێغەمبەرێتی ناردووە ، رێنمایی ئەوی پێیە کە قورئانەکەیەتی ، دینی راستی هێناوە کە ئیسلامە ، حەتمەن هەر بە بەڵگەی بەهێزو نیشانەی بە پێز بالادەستی بەسەر هەموو دین و بەرنامەیەکی تریدا زاڵ دەکات ، جا با موشریکەکان هەر پێیان ناخۆش بێت ، خوای گەورە ئەم دینە سەردەخات ..

لە ئایەتی رابوردوودا خوای گەورە فەرمووی بە کوێرایی چاوی کافران ( کە زیاتر مەبەستی ئەو سەردەمەی ئەهلی کیتابەکان بوو واتە مەسیحیی و جولەکەکان ) لێرەشدا بە کوێرایی چاوی ئەو عەربانەی کە هاوەڵیان بۆ خوای تاک و پاک دادەنا ، بەڵێن دەدات کە دینەکەی خۆی بەسەر هەرچی دین و مەزهەب و بەرنامەو بیروباوەڕێکدا هەیە ، سەردەخات .. ئیمامی الجصاص لە تەفسیرەکەیدا ( أحكام القرآن ) دا دەفەرموێ : ئەمە یەکێکە لە موعجیزەییی قورئان ! ئەو سەردەمەی وای دەفەرموو جولەکە هەموو دەسەلاتێکی ئابووری هەبوو ، دیانەکانی نیوەدۆرگەی عەرەبی و یەمەن و شام بالادەست بوون و هەر ئەوان حوکمییان دەکرد ، ئەو سەردەمە تەنانەت سابیئەی عێراق و مەجووسیی ناو فارس و بتپەرستی وولاتی سیندیش باویان بوو ، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوو کە موسوڵمانان زۆر موستەزعەف بوون ، هێشتا سەرەتای سەلماندنی بوونی خۆیان بوو لە مەدینە ، هێشتا غەزاکان دەستی پێ نەکرا بوو .. ئالەم ساتە وەختەدا خوای گەورە دەفەرموێ : ئەم رێنماییەی خۆم ، ئەم دینەی خۆم ، بە سەرانسەری ئەم جیهانە پان و پۆڕە دەگەێنم ..

جا بڕوانە هێنانە دی ئەو بەڵێنەش ! ئەندۆنیسیایەکی دووسەد ملیۆن موسوڵمانی ــ دوای فەزڵی خوای گەورە ــ بەرهەمی بانگەوازی چەند بازرگانێکی یەمەنی و هیندییە !! مسوڵمانانی ئەمڕۆ ملیارێک وسێ سەد ملیۆنن ، ئەوی لەسەردەمی غەزاو جیهاددا هاتوونەتە ئەم ئیسلامەوە ناکەنە باب و باپیرانی دووسەد ملیۆن کەسی ئێستا ! ئەدی ئیسلام چۆن ئاوا تەشەنەی کردو پەرەی سەند !! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم بەڵێنانە هی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی نین ..

ئیمامی قورتوبی دەفەرموێ : دەرخستن و سەرخستنی دینەکە هەر بەردەوام دەبێت تا هەر هەموو سەرزەمین دەگرێتەوە ، چونکە حەدیسی سەحیح هەیە کە باس لە هاتنی سەییدنا عیسا دەکات کە دێتە خوارو نوێژ لە دوای مەهدی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەوە لە قودس دەکات .. ئەو کاتەش جەنابیان خاچ دەشکێنن و بەراز دەکوژن و شەراب دەڕێژن ، حوکمیش بە شەریعەتەکەی محمد صلی الله علیه وسلم دەکات .. ئەو زەمانە کافر نامێنێت . وەک دەفەرموێ : ( يَنْزِلُ فيكم ابنُ مريمَ حَكَماً عَدْلَاً وإمَامَاً مُقْسِطَاً ، فَيَكْسِرُ الصَّلِيبَ ويَقْتُلُ الخِنزِيرَ ويَضَعُ الجْزيَةَ ) واتە کوڕەکەی مەریەم دێتە خوارەوە بۆ ناوتان ، حاکمێکی دادپەروەو پێشەوایەکی سەرڕاست دەبێت ، خاچ دەشکێنێت و بەراز دەکوژێت و جزیەش لەسەر ئەو کەسانە دادەنێت کە ئەهلی کیتابن و موسوڵمان نابن ..

ئەمە مانای وا نییە هیچ دینێکی تر شوێن کەوتووی نامێنێت ، چونکە ئەحکامی شەرعی دەربارەی ئەهلی کیتاب هەندێکیان ئایەتی قورئانن و حەتمەن هەر بۆ حوکم پێ کردنی دەمێننەوە .. والله اعلم .

دەرخستن و سەرخستنی ئەم دینە زۆر رۆشنە ، کە زاڵ بوونی بەسەر دینی ئەهلی کیتابدا ئاوا ئاسان بێت ، کە کام پاپاو پیاوی دینییان هەیە ناتوانێت بێتە موناقەشەی ! بە دەیان پیاوی دینی مەسیحی و جوو بوونەتە موسوڵمان ، بەڵام نەبووە زانایەکی ئەهلی ئیسلام بووبێتە جولەکە یان دیان !!

بەسە بۆ گەورەیی و سەرکەوتوویی ئەم دینە کە هەرچی دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەیە ، لەگەڵ هەرچی حاکم و عالەمانی مورتەددی وولاتی موسوڵمانان هەیە ، هەر هەموویان رۆژانە لە رەنجی بەرەنگاری و بەربەست کردنی بانگەوازی ئەم دینەن ، کەچی هەر رەنج بە خەسارن ! لە کاتێکدا ئەم بانگەوازە نە حوکمی بەدەستەوەیەو نە پاپاو فاتیکانێکیشی هەیە ! ئەوانەش کە بەیداخەکەیان بە شەکاوەیی هەڵگرتووە ، هەموو یان راکردوون ، یان لە زیندانن ، یان ئەوەندە موستەزعەف کراون ، شەوورۆژ بە دووی نان و ئاوی چیانیاندا وێڵن ، کات و پارەیەکی وایان بۆ بانگەوازەکەیان بۆ نامێنێتەوە !! کەچی ئەم دینە هەر لە برەودایە .. مەگەر لەبەر ئەوە نییە کە خوای گەورە خاوەنێتی ؟!

* * *

## دەرسی چوارەم

## ئایەتەكانی 10 و 11 و 12 و13

( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (10) تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (11) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (12) وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (13) ) .

## مانای گشتی ئایەتەكان

( 10 ) ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! ئەرێ رێی بازرگانیەكتان نیشان دەم كە لە سزایەكی پڕ ئێش و ژان قوتارتان دەكات ؟!

( 11 ) ئەو رێیە بریتییە لە باوەڕهێنانتان بە خوا وبە پێغەمبەرەكەی ، ئینجا جیهاد كردنتانە بە بەخشینی سامان و گیانتان لە رێ ی خوادا ، گومان نا ئەو كارەتان چاكتر و بەفەڕ ترە بۆتان ئەگەر پەی پێ بگەن و بزانن .

( 12 ) لە بەرامبەر ئەو باوەڕو جیهادەتاندا خوا لە گوناح وتاوانەكانتان دەبووڕێت و دەتان خاتە باخ و باخاتانێكەوە كە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەكانیدا تێدەپەڕێت ، هەروەها كۆشك و تەلارە ڕازاوەكانی بەهەشتی عەدنتان پێ دەبەخشێت كە بەهەشتێكی هەمیشە بەهارە ، نا ئەوەشە سوودو سەرفرازی و ئاسوودەیی .

( 13 ) دوای هەموو ئەوانەش ، شتی ترتان پێ دەبەخشێت كە خۆتان حەزی لێ دەكەن ئەویش بەخشینی سەركەوتنی نزیكی خوایی و دەسەلاتی هێزو زاڵی ئازاد كردنی خەڵك و وولاتانە ، دە تۆش ئەو مژدەیە بە موسوڵمانان بدە ..

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی دەیــەم** : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ) .

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێــناوە ، هــۆ موســوڵمانینە ! ئــەرێ رێــی بازرگانیەکتان نیشان دەم  کە لە سزایەکی پڕ ئێش و ژان قوتارتان دەکات ؟!

ــ کە یاوەران ــ خوا لێیان رازی بێــت ــ بــەردەوام لــە پێــغەمبەری پێشەوایان صلی الله علیه وسلم دەپرسی کە چ کارێک لە هەموان چاکترە لای خوای پەروەدگار تا ئەنجامی بدەن ، ئەم ئایەتە لە وەڵامیاندا هاتــەخوارەوە . کە جیهاد کردن هەم بۆ ئێوە بازرگانیەکی بەسوودە ، هەم کارێکیشە کە لای خوای گەورە خۆشەویستە ، ئەمە بە شێوەیەکی گشــتیە ، بــەڵام ئیمــامی قورتوبی لە موقاتلەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو کەسەی کە پرسی و یەکسەر دوای ئەو ئەم ئایەتە لە وەڵامیدا هاتە خوارەوە عُثْمَان بْن مَظْعُون بــوو ، قورتــوبی دەفەرموێ : ( قَالَ مُقَاتِل : نَزَلَتْ فِي عُثْمَان بْن مَظْعُون ؛ وَذَلِكَ أَنَّهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّــه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : لَوْ أَذِنْت لِي فَطَلَّقْت خَوْلَة ، وَتَرَهَّبْت وَاخْتَصَيْت وَحَرَّمْت اللَّحْم ، وَلَا أَنَام بِلَيْلٍ أَبَدًا ، وَلَا أُفْطِر بِنَهَارٍ أَبَدًا ! فَقَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( إِنَّ مِنْ سُنَّتِي النِّكَاح وَلَا رَهْبَانِيَّة فِي الْإِسْلَام إِنَّمَا رَهْبَانِيَّة أُمَّتِي الْجِهَاد فِي سَبِيل اللَّه وَخِصَاء أُمَّتِي الصَّوْم وَلَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَات مَا أَحَلَّ اللَّه لَكُمْ . وَمِنْ سُنَّتِي أَنَام وَأَقُوم وَأُفْطِر وَأَصُوم فَمَــنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي ) . فَقَالَ عُثْمَان : وَاَللَّه لَوَدِدْت يَا نَبِيّ اللَّه أَيّ التِّجَارَات أَحَبّ إِلَى اللَّه فَأَتَّجِر فِيهَا ؛ فَنَزَلَتْ . وَقِيلَ : " أَدُلّكُمْ " أَيْ سَأَدُلُّكُمْ . وَالتِّجَارَة الْجِهَاد ؛ قَــالَ اللَّه تَعَالَى : " إِنَّ اللَّه اِشْتَرَى مِنْ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسهمْ وَأَمْوَالهمْ " / التوبة : 111 . وَهَــذَا خِطَاب لِجَمِيعِ الْمُؤْمِنِينَ ) سەییدنا عُثْمَان بْن مَظْعُــون تەشــریفی هێــنایە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر جــەنابت رێم بدەیت خەولەی خێزانم تەڵاق دەدەم و خــۆم دەخەسێــنم و دەکەومــە

خەڵوەت و گۆشتیش لە خۆم حەرام دەکەم و شەوانیش بـۆ شـەو نوێـژان ناخەوم و بەرۆژیش بەڕۆژوو دەبم ! پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرمووی : (خێزان پێکەوەنان داب ودەستوری منە ، راهیبگەریتی ( خەڵوەکێشان ) لـە ئیسلامدا نییە ، روهبانێتی ئیسلام جیهادە لە پێناوی خوادا ، خـۆ خەسـاندنی ئوممەتەکەی من رۆژوو گرتنە ، ئێوە شتێکی حەلاڵ لە خۆتان حەرام مەکەن کە خوای گەورە بۆی حەلاڵ کردوون ، لە دابو دەستووری من ئەوەیە کـە ئەشخەوم و هەڵیش دەستمەوە ، بەرۆژووش دەبم و دەشی شکێـنم ، هـەر کەس لە داب و دەستووری من دەرچێت لە من نییـە . سـەییدنا عوسمـان فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا حەز دەکەم بزانم داخۆ کام بازرگانی کـردن لای خوا زۆرتر پەسەندەو پێی خۆشە تا ئەو بکەم ، ئەوجا ئەو ئایەتـە هاتـە خوارەوە ، کە بازرگانێتیەکە روون دەکاتـەوە ، أَدُلّكُمْ " أَيْ سَأَدُلُّكُمْ . وَالتِّجَارَة الْجِهَاد ، واتە نیشانتانی دەدەم ، یەعنی دواتر نیشانتانی دەدەم و پێتان رادەگێنم ، بازرگانیەکەش : جیهادەکەیە ، چونکە ئەوەتا خوای گەورە دەفـەرمویّ : خوای گەورە گیان و سامانی موسوڵمانان هەر لە خۆیان دەکڕێتەوە ، ئەمەش رووەورووی هەموو موسوڵمانانە .. ) .

ـــ بازرگانی : ئاشکرایە کە سەرمایەکت بەدەستەوەیەو دەتەوێت لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتندا هەڵی سوڕێنیت تا قازانج بکەیت و سامانەکەت زیاتر بێت ، ئەم مانایەش لە چەندین جێی قورئاندا هاتووە ، وەک : ( فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ) البقرة / 16 یان ( إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْـنَكُمْ ) البقرة/ 282 یـان : (وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا ) التوبة/ 24 یان ( يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ ) فاطر / 29 ..

ـــ تُنْجِيكُمْ بە سکونی نوونەکەی خوێندراوەتەوە لە الْإِنْجَاء ەوە هاتووەو بـە تُنَجِّيكُمْ یش خوێندراوەتەوە کە لە التَّنْجِيَة وە هاتووە .

**ئایەتی یازدەیەم** : ( تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ )

_واته : ئەو رێیە بریتییە لە باوەڕهێنانتان بە خوا وبە پێغەمبەرەکەی ، ئینجا جیهاد کردنتانە بە بەخشینی سامان و گیانتان لە ڕێ ی خوادا ، گومان ئا ئەو کارەتان چاکتر و بەفەڕ ترە بۆتان ئەگەر پەی پێ بگەن و بزانن .

ـ لە سەرەتای ئایەتەکەدا بە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بانگیان دەکات ، کەچی هۆکاری قوتاربوونیشیان لێ دەکاتەوە بە (تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ) چونکە ئەو کەسەی دەتوانێت خۆی لە ریزی ئەهلی جیهاددا راگرێت نابێت ئیمانەکەی هەر ئیمانێکی مەعریفی بێت ، ئەوە خۆی لەبەر قورسی جیهاد ناگرێت و زوو بە فێڵی نەفسی خۆی و قسەو قسەڵۆکی غیرت خەساوان و واتەواتی دوژمن فریوو دەخوات ، ئەمما ئەو کەسەی خوای ناسیووە ، ئینجا لە خۆشەویستیدا پەرستوێتی و بە ئومێدی سەرفرازیی و رووسووری لای ئەو ئاوا پابەند بووە بە شەریعەتەکەیەوەو خۆی لەسەر سیرەو رەوشتی پێغەمبەران پەروەردە کردووە ، ئا ئەوە جیهادی پێ دەکرێت ! ئەوە ئیمانەکەی دوو توێیە ، دەبڵە ، ئەمما ئەوەی یەکەم یمانەکەی مادام هەر زانیارییەو رۆحی پێ نەکەوتۆتە نەشونماو بۆ دیداری خوای خۆشەویست گەشکە ناگرێ ، چۆن خۆی لەبەر ئەم هەموو کوێرەوەریەی رێی جیاددا دەگرێت ، با سەری خۆی شۆڕ کات و بە قسەی زل نە خۆی فریوو داو نە ئەمیرێکیش هەڵخلیسکێنێت ..

ـ بەخشینی سامان و ماڵیانی پێش نەفسیان خستووە ، لە هەموو قورئاندا هەر وایە جگە لە یەک جێگای سورەتی التوبە کە لە ساتەکانی غەزادا دابەزیووەو کە باسی بەیعەت و هاندانیانە لەسەر زۆرترین قازانج گیانی پێش ماڵیان

خستووە ، هەروەکو بیەوێت پێیان بفەرموێ : دەی ئەوە هەلێکی بازرگانیەو بۆم رەخساندووم ، کام شتەی زۆر بە نرخە ئەویان خێرا بفرۆشن تا سودێکی زیاتر بکەن : ﴿إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾التوبة/111 ئاشکرایە کە ئەو کەسەی بەیعەتی مردن بە خوای گەورە بدات ، سامانەکەی لا بێ بایەخ دەبێت ، جا کە من ئامادەبم رۆحم ببەخشم ، سامانەکەم چییە ؟! جا سامانەکەش کە بە خوای گەورەی دەفرۆشێت ، هەر دەبێتەوە مایەی بەهێز کردنەوەی جیهادەکە ! ئەمما لێرەدا لە سورەتی سەفدا ، بۆ روون کردنەوەی تەرتیب وریزبەندی بابەتەکەیە ،بۆیە سامانی پێش نەفس باس فەرمووە . لە 2003/3/21 دا لە بیارە ، کابرایەکی سعودی ( یاسین البەحر ) رەحمەتی خوای لێ بێت لە دەوڵەمەندیی سعودیەوە هاتووە بۆ بیارەیەکی داماو کە ئاوی خواردنەوەی نەبوو ! لە کەعبەی پیرۆزو مەدینەی منەووەرەوەو لە ناو عەرەبی قەومی خۆیەوە ، هاتۆتە ناو قەومێکی کورد کە زاری عامی عێراقیش نازانن ، ئەم پیاوە خۆی ناونووس کردبوو بۆ چالاکی ئیستیشهادی ، خۆی سەیارەکەی کڕی ! کە بۆ گیانی خۆی مینڕێژیان کرد ! پێش ئەوەی بۆ چالاکیەکەی بڕوات ، پێنج هەزار دۆلاری پێ مابوو ، دای بە ئەمیری ئەنسارولاسلام و دوایش رووی کردە پێشمەرگە داماوەکانی ئەنسارو ووتی کامتان پێڵاوەکەی زۆر شڕۆڵە بمداتێ با بۆی بگۆڕمەوە بەوەی پێم کە چاکەو تازە کڕیوومە !! ئینجا رۆیشتە دوو رێیانەکەی گردی گۆڕو خۆی بە سەربازە سەلیبییە ئەمریکایی و یەکێتیە کافرەکاندا تەقاندەوە ! ئەمە بازرگانە ، ئەمە

خاوەن ئیمان و جیهادە ، عززەتی دینەکەش بەم جۆرە غیرەتانەیە بۆیە شـــایانی ئەو ( يَغْفِرْ لَكُمْ ) ەن .

ــ زەمەخشەری لایەنگری الفــەڕائی زمانـــەوانو موفەسســـیر دەکـــات و دەفەرموێ : باوەڕو جیهادەکە لێکدەرەوەی بازرگانیەکەن چونکە بە دوایاندا لە ئایەتەکەی دواییدا ( يَغْفِرْ لَكُمْ ) هاتووە ، یەعنی : ئایا بازرگانیەک هەیـــە ، کە زۆر بەسوودە ، دەتانەوێت بیکەن ؟! چونکە حەتمەن وەڵامەکەی ئـــەوە دەبێت : بەڵێ بەڵێ جا بۆ نایکەین ؟! ئینجا باسی شمەکی بازرگانیەکە دێـــت باوەڕو جیهاد بە لێخشبوونی خوای گەورە ، دەی فەرموون ..

ــ الززەججاجی زمانەوانیش نوکتەیەکی جوانی هەیە دەفەرموێ : خۆ هـــەر بەوەندەی کە بۆی روون کردنەوە کە بازرگانیە بەسوودەکە چـــییە ، کـــە دەیانگەێنتە رەزامەندی خوای پەروەردگار ، مانای وا نییە ئیتر لێیان خـــۆش بووە ، نەخێر ، خۆ دەبێت باوەڕەکەیان بە قەناعەتەوە بهێنن و موماڕەســـەی جیهادەکەش بکەن ، ئینجا شایانی ( يَغْفِرْ لَكُمْ ) دەبن ..

ــ ئیمامی بەیزاویش دەفەرموێ : ( تُؤْمِنُونَ ) ، ( تُجَاهِدُونَ ) کە فەرمانی خواین ، لێرەدا بە شێوازی خەبەر هێناونی ، بۆ روون کردنەوەی ئەو خاڵەیە کـــە : ئەو دوانە شتێک نین واز لێ بهێنرێن !! یەعنی ئەوی ئیمـــان دەهێنێـــت بـــا بشزانێت کە جیهادێکیشی لەسەر فەرز دەبێت ! با وا نەزانێت دینـــداری و ئیسلامەتی قسەی بەر سێبەری دارگوێزە !

ــ شێخی شەنقیتی دەفەرموێ : خوای گەورە لە قورئاندا کەباسی بازرگـــانی دەکات باسی قازانج و زینەکەشی دەکات ، لێرەدا باسی قازانجە گەورەکەی دەکات ، ئەوە بزانە لە هەر شوێنێکدا باسی زیانی بازرگانی کرد ئەوە لەبـــەر نوقسانی ئیمان و جیهاد واز لێ هێـــنانەکەیە ، بزانـــە چـــۆن لـــە بەقـــەرەدا

دەفەرموێ: ( أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ) البقرة / 16 .

ـ ( ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ) زەمەخشەری دەفەرموێ : یەعنی هەر ئەوەی کە بزانن ئەو بازرگانیەتان چاکە ، شتێکی چاکە .. یەعنی ئەم پەی پێ بردنەتان ، ئەم ئەقڵ پێ شکانەتان کە باوەڕو جیهاد بە ڕەزامەندی خوای گەورە دەفرۆشرێن ، ئەمەش بازرگانیەکی بە ڕەواج وبەسوودە ، ئەمە خۆی لە خۆیدا چاکیەکەو دەستان کەوتووە : (خَيْرٌ لَّكُمْ ) چونکە ئەگەر بازرگانێک قازانجەکەی خۆی درک پێ کرد ، هەوڵی بۆ دەدات و بە دوایدا وێڵ دەبێت ! نابینیت کابرای قاچاخچی کە دەزانێ قازانجەکەی زۆرە چۆن خۆی بە ئاگری کەمین و پاسەوانادا دەکات و سنورە خەتەرەکان دەبڕێت ؟!

* * *

**ئایەتی دوازدەیەم** : ( يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ )

واتە : لە بەرامبەر ئەو باوەڕو جیهادەتاندا خوا لە گوناح وتاوانەکانتان دەبووریێت و دەتان خاتە باخ و باخاتاێکەوە کە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا تێدەپەڕێت ، هەروەها کۆشک و تەلارە ڕازاوەکانی بەهەشتی عەدنتان پێ دەبەخشێت کە بەهەشتێکی هەمیشە بەهارە ، ئا ئەوەشە سوودو سەرفرازی و ئاسوودەیی .

ــ ئەو لێخۆشبوونەی لەم ئایەتەدا هاتووە ، دەسکەوتی باوەڕ هێنان و پابەندی و جیهاد کردنەکەیە ، ئەمە وەکو هاوکێشەیەکە کە ئەگەر باوەڕو جیهاد بەوسەرییەوە کرا ، لێخۆشبوونی خوای گەورەش بەم سەریەوە حازرە .. لێخۆشبوونی خوای گەورە خەڵاتێکی دەروونییە ، لە بیرۆکەی دەروناسیی ماسلۆدا کە پێی دەوترێت هەرەمی ماسلۆتێربوونی حەزی دەروونی لوتکەی پێداویستیەکانە ، بۆیە هەمیشە لە قورئاندا لێخۆشبوونی خوای گەورە پێش خەڵاتەکانی جەستە دێن ، چونکە لە دنیادا هەزاران کەس هەن کە جەستەیان دەخەنە بەر سەدان کەندو کۆسپ لەبەر خاتری تێر کردنی حەزی دەروونیان ، جا ئەو حەزە خوار بێت وەکو لووت بەرزی و هەراڵیی و خۆدەرخستن و .. هتد یان راست بێت وەکو قەدر زانینی ناو کۆمەڵگە ، لەمەوەی کە کەسانی وا هەن کە خەڵاتێکیان بە دیاری بۆ دەبەیت ، ماهییەت و بەهای خەڵاتەکە ئەوەندە ناخوێنێتەوە بەقەدەر ئەوەندەی کە لایەنی مەعنەویی دیاریی بۆ هێنانەکە دەخوێنێتەوە ، هەشە بە پێچەوانەوە ، سەرۆک کۆمارێک خەڵاتی بکات ، هەر چاوی لەوەیە خەڵاتەکە بایی چەندە ! خوای گەورەش لە خەڵاتی خۆیدا هەمیشە هەردوو جۆرە دەروونەکەی رەچاو کردووە ، تۆ

خاوەنی کام نەفسیەتە بیت ، خەلآتی شـیاوی خـۆت وەردەگریـت و لـە جۆرەکەی تریش مەحرووم نابیت ، ئەمەش گرنگە ! ئەوەی تر پێت یەکـەم وەری دەگریت ، ئەوەی کەسانی تر پێیان یەکەمە ئـەویش وەردەگریـت ، یەکەمیان بۆ تێرکردنی حەزەکەی خۆتە ، دووەمیان بـۆ تێـرکردنی چـاوی خەڵکییە بەرامبەر بە مەنزیلەی تۆ لای خوای گەورە !! بۆیـە لێرەشـدا ــ وەکو شوێنەکانی تری قورئان ــ خاوەن حەزە دەرونیەکان بێ خەم دەکات و لەزەتەکانی جەستەشیان دەخاتە بەر دەست .. دەفەرموێ : ( وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ ) بەهەشت ، دوای قوتاربوون لە تـرس و بیمـی مەحشـەرو موحاسـەبەی کردەوەکان ! ئینجا رەزامەندی خوای گەورەو ئینجا بەهەشت ، بە هەرچیی لەزەتێکەوە کە لە دنیادا حەزی لێیان بوو ، بەڵآم لەبەر خاتری خوای گەورە تا شەهید بوو ، خۆی لێ دەگرتـەوە ! ئەمـەش هـەر لایەنێـکی دەروونی کاریگەرە ، یەعنی : ئەی موجاهیدی بەرێزی ریزی سـەفە خۆشەویسـت و سەربازە وونەکەی رێی من ، ئەی ئەوەی لە دینادا خۆت لەبەر خاتری مـن مەحرووم دەکرد ، دە ئەوە بەهەشت ، برۆ هەرچی بە خەیاڵتـدا دەهـات و دێت و نایات ، برۆ لەوێ لەزەتی خۆتی لێ ببینەو لێشی بێ خـەم بـە کـە نەبڕاوەیە .. برۆ ئەو تالارو کۆشکانەی خوای گەورە دەرهەقیان دەفـەرموێ (وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً) لە بەهەشتێکی نەبڕاوەدا ( فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ) ..

لە ژیانمدا نەمدیی ، نەمبیست ، نەمخوێندەوە یەکێک ــ هەر چەند گـەورە بووبێت ــ دڵی بۆ ئەم لەزەتانە نەشنا بێت ، ئەوی لە خانووی قوڕدایەو ئەوی لە خۆشترین ڤیللای سەر دەریای سپی ناوەڕاستە هەر حەزی بـە کۆشـکی خۆشە ، حەزی بە حەوزی ئاوو جۆکەو باخ وباخاتە ، حەزی بە خـواردن و خواردنەوەو پۆشاکی نوێی نایاب و دەگمەنە ، حـەزیی لـە هاوسـەریی و

هاوڕازیی و هاوجێیی ئەو کەسەیە کە لە خەیاڵیدا سیفەتەکانی پێ نموونەیین ! ئەمە حەزی دنیایی هەموو کەسێکن ، بەڵام هەندێ کەس لە سەفای رۆحیـــی خۆیدا یان لە عیززەتی کۆمەڵایەتیاندا ، یان لە گیانی بەخشـــینیاندا گـــەورەتر دەبن و حەزەکانیان بۆ شتی گەورەتر لە دڵیاندا یان لە کۆمەڵگەکەیانـــدا بـــە خەڵکی تری خوار خۆیان دەبەخشن ..

سەیری ئەم ریزبەندییە دەروونی و جەستەییەی لەم ئایەتەدایە : ( ئەمان ) بـــە رزگاربوون وبێ خەم بوون لە ترس ، ( تەقدیر ) بە لێخۆشبوونی خواو خەڵات و گەشەی رۆح ! ( سوکنایی و ئاسوودەیی ) بە چوونە بەهەشت وحەزی دڵ ئینجا تێربوونی لەزەتەکانی جەستە ، هەر هەموو جەستە !! لە بەهەشتێکیشـــدا کە هیچ نازو نیعمەتێکی ، نە هی رۆح ، نە هی دڵ ، نە هی جەستە ، کۆتایی نایات !! ئا ئەمەشە سەرفرازیی : ( ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ) ..

* * *

**ئایەتی سیازدەیەم** ( وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ )

واتە : دوای هەموو ئەوانەش ، شتی ترتان پێ دەبەخشێت كە خۆتان حەزی لێ دەكەن ئەویش بەخشینی سەركەوتنی نزیكی خوایی و دەسەلاتی هێزو زاڵی ئازاد كردنی خەڵک و وولاتانە ، دە تۆش ئەو مژدەیە بە موسوڵمانان بدە ..

ــ الفەرائی زمانەوان و الاخفەشی رێزمانەوان دەفەرموون : (وَأُخْرَى ) پەیوەستە بە خەلاتەكەی خوای گەورەوە كە لێخۆشبوونەكەیەتی ، بەلام ئەوەیان لە رۆژی دواییە ، بۆ دنیاشیان سەركەوتنی خۆی دەكاتەوە پاداشتی نزیكیان ! ( نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ) .. ئەم نەسرو فەتحە راڤەی ( وَأُخْرَى ) دەكەن ..

ــ یەكەمجار خوای پەروەردگار بۆ پەروەردە كردنی موسوڵمانان ، هۆشیان هەموو دەخاتە سەر نییەتەكەیان كە جیهادەكە لە پێناوی خوادا بكەن ، با بە ئومێدی خەلات و پاداشتی ئەو بچنە مەیدان ، ئەمما سەركەوتنی دنیایی ، ئەوەشیان بۆ روون دەكاتەوە كە لەویش بێ خەم بن ، راستە ەر دەبێ جیهادەكە بۆ ئاخیرەتی خۆتان بكەن ، بەلام لەوەش بێ ئومێد مەبن كە لە دنیاشدا بەرهەمی رەنجی خۆتان نەبینن ! بۆیە دوا بە دوای باوەڕو جیهادو لێخۆشبوون و لەزەتەكانی رۆح و دڵ و جەستە ، لەمەش بێ خەمیان دەكات كە سەركەوتنیش نزیكەو خێرایەو ئاسانە ، دوای ئەویش فەتحی بە دوادا دێت ، ئەمەش وەكو ئەو ئاەتەی ترە كە دەفەرموێ : ( قَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ) التوبة : 111 واتە كە دەچنە جەنگ و جیهادەكەیان ، دەشكوژن و دەشكوژرێن ، با هەر وا نەزانن كە هەر دەبێ بكوژرێن ، نا ئەمان ئەوان دەكوچن و سەردەكەون ..

ــ ئیمامی ئیبنو کثیر دەفەرموێ : یەعنی ئەگەر ئێوە لە پێناوی مندا جیهادتان کردو دینەکەی منتان سەرخست ، ئەوا منیش زیادەی ترتان لەوەی کە خۆتان پێتان خۆشەو عەودالێین ، پێ دەبەخشم ، یەکێک لەوانە سەرکەوتنێکی خێراو ئاسانە !

ــ سەرکەوتنەکەش لە لایەن خواوەیە ، کەوابوو لەوە دڵنیابن کە خێراو ئاسانە ! ئەمەش مەرجی نێوان خوای گەورەو موسوڵمانە : ( وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ ) **الحج/40** یان : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ) **محمد / 7** .. ئێوە دینی خوا سەرخەن ، حەتمەن ئەویش ئێوە سەردەخات ! دوای بردنەوەی ئەنجامی شەڕو زاڵ بوون ، فەتحیش دێت ! تەسدیقی ئەمەش وا لە چیرۆکی تالووتدا لە سورەتی بەقەرەدا کە چۆن خەڵکێکی بەنی ئیسرائیلی لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ بەرگریی لە خۆیان چوونە جیهادو ئارامیان گرت ، ئەنجامەکەی : کوشتنی فەرماندەی دوژمن ( کە ناسۆرو کەسەر دەخاتە دڵی دوژمنەوەو تۆش دەستی سەرفرازیی بەسەر سینەی بورکانیتدا دەهێنێت کە هێدیی بۆتەوە : ( قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ ) **التوبة/ 14** ئینجا سەرکەوتن و زاڵ بوون ، ئەمەش یەعنی سەربەزری و غەنیمەت ! ئینجا پاش هەموو ئەمانە دەسەڵات و حوکم ! : ( فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء ) **البقرة / 251** ..

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

1ــ ــ سەيید قوتب دەفەرموێ : سەیری کە خوای گــەورە پرســیارەکەی خۆی کردوو بە ئایەتێک ؟! : ( رێی بازرگانیەکتان نیشــان دەم کــە لــە سزایەکی پڕ ئێش و ژان قوتارتان دەکات ؟! ) جا کێ هەیە بۆ ئەو وەڵامــە نەفڕێت ؟! وەڵامێک خوای گەورە خۆی دیاری کات کــە دەبێــتە هــۆی قوتاربوون ! قوتاربوون لە سزاو ناسۆری بەژان ! ئینجا لەو کاتەی کــە دڵ رادەچەنێ و هۆش ووریا دەبێتەوەو گۆش چاوەڕێی قۆستنەوەی وەڵامەکەیە ، ئاسان دێت : ( تُؤْمِنُونَ ) ! ئێ خۆ ئەمان خۆیــان موســوڵمانن ! کــەوابوو بەڕاستی قازانجەکە مسۆگەرە ! بەڵام نا ، خۆ باوەڕیش داواکــاریی هەیــە ، یەکێکیان : ( وَتُجَاهِدُونَ ) ە ..

2ــ ( وَتُجَاهِدُونَ ) ئەمە تــەوەرە باســی ســورەتەکەیە ، ئەمــە مەبەســتی سورەتەکەیە ، ئەمە کرۆکی ئەو باسەیە کە خــوای گــەورە بــیرو ژیریــی موسوڵمانانی بۆ رادەکێشێت .. بە چەندین شێــوازی کــورت وتەفســیل ، پرسیارو وەڵامی بەڵگەنەوویستانە ، پێش خستن و دوا خستن ســەرنجی بــۆ رادەکێشێت .. تا لە لایەکەوە قەناعەتیان پێ بکات کە ئەمــە پابەنــدبوونی باوەڕە ئەمە داواکاریی خوای خوان رێساو یاسا گەردونیەکانە ، ئەو خوایەی کە سیتمی گەردون و سەرکەوتن ، هەر لە ئیرادەی ئەوەوە دێــن ! خــوای گەوەر دەیەوێت ، ئەوە لە ناخی موسوڵماناندا بچوسپێنێت کە ئەم جیهــادە هەرچەند قورس بێت ، هەرچەند رۆحی تێدا بڕوات ، هەر دەبــێ بمێنێــت و بەردەوام بێت ،چونکە جیهاد کارێک نییە لە پیادەکردنی شەرع و پاراســتنی دینەکەدا وازی لێ بهێنرێت !

3ـ مەسەلەکەیان بە بازرگانیەک دەخاتە پێشچاو ، کە ئیحتیمالی زیانی تێـــدا نییە ! بەڵام ئەمە تا ئەقڵ پەی پێ دەبات و ئیرادە قەناعـــەت پـــێ دەکـــات لەولاوە سۆزو عاتیفەو حەزی مانەوەو ترس دەیان لەمپەری تر لە ڕێـــی ئـــەم قەناعەتە ژێرییەدا دروست دەکات !! بەڵام خوای گەورە بە دڵنیاییـــەوە بـــە کارزانی خۆی دەفەرموێ : ئەمەتان چاکترە : (ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ) وەرن لەمە حاڵی بن ، ئینجا حەتمەن خۆی تێ فـــڕێ دەدەن ! ئـــەوەی کـــە ڕاڕایەو دڵەڕاوکێیەتی ، ئەوە بە هۆی باوەڕە لاوازەکەیەوەیە ! ئەگینا کەسێک بە تەمەنێکی کورتی خۆی ژیانێکی نەبڕاوەی قیامەت بکڕێت ، کەسێک بـــە موسابەقەیەکی ڕەنجی خۆی ، ڕەزامەندی خوای گەورە دەستخات ، چ جای ئەو هەموو پاداشتانەی تر ، ئیدی بۆچی نایاتە پێش ؟! باوەڕی پێـــی نییـــە ؟! متمانەی نییە ؟! یان نایەوێت خوای گەورە لێی خۆش بێت ؟! یان لـــە ترســـا ناوێرێت توخنی معامەلەی وا بکەوێت !! ئاخر معامەلەی ســـەربەرزانەی ڕۆح بە خوا فرۆشتن لە کوێ و سواڵی زەلیلی لە کـــوێ ؟! ئـــاخر لـــە دنیاشـــدا بازرگانی نەوت لە کوێ و کڕین و فرۆشتنی تەنەکەو فافۆنە شکاو لە کوێ ؟! کە ئەم دوانە لەگەڵ یەمتریدا بەراورد ناکرێن ، لێخۆشبوونی خوای گـــەورە چۆن بەراوورد دەکرێت بە ساتێکی ئیمانی جیهادو سەرنانەوە !

4 ـ بە هەر بازرگانێک بڵێیت ماڵێک هەیە کاسبی پێوە بکەیت ، قازانجەکەی یەک بە دەیە ! گەر پارەشی قەرزکردبێت ناهێڵێت لەدەستی دەرچێت ! باشە خۆ هەموو تەمەن بە چیانی نەبڕاوەی لای خۆ بفرۆشیت ، کوا لە بەراوردان ؟ هەر وەکو فرۆشتنی گوناحەکانت بە کڕینی لێخۆشبوونی خوا جێی بەراورد نین ئەم ژین و مەرگەشت هێ بەراورد نین بەو هەموو سوودە بەرامبەر نابەرابەرە! بەڵام ئەمە فەزڵی خوای خاوەنە ، خۆی بەخشیوێتی و خۆشی دەیکڕێتەوە !

5ـ بەڵام چونکە خوای پەروەردگار دەزانێت هەندێک دەروون هەن ئەم دنیاشیان دەوێت و ئەو دنیاشیان دەوێت ! بۆیە ئەگەر راستگۆو سەرڕاست بوون و هەموو رەنجیان بۆ سەرخستنی دینی خوا خستبێتە گەڕ ، بە سەرکەوتنی دنیاییش خەڵاتیان دەکات ، سەر رای بازرگانیەکەیان ، سەر رای بەیعەتەکەیان کە بە خوای خاوەنیان داوەو بردوویانەتە سەر ، خوای گەورەش سەرکەوتنێکی خێراو ئاسانیان پێ دەبەخشێت تا زیاتر پش بە خوا ببەستن و خۆیان بۆ ئەو ساغ کەنەوە ..

6ـ ئەوی بەراستی باوەڕ لە ناخیدا جێگیر دەبێت و سەرراستانە خوا دەپەرستێ و بە شەوقەوە تەعلیماتی شەریعەتەکەی وەردەگرێت ، بە هەمان شەوق و زەوقیشەوە بەرەو جیهادەکە دەچێت ، تا وای لێ دێت دەبێتە ماسیی و مەیدانی جیهادەکەش دەبێتە مایەی ژیان ودەریای بێ بنی سەلماندنی لێهاتوویی خۆی و حوکمی شەریعەتەکەی ..

* * *

## دەرسی پێنجەم

## ئایەتـی 14

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ) .

### مانای گشتی ئایەتەکە

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! ببنـە پشـتیوانانی خوای گەورە ، هەر وەکو کە عیسای کوڕی مەریەم بـە یـاوەرانی خـۆی فەرموو : کێ لەگەڵ مندا دەبێتە پشتیوانی خوای گەورە ؟! یاوەرکان ووتیان : ئێمە هەر پشتیوانانی خواین ، ئیدی دەستەیەک لـە بـەنی ئیسـرائیلییەکان باوەڕیان هێناو دەستەیەکی تریان کافر بوون ، ئێمەش لایەنگریی ئەوانـەمان کرد کە باوەڕیان هێناو بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرمان خستن ، تـا بوونـە خاوەن دەسەلاتی نێو خەڵکی و زاڵ بوون ..

### لێکدانەوەی ئایەتەکە

ــ ( مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ ) : أَنصَار : کۆی ناصر و نصیر ە ، ناصر : کە ئیسمی فاعیلە لەوانەیە جارێک کارێکی سەرخستنەکەی کردبێت و بەوە چووبێـتە ریزی ئەنسارەکانەوە ! بەڵام نصیر : کە سیغەی موبالەغەیە ، واتـە بـۆ زۆر دووپات کردنەوەی کارێک یان رەفتارێکە ، ئەو کەسەیە کە سەرخسـتن و پشتیوانێتیەکەی کردۆتە پیشەی خۆی ! ئەمەش وەکو هەموو ئیسمی فاعیل و سیغەی موبالغەیەکی ترە کە لەسەر وەزنی فاعل و فعیل بن ، بڕوانە والی و ولی

، یان عالم و علیم ، یان شاهدو شهید .. یەعنی ئەو کە پێی فـەرموون کـێ دەبێتە ئەنسار کە دەشێت کۆی ناصر بێت ، ئەوان فەرموویان ئێمە ئەنساری خواین ، یەعنی ئێمە جەنابت لە هەموو هەڵوێستێکدا سەر دەخەین .. واتە بە مانای کۆی نصیر وەڵامیان دایەوە ، ئەمەش لە ( أَنصَارُ اللَّهِ ) دا دەردەکەوێت

ــ سەییدنا عیسا فەرمووی : ( مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ ) کێ دەبێتە پشـتیوانم لـە سەرخستنی دینەکەی خوای گەورەدا ؟! ئەوان نەیانفەرموو : ( نحن أَنصَارُكَ إِلَى اللَّهِ ) بەڵکو فەرموویان ( نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ ) واتە ئێمە پشتیوانانی خواین ! ئەمەش وەڵامێکی گشتگیر ترە ، یەعنی تا جەنابت لە دنیادا مابیت ئێمە ــ چـونکە پشتیوانانی خوای گەروەین و جەنابیشت نێرراوی ئەویی ــ حەتمەن ئـەرکی سەرشانمانە پشتیوانت بین ، کە بەڕێزیشتان نەمان ، ئێمە هەر وەک ئێسـتای خۆمان بە پشتیوانانی دینەکەی خوا دەمێنینەوە ..

ــ : بە مانای تایبەتی هەموو شتێـک ، بـەڵام لەبـەر زۆر سەرخسـتن و هاوڕێبوون بە یاوەرانی تایبەتی سەییدنا عیسا ( کە هەندێک دەڵێن 12 کـەس بوون ) ووتراوە حەواریی ، بۆیە پێـغەمبەری نـازداریش صلی الله علیه وسلم دەربارەی کوڕە پورەکەی خۆی سەییدنا زوبەیری کوڕی عەووام کە یەکێکە لە دە کەسەکەی مژدەی بەهەشتی پێداون لە حەدیسی سەحیحدا دەفەرموێ : ( إِنَّ لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيٌّ وَإِنَّ حَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ ) .

ــ ( فَآمَنَت طَّائِفَةٌ ) کۆمەڵێک ، دەستەیەک لە خەڵکی باوەڕیان هێنا .. طَّائِفَة : لە یەک کەسەوە دەگرێتەوە تا هەزار کەس .. وادیارە کـە ئـەو دەسـتە خەڵکەی بەنو ئیسرائیلیەکان (کە ئەسڵی جولەکەکانن ) کە باوەڕیان پێی هێنا ، کەم بوون ، زۆریش کاریگەر نەبوون ، بۆیە هەر لە سـەردەمی سـەیدنا

عیساشدا دەچەوسێنرانەوەو لە دوای ئـــەویش ، تەنانـــەت چەوســـانەوەی مەسیحیەکان تا ساڵی 335 زایینی تووڵی کێشا تا ئەو زەمانەی شا قوســـتەنتین بوو بە مەسیحی و بەرگریی لە مەسیحیەکان کرد ، ئینجا بەسەر پەرشتی ئەو گرووپە جیاوازەکانی مەسیحێتی لە ساڵی 335 دا کۆبوونەوەو بڕیـــاری ئـــەم چوار ئینجیلەی بەردەستی مەسیحیەکانی ئەمڕۆیاندا ، کە بە کاریگەریی ئـــەو یەعقوبیەکان و( کە پەنا بە خوا دەیانووت عیسا خوا بووەو ئەوەندە هاتۆتـــە ناومان و ئیتر گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی لە ئاسمان ! ) هەروەها نەستووریەکان ( کە قەنا بە خوا ئەوانیش دەیانووت : عیسا کوڕی خوا بـــووەو بـــۆ ئـــەوە هاتۆتە سەر زەوی تا گوناحی خەڵکی لە خۆ بگرێت و خۆ بە قوربانی خەڵکی بکات ) گرووپیی سێیەمیان دەیانووت : عیسا بەندەو نێرراوی خوایەو جەنابیان بۆ هیدایەتی خەڵکی ناردوێـــتی و ئێســـتا بـــۆ خـــۆی بردۆتـــەوە ، ئەمانـــە یەکخواپەرستەکان بوون ، کە دوو گرووپەکەی تر گەلەکۆمەکێیان لێ کردن و بە فیتی دەسەڵاتداران دەچەوسێنرانەوە تا نەمان یان بە دزیەوە مانـــەوە تـــا ئەوانیش ئینحیرافاتی تریان بەسەر دا هات ..

ــ ( فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْـبَحُوا ظَـاهِرِينَ ) زانایـــان هەندێـــکیان دەفەرموون : ئەوانەی خوای گەورە سەری خستن بەسەر دوژمنەکانیانـــداو زاڵ بوون ، هەر لە زەمانی سەییدنا عیسادا بوون ، چـــونکە باســـەکە هـــەر بەردەوامی دوو دەستەکەی ترە کە یەکێکیان باوەڕی هێناوەو ئەوی تریـــان کافر بووە ، خوای گەورەش ئیماندارەکانی بەسەر کافرەکاندا سەرخســـت ! هەندێکی تریان دەفەرموون : ئەوە دوای سەییدنا عیسا بووە ..

بەڵام من هەر ئەو بۆچوونەی ئیمامی تەبەریم پێ بەهێزترە کە دەفەرموێ : خوای گەورە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سەییدنا محمـــددا صلی اللە علیە وسلم

باوەڕیان بە سەییدنا عیسا هێنا ، خوای گەورە ئەوانی سەرخستووە .. ئێ ئەمەش زیاتر ڕێی تێ دەچێت ، چونکە ئیماندارانی زەمانی سەییدنا عیساو گروپە یەکخواپەرستەکەی دوای خۆی تا ئێستاش زاڵ و دەسەڵاتدار نەبوون ! دیسان کە مادام خوای گەورە ئیمانداران بەسەر کافراندا سەر دەخات ، کەوابوو ئەو ئیماندارانەی خوا سەری خستوون موسوڵمانەکانن کە لە واقیعیی ژیان و مێژووی ئیسلامدا زاڵ بوون و دەسەڵاتی هەزار ساڵەی نیوەی سەر زەمینی ئەو کاتەیان گرتە دەست ..

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

ــ خوای پەروەدگار لێرەدا فەرمانێک بە موسوڵمانان دەدات کە ئـــەوانیش بنە پێشتیوانی دینەکەی خوای گەورەو پشتی پێغەمبەرەکەی وشەریعەتەکەی بگرن ، هەر وەکو کە یاوەرانی سەییدنا عیسا بوونە پشتیوانی ئەو زاتە بەرِێزە ، ئەمەش بەوە دەبێت کە لە هەموو دیدو بۆچـــوون و عەقیـــدەو فیکـــرو ، رەفتارو رەوشت و ،کردەوەو هەڵوێستیاندا خۆ بە تەعلیماتی پێـــغەمبەرانەوە ببەستنەوەو هەمیشە ئامادەیی سەرخستنی دینەکەیان هەبێت ..

ــ (مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ) یەعنی کێ کۆڵی بانگەوازەکەم لەگەڵ هەڵدەگرێت ؟! کێ دینەکەم لەگەڵ سەر دەخات ؟ چونکە موسوڵمان هەرچەند ووڕەبـــەرزو بە هیممەت بێت ــ تەنانەت پێغەمبەرانیش ــ سەلامی خوایان لێ بێ ، هـــەر پێویستی بە کەسانی تر هەیە لەگەڵیدا بکەونە ڕێ ، خەمی دینەکەی لەگـــەڵ بخۆن ، شەونخوونی بۆ بانگەواەکە لەگەڵدا بکێشن ، پاسەوانی بـــۆ پاراســـتنی دینەکە لەگەڵدا بگرن ، بۆیە خوای گەروە بە پێغەمبەرە ئازیزەکەی (صَـــلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ : ( هُوَ الَّذِيَ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ ) جا کە هەبوونی خەڵکانێکی پشتیوان و لایەنگر بۆ پێغەمبەران و نەفسەیەتیان پێویســـت بـــوو بێت ، بۆ غەیری ئەوان پێویستترە ، چونکە ئەوان بە وەحی خوای گەورەوە پەیوەست بوون ن کە ماندوو دەبوون ، جەنابی ئەو دڵنـــەوایی دەکـــردن و هیممەتی دەدانەوە بەر ، ئەمما دوای ئەوان ، ڕاستە کە قورئانەکە هەیە داعی و ئەمیرو پێشەوایان سوکنایی دڵیان پێی بێتەوە ، بەڵام حەتمەن کەسانی ئازاو بـــە هیممەت و پشوو درێژیش بۆ ڕاوێژکاریی و هاوکاریی پێویستن ..

ــ سەییدنا عیسا یاوەرەکانی خۆی دەناسی و دەیزانی کە ئیماندارن ، بـــەڵام دەیوویست جەخت لە بەڵێنی پشتیوانێتیەکەیان بکەنەوەو پەیمانی پێ ببەستنەوە

، بۆیە پێی فەرموون : کێ لەگەڵ مندا دەبێتە پشـــتیوانی خـــوای گـــەورە ؟!
ئەوانیش فەرموویان : بێ خەم بە ، ئێمە پشتیواننتین لە گەیاندنی بانگـــەوازی
خواوویستی .. واش بوو ، زۆریان هەر لە تەمەنی سەییدنا عیسادا بە شـــام و
یۆناندا بڵاو بوونەوە ..

ــ پێغەمبەری نازداریش صلی الله علیه وسلم لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا لـــە
مەککە لە کاتی حەج کـــردنی تـــیرەو هۆزەکـــانی عەرەبـــدا دەچـــووە لای
وەفدەکانیان و بانگەوازەکەی خوای دەخستە پێش چاویان و دەیفـــەرموو :
( مَنْ رَجُلٌ يُؤوِيني حَتَّى أُبَلِّغَ رِسالةَ ربِّي، فإنَّ قُرَيشاً قَدْ مَنَعوني أنْ أبَلِّغَ رِسالةَ رَبِّي ) واتە
: کێ داڵدەم دەدات و جێپەنایەکم بۆ سازێنێت تـــا پەیامەکـــەم دەگەیـــنم ،
چونکە قورەیش رێی لێ گرتووم و ناهێڵێت پەیامەکەی خوای خۆم بگەێنم ..
تا ئەو زەمانەی خوای گەورە لە هۆزی ئەوس و خەزرەجی خەڵکی مەدینـــە
کەسانێکی باشی لێ کردنە پشتیوان بۆی ..

* * *

# تەفسیری سورەتی

# المُنافِقونَ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ
الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ (1) اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ
(2) ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ (3) وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ
أَجْسَامُهُمْ وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ
فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (4) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا
رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُمْ مُسْتَكْبِرُونَ (5) سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ
لَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (6) ( هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ
رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ (7)يَقُولُونَ
لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ
الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ (8) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَمَنْ يَفْعَلْ
ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ( 9 ) ( وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ
فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ ( 10 ) وَلَنْ يُؤَخِّرَ اللَّهُ
نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (11).

## پێناسەی سوورەتەکە

سورەتی المنافقون : شەست و سێیەم سورەتی قورئانەو 11 یازدە ئایەتـــەو مەدەنیە واتە لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە کە بە شێـــوەیەکی گشـــتی تـــەوەرە باسەکانیان یاساو رێسا دارِشتنە لەگەڵ ئیهمال نەکردنی تەوەرەکانی عەقیدەو ئاراستە کردنی گەشەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی مەدینە کە لە کۆچـــکەرو پشتیوانەکان پێک هات .. تەوەرە باسی ئەم سورەتەش باسی دوورِووەکانـــە کە لە مەدینەدا بوونە توێژێکی کاریگـــەریی ســـلبی کۆمەڵگەکـــە ! بۆیـــە ناوەکەشی بۆتە ئەو ناوە ئابرِوو تکێنە ( سورة المنافقون ) !

باسی دوورِوویی و دوورِووەکان لە زۆر شوێنی تری قورئاندا هاتووە ، کەم سورەت هەیە بە راشکاوی و راستەو خۆ یان بە ئاماژەی لاوەکـــی باســـیانی نەکردبێت ، بەڵام ئەم سورەتە تایبەت بەوان کراوەو تەنانەت ئەو یەک دوو هەرِەشەی لە کۆتایی سورەکەدا لە موسوڵمانانیشی دەکات کـــە نەکەونـــە ئەوەی بۆ خوا ساغ نەبووبێتنەوەو سەروەت و سامان وماڵ و منداڵـــەکانتان ئەوەندە بە خۆیانەوە خەریکتان کەن ئەرکی سەرشانتان لە هەڵگرتنی دینەکەو بانگەوازەکەیدا لا سووک ببێت ! پێیان دەفەرموێت : هۆشیار بن ئەوەندە بە دەم هەواو هەوەس و نەفسی خۆتاندا نەچن نـــەبادا بـــێ ئاگایانـــە ســـیفەتی دوورِووییتان پێوە بلکێت و رواڵەت و رەفتارتان وەکو هی دوورِووەکانی لێ بێت و ببێتە جێ گومانی موسوڵمانانی تر !!

ئەم سورەتە هەرچەند کورتە بەڵام تین و تەوژمی رەشەبایەکی بەهێز لەخۆ دەگرێت کە پەردەی سەر ناخ و داخی دوورِووەکان لا دەبات کـــە چـــەند کرمێ و رەش داگەرِاووە ! دڵ و دەروونیان دەردەخات کە چۆن قین و بوغز پەنگی تێدا خواردۆتەوە ، رەفتارو رەوشتیان فەزح دەکات کـــە بـــەردەوام

پێویستیان بە سوێندی درۆ هەیە تا موسوڵمانان قەناعەت پێ بکەن کە ئەمانیش وەکو ئەوانن ، باوەڕیان بە ئیسلام هەیەو پێوەی پابەندن ! درۆو دەلەسەو فاک و فیکیان دەخاتە روو کە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکی خۆیاندا ـ دوور لە چاوی موسوڵمانان ـ خۆی پێوە با دەدەن و بە لاقرتێوە بە جوامێریی و ئازایەتی دەزانن و دەناسێنن !! هەروەها بێ غیرەتی و ترسنۆکی و گێل کەززابیان کەشف دەکات!

بزوتنەوەی دووڕوویی لە گەیشتنی ئیسلامەوە بە مەدینە سەری هەڵداو بووە بزاڤێکی تابووری پێنج و بڵندگۆی شەڕی واتەوات و وورە روخان ! تا کۆچی دوایی پێغەمبەری پێشەواش صلى الله عليه وسلم قۆناغ بە قۆناغ لاواز بوو بەڵام هەر بەردەوام بوو ، ئینجا بە شێوازی تر دەردەکەوتەوە ، ئێستاش هەر وایە ..

بزوتنەوەی سلبی دووڕووەکان رەنج و کاتێکی زۆری موسوڵمانانی بە فیڕۆ دا ، زۆر باس کردنیان لە قورئان و لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بەڵگەی زۆری و کاریگەریی ئەو بزاڤە سلبیەیە کە لە کاتی خۆیدا رێی لە بانگەوازیی خوایی گرت کە زووتر زۆرتر بڵاو نەبێتەوە !

مامۆستا محمد عززەت درۆزە لە کتێبە نایابەکەی خۆیدا ( سيرة الرسول : صورة مقتبسة من القرآن الكريم ) باسێکی جوان و ووردی بزوتنەوەی دووڕووەکانی مەدینەی کردووە شتێکی چاکە کە ئێمەش وەکو سەیید قوتب لە ( في ظلال القرآن ) ەکەیدا لێیەوە وەرگرتووە ، لێی وەرگرینەوە :

( هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەی دووڕووەکان لە مەدینە ئاشکرایە ، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و موسوڵمانانی یەکەمی ئیسلامەتی لە مەککە ئەوەندەیان دەسەلات و هێز نەبوو خەڵکێک لێیان بترسێت یان لێیان

بسڵەمێتەوە یان تەماعی ئەمان و سامانیانی هەبێت ! تا خۆیـــان لـــێ نزیـــك كەنەوەو مامەیی زاهیرییان بۆ بكەن ، یان نەوێرن بە ئاشكراو راستەوخۆ لێیان دەن و ئازاریان بدەن تا ناچار بن بە دزیەوە پلانیان دژ دارێژن و فێڵیان لـــێ بكەن ! وەكو ئەوەی لە دوورڕووەكانی مەدینە دەبینرا .. ئەهلی مەككـــە بـــە ئاشكرا بەرهەڵستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و یاوەرانیان دەكـــرد ، هـــەر كەسێكیان لە موسوڵمانە نوێیەكان بگرتایە بە كەیفی خۆیان بێ سڵەمینەوە لە هیچ كەسێك بە ئارەزووی خۆیان ئەشكەنجەیان دەدان .. بە ئاشـــكراو بـــە شانازیەوە بە هەموو هێزو تینی خۆیان بەرهەڵستی بانگەوازی ئیسلامیان دەكرد بێ ئەوەی كەس رێیان لێ بگرێت ! چـــونكە هـــەموو هێـــزو دەسەلاتێـــك بەدەست ئەوانەوە بوو ، بۆیە موسوڵمانان ناچار بوون بۆ قوتار كردنی دین و ژینیان لە مەككە هەڵێن و سەرەتا كۆچ بۆ حەبەشە بكەن و دواتـــریش بـــۆ مەدینە .. ئەوەبوو هەندێكیان لە ژێر ئەشكەنجەو ئازاردا بە زاهیریی وازی لـــە دینەكە هێناو هەندێكی تریان ترساو تاسا ! چونكە هەموو كەسوكارە تـــیرەو هۆزەكانیان لە یەك كاتدا تەبەرِایان لێ كردن و ناچار بوون لەگەڵ دەسەلاتی موشریكەكاندا برِۆن ! هەندێكیشیان هەر تەحەمولی كرد تا لەژێر ئەشكەنجەو ناسۆردا گیانی دەرچوو !!

بەلام لە مەدینە ، بارودۆخەكە زۆر جیاواز بوو ، چونكە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێش ئەوەی كۆچ بكات بۆ مەدینە كۆمەڵێك پیاوماقوولی خـــاوەن دەسەلات و قسەرۆیشـــتووی لـــە هۆزەكـــانی ئـــەوس و خەزرەجـــدا لـــە مەدینەییەكان پەیدا كردبوو ، كۆچیشی نەكردە لایان تا لە بەیعەت و پەیمانیان دڵنیابوو ، كە خۆیان بە قوربانی دین و هەڵوێستەكانی جەنابی ئەو دەكـــەن .. پێش ئەوەی ئەو تەشریف بهێنێت بۆ مەدینە ماڵی عـــەرەب نـــەمابوو باســـی

دینەکەی ئەم و بانگەوازەکەیان پێ نەگەیشتبێت .. لە بارودرخی وادا کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئەو کەسانەی لە نەزانینیەوە یان لە گەلۆریەوە یان لە کەللەرەقی خۆیانەوە باوەڕیان بە ئیسلامەکە نەهێنیا بێت و بکەونە شەڕە قۆچێکی بێ ئامان ! یان هەر لە خۆوە جارێ هیچیان بەرامبەر نەکراوە بکەونە بەرهەڵستیی ! بەلام دواتر کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێناو دەسەلاتی گرتە دەست ، کە نووری کەسایەتی ئەو سایەی هەموو کەسێکی تری خاوەن نفووزی سڕیەوە ، کە دەسەلاتی ئەو باڵی کێشا بەسەر دەسەلاتی هەر هەموو تیرەو هۆزەکاندا ، کەس نەبوو بوڕێت هەڵوێستی دوژمندارانەی دژی ئیسلام ئاشکرا کات ، چونکە زۆرینەی زۆری بەرەبابەکانی ئەوس و خەزرەج سەرڕاستانە موسوڵمان بووبوون و هەموو جۆرە پەیمانێکی پشتگیریی و سەرخستنیان بە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دابوو ، کە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی ئەو هێنابوو ئیتر تەنها ئەویان بە سەردارو سەروەر قبوولْ بوو ! جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەویان لا خواپەرستی بوو ، بۆیە ئیتر بوارێک لەبەردەم ئەو کەسانەدا نەمایەوە کە کوفریان پێ پەسەندتر بوو وەک لە ئیسلام ، ئەوانەی لەبەر دەروون نەخۆشیی خۆیان نەدەهاتن گوێ لەم دینە بگرن و واز لە کەللەپووتی و کەللەرەقی خۆیان بهێنن و بەدەم بانگەوازەکەوە بچن ! رقی زۆریان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و موسوڵمانانی مەککە دەبۆوە ، لە بلاو بوونەوەی دینەکەو زۆربوونی موسوڵمانان ئیزعاج بووبوون و لە ناخیاندا دەکولان ، بێ ئەوەی بوێرن هیچ ناڕەحەتیەکی خۆیان نیشان کەسێک بدەن یان بهێڵن ناحەزییەکیان پێوە دیار بێت !! بۆیە دەبوو شێوازێکی تری نهێنی بگرنە بەر کە بریتی بوو لە هەڵوێستی دووڕووانە .. ئەو زەمانەش هێشتا دەمارگیریی تیرەو هۆزایەتی

کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر تاک تاکی تیرەو هۆزەکان ، زۆرینەی زۆریان هێشتا هەر شوێنکەوتووی هەڵوێستی سەرهۆزەکانیان بوون .. ئیتر دەبوو لـــە رواڵەتدا خۆ بە موسوڵمان نیشان دەن و روکنەکانی بە ئاشکرا بکەن و لەگەڵ موسوڵمانانی تیرەو هۆزەکانی خۆیاندا موسوڵمانانە بجوڵێـــنەوە ! دەبـــوو بـــێ باوەڕی خۆیان بشارنەوە ، دەبوو مەکرو فێڵ و پلان و پیلانەکانیان بە نهێـــنی داڕێژن و ئەنجامی بدەن .. گەرچی جاری واش هەبوو لە شوێنێکدا یـــان لـــە کاتێکدا کە هەستیان دەکـــرد خۆیـــان زۆرن و موسوڵمانێـــکیان کەوتۆتـــە بەردەست یان چەند موسوڵمانێکی داماویان لێوە نزیکە ، یـــان موســـوڵمانان تووشی تەنگژەیەک بوون ، دەکەوتنە لاقرتێ و گاڵتە پێ کردن ، گاڵتە بـــە دینەکە ، بە پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم بە موسوڵمانان !! زۆر جـــاریش بە شێوەیە لاوەکی و ئاماژە دەیانکرد بۆ ئەوەی لەسەریشیان نەچەسپێت ! یان بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکی و هێمنی بارودۆخی گشتی و پاراستنی پارسەنگی هەموو لایەکەوە دەیانکرد !!

بە هەر حاڵ ئەوەندە ئازا نەبوون بوێرن بە ئاشکرا کوفرو شیرکی خۆیـــان ئاشکرا کەن ، هەر چەندە کوفرو شیرک و دووڕوویی و فاک و فیک و پلان و پیلانیان لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم شاراوە نەبوو ، زۆر کەســـیان لە موسوڵمانانی تری کۆچکەرەکان و ئەنسارەکانیش هەر ناسراو بوون ! بـــە تایبەتی کە لە کاتی تەنگژەو کێشەکاندا کە بەسەر ئەهلی ئیســـلام دەهـــات ئەوان هەڵوێستی کوفرینی خۆیان ئاشکرا دەکرد زیاتر دەناسران و زیاتر لـــە کوفرو شیرکیان دڵنیا دەبوون ، بۆیە ئەوەندەی تر دەبوغزێنران ، ئەوەنـــدەی تر گۆشەگیر دەکران ، ئەوانیش خۆیان روویان نەدەهات لە هـــەموو کـــۆڕو کۆمەڵێکدا یان لە هەموو کات و شوێنێکدا سەر بەرز کەنەوەو بینـــەوە بـــە

دەمڕاستەکەی جاران !! هەر لە ناخیاندا چاو بەرەوژێر بوون .. ئینجا کە ئایەتێک لەسەر یەکێکیان یان کۆمەڵێکیان یان هەڵوپێستێکی دەستەجەمعییان بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەهاتە خوارەوە کە پەردەی لە رووی هەندێکیان یان هەڵوێستێکیان ( بە ئاماژە بۆ کردن ) هەڵدەماڵی ، هەموو سەریان شۆڕ دەبوو ، یەک یەک لەوە دەترسان ئەمجارە ناویان هاتبێت و بە یەکجاریی فەزح بووبن ! دەیانزانی کە خوای گەورە چاکیان دەناسێت و ئاگاداری هەموو هەست و نەست و هەڵوێستێکیانە ، بەڵام لەوە دەترسان ئایەتێکیان لەسەر بنێرێتە خوارەوەو بە یەکجاری ئابڕوویان ببات ! ئەوەشیان دەزانی و باوەڕیشیان نەدەهێنا !! لەوەش دەترسان و هەر بەردەوامیش بوون لەسەر دووڕوویی خۆیان !!

لە ئایەتە مەدەنیەکانەوە دەردەکەوێت کە کاریگەریی هەڵوێستی دووڕووەکان لە مەدینە زۆر جیددی بوو ، رۆژانە تین و فشارێکی زۆریان هەبوو ، ئاسەواری سلبیان لە دڵ و دەروونی زۆر کەسدا بەجێ دەهێشت ! بزاڤی دووڕووەکان کۆڵ و کوول نەدەبوو !! هەر دەتوت خەباتێکی هەقپەروەرانەی نەپساوەیەو خاوەنەکانی ماندوو نابن ! لە هەڵوێستی رووبەڕوو بوونەوەو بەرهەڵستیدا دەتووت سەرانی مەککەن و زەمانیان هێناوەتەوە دواوە هەر ئەوەندەیە کات و شوێن و رۆڵ و ئەکتەرەکان گۆڕاون ! لەگەڵ ئەوەشدا کە دووڕووەکان یەک بزاڤی یەک دیدو یەک رێبازو یەک ئامانج نەبوون ، یەک سەرکردایەتی و یەک ئاڕاستە نەبوون ، لە بەرامبەریشیاندا ئیسلام یەک دیدی خوایی و یەک رێبازی پێغەمبەرانەو یەک ئامانج بوو ، یەک سەرکردایەتی بەهێزو یەک ئاڕاستە بوو ، بەڵام هەڵوێستی دووڕووەکان هەر کاریگەر بوو ، چونکە بەربەستێکی رۆژانەی ماندوو نەناس بوو !!

ناڕێکیەکەشی بوو بوو بە کۆسپێکی تر ! بەلاّم کاریان بەوە شلۆق دەبوو کە ئیسلامەتی زیادی دەکرد و دووڕوویی کورتی هەڵدێنا ، ژمارەی موسـولّمانان زیادی دەکرد دووڕووەکان کەم دەبونـەوە ، دەسـەلاّتی ئیسـلامی بـە هاوپەیمانێتی تیرەو هۆزو هێزی نوێ بەهێزتر دەبوو ، ئەوان شیرازەیان زیـاتر لێک دەپساو متمانەیان بە ریزی خۆیان و بە هاوپەیمانەکانیان لە قـوڕەیش و جولەکەکان و هەروەها متمانەیان بە داهاتووی خۆیان کەم دەبۆوە ..

بزوتنەوەی دووڕوویی لە مەدینە هێز بوو ، خاون زەمینەو تیرەو هۆز بـوو ، خاوەن پەیمانی ستراتیژیی بوو لەگەڵ قوڕەیش ، لەگەڵ جولەکەکان ، بۆیـە دژواریێتی لەسەرەتاوە زۆر بوو ، دووڕووەکان سوودیان لە دەمارگیریی تیرەو هۆزەکانیانوەردەگرت ، ئەو خوێن و کوشتارانەی رابوردوویان دەکردەوە بە کۆنە قین و دەیانهورووژاندەوە ! ئێ هێشتاش بە تەواوی فەزح نەبوو بـوون ، ئەو هەموو ئایەتەی دوایی لەسەریان هاتە خوارەوە لەسـەرەتایانەوە هێشـتا هیچی وا نەهاتبوو ، هێشتا غەزای بەدر رووی نـەدابوو ! بۆیـە ئومێـدی بەزاندنی ئیسلامیان لە شارەکەی خۆیانـدا هـەبوو ! لەملاشـەوە هێشـتا ئیسلامەکە نەرم بوو ، هێشتا زۆرینەیەکی کاریگەر مابوون موسوڵمان بـبن ، ئەوانەش کە موسوڵمان بوو بوون هەندێکیان مابوویان تەواو تێیدا قاڵ ببنەوە ! پێغەمبەری سەرۆکیش صلی الله علیه وسلم هەستی دەکرد لە هەر چوار لاوزە بە شیرک و موشریکانی بەهێز گەمارۆ دراوەو کاتی زیاتری پێویستە ..

لەگەڵ ئەم بارە دەروونیەشدا کـە دووڕووەکـان دروسـتیان دەکـرد ، جولەکەکانیش تین و فشاری خۆیان هەبوو ، رۆڵی زۆر کاریگـەرتریان بـە ناوی دینەوە دەبینی !! هەر زۆر زوو نکوڵیان لە راستی دینەکەی و راستگۆیی

پێغەمبەرایەتیەکەی کردبوو ، بە ئاشکراش دژایەتیان نواندبوو ، بەردەوامیش بوون لەسەر گاڵتە کردن بە خۆی و بە دینەکەی !

لە مەککەش وە نەبێت بە چوونە دەرەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و موسوڵمانان قورەیشیەکان و هاوپەیمانانیان کۆڵیان لە دوژمنداریێتی هێنا بێت نەخێر .. هێشتا هەر خەریکی پیلان بوون ، خەریکی هاندانی تیرەو هۆزەکانی عەرەب وجولەکەکان بوون ، قورەیش هێشتا هەر قیبلەی عەرەبەکان بوو کەعبەش هەر رووگەی هەمواین بوو ! شاری یەکتر بینینی هەمووشیان بوو .

بارودۆخی جموجوڵ بۆ دووڕووەکان لەبار بوو ، هەم خۆیان هێز بوون ، هەم هاوپەیمانێتییان کردە هێزێکی ئیزافی .. چونکە دوای ماوەیەکی کەم لە تەشریف هێنانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ مەدینە ، دووڕووەکان و جولەکەکان و قورەیش بوونە یەک بەرەی دژ بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و ئیسلام و موسوڵمانان .. قورەیش بە شەڕی سەختی ئاشکراو دیار ، جولەکە بە پلان و پیلانی ژێر زەمینی و بە ناوی دینەوە ، دووڕووەکانیش بە چرپەو واتەوات و شەڕی دەروونیەوە .. ئاوا نەبوایە دووڕووەکان هی ئەوە نەبوون خۆ لەبەر لافاوی باوەڕو باوەڕداریی بگرن ، ئەگەر ئاوا لایەنگیریی جولەکەو پشتگیریی قورەیشیان مسۆگەر نەبوایە نەیاندەتوانی ئاوا ببنە بزاڤێکی بەرهەڵستی کاریگەر لەسەر بانگەوازە خواییەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم!

ئەم بارودۆخە هەر وا دەڕۆیشت بەڵام بەرەی ئیسلامیش رۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوو لە رووی چۆنێتی و چەندێتیەوە رۆژانە دەچووە پێش ، تا ئەو زەمانەی ئیسلام ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێت لووتی هەموویان لە غەزای بەدردا بشکێنێت و چاو بەروژێریان کات تا گەیشتە ئەوەی ئیتر دووڕووەکان هیچ

کاریگەرییەکی ئەووتۆیان لەسەر رەوتی دەوڵەتەکەی پێــغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە مەدینە نەمێنێت .. )[12] . ئەمە کەش و بــارودۆخی گشــتی هاتنــە خوارەوەی هەموو سورەتەکەیە .. هۆی تایبەتی هاتنە خــوارەوەی هەندێــک ئایەتیشی عبداللەی کوڕی سەلوولە ..

## هۆی هاتنە خوارەوەی

هەموو موفەسسیرەکان لە هۆی هاتنە خوارەوەی بەشێک لە ئایەتەکانی ئەم سورەتەدا لەسەر ئەوە کۆن کە دەرهەق سەرۆکی دووڕووەکانی مەدینەی ئەو زەمانە کە عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول بوو هاتۆتە خوارەوە بەڵام هەیانە وەکو ئیمامی قورتوبی (ئیمامی بوخاریش هەر وای گێڕاوەتەوە ) کــە رووداوەکە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتی یەکەمە تــا ئایــەتی هەشــتەمی سورەتەکە ، بەڵام هەندێکی تر لەو بەڕێزانە وەکو تەبەری و ئیبنو کەســیرو بەغەوی و زەمەخشەری و سەیید قوتب هەر هەمان رووداو وەک هۆکــاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی پێنجەم تا هەشــتەمی دەهێــننەوە .. زۆریشــیان ریوایەتی ئیبنو ئیسحاق بە تەفسیلاتەکەی دەهێننەوە .. مــن بۆچــوونەکەی ئیمامی قورتوبیم لا بەهێزتر بوو چونکە رای ئیمامی بوخاری چــۆتە پــاڵ ، چونکە کەس وەکو ئیمامی بوخاری بە دووی ساغ کردنــەوەی ســەنەدی رووداوەکەدا نەچووە ، بۆیە منیش وویستم هەر لە پێش لێکدانەوەی ئایــەتی یەکەم و دووەم باسی هۆی هاتنە خوارەوەکە بکەم ، نەک پێش ئایەتی پێنجەم و شەشەم .. هەر چەندە رووداوێکی تریش هەیە کە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتی پێنجەم بێت کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین ، رەنگە هەندێک لــەو

12 هەموو لاپەڕەکانی 176 ـ 216 ی بەرگی دووەمی کتێبەکە لەسەر ئەم بابەتەیە ، دەتوانرێت بە تەفسیلێکی باشتر لەوێدا بخوێنرێتەوە ..

بەڕێزانە دوو روداوەکەیان تێکەڵ یەک کردبێت بەوەی وایان زانیبێت کە هەردووکیان مادام هەر لەسەر عبداللەی کوڕی ئوبەییە هەر یەک روداون ، بەڵام وا دیارە دوو روداوی جیاوازن ، کات و شوێنیان جیاوازە وەکو دواتر ان شاء الله روونی دەکەینەوە ..

سەرەتا ریوایەتەکەی ئیمامی بوخاری دێنمەوە ئینجا ریواتی ئەو بەڕێزانەی دیکە کە ئەوانیش هەر لە زۆرێک لە زانایانی سەلەفەوە گێڕاویانەتەوە ، بەڵام بە تەئکید لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی سەنەدەکان لای ئیمامی بوخاری بەهێزترە چونکە ئەوە پیشەی تەمەنی پیرۆزی بووە .. ئێمەش ئەوەی کە لە ژیانماندا کردوومانە بە رەفتارێکی فێرخوازیمان ئەوەیە کە بابەتی مێژویی لە رێی ئەهلی حەدیسەوە وەردەگرین ، بێ ئەوەی نکوولّی لە زانیاری خەڵکانی تر بکەین .

ئیمامی بوخاری لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموی : لەگەڵ ماممدا بووم ، گوێم لێبوو عبداللەی کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول ووتی : سامان و خۆراکتان مەدەنە پێغەمبەرەکەی خوا ) هەروەها ووتی : (شەرت بێ ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە دەبێ پیاوماقووڵ و عەزیزەکان زەلیلەکان لەشار وەدەر نێن ) ! منیش بۆ مامم گێڕایەوە ، ئەویش چووە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و بۆی گێڕایەوە ، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم ناردی بە شوێن عبداللەی کوڕی ئوبەی و هاوڕێکانیدا ، کە هاتن هەموو سوێندیان خوارد کە شتی وایان نەوتووە ، ئیتر پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بە راستی دانان و منی بە درۆ خستەوە !! تووشی خەم و خەفەتێک بووم کە قەت شتی وام بەسەردا نەهاتبوو ، چوومەوە ماڵەوەو لەوێ بووم کە ئەو ئایەتانە دابەزینە خوارێ ، هەر لە (إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ ) تا دەگاتە (لَيُخْرِجَنَّ

الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلّ) ئینجا پێــغەمبەر صلی الله علیه وسلم نــاردی بــە شوێــنمدا وفەرموی: (إِنَ اللہَ قَدْ صَدَقَكَ) واتە خوای گەورە بە راستگۆی دانایت

ئیمامی ترمزی حەدیسێکی تر دەگێڕێتەوە دەفەرموێ کە زەیــدی کــوڕی ئەرقەم فەرمویەتی : لە غەزایەکدا لە خزمەت پێــغەمبەردا صلی الله علیه وسلم بووین ، ئەعرابیشمان لەگەڵ بوون ، جاری وا هەبوو پێش ئەوەی ئێمە بگەینە سەرچاوەی ئاوەکە ئەعرابیەکان زووتر دەیگەیشتنێ ، ئاوەکەیان هەڵدەکێشاو دەیانکردە حەوزەکەوەو کە ووشترەکانی خۆیان ئــاو دەدا ، پێســتەیەکیان دەدایەوە بەسەر حەوزەکەدا ( بۆ ئەوەی کەسی تــر بــەکاری نەهێنێــت ) چاوەڕێیان دەکرد تا دەستەیەکی تر لە هاوڕێکانیان دەهــاتن .. جارێــکیان کابرایەکی ئەنساریی هات ، جلەوی ئەسپەکەی شل کرد تا ئاو بخواتــەوە ، ئەعرابیەک رێی لێ گرت و نەیهێشت ! ئینجا کابرای ئەنساریی بەردێکی لــە لێواری حەوزەکە لاداو ئاوەکەی لێوە رژایە چاڵێکی تر ، کــابرای ئــەعرابی تەختەیەکی لەو ناوە هەڵگرت و کێشای بەسەری ئەنســارییەکەداو ســەری شکاند ! عبداللەی کوڕی ئوبەیی سەرۆکی مونافیقەکان بە دەنگەوە هــات و کابرای ئەعرابی کە دۆستی بوو باسەکەی بۆ گێڕایەوە ، عبدوللەی کــوڕی ئوبەیی زۆر توڕە بوو ، پاشان بە ئەعرابیەکانی ووت : ( ســامان و خــۆراکی خۆتان مەدەنە ئەوانەی دەوری پێغەمبەرەکەی خوا ، ئەگەر دیتان ئەوانــەی دەوری لای هەستان و چۆڵیان کرد ئەو کاتە خواردنێک بۆ محمد خۆی ببەن) چونکە ئەعرابەکانیش هەر دەهاتنە دەوری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و نانیان دەخوارد ( مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو کاتەی قەرەباڵغی یاوەرانی لایە خواردنی بۆ مەبەن ، کە ئەوان هەستان و چۆڵیان کرد خێرا ئێوە بچن و خواردنەکەش هەر خۆتان لەگەڵیدا بیخۆن ) پاشان بە هاوڕێکانی خۆی ووت: ( شەرت بــێ

ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە دەبێ پیاوماقوولاٌن و عەزیزەکان ئەو زەلیلانە لەشار دەرکەن ) ! زەید دەفەرموێ : منیش لە پشت مامەوە بووم گوێم لێ بوو چی ووت ، بە مامم ووت کە ئاوای ووت ، ئەویش چووە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و بۆی گێڕایەوە ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ناردی بە شوێـــن عبداللەی کوڕی ئوبەیدا ، کە هات نکووڵی لێ کردو زۆری سوێند خـــوارد کە شتی وای نەووتووە ! پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فـــەرموی راســـت دەکەیت ! ئەو درۆی کردووە ! ئیتر مامم هاتـــە لامـــەوەو ووتی : وا دەزانم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆری رق لێت هەستا بێت و موســـوڵمانانیش .. ئیتر خەم و پەژارەیەک دایگرتم کە شتی وا تووشی کەس نەبووە ، ئیتر سەرم لە خەفەتاندا قورس بوو ، کەچی دوایی پێـــغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتـــە نزیکمەوەو دەستی هێنا بە گوێچکەمداو بە روومـــدا پێـــکەنی .. ئەوەنـــدە خۆشحاڵ بووم رەنگە بە نەمریی لە دنیادا بمایاتـــەوە ئەوەنـــدە خۆشـــحاڵ نەبوومایە ! دواتر ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێـــت هاتـــە لامـــەوەو فەرمووی : پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چی پێ فەرموویت ؟! ووتم : هیچـــی نەفەرموو ، بەلاٌم دەستی پیرۆزی بە گوێچکەمدا هێناو بە روومدا پێـــکەنی ! ئەبوبەکر فەرمووی : دەی مژدەت لێ بێت .. عومەری کوڕی خەتتابیش بـــە دوامدا هات ، بەویشم هەر وا ووت .. بۆ سبەینێ بەیانی پێـــغەمبەر صلی الله علیه وسلم سورەتی المنافقون خوێندەوە !! ترمزی دەفەرموێ ئەمە حەدیسێکی حەسەن و سەحیحە ..

ریوایەتەکانی ئیمامی موسلیم و ئەحمەدیش هەر بەم شێوەیە گێڕراونەتەوە ..

ئیمامی ئیبنو کەسیر چەندین ریوایەتی گێڕاوەتەوە لەوانەی کە تەفسیلاتێکی لەو دوو ریوایەتەی سەرەوەمان زیاترە کە ئەمەی خوارەوە یەکێکیانە :

لە غەزای بەنی المستەڵەقدا بوو ، کە دوو کەس لەسەر ئـاو هەڵهێـنجان لێیان بوو بە هەرا ، عبداللەی کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولیش بـێ ئـەوەی ئاگادار بێت کە زەیدی کوڕی ئەرقەم کە مێردمنداڵێک بوو لایەوە وەستاوە ، ووتی : لە وولاتی خۆمان تەنگیان پێ هەڵچنیوین ، بە خوا قەسەم نمونەی ئێمەو ئەم سیخنانە هەر وەکو پەندەکەیە کە دەڵێ : سەگەکەت قەڵـەو کـە بـا بتخوات !! والله ئەگەر ئەمجارە بگەڕێنەوە مەدینە دەبێت عەزیزو پیاوماقولانی شار ئەم زەلیلانە لە شار دەرکەن ! ئینجا گەڕایەوە لای تیرەکـەی خـۆی و ووتی : چیتان بە خۆتان کرد ؟! هێناتانن بـۆ وولاتی خۆتـان ، سـەروەت و سامانی خۆتانتان لەگەڵدا بەش کردن ، والله ئەگەر لێیان بگەڕانایـە ئێسـتا جێیان دەهێشتن و دەچوونە شوێنێکی دیکە .. زەیدی کوڕی ئەرقەمیش خوا لێی رازی بێت ( کە منداڵێک بوو لای عومەری کوڕی خەتتاب بوو ) گوێی لێ بوو ، هەواڵەکەی لە رێی عومەری کوڕی خەتتابەوە خوا لێی رازی بێـت گەیاندە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ، عومەر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا فەرمان بدە بە عوبیادی کوڕی بیشر با بچێت بـۆی و لەگـەردنی بـدات ، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی : ( فكيفَ إذا تحدَّثَ الناسُ يا عمرُ أنَّ محمـداً يَقتُلُ أصحابَهُ ، لا ولكن نادِ يا عمر بالرحيلِ ) جا چۆن دەبێت ، دوایی خەڵکی بڵێن محمد یاوەرەکانی خۆی دەکوژێت ، نا ، نابێت ، هاوار لـەو خەڵکەکـە بـا لێپێچن بۆ رۆیشتن ! مەبەستی لەوە بوو پێش ئەوەی بحەسێنەوە بە رۆیشتنێکی تر ماندووتر بن و قسەکە بە ناویاندا بلاو نەبێتەوە ، کە قسەکە گەیشتەوە بە عبداللەی کوڕی ئوبەی هاتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم و پۆزشـی هێنایەوەو سوێندی خوارد کە شتی وای نـەووتووە ! ئیتـر ووتیـان ئـەی

پێغەمبەری خوا لەوانەیە زەید کە منداڵە باش لە قسەکەی حاڵی نەبووبێت و وا تێگەیشتبێت ..

ئیتر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو کاتە ناوەختەشدا کە کاتی قەیلوولەی حەوانەوەی نیوەڕۆ بوو کەوتەوە ڕێ ، ئوسەیدی کوڕی حوزەیر خوا لێی ڕازی بێت پێی گەیشت و سڵاوی بە نازناوی پێغەمبەرێتی لێ کردو فەرموی : ئەی پێغەمبەری خوا لە ساتە وەختێکدا کەوتوویتەتە ڕێ کە لە حاڵەتی ئاساییدا وات نەدەکرد ! پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : ( أما بَلَغَكَ مَا قَالَ صاحِبُكَ ابنُ أُبَيّ ؟ زعم أنه إذا قدم المدينة سيخرج منها الأذل ) واتە : نەتبیستووە ئیبنو ئوبەی هاوڕێت چی ووتووە ؟! لافی ئەوە لێ دەدات کە ئەگەر بگەڕێنەوە مەدینە زەلیلەکان لە شار دەردەکات ! ئوسەید فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا بە خوا قەسەم جەنابت عەزیزیت و ئەو زەلیلە ، بەڵام توخوا نەرم و نیان بە لەگەڵیدا ، بە خوا لە کاتەدا کە خوای گەورە بەم خێرەوە بەڕێزتانی نارد ، ئێمە خەریک بووین تاجمان بۆ ئەو دەچنی تا لەسەری کەین ، ئێستا ئەو وا هەست دەکات جەنابت پلەو پایەکەیت لێ گرتووە .. ئیتر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە هەموو یاوەرانەوە کەوتە ڕێ تا ئێوارە داهات ، دوای ئێوارەش کەوتەوە ڕێ تا بەیانی هات ! بەیانیش تا چێشتەنگاو هەر ڕۆیشتن !! بۆ ئەوەی قسەکە بە ناویاندا تەشەنە نەکات ، هەر بەوەندەی فەرمانیدا کە بار بخەن و بحەسێنەوە ، ئەو خەڵکەش هەر بەوەندەی دابەزین خەویان لێ کەوت !! ئا لەوێدا سورەتی المنافقون دابەزی.

ریوایەتەکانی تریش هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم ڕوداوەو ئەم عبداللەی کوڕی ئوبەیی سەرۆکی دووڕووەکان هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتی المنافقونە ..

## دەرسی یەکەم
## ئایەتی 1ـ 4

إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ . اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ . ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ . وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ . )

واتە : ئەگەر دووڕووەکان هاتنە لات و ووتیان شاهێدی دەدەین کە تۆ نێرراوی خوایت ــ خوا دەزانێت کە تۆ نێرراوی ئەویت ــ خوا شاهێدی ئەوە دەدەات کە دووڕووەکان درۆزنن . سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغان ، بەوەش ڕێیان لە ڕێبازەکەی خوا گرتووە ، بە ڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپە بوو . ئەوەش بەوەی کە باوەڕیان هێنا پاشان کوفریان کرد ، لەبەر ئەوە بوو کە دڵیان مۆری پێدا نراو ئیدی حاڵی نابن . کە دەتبینین لەشولاریان سەرسامی دەکریت ! کە دەدوێن قسەکانیان دەبیستیت ، هەر دەڵێی تەختەو داری هەڵپەسێرراون ، وا گومان دەکەن کە هەموو هاوارێک بەسەر ئەواندا دەکرێت ، ئا ئەوانە دوژمن هۆشیاربە لێیان ، خوا بیانکوژێت ، چۆن لە ڕێنمایی خوایی بەرەو گومڕایی خۆ لا دەدەن ؟!!

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی یەکەم** : ( إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ )

واتە : ئەگەر دووڕووەکان هاتنە لات و ووتیان شاهێدی دەدەین کە تۆ بە تەئکید نێرراوی خوایت ــ خوا دەزانێت کە تۆ بە تەئکید نێرراوی ئەویت ــ خوا شاهێدی ئەوەش دەدەات کە دووڕووەکان درۆزنن

إذا : کە بە مانای ئەگەرە ، لە زمانی عەرەبیدا سێ جۆرە :

ـ اذا التفسيرية : واتە اذای لێکدانەوە ، لە شوێنی ( أيُ ) دێت ، بەلاّم مەرجە کە کردارێکی رابوردوو بە دوایدا هاتبێت کە بە دوێنەر بێت ، وەکو هاتنی لەم ئایەتەدا یان : ( إذا سألتَهُ .. ).

ـ اذا الظرفية : واتە اذای ئاوەڵکردار : بۆ کاتی داهاتووەو مانای مەرج دەگەێنێت ئەو کاتەش کرداری مەرج و وەلاّمی مەرجەکەی دەوێت ، وەکو: إذا رأيتَهُ فأخْبِرْهُ ، یان وەکو ( وَلاَ عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لاَ أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ ) التوبة/92.

ـ اذا الفجائية : واتە لە پڕ یان لە ناکاو ، مەرجە کە ناوی بە دوادا هاتبێت ، وەکو: خرجْتُ ليلاً فإذا الاطفالُ يلعبون .. یان (فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى) طه/20

⁕ اذا لێرەدا کە بەکار هاتووە بۆ ئیحتیمالی ڕوودانی زۆری کردەوەکەیە ، ئەگەر ئیحنتیمالی ڕوودانێکی کەم هەبوو ( إن ) بە کار دێت ، وەکو : (وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا )الانفال /61 واتە ئەگەر کافرەکان باڵیان بۆ ئاشتی ڕاخست تۆش باڵ ڕاخە .. لەبەر ئەوەی ئیحتیمال کەم هەیە لە کاتی بەهێزییاندا داوای ئاشتی بکەن پێتی ( إنْ )ی بۆ بەکار هێناوە ، بەلاّم لێرەدا

ئەوان موحتاجی ئەوەن بێنە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تا متمانەی ئیسلامەتی بەدەست خەن بۆیە پیتی (اذا) ی بۆ بەکار هێناوە .. والله اعلم .

* الْمُنَافِقُونَ : دووڕووەکان ..

ئەمە ناوی بکەری ( نافَقَ )یەو ئەسڵەکەی ( نافَقَ يُنافِقُ مُنَافَقَةً أو نِفَاقاً ) .

ئەسڵی ووشەی نفاق سێ پیتی نون و فاء و قافە کە هەموویان ڕەگ و ریشاڵی ئەسڵین وەکو ئیبنو فارس لە معجم مقاييس اللغةدا ( ب 5/ ل 455 چاپی دار الجيل) دەڵێ : دوو تەوەرە مانای هەیە : یەکەمیان پسان و قرتانی شتێک و کۆتا پێ هاتنی ، دووەمیان شاردنەوەی شتێک و پەنهان کردنی .. ئێمە لێرەدا باس لە تەوەرە مانای دووەمیان دەکەین کە ووشەی دووڕوویی لێوە وەرگیراوە ..

النَّفَقُ : کونێکە لە زەویدا کە بە ڕێڕەوێکی ژێر زەمیندا دەڕوات بۆ کونێکی تر لە شوێنێکی ترەوە کە بۆ خۆرزگار کردنە . وەکو کونی مشک لە ماڵدا یان کونی جرجی دەشت کەدروستی دەکات ، یان ئەو خەندەقە ژێر زەمینیانەی لە کۆنەوە وەک ڕێڕەوی نهێنی دروست کراون کە کورد پێی دەڵێ لەغەم ، لەم سەردەمەشدا ووشەی ئینگلیزی جێی گرتۆتەوە کە تونێلە یان عەرەبی کە نەفەقە کە ڕێڕەوێکی ژێر زەمین و ناو چیایەو دوو جەمسەر کونی هەیە ... لە باسی ئەم کونەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : (فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاء فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ ) الانعام / 35 .گەر بتوانیت لەغەمێک لەژێر زەوی لێدەیت یان بە پەیژەیەک بۆ ئاسمان هەڵخەیت تا نیشانەیەکیان بۆ بهێنێتەوە !!

النَّافِقَاء : کونی دووەمی ئەو ڕێڕەوە ژێر زەمینیەیە کـە جرجێـک دروسـتی کردووە بەڵام وەکو کونی یەکەمیان کـە ئاشـکراکەیە پێـی دەوترێـت ( القاصِماء) هێشتا بە تەواوی ئەمدیوو دیووی نەکردەووەو تویژاڵێکی تەنکی لێ هێشتۆتەوە تا کەشف نەبێت ، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیشدا ئاسان بتوانێـت بە سەر لێدانێکی ، توێژاڵەکە لەسەر (النَّافِقَاء) کە لادات و لێوەی هەڵێت .

نافق : یەعنی جرجەکە لە کونی نافقائەوە چووە ناو ڕێڕەوە نهێنیەکەیەوە ..

زاراوەی نفـاق : دووڕوویی لەمەوە وەرگیراوە چونکە دووڕووەکە ئەوەی لە ناخیدایە دەیشارێتەوەو شتێکی تری پێچەوانەی ئـەو بیروبـاوەڕەی خـۆی دەردەبڕێت ..ڕێڕەوێکی نهێنیشی بۆ هاتوچۆی خۆی بە دزیـەوە دروسـت کردووە ! وەکو ئەوەی کە ڕێبازێکی دیکەی نهێمی بۆ خۆی گرتۆتە بـەر ، کە لە لایەکەوە بە نهێنی خۆی لە باوەڕو داواکاریەکانی قوتار دەکات و خۆی لێیان دەدزێتەوە ، لە لایەکی تریشەوە کەی پێویستی کرد خۆی بە موسوڵمان نیشان دەداتەوە .. بەم مانایەشە کە یاوەرانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لـە خۆیان دەپرسیەوە کە نەبادا سیفەتی نیفاقیان پێوە لکا بێت .. ( عـن أبي ربعـي حنظلة بن الربيع الأسيدي الكاتب أحد كتاب رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم قال: لقيني أبو بكر رَضِيِ اللَّهُ عَنْهُ فقال: كيف أنت يا حنظلة؟ قلت: نافق حنظلة! قال: سبحان اللَّه! ما تقول؟ قلت: نكون عند رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم يذكرنا بالجنة والنار كأنا رأي عين فإذا خرجنا من عند رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم عافسـنا الأزواج والأولاد والضيعات نسينا كثيراً. قال أبو بكر رَضِيِ اللَّهُ عَنْهُ : فوالله إنا لنلقى مثل هذا. فانطلقت أنا وأبو بكر حتى دخلنا على رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم فقلت: نافق حنظلـة يـا رَسُول اللَّهِ! فقال رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم: وما ذاك؟ قلت: يا رَسُول اللَّهِ نكون عندك تذكرنا بالنار والجنة كأنا رأي عين فإذا خرجنا من عندك عافسنا الأزواج والأولاد والضيعات نسينا كثيراً. فقال رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم: والذي نفسي بيـده لـو

تدومون على ما تكونون عندي وفي الذكر لصافحتكم الملائكة في فرشكم وفي طـرقكم، ولكن يا حنظلة ساعة وساعة ) رواه مسلم ..

حنظلة الاسيدي خوا لێی ڕازی بێت کە یەکێک بوو لە نوسەرانی وەحـی لای پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە ئەبوبەکری سددیق خـوا لێـی ڕازی بێـت گەیشت و ئەبوبەکر لێی پرسی : ها حەنزەلە چۆنیت ؟ فەرمووی : بە خـوا حەنزەلە مونافقێتی کرد !! ئەبوبەکر فەرمووی سوبحان الله کـورە بزانـە چ دەڵێیت ؟! حەنزەڵە فەرمووی : کە لە خزمەت پێغەمبەری خـوادا صلی الله علیە وسلم دەبین و باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکات کە دەڵێی دەیانبینین و سەیریان دەکەین ، کەچی هەر بەوەندەی کۆڕەکەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم جێ دەهێڵین و تێکەڵ بە ماڵ و منداڵ و زەوی زارەکانمان دەبینـەوەو دەکەوینەوە یاری و مەزاقی خۆمان کۆڕەکەی ئـەومان بـیر دەچێـتەوە ! ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی : بە خوا ڕاست دەکەیت ئێمەش هەر واین ، با بچینە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ، کە چوونە خزمـەتی ، حەنزەلە فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا حەنزەلە نیفاقی کرد !! پێغەمبەریش صلی الله علیە وسلم فەرمووی : بە چی ؟! حەنزەلە فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ، کە لە خزمەت جەنابتدا دەبین و باسی بەهەشـت و دۆزەخمـان بـۆ دەکەیت ، وامان لێ دێت دەڵێی بە چاوی خۆمان دەیبینین ، کە لە خزمـەت جەنابیشت مەرەخەس دەبین و تێکەڵ بە ماڵ و منـداڵ و زەوی زارەکانمـان دەبینەوە زۆریمان بیر دەچێتەوە !! پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی : بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە ئەگەر چۆن هەروا لای من دەردەچن و هەر لـە یادی خوادا بمانایاتەوە فریشتە لە سەر جێ و ڕێتاندا تەوقەی لەگەڵ دەکردن! بەڵام ئەی حەنزەلە ئیتر وایە ساتە نا ساتە (سێ جاری ئاوا فەرموو ) ..

ئاشكرايه كه ئەمەی حەنزەله خوا لێی رازی بێت لەبەر ئـــەوه بـــووه كـــه زانیویێتی نیشاندانی سیفەتێک به سەرزارەکی كه دواتر وەكو خۆی نەمێنێـــت نیشانەیەكی دوورڕووییه بۆیه خەمی بووەو زوو به هەڵەداوان خۆیو ســـەییدنا ئەبوبەكر چوونەته خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ روون كردنـــەوەو زانینی حوكمە شەرعیەكەی

<u>زاراوەی نیفاق و موناڤیق</u> ، وەكو زمانەوانی گـــەورە ( ابن منظور لـة لسان العرب ب 10 ل 359) دا دەفەرموێ : زاراوەیەكی ئیسلامیەو عـــەرەب پێشـــتر وەكو زاراوە نەیبووە ) ..

* * *

* ( إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ) ئەگەر دوورڕووەكان هاتنـــه لات و ووتیـــان شاهێـــدی دەدەین كه تۆ به تەئكید نێرراوی خوایت ـــ خوا دەزانێت كه تۆ به تەئكیـــد نێرراوی ئەویت ـــ خوا شاهێدی ئەوەش دەدەات كه دوورڕووەكان درۆزنن .

ئەوان دێنه لات و خۆیان به موســـوڵمان نیشـــان دەدەن و ســـەرزارەكی ئیسلامەتی خۆیانت بۆ دەردەبڕن ، ئەو قسەیەشیان وەكو شاهێـــدیەک دەدەن كه ئیعتیماد دەكات سەر دڵنیایی دوای ( بینین ) و ( زانین ) !! بەڵام خوای گەورە كه به درۆیان دەخاتەوەو روونی دەكاتەوە كه ئەو شـــاهیدیه درۆیـــه چونكه به هیچ كلۆجێک باوەڕ له ناخیان نەچەسپیووە ، بـــەڵام بەرپەرچـــی هەموو قسەكەیان ناداتەوە ! بەڵكو قسەكەیان جیا دەكاتەوەو ئەو دەستەواژە راستەی لێ دەردەهێنێت (وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُـــولُهُ ) خوا دەزانێت كه تـــۆ بـــه تەئكید نێرراوی ئەویت بەڵێ تۆ پێغەمبەری خوایت بەڵام ئەوان درۆزنـــن .. نافەرموێت ئەوان درۆ دەكەن ، تا تەنها ئەوە نەگەێنێت كه هـــەر شـــاهیدی

دانەکەی ئەم قسەیەی ئێستایان کەوتۆە ریزی درۆکانیانەوە ، بەڵام سیفەتی ئەوان دەسەلمێنێت کە درۆزنن ، درۆزنێتی بۆتە سیفەتێکی چەسپاوی ئەوان .. درۆزنن چونکە ناخ و دەرەوەیان وەک یەک نیە ! خۆشیان ئەوە دەزانن بۆیە دێن و سوێند دەخۆن ..

خوا دەزانێت ئەوانە درۆزنن ..

* خوای گەورە شاهێدی دانەکەی رەت کردنەوە چونکە بە زانیاری خۆی دەیزانی کە ئەوانە پێشتر کە داوای باوەڕ هێنانیان لێ دەکرا رەفزیان دەکردو فشەیان بە بانگهێشتەکە دەهات :(وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء) البقرة/13 واتە : کە پێیان دەوترێت ئێوەش وەکو ئەو خەڵکە باوەڕ بهێنن ، دەڵێن: چۆن ئێمە وەکو ئەو خەڵکە گێل و گەمبۆڵە باوەڕ دەهێنین ؟!!

هەروەها خوای گەورە دەشیزانی کە ئەوانە لە ناخیاندا زانیاریان بە وەحی و پێغەمبەرێتی نیە وەک لە کۆتایی هەمان ئایەتی رابوردوودا فەرموی : ( وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاء وَلَـكِن لاَّ يَعْلَمُونَ ) .

کەوابوو کە خوای پەروەردگار شاهێدیەکەیان بە درۆ دەزانێت بە زانایی و دانایی خۆی لەوە دڵنیایە کە ئەو درۆزنانە لەم شاهێدی دانەشیاندا درۆ دەکەن ..

* زانین بۆ مرۆڤ بریتیە لە گواستنەوەی وێنەو سیفەتی شتێک بۆ مێشک تا بە تەواوی پەی پێ ببات و پێناسەیەکی راستی بکات و حوکمێکی دروستی دەرهەق بدات ، وەک ئەوەی تۆ زانیاریەکت لا گەڵاڵە دەبێت سەرەنجامی بینینی رووداوێک بە تەواوەتی ، ئەمما بۆ خوای گەورە ، هیچ شتێک شاراوە نیە

چونکە کردگاری شتەکانە ! ئەو سێ پەردەی نەزانینەی مـــرۆڤ هەیـــەتی ، خوای گەورە نیەتی چونکە ئەو خۆی دروستی کردوون ، مەبەستم پـــەردەی شوێن وەک ئەو دیو دیوارەکەی تەنیشـــت تـــۆ ، پـــەردەی کـــات وەک روداوەکانی سبەینێ ، پەردەی ماهییەت : واتە چییەتی شت ، وەک ئەوەی کە تەفسیلاتی پێکهاتەی ئەو شتە نازانیت کە دەیبینیت . کەوابوو شاهێـــدیەکەی خوای گەورە کە لە زانینی کات و شوێن و ماهیەتی دوورڕووەکانەوە هـــاتووە شاهێدیەکی حەقەو پڕاوپڕی واقیعەکەیە ، چونکە خوای گەورە کە باسی هەر شتێک دەکات لە سیفەتی ئەو شتەوە باسی دەکات ، وەک باسی مـــرۆڤ و فریشتەو شەیتان و بەهەشت و دۆزەخ و ..هتد

* ئەم ئایەتە باسی ( خبرو انشاء ) ی ڕەوانبێژیی تێدایە ..چونکە هەواڵـــدان ئەگەری ڕاست و درۆی تێدایە ، هەواڵدەریش ئەگەری ڕاستگۆیی و درۆزنی هەیە ، ئەگەر هەواڵەکە هاوجووت بوو لەگەڵ حەقیقەتدا ئـــەوە ڕاســـت و ڕاستییە ، بەڵام ئەگەر هەواڵدەرەکە قەناعەتی بە قسەکەی خۆی هەبوو ، ئەوە ڕاستە با بە تەواویش هاوجووتی واقیعەکە نەبێت ، چـــونکە هەواڵدەرەکـــە سەرڕاستەو باوەڕیشی وایە کە ڕوداوەکە ئاوایە ، ئەمە ڕاســـتگۆیە چـــونکە خۆشی باوەڕی وا بۆ دروست بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لە گۆشەیەکەوە بینیوێتی یان لەژێر کاریگەریی ئینفیعالێکی ترس و تورەیی و یـــان ئـــازادی و زەلیلیدا یان هەژاری و دەوڵەمەندیدا بـــووە ، هەواڵەکـــەی بـــە تـــەواوی هاوجووتی واقیعەکە نەبووە ، ئەمە ڕاستی نیە بەڵام هەواڵدەرەکە ڕاستگۆیە .. نابینیت دایکە عائیشە خوا لێی ڕازی بێت کە پێیان ووت ئایا ئیبنو عومەر لەو مەسەلەیەدا درۆی کـــرد ؟! فـــەرمووی : ( ما كَذَبَ لكِنَّـهُ وَهَمَ ) واتـــە درۆی نەکردووە بەڵام وای بۆ چووە !!

لێرەدا خوای گەورە دەزانێ کە نە هەواڵەکە لە دڵ و دەرونیاندا وایە ، نە خۆشیان باوەڕیان بە هیچ گۆشەیەکی پێغەمبەرایەتیەکە هەیە !! بۆیە شاهێدی دانەکەیان رەفز بۆتەوە چونکە هاوجووتی ناخی خۆیان نیە ..

⁎ محمد متەوەللی الشەعراوی رەحمەتی دەفەرموێ : رۆژهەلاّتناسەکان دەڵێن : باشە خۆ دووڕووەکان شاهێدیان لەسەر شاهێدیەکەی خواوە داوە کە محمـــد نێرراوی خوایە ، ئیتر چۆن دەبێت بڵێت دووڕووەکان درۆزنن ؟! کە لەگەڵ زانیاری و شاهێدیەکەی خوادا یەکیان گرتۆتەوە !! درۆش ئەوەیە کە لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرێتەوە ، جا ئایا قسەی دووڕووەکان لەگـــەڵ واقیعەکـــەدا یەکی نەگرتۆتەوە ؟! ئەمە پێچەوانەی یەکن !!

دەبێ لێرە ئەوە وورد ســـەیر کرێـــت کـــە بەدرۆخســـتنەوەی خـــوای پەروەردگار بۆ دووڕووەکان لە هەموو بڕگەی قسەکەیاندا نیە ، بەڵکو خوای گەورە شاهێدی دەدات کە دووڕووەکان لەو قسەیەی کە دەڵێن ( نشهد ) دا درۆزنن !! چونکە شاهێدیەکی وا نادەن کە قسەکەیان لەگەڵ واقیعی نـــاخی خۆیاندا یەکی گرتبێتەوە .. بۆیە لە پالاّنتەی باوەڕ هێنانەکەیاندا درۆ دەکەن . چونکە شاهێدی دان ئەوەیە کە بە قسە ئەو وێنە بنەخشێنیتەوە کە لـــە دڵ و دروونتدا هەیە .. کەوابوو جیاوازیەکـــە لێـــرەدا لەســـەر شاهێـــدی دان و شاهیدەکانە نەک لەسەر شاهێدی لەسەر دراوەکە ؟! بۆیە بەدرۆخستنەوەکە روو ناکاتە شاهێدی لەسەر دراوەکە بەڵکو روو دەکاتـــەوە ســـەر شـــاهیدە درۆزنەکان و خودی شاهێدی دانە درۆکەیان .. چونکە پێغەمبەریێتی شاهێدی لەسەر دراوەکە لەسەدا سەد راستە بەلاّم شاهێدی دانی دووڕووەکان درۆیـــە چونکە ئەوەی دەیڵێن هاوجووت نیە لەگەڵ ئەوەی لە ناخیاندا هەیە ..

کەسێک کە وێنەی ناو موشەکێک ( ساروخێک ) ی لە مێشکدایەو باسی فڕۆکەیەک دەکات درۆ دەکات ، با بۆ خۆشی بڵێ ڕاست وەسف دەکەم بەڵام ئێمە کە نازانین باوەڕی ڕەنگە پێ بکەین بەڵام موشەکەوانێک یان فڕۆکەوانێکی شارەزا بە درۆی دەخاتەوەو دەڵێ قسەکانی نابنە پێناسەی ئەو وێنەیەی ئەم باسی لێوە دەکات ..

* ئیمامی ئیبنول عەرەبی ( موفەسسیرە شەرعناسەکەیە نەک سۆفیەکە ، ئەمیان ئیبن عەرەبیە ) دەفەرموێ : ئەمە سێ مەسەلی لە خۆ گرتووە :

یەکەمیان : شاهێدی دان بە دڵ و زمان و ئەندامانی تری لەشە ، شاهێدی دان بە دڵ بریتیە لە باوەڕو قەناعەت کردن ( هەندێک فەرموویانە بریتیە لە زانین) بەڵام من پێم وایە ( ئیبنولعەرەبی پێی وایە ) باوەڕو ئیعتیقاد کردنە چونکە یەکێک لەوەی ئیعتیقاد دادەمەزرێنێت پەی پێبردن و هەبوونی زانیاریە ، شاهێدی دانیش بە زمان بریتیە لە دەربڕین ، هەموو ئەحکامی دنیاش ـ بە خوێن حەرامبوون و عوزر قبووڵ بوونیەوە ـ دەکەوێتە سەر ئەم دەربڕینە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (أُمِرتُ أنْ أُقاتِلَ الناسَ حَتَّى يقولُوا : لا إله إلا الله ؛ فإذا قالوها عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُم وأموالَهُمُ إلا بِحَقِّهَا ؛ وحِسابُهُم على الله )[13] واتە : فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی تا ئەو کاتە بکەم کە

[13] صحيح مسلم باب الامر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله ب 1 لا 39 و الترمذي عن أبي هريرة ، باب ما جاء أمرت أن اقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله ي 10 لا 68 ، و النسائي عن أنس كتاب " تحريم الدم " ب 2 لا 161 ، وباب على ما يقاتل الناس ص 269 ، و أحمد / المسند ب 2 لا 345 ، 528 عن أبي هريرة ب 3 لا 199 ، 224 عن أنس وب 5 لا 246 عن معاذ بن جبل . ولا 433 عن عبيد الله بن عدي . ريوايەتێکی تری أبو هريرة : أن رسول الله صلى الله عليه واله وسلم قال : " امرت أن اقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله ، فمن قال لا إله إلا الله عصم مني ماله ونفسه إلا بحقه ، وحسابه على الله " صحيح البخاري باب قتل من

دەڵێن لا اله الا الله ، ئەگەر ووتیان ئیتر خوێن و سامانیان لـــە مـــن حـــەرام دەبێت مەگەر بە حەقی خۆی ، لێپرسینەوەشیان مافی خوای گەورەیە ..

<u>دووەمیان :</u> کە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ) واتە : خوا دەزانێت کە تۆ بە تەئکید نێرراوی ئـــەویت ـــ خوا شاهێدی ئەوەش دەدەات کە دوورووەکان درۆزنن .. خـــوای گـــەورە زانیوێتی و شاهێدی داوە .. ئەم ئایەتە کە رستەی ئیعتیرازی پـــێ دەوترێـــت فەرمایشتی خوای گەورەیەو لێرەدا بۆیە هاتووە تا رەت کردنەوەی قســـەی دوورووەکان هەموو قسەکەیان نەگرێتەوە ، بەڵکو تەنها ئەوە رەت بکرێتەوە کە درۆیە ، بۆ ئەوەی لە رەت کردنەوەی قســـەکەیاندا ئـــەو لێتێکچـــوونە دروست نەبێت کە چۆن ئەوانە شاهێدی پێغەمبەرێتی محمد صلی الله علیه وسلم دەدەن کەچی خوای گەورە هەر رەتیان دەکاتەوە ..

* * *

---

أبي قبول الفرائض الجزء 8 ص 50 ، و مسلم أبو داود وابن ماجة والترمذي والنســائي وأحمــد والطيالسي . ریوایەتێکی تری أوس بن أوس الثقفي ، قال : " دخل علينا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم ونحن في قبة في مسجد المدينة ، فأتاه رجل فساره بشئ لا ندري ما يقول ، فقال صلى الله عليه واله وسلم اذهب قل لهم يقتلوه ، ثم دعاه فقال : لعله يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله ، قال : نعم ، فقال : اذهب فقل لهم يرسلوه ، أمرت أن اقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إلـــه إلا الله وأني رسول الله فإذا قالوها حرمت علي دماؤهم وأموالهم إلا بحقها ، وكان حسابهم على الله . رواها أبو داود الطيالسي وأحمد والدارمي والطحاوي " كنز العمال في حكم الاسلام چـاپی دائــرة المعارف العثمانية ب 1 لا 375 "

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

* بڕوانە دووڕووەکان چونکە پێویستیان بەوە هەیە جەخت لە باوەڕەکەیان بکەنەوەو وا شاهێدیەکە بدەن کە لە ناخی دڵ و دەرونیانـــەوە قەناعەتـــەو دەری دەبڕن !! تا بە بێ گومان دروست کردن خۆ بە موسوڵمان نیشان دەن ، پیتی ( إنَّ ) و ( لام ) یان بۆ تەئکید بەکار هێناوە ، ئەبو حەییانی موفەسســـیر دەفەرموێ : بە کار هێنانی ئیننەو لامەکە ووتەکە دەباتە پلەی سوێند ، کـــە سوێندیش کۆتا پلەی تەئکیدو دڵنیاییە !! کە دەوترێت ( الامرُ سهلٌ ) کارەکە ئاسانە وەک ئەوە نیە بڵێین ( إنَّ الامرَ سهلٌ ) بە تەئکید کارەکە ئاسانە لەمیش بەهێزتر ئەوەیە بڵێین : ( إنَّ الامرَ لَسَهلٌ ) واتە دڵنیابە بە تەئکید کارەکە ئاسانە ) ئاخر بۆیە خوای گەورەش بە هەمان شێوازی تەئکیدەوە بە ( إِنَّ ) و ( لام ) دەفەرموێ ( واللهُ یشهدُ إنَّ المنافقین لَـــکاذبون )

* نافەرموێ ( انهم لکاذبون ) بەڵکو جارێکی تر بە دووڕوو ناویان دەباتـــەوەو ئەو سیفەتەیان بۆ دەکاتەوە وەسفی چەسپاوو نەگۆڕ ، دەفەرموێ : (إنَّ المنافقین لَـــکاذبون) .

کسر همزه انک لان اللام جاءت بعدها ..

* خوای گەورە دەفەرموێ : ئەگـــەر دووڕووەکـــان هـــاتن و ووتیـــان ، نافەرموێت ئەگەر شایەتیان دا ! چونکە ئەوان خۆیان ناویان ناوە شاهێدی دان بەڵام لە حەقیقەتدا شاهێدی نیە چونکە ئەوی دەیڵێن هـــەر شتێـــکی ســـەر زارەکیەو لە ناخدا پەییان پێ نەبردووەو نەیانناسیوەو تەســـلیمی نـــەبوون ، کەوابوو باوەڕیان پێ نەهێناوە ! ئیدی بۆچی ناوی دەنێـــن شاهێـــدی ؟! تـــا قەناعەت بە تۆ بکەن کە ئەوانیش وەکو موسوڵمانەکانی دەوروبەرت شاهێدی دەدەن ! کەوابوو لەمەشدا کە قسەکەیان ناوناوە شاهێدی هەر درۆ دەکەن !

⁎ قسەکەیان بە درۆ ناخاتەوە ، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو فعلێـــکی ئەوانـــدا فعلێکی خواییش نەیەت بەڵکو بە اسم باسیان دەکات تا هەرچی دەیڵێن هـــەر بە گومانەوە بیرِوانێتیَ ..

⁎ بە لەفزی نشهد دەیڵێن تا بڵێن دڵیشمان پرِ باوەرِەو راست دەکەین ..

⁎ خوای گەورە برِگەی ( وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ ) ی خستۆتە پێش (وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ) بۆ ئەوەی جارێ پێغەمبەرێتیەکەی پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم بچەسپێنێت ئینجا دوورِووەکان بەدرۆ بخاتەوە !!

⁎ شاهێدیەکەی خوای گەورە دەرهەق ئەوان پرِاوپرِی واقیعەکەیانە ، چونکە خوای گەورە بە پێی ئەو رێسا قورئانیەی جەنابی خۆی فێـــرمان دەکـــات : (دەبێت وەسف یان لە سیفەتی زاتی شتەکە خۆیەوە بێت یـــان دەبێـــت لـــە راستگۆیەکەوە بێت ) وەسفی خوای گەورە کە دەرهەق ئەمانە دەفـــەرموێ درۆزنن ، پرِاوپرِ وەسفی حاڵی ئەوان دەکات ، خوای گەورەش راستگۆیە لە نەقڵ کردنی وەسفەکەیاندا بۆیە لەمسەریشەوە سیفەتی دوورِوویـــی و درۆزنی ئەوانمان زیاتر لا دەچەسپێت . بۆ ئەوەی ئـــەم خاڵـــە ئوســـوڵیە فیکـــری و شەرعیەت لا بچەسپێت دوو نموونە دێنینەوە وورد سەرنجیان بدەرێ :

ــ کاتێک سەییدنا یەعقوبی باوکی سەییدنا یوسف بینی وا کورِەکانی ئێـــوارێ هاتوونەتەوەو کراسێکیان سوور کردووەو دەڵێن ئەمە کراسی یوسفی برامانە کە گورگ خواردویەتی !! سەییدنا یەعقوب دیتی کە یەکەم ئەو سوورە خوێن نیە ، دووەمیش کراسەکە ساغەو وەکو خـــۆی مـــاوە .. خـــوای گـــەورە دەفەرموێ : (وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَـــبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ ) واتە خوێنێکی قەستینەیان کردبـــوو بـــە کراسەکەیەوە ! بەڵام ئەو فەرمووی : ئەمە هەر نەفس و هـــەواو هەوەســـی

خۆتان ئەمەی پێ کردوون ، سەبرێکی بێ ناڵین دەگرم ئەوم چاکترە ، خواش یاریدەدەرە لەسەر وەسفەی دەیکەن .. یەعنی ئەو وەسفەی دەیکەن لە سیفەتی خوێن و کراسەکەوە نەهاتووە ..

ــ کاتێک سەیدنا یوسف لە میسر بوو بوو بە کاربەدەستی باڵای وڵات و براکانی هاتنە ئەوێ و ویستی براکەی گل داتەوە و تەگبیری ئەوەی کرد کە ئێغنکێشەکە ( کەوچکێکی قوڵ و گەورەیەو بۆتە ئامێری پێوانی دانەوێلە ) دەخاتە ناوباری براکەیەوە تا لەسەر ی بگیرێن ، بانگ دەکرێن : ئێوە دزن !! کە ئێغنکێشەکە لە باری براکەی دەردەهێنن ، براکانی تری کە نازانن ئەوە سەیدنا یوسفی برایانە دەڵێن : (قَالُواْ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا وَاللّهُ أَعْلَمْ بِمَا تَصِفُونَ ) **یوسف : 77**

واتە : ئەو کە ئێستا ئاوا دزی دەکات ئەوە برایەکی تریشی پێشتر دزی کردووە ، بەڵام یوسف ئەو قسەیەی لای خۆی راگرت و دەری نەبریەوە بۆیان ( بە درۆی نەخستنەوە چونکە یوسف تەنها ئەو برایەی هەبوو کە ئێستا وا هەردووکیان لە لایەن براکانی تریانەوە بە دز دەناسرێن ! ) فەرمووی : ئێوە پیاوخراپن خوا زاناترە بەو وەسفەی دەیکەن .. چونکە زانی ئەو وەسفەی کردوویانە هاوجووتی رەفتارو رەوشتی براکەی نیە چ جای رەفتارو رەوشتی پێشینی خۆی کە لە خۆشی دڵنیایە کە قەت دزی نەکردووە !!! ئیتر ئەم وەسفە نارەوایە لە کوێوە هات ؟! ئەم شاهێدیە درۆیە لەسەر بنەمایەکە ؟!

بزانە کە خوای گەورە وەسفێک رەت دەکاتەوە کە لە سیفەتی زاتی ئەو باسکراوەوە نەهاتبێت و پڕاوپڕی نەبووبێت ، نابینیت لە بەرپەرچی قورەیشدا کە دەیانووت فریشتە کچی خوان چۆن دەفەرموێ : ( وَجَعَلُواْ لِلّهِ شُرَكَاء الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُواْ لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ ) **الانعام / 100**

واته : ئەوان پەری و جنۆکەیان کردۆته شەریکی خوای گەوره کـــه خـــوا خۆی ئەوانیشی دروست کردووه ، هەروەها کوڕو کچیان بۆ خوا بڕیار داوه بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان هەبێت ، پاک و بێ عەیبی بۆ خـــوای گـــەوره لەوەی که ئاوا وەسفی دەکەن .. چونکه وەسفەکەیان لەسەر زانیاریی نیـــه ، ئەوان چوزانن سیفەتی خوای تاک و پاک چیەو چۆنه ، ئـــەدی چـــۆن ئـــاوا وەسفی دەکەن ؟! کەوابوو وەسفەکەیان هەر قسەی بێ جێیه ..

اعرابەکان راست دەکاتەوه چونکه نازانن و هێشتا پێویستیان به ارشاد هەیه .

⁎ لەم باسەدا سێ شت هەیه : شاهید ، شاهێدی دانەکه ، شاهیدی لەســـەر دراوەکه ، ئەمەی سێیەمیان که پێغەمبەرێتیەکەی پێغەمبەری خـــوای صلی الله علیه وسلم لەم باسەدا نیه ، ئێره باس له شاهیدەکان دەکـــات کـــه درۆزنـــن شاهێدیەکەشیان درۆیه چونکه قسەیەک دەکەن که لەگەڵ نـــاخی خۆیانـــدا یەک ناگرێتەوه ، واش نایکەن که بسەلمێنێت که قەناعەتیان پێی هەبێـــت .. ئیمامی ئەحمەد رحمه الله دەفەرموێ ئەوی وەک ئەمه ئەو ئایەتەیه که خـــوای گەوره باسی ئەعرابەکان دەفەرموێ : ( قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِـــن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ ) الحجرات / 14 واتـــه : ئەعرابـــەکان ووتیان باوەڕمان هێنا ، پێیان بڵێ جارێ باوەڕتان نەهێناوه ، دەی ســـا بڵێـــن موسوڵمان بووین ، چونکه هێشتا باوەڕ نەچۆته ناو دڵ و دەرونتانەوه .. واته زاهیرتان ئیسلامەتیه .. که مادام زاهیریان پڕاوپڕ هاوجووتی ناخیان نیه ئـــاوا بەو شێوه دانایيەی خۆی بۆی رون کردنەوه بێ ئەوەی واشیان تێگەیێنێت که ئێوه له ریزی کافراندان ، نا دەفەرموێ ماوتانه به باوەڕدار حسێب بن ..

⁎ ئەبو حەنیفه رحمه الله دەفەرمووێ : ئەگەر کەسێک ووتی ئەشهەدو ئـــەوه سوێندی خواردووه چونکه لەم ئایەتەدا خوای گەوره دوای ئەوەی (اشهد)ی

ئەوانی هێناوەتەوە لە ئایەتی دواتردا دەفەرموێ (اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّـــةً) واتـــە : سوێندەکەیان کردە قەڵغانی سەریان ! کەوابوو ووتنی ئەشهەدو یەعنی سوێندم ئیمامی شافیعی دەفەرموێ : ئەشهەدو بە تەنها نابێتە سوێند مەگەر کەسێـــک بڵێ : ئەشهەدو بالله ، ئەوە سوێندە .. ی ئیمامی مالیک دەفەرموێ : ئەگـــەر ووتی ئەشهەدو بە بێ نیەتی سوێند نابێتە سوێند ، بەڵام ئەگەر ووتی ئەشـــهەدو بالله دەبێتە سوێند .. ئەمەی ئیمامی مالیک ناوکۆییەکان چارەسەر دەکات و بۆچوونێکی ووردترە

⁎ شاهێدی دان گەورەترە لە سوێند ، نابینیت لە داگای شەرعیدا سوێند لـــە مەسیحی و جولەکە وەردەگیرێت بەڵام شایەتیان بـــۆ نموونـــە لەتەڵاقـــدانی موسوڵماندا وەرناگیرێت ، وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَأَشْـــهِدُوا ذَوَي عَدْلٍ مِنْكُمْ ) الطلاق / 2 واتە : دوو پیاوی دادپەروەری خۆتان بکەنە شاهێد ..

⁎ ⁎ ⁎

**ئایەتی دووەم** : ( اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ )

واتە : سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغان ، بەوەش بەرەنگاری دینەکەی خوای گەورە بوونەوەو رێیان لە رێبازەکەی ئەو گرت ، بە راستی ئەوەی دەیانکرد خراپە بوو .

* أَيْمَانَهُمْ : زۆرینەی موفەسسیرەکان بەم شێوەیە دەیخوێننەوە کە دەبێتە کۆی یمین واتە سوێند ، واتە ئەو سوێند خواردنەیان یان ئەو شاهێدیە درۆیەیان دەکەنە قەڵغانێک و خۆی دەخەنەبەر .. هەشیانە بە إِيْمَانَهُمْ خوێندویێتیەوە واتە باوەڕ هێنانە سەرزارەکیەکانیان کرد بە مایەی خۆپاراستن لە سزای کافرێتیان ، چونکە کابرای دووڕوو لە ناخیدا کافرە بەڵام بۆ ئەوەی حوکمی کوفرو کافران نەیگرێتەوە باوەڕهێنانێکی ئاشکرا کردووە ..

جُنَّةً : قەڵغان ، یان دیاردەو دیمەنێکی دیار کە وەکو توقیە بەکاری بهێنن کە سەرزارەکی ئیماندارانە دەرکەون با لە ناخیشدا بێ باوەڕ بن ..

* سەیری کە چەند لێچواندنێکی جوانی کردووە کە سوێندخواردنەکەیانی بە قەڵغان چواندووە .. قەڵغان قورسەو ناکرێن جەنگاوەری شەڕە شمشێر داینێت ، پێویستەو دەبێ لە هەموو سات و کاتی هەست کردن بە شمشێری بەرامبەردا خۆی بداتەوە بەری ، بۆیە ئەم هەڵوێستە قورس و لەقەی دووڕووەکانیش پێویستی بە گرتنەوە بەری بەردەوام هەیە ، هەر کە موسوڵمانێک دەبینێت ، هەر کە ئایەتێک دادەبەزێت هەر کە داوا لە موسوڵمانان دەکرێت بڕگەیەکی نوێی دینەکە وەرگر و پێوەی پابەند بن .. وە هەروەها .

* ئیمامی قورتوبی دەفەرموێ : ئەو سوێند خواردنەیان لێرەدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ووتیان ( تۆ پێغەمبەری خوایت ) بەڵکو وەکو بوخاری و ترمزی لە

ئیبنو ئوبەییەوە دەگێڕنەوە بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتەکە دەگەڕێتەوە چونکە ئەوان سوێندیان دەخوارد کە ئێمە قسەی کوفرینمان نەکردووە ..

* شەرعناسان لەسەر ئەوەن کە هەر کەسێک ووتی سوێندم بە خوا یان قەسەم بەخوا ن یان بە ناوی خواوە شایەتی دەدەم بە شێوەی رابوردوو بێت وەکو سوێندم بە خوا خوارد یان بە شێوەی رانەبوردوو وەکو سوێند بە خوا دەخۆم ، ئەمانە هەمووی سوێندن و رایان لەسەر ئەوە کۆیە کە لە رووی ئەحکامی شەرعیەوە سوێند خواردنن ، ئیمامی مالیک و یاوەرانی دەفەرموون ئەگەر ناوی خواشی تێدا نەبات هەر بە سوێند حسێبە مادام مەبەستی سوێند خواردن بووبێت بۆ نموونە ئەگەر ووتی سوێند دەخۆم کە ئەو هەواڵە ئاوایە ، ئیمامی ئەبو حەنیفەی رەحمەتی دەفەرمووێ : ئەگەر ووتی ئەشهەدوبیللا ئەوە سوێندە ، ئەمما ئەگەر ناوی خوای گەورەی لەگەڵیدا نەهێناو مەبەستی سوێند بوو دەبێتە سوێند ئیمامی شافیعی رەحمەتی دەفەرموێ مادام ناوی خوای لەگەڵدا نەهێنێت نیەتیشی سوێند بێت نابێتە سوێند .. چونکە ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەو سوێندەی خواردوویانە کە خوای گەورە لە سورەتی التوبەدا گێڕاوێتیەوە کە ووتوویانە : (يَحْلِفُونَ بِاللّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلاَمِهِمْ ) التوبە / 74 واتە سوێند دەخۆن کە ئەوان وایان نەوتووە ، بەلاّم ئەوان ووشەی کوفریان ووت و دوای باوەڕ هێنانیان کافر بوونەوە.

* فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ : واتە بەرەنگاری دینەکەی خوای گەورە بوونەوە ، مەبەست لەوەیە کە ئەو دووڕووانە بۆیە وایان کرد تا حوکمی خوای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە خوێن و ساماندا جێبەجێ نەکرێت ، یان بەوەی کە دەیانوویست خەڵکی نەچنە جیهاد بەڵکو خەڵکی دیکەش چاویان لێ بکات و بەوەش ریزی موسوڵمانان لاواز ببێت ! لە لایەکی

تریشەوە بەوەی کە ڕێیان لە موسوڵمان بوونی کافرو موشریکەکان دەگرت و ئیسلامیان لا ناشیرین دەکردن و ڕێبازە جاهیلیەکەی خۆیانیان لا جوانتر دەکرد ! بەوەی کە پێیان دەووتن ئەوەتا ئێمە هەر لەگەڵیاندایین وکافریشین ، ئەگەر دینەکەیان راست بوایە هەڵبەت ئێمە کە ئەوەندە لێیانەوە نزیکین باوەڕمان پێی دەهێناو پێوەی پابەند دەبووین ! ئیتر خوای گەورەش ئەم حاڵەتە دەروونی و هەڵوێست ورەفتارەی فەزح کردن .

إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ : بە راستی ئەوەی دەیانکرد خراپە بوو ، چ پالاّنتەی باوەڕ هێنان وموسوڵمان بوونیان بێت ، چ ئەو هەڵوێست و رەفتارەیان بێت ، چ ئەو بەرەنگاری کردنەی بانگەوازەکەی خوای گەورە ...

* هاتنی ئەو شێوازانەی کردەوە ( فعل ) لە ئایەتەکەدا لە باسی بیروبارەڕو هەڵوێستیاندا وەکو ( اتَّخَذُوا) ( فَصَدُّوا) (سَاءَ) ( يَعْمَلُونَ ) بەڵگەی ئەوەیە کە بەردەوام پێویستیان بەو رەفتارە هەبووە ، چونکە کردار نیشانەی روداوو دوپات کردنەوەیە ، بەلاّم ناو نیشانەی چەسپاوی وبەردەوام بوونە .. وەکو هەمیشە لە باسی ئەم دووڕووانەدا خوای گەورە بەو شێوەیە باسیان دەفەرموێت چونکە ئەوانە ڕۆژانە بە موسوڵمانان دەگەیشتن و دەبوو بەردەوام بۆ ئەوەی کەشف نەبن سوێند بخۆن یان خێرا خێرا بۆ شاردنەوەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان موسوڵمانێتی خۆیان ـــ بێ ئەوەی کەس ناچاری کردبن ! ـــ ئاشکرا کەنەوە ..

* کە دەفەرموێ : ( إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ) واتە ئەو کارانەی کە دەیانکرد بە راستی خراپ بوو ، بەد بوو ، ناپەسەند بوو .. چونکە درۆ کردنە ، شایەتی درۆیە فریودان و چەواشەکارییە ، ڕێگرتنیشە لە موسوڵمان بوونی خەڵکی تر لە بلاّو بوونەوەی ئیسلام !! ئیتر چ هەڵوێستێک لەمە بەدترو خراپترە ؟!

**ئایەتی سێیەم** :﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ(3) ﴾

ئەوەش بەوەی کە باوەڕیان هێنا پاشان کوفریان کرد ، لەبەر ئەوە بوو کە دڵیان مۆری پێدا نراو ئیدی حاڵی نابن .

* ذَٰلِكَ : ناوی ئاماژە ( اسم اشارة ) یە ، ئاماژەیە بۆ هەڵوێستەکەی پێشوویان کە بە هۆیەوە خوای گەورە فەرمووی ( إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ) بە ڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپ بوو .. کە بریتی بوو لە باوەڕیان سەرزارەکی و لێی پەشیمان بوونەوەی ..ئەمەش بۆ هەموو کەسێکی تر هەر وا ناشیرینەو نیشانەی لاسەنگی دەروونە ..

* آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا : باوەڕیان هێناو پاشان کافر بوونەوە .. باوەڕیان هێنانیان دەشێت :

ـ بە شایەتمان هێنانە ڕاشکاوو ئاشکراکەیان بووبێت کە بە دوایدا هەموو داواکاریەکانی ئیمانداریان ئەنجام دەدا ، بەڵام دواتر بەوەی کە کردەوەی کوفرینیان لێ دەردەکەوتەوە کافر دەبوونەوە ، بۆ نموونە کە دەیانووت ئەگەر ئەوەی محمد دەیڵێ ڕاست بێ هەڵبەتە ئێمە گوێدرێژین !! یان کە لە غەزای تەبووکدا دەیانووت : ئەم کابرایە بە تەمای کۆشکی قەیسەرو کیسرایە ، هەیهوو هەیهوو .. یان گاڵتەو لاقرتێ کردنیان بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکرد بۆیە خوای گەورە قسەکانی هێنانەوەو فەرمووی : (سَيَحْلِفُونَ بِاللهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ اسْلَامِهِمْ ) .. ئینجا حوکمی کوفریشی دان : ( لا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ) پۆزش مەهێننەوە ئێوە بەو قسانەی کردتان دوای موسوڵمان بوونتان کافربوونەتەوە.

ــ بەوەی لای موسوڵمانەکان خۆیان وا نیشــان دەدا کــە موســوڵمانن و پابەندی شەریعەتی خوان کەچی لە لای کافرەکانی دۆســتیان گاڵتــەیان بــە ئیسلام دەکردو دەیانووت هەر بۆ گاڵەتە پــێ کردنیــان بــە ســەرزارەکی باوەڕمان هێناوە .. ئەمەشە کە خوای گەورە دەرهەقیان دەیفــەرموو : ( وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وإِذَا خَلَوا الَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ ) البقرة / 14 واتە : کاتێک بەو کەسانە دەگەیشتن کــە باوەڕیــان هێــنابوو ، دەیانووت ئێمەش باوەڕمان هێناوە ، کەچی کە بە شەیتانەکانیان دەگەیشتنەوە دەیانوون : نا ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەداین و گاڵتەمان بەوان دێت !!

ــ ئەمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە دواتر لە دینەکە پاشگەز بوونەوە ..

ــ ئەو موشریکانەش دەگرێتەوە کــە بــە هــۆی تێــکەڵاویانەوە لەگــەڵ جولەکەکان باوەڕیان وابوو کە پێغەمبەرێک بەو ناونیشانەی لــە کتێــبەکانی ئەواندا نوسرابوو ، دێت و ئەمانیش هەر ئەو کاتە باوەڕیان بــەوە هــەبوو ، کەچی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە پەیامی خواییەوە هات ، باوەڕیان پێ نەهێنا .. ئایەتەکە گشتگیرە دەشێت ئەمانیش و ئەو دوو ڕووانــەی ئــەهلی کیتابیش بگرێتەوە ..

* فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ : لەبەر ئەوە بوو کە مۆر بە دڵیاندا نرا .. لــە کوردیشــدا وەکو عارەبی وایە کە دەوترێت مۆر کرا ، یەعنی کونبڕ بووە ، ئیتر ڕێی ئەوە نەماوە هیچ بچێتە ناوی ، یان لێوەی بێتە دەرەوە ، بۆیە بەو تەنەکە نەوتــەی سەری لەحیم دەکرایەوە دەوترا تەنەکەی سەر مــۆر .. لەمەشــەوەیە کــە ووتراوە نامەی مۆر کراو ، یەعنی کە دەپێچرایەوەو مۆری لێ دەدرا کــەس بۆی نەبوو بیکاتەوە ..

ئەم لێچواندنە لە رەوەانبێژیی عەرەبیدا پێی دەوترێت مەجاز (لــە جــۆری ئیستیعارەیە ) مەبەست لەوەیە کە لە لایەکەوە دڵیان لەبەر نەفامی و گەلۆری و کەللە رەقی و عینادی خۆیان وا لە رووی حەقدا داخراوە تازە رێی ئــەوە نەماوە ئاهێکی گەشانەوە یان تروسکاییەکی خواناسی داخڵی ببێت !

* ﴿فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ﴾ : حاڵی نابن .. ئەقڵیان بەو بانگــەوازە نەشــکا کــە بــۆی بانگهێشت دەکران ، ئەقڵیان بەو شنەی رۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستە نەشکا کە ئەم دینە بۆی دەستەبەر دەکردن !! درکیان بە کاریگەریی ئەم بانگەوازە خواییە نەکرد لە دارِشتنەوەی شەخسیەتی تــاک و پێکهێــنانی کۆمەڵگەو بنباتنانی دەسەڵاتی سیاسی ، پەییان بە چارەنوسی دژواری خۆیان لە دنیاو قیامەتدا نەدەبرد کە دەبووە ئەنجام و سزای ئەو هەڵوێستە لاسەنگانەیان کە بەرامبەر ئەم دینەو پێشەواکەی صلی الله علیه وسلم دەیانگرتە بەر !!

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

* سەیری ئەو رەوانبێژیە بەهێزەکە لەم ئایەتەدا ، دەفـەرموێ کـە خـوای گەورە دڵی ئەو دووڕووانەی مۆر کردووە ! رەنگە کەسێک بڵێت : ئـاخر ئەوە رێ گرتنە لە وەرگرتنی حەقەکە کـە لەگـەڵ دادی خواییـدا یـەک ناگرنەوە ، وەڵامی ئەمە ئەوەیە :

1 ـــ کە خوای گەورە بەردەوام رێی بەرەو ئیسلام هاتنی بۆ خۆش دەکردن ، چونکە بە شێوەی کردار باس لە باوەڕ هێنانەکانیان دەکـات کـە زوو زوو دووپات دەبۆوە ، بەڵام ئـەوان هـیچ سوودێـکیان لـەو هـەموو هەلـە وەرنەدەگرت تا موسوڵمان بن ، ئیتر خوای گەورەش غەزەبی لێ گـرتن و وا رێی لێ گرتن کە جەنابی ئەو دڵیانی مۆر کردووە ، ئیتر کێ هەیـە جورئـەتی ئەوە بکات بڵێ هەلی تریان لەبەر دەمدا بۆ دەرەخسێنم بەڵکو باوەڕ بهێنن ، نا ئەمە نابێت، چونکە حوای گەورە بە زانینی رەهای خۆی ، بە دادی بێ وێنەی خۆی ، بە حەزی هیدایەتدانی بەندەکانی هەموو رێیەکی بۆ هیدایەتی ئەمانە بۆ روون کردنەوە بەڵام هەر وەدەنگیەوە نەهاتن و کوێرایی زەیـن و دیـدیان بەباشتر زانی وەک لە نوری ئیمان و بەرچاو روونی دنیاو قیامەت .. ئـەوەش هەم ئەنجامی کاریانە ، هەم سزای خوایی ..

2 ـ ئەم مۆرە لە رووی چۆنیەتی و چەندێتی و کات و شوێـن و ماهییـەت و هۆیەوە قابیلی موناقەشەو بەدواداچوون نەماوە چونکە خوای گـەورە ئـەو کارەی کردووە ، ئیتر بوار بۆ کەس نەماوەتەوە تا لە حاڵەتێکی ئەو مۆرلێدانە بکۆڵێتەوەو بە هیوا بێت بگاتە ئەنجامێک کاڵی کاتەوە چ جای ئیلغا کردنەوە چونکە سزایەکی دادپەروەرانەی خوای گەورەیە کە دوای ئیقامە حوججـەو روون کردنەوەی چاکەو خراپەو چارەنووسـی پابەنـد بـوون بـە هـەر

یەکێکیانەوەی بۆ روون کردبوونەوە بەڵام ئەوان هەر باوەڕیـــان نەدەهێـــنا ، نابینیت خوای گەورە چۆن لە باسیاندا فەموویەتی : ( وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَ نَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُــونَ ) واتە : هەر وەکو چـــۆن ئەوان لە یەکەمین جارەوە باوەڕیان پێی نەهێنا ، ئێمەش وا دڵ و چاویانی لـــێ هەڵدەسوڕێنین و لێیان دەگەڕێین لە گومڕایی خۆیاندا خول بخۆن . هەروەها : ( فَلَمَّا زاغُوا أزَاغَ اللهُ قُلُوبَهُمْ ) کاتێک کە ڕێی هیدایەتیان نـــەگرت و لایانـــدا ئێمەش لاماندان .. یان : ( بَلْ نَطْبَعُ عَلَيهَا بِكُفْرِهِمْ ) بەڵکو هەر بە هۆی کـــافر بوونی خۆیانەوە ئێمەش مۆر بە دڵیانەوە دەنێین .. ئەمانە هەموو ئـــەوە روون دەکەنەوە کە ئەو مۆرلێدانەی خوای گەورە بە دڵـــی ئـــەو دووڕووانـــەوە سەرەنجامی هەڵوێستی ئازادی خۆیان بووە ، نەک خوای گەوەر نەیوویستبێت هیدایەتیان بدات وەکو خۆیان و دووڕوانی هەموو زەمانێکی تر وا دەڵێـــن ، خۆ خوای گەورە فەرق و جودایی لە نێوان بەنـــدەکانی خۆیـــدا ناکـــات و واسیتەی کەسیش بۆ کەسێکی تر قبووڵ ناکات .. نابینیت پێغەمبەری نازدار صلی الله علیە وسلم وەکو حوزەیفەی کوڕی یەمان ڕەزای خوای لـــێ بێـــت لێوەی دەگێڕێتەوە ــ دەفەرموێ : ( تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى القُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُوداً عُوَدًا فَأيُّ قَلْبٍ أَشْرَبَهَا نَكَتَتْ فِيهِ نُكْتَةً سَوداءَ وَأيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نَكَتَتْ فِيهِ نُكْتَةً بَيضَاءَ حَتَّـــى يَصيرُ عَلَى قَلْبَينِ أَبيضَ بِمِثْلِ الصَّفَا فَلا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَاواتُ والأرضُ والآخَـــرُ أسودُ مِرْبَادَاً كَالْكُوزِ مُجَخِّيَاً لا يَعْرِفُ مَعروفَاً ولا يُنْكِرُ مُنْكَرَاً إلا مَا أشْرِبَ مِن هَـــواهُ ) رواه مسلم واتە : بەڵاو موسیبەتی تاقی کردنەوە ، وەک دانە قامیشـــی ریـــز کراوی حەسیر بەسەر دڵاندا دێت ( یەعنی جۆرەها کێشە کە دەبنە مایـــەی لادەری و دین لاوازی ، روو لە دڵ و دەروونەکان دەکەن ، جا چۆن ئـــەو کەسەی حەسیر دروست دەکات قامیشێک قایم دەکات ئینجا قامیشێکی تری

دەخاتە پاڵ و ئەویش قایم دەکات ئینجا سێیەم وە هەروەها .. ) هەر دڵێک هەر یەکێک لەوانە بگرێتە خۆ خاڵێکی رەشی پێوە دەچەسپێت ، هەر دڵێکیش وەری نەگرت و رەتی کردەوە خاڵێکی سپی پێوە دەچەسپێت ، تا ئەم دڵە سپیەیان وەکو چیایەکی تاوێر ( یان وەک کێوی سەفا کە لە مەککەیە ) ساف و لووس دەبێت و هیچی پێوە ناوەستێتەوە و بریسکەی دێت ، ئەو دڵەش ئاوای لێ دێت کە هەتا دنیا دنیابێ و ئاسمان وزەوی بمێنن هیچ تەگەرەیەک کارتێکردنی خراپی لەسەر نابێت ، ئەوی تریان رەش دادەگەڕێت و وەکو کیتەڵە ( گۆزەی بچووک ) ی دەمەونخوون کراوەی لێ دێت ( کە هیچی پێوە ناگیرسێتەوە ) ئیتر نە چاکە دەزانێت چیەو نە خراپەش هەڵداوێرێت مەگەر هەر ئەوەی کە لەگەڵ هەواو هەوەسەکەی خۆیدا دەگونجێت ..

* بە کار هێنانی شێوە مەجازی وا لە داڕشتندا هێزێکی زۆر دەداتە تەعبیر نابینی کورد کە شتێک بێ ئەسەر وون ببێت دەڵێ : کەوتە تونی باباوە ، یان ناوی بە کۆڵەکەی ئاشدا چوو ، یەعنی ئومێدی ئەوە نەما بدۆزرێتەوە .. لێرەشدا کە خوای گەورەو بەدەسەلات و زاناو دانا مۆر لە دڵی کەسانێک دەدات پەنا بە خوا ئیتر کەس بۆی نەماوە قسەی لەسەر کاتەوە ، کەس ئومێدێکی سڕینەوەی ئەو مۆرەی نامێنێت ..

* دڵێک کە ئامێری هەست و هۆش و گۆش نەمابێ ، کە رۆڵی سەرەکی لە پەی پێ بردن و لێک هەڵاوێردنی چاک و خراپ نەمابێ ، هیچ رۆڵێکی مرۆڤایەتی بۆ خاوەنەکەی نەمابێ وەکو دڵی ئاژەڵی لێ هاتووە ! کە مادام خاوەنەکەی بە وویستی ئازادو سەربەستی خۆی وای لێ کردووە ، با لەرووی فیزیکیەوە هەر بیمینێت با وەکو دڵی ئاژەڵێک خزمەتی زیندوێتی خاوەنەکەی

تا کۆتایی کاتی خۆی بکات ، دوایی لەو رووەشەوە لە لێدان دەوەستێت و هیچ فاعیلییەتێکی نامێنێت ..

* کەسێک کەش و دۆخی باوەڕی دیبێت ، لە روانگەی بەرفراوانیەوە هەستی بە هەموو ئاسۆو مەودای گەردوون و ژیان و مرۆڤایەتی مرۆڤ کردبێت و خوای کردگاری ناسیبێت ، لە ناخیدا لەزەتی لە خواناسی کردبێت و گەشەی رۆحی چێشتبت ، ئاهی تەقوای تێ گەڕابێت و دەرونی لەژێر سایەی ئیماندا حەوابێتەوە ، چاوێک لەبەر نوری خواییدا هەموو رەهەندە دژوارەکانی تاریکستانی جاهیلییەتی کەشف کردبێت و خۆی لێ لادا بێت ، پاشان گەڕابێتەوە بۆ دیدی تەنگ و تاری گومڕایی کوفرو بیری شەڕەشۆقی دارستانی جاهیلییەت ، بۆ بیابانی بێرووی کوفرو زۆنگاوی بەدڕەوشتی و بەرەڵایی ، دەبێ ئەقڵی بە چی بشکێت ؟ پەی بە چی ببات؟ درکی چ مەودایەکی خێرو شەڕ بکات ؟ مەگەر شایانی ئەو وەسفە واییە نیە کە پێی دەفەرموێ : ( فَهُمْ لا يَفْقَهُونَ ) ..

* * *

**ئایەتی چوارەم** :( وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ . )

واتە : کە دەیانبینیت ، لەشولاریان سەرسامت دەکات ! کە دەدوێن گوێ لە قسەکانیان دەگریت ، هەر دەڵێی کۆتەرەی گەندەڵ و تەختەو داری هەڵپەسێرراون ، وا گومان دەکەن کە هەموو هاوارێک بەسەر ئەواندا دەکرێت ، ئا ئەوانەن دوژمن ، هۆشیاربە لێیان ، خوا بیانکوژێت ، چۆن لە ڕێنمایی خوایی بەرەو گومڕایی خۆ لا دەدەن ؟!!

* تُعْجِبُكَ: سەرسام دەبیت پێی ، العجب سەرسام بوونە ، ئەمە لە کوردیشدا وەک عەرەبیەکەیەو دوو جۆرە : یەکێکیان جێی تێڕامان و واق وڕمانەو ئەوی تریان لووت بەرزی وخۆپەسەندیە ..

ـ واق وڕمانەکە ئینفیعالێکی دەروونیە بە هۆی نەزانینی ماهییەتی پێکهاتەی شتێکەوە دروست دەبێت کە پەی پێ نابرێت وەکو خوای گەورە باسی سەرسوڕمانی ژنەکەی سەیدنا ئیبراهیم دەکات کە بەو پیری و نەزۆکیە مژدەی درایە کە منداڵی دەبێت !! کە بە ڕوومەتی خۆی کێشاو ووتی : (قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَـذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَـذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ ) هود / 72 واتە : هەی ڕۆ چۆن منداڵم دەبێت کە من ئاوا پیرەژنم و ئەوەش مێردەکەمە ئەوەندە پیرە ، بە ڕاستی ئەمە جێی سەرسوڕمانە ، فریشتەکانیش پێیان فەرموو : (قَالُواْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ ) هود / 73 واتە :چما لە کاری خوا سەرت سوڕ دەمێنێت ؟ یان بە هۆی نەزانینی هۆکاری ڕودانی ڕوداوێکەوەیە وەکو دەربارەی یاوەرانی ئەشکەوت فەرمووی : ( أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا) **الكهف/9** واتە : باسی یاوەرانی ئەشکەوت یەکێکە لە نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانی ئێمە.

یان سەیریێتی گرتنە بەری هەڵوێستێکە ، وەکو لە باسی هەڵوێستی سەیری کافرە نەفامەکاندا دەرهەق وەحی و پێغەمبەرایەتی دەفەرموێ : (أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَى رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ النَّاسَ ) یونس / 2 واتە : چما ئەوە جێی سەرسوڕمان و واق ووڕمانی خەڵکیە کە وەحیمان بۆ پیاوێک لە خۆیان ناردووە کە هۆشداریی بدە خەڵکی ؟! سەرچاوەی هەموو ئەمانەش نەزانینی هۆکارەکەیە .. هەر وەکو کە خوای گەورە باسی سەرسوڕمانی کافرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەوە سەریان سوڕ مابوو کە چۆن محمد صلی الله علیە وسلم تەنها یەک خوا دەپەرستێت ! وەک دەفەرموێ : (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ ) سورەتی ص / 5 واتە : چۆن هەموو خواکانی کەنار داوەو تەنها یەک خوا دەپەرستێت ؟! بە راستی ئەمە شتێکە زۆر زۆر جێی سەرسوڕمانە .. عجاب لە عجیب زیاترە ..

ـــ ئەوی تریان کە بە مانای سەرسام بوونی لووت بەرزی و خۆپەسەندیە حاڵەتێکی تری دەروونە بەڵام سلبیە ، نەخۆشی و لاسەنگیە ، وەکو دەربارەی یاوەران لە غەزای حونەیندا فەرمووی : (وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ) التوبة / 25 واتە : هەروەها ئەو رۆژەی لە حونەیندا بە زۆری ژمارەی خۆتان سەرسام ( موعجیب ) بووبوون ! بەڵام هیچ دادیشی نەدان و سەری دنیاتان لێ هاتەوە یەک و پاشانیش پشتتان هەڵکردو هەڵاتن !!!

* خُشُبٌ: كۆی خَشَبَة یە واتە داری گەندەڵ و كلۆر كە خۆركە لێی دەدات و هەڵیدەكۆڵێت ، ووشەكە وەكو بُدُن ە كە كۆی بَدَنَة یە یان ثُمُر و ثَمَرَة ..

* مُسَنَّدَةٌ : داری هەڵپەسێرراو ، پاڵدراو بە دیوارەوە ..

* صَيْحَة : لە ئەسڵدا بە درەختی بەرز دەوترێت کە لە دوورەوە دەبینرێــت ، بۆیە بە هاوار کردن ووتراوە صیحَة ، ئینجا بۆ هاواری ترس و بیم و تــۆقین و تۆقاندن بەکار هاتووە چونکە لە دوورەوە کە خاوەن دەنگەکە وا هاوار لــە بانگکراوەکان دەکات کە رایاندەچڵەکێنێت و وا بە هۆشیان دێنێتەوە کە زۆر بە بایەخەوە روو لە دەنگەکە کەن . بۆیە خوای گەورە لە قورئانــدا ئــاوا بەکاری هێناوە وەک : ( إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُــمْ خَامِــدُونَ ) یس/29 واتە : هەر ئەوەندە بوو هاوارێکیان کە لێکرا ئیتر هەر هەموو خامۆش بوون .

* فَاحْذَرْهُمْ : بە هۆش بە لێیان . حَذَر : سڵ کردنەوەیە لە شتێکی سامناک .. وەک خوای گەورە دەرهەق پیاوچاکان دەفەرموێت : (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّــذِينَ لَــا يَعْلَمُونَ ) الزمر / 9 واتە : یان ئائەوانەی کــە شــەوان ملکەچــی خــوان و شەونوێژی بۆ دەکەن و لە سوجدەدان یان بە پێوەن و هۆشیان لای رۆژیــی دواییەو ئومێدیان بە رەحمەتی خوایە ، پێیان بڵێ : مەگەر ئەو کەسانەی دەزانن بەو کەسانە یەکسانن کە نازانن ؟

یان هۆش خستنە سەر رەفتار بۆ ئەوەی نەکەویتە مەترسی و هەڕەشــەوە .. وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ : (وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ) ال عمران / 28 واتە : خوای گەورە هۆشتان بە لای خۆیدا رادەکێشێت تا ســرک و ســڵ بــن و هۆشتان لە رەفتاری خۆتان بێ . یان قسەکەی فیرعەون و دەســتودایەرەکەی کە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ : (وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ ) الشعراء/56 واتە : ئێمە هەر هەموومان هۆشدارین ..

* أَنّی : لە کوێوە ، چۆن ، کەی ، بە چ شێوەیەک .. وەک خوای گـــەورە دەربارەی سەیدنا زەکەرییاو مەریەم دەفەرموێ:(كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَـــذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنـــدِ اللّـــهِ) ال عمران / 37 واتە: هەر کاتێک زەکەرییا دەچووە جێ پەرستگاکەی مەریەم بۆ ســـەردانی دەیبینی خواردنی لایە ! ئیدی لێی پرسی : مەریەم ئەمەت لە کوێوە بۆ هاتووە ؟ ئەوی ووتی : لە لایەن خوای گەورەوەیە .. هەروەها بە مانای ( چـــۆن و کەی و بە چ شێوەیەک ) دێت وەک خوای گەورە دەربارەی سەرجێـــیی ژن و مێرد ( جیماع ) دەفەرموێ : (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّـــى شِـــئْتُمْ ) البقرة / 223 واتە : ژنەکانتان کێـــڵگەتانن چـــۆن حـــەزتان لێـــیە وا بچـــنە کێڵگەکانتان . واتە چۆن وکەی و هەر چۆنێک حەزتان کرد ( مـــادام لـــە پێشەوە بێت ) ..

* يُؤْفَكُونَ: الإفك : هەموو شتێکە کە لە رووی راستەقینەی خۆی وەرگێـــڕرا بێت .. بۆیە خوای گەورە لە تۆمەتبار کردنەکەی عائیشەخاندا دەفەرموێ : (إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ) النور / 11 واتە : ئەو کەسانەی کـــە ئـــەو تۆمەتە ناڕاست و درۆو دەلەسەیان هەڵبەست هەر کۆمەڵێـــک لـــە خۆتـــان بوون!!

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکە

ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە عبداللەی کوڕی ئوبەی کە گەورەی دووڕووەکان بوو کابرایەکی کەتەو چوارشانەیەکی تێکسـمراو بوو ، دەم پاراوو زمان لووس ، رەوانبێژو قسەزان بوو ، چـەند کەسێـکی تریش لە ناودارانی مەدینە کە هەر بە دووڕوویی مابوونەوە هەر وا بـوون ، ئەمانە کە دەهاتنە کۆڕو کۆبوونەوەی پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم کارێکی وایان دەکرد کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان سەرسام ببێت ، حەز بە نزیک کردنەوەیان بکات تـا زیـاتر بکەونـە ژێـر کاریگـەریی بانگەوازەکەیەوەو بەرەو ئیسلامەکە بێن ، ئەمانە لـە پێـش هیجرەتیشـدا پیاوماقوڵی کۆمەڵگەکە بوون کە قسەیان دەکرد گوێیان لێ دەگـیرا ، بۆیـە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم هەروەها گوێی لێ دەگرتن .. بـەڵام خـوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا راستی ئەوانی نیشان داو هۆشداریی دایە نەبادا بـەو سەرو سیماو هەیکەل و هەیبەتەیان سەرسام ببێت و بە قسەکانیان بڕوا بکات یان وا بزانێت دەگۆڕێن ! بۆیە پێی فەرموو کە دەیانبینیت بە سـەرو سـیماو رواڵەتیان سەرسام دەبیت ، کە قسە دەکەن تۆ گوێیان لێ دەگریت ، هـەق نیە وا بیت ! ئەوانە وەکو کۆتەرە داری گەندەڵ و کلۆرن جێی هیچ ناگرن و بە کەڵکی هیچ نایەن .. کۆتەرەداری رزیوو وپواون ، بـە لارو وێـری بـە دیواردا هەڵسپێرراون ! گەر سودێکیان پێوەبوایە دەکرانە کۆڵەکە ، نیرگە ، تەژەی دارەڕا !! هەر نەبێ نەبێ دەبوو بنە چیلکەو چەوێـڵی بانیـژە ، یـا هەڵێژگی گوێسوانە !! ئاخر کەڵکی کوێیان پێوەیە وا تۆ گوێیان لێ دەگریت! کە ئەوان گوێ لە تۆو پەیامەکەت نەگرن حەیف نیە تۆ گوێ لەوان بگریت؟

ئەوانە كلۆرە دارن ، ئایاتی قورئان و بانگەوازەكەی تۆ وەک با لەم گوێیانەوە دەچێتە ژووری لەویانەوە دێتەوە دەرەوە ..

ئەمانە چونكە لە ناخدا باوەڕیان نیەو ناچارن خۆ بە موسوڵمان نیشان دەن هەمیشە بێ وورەن ، لە ترسی كەشف بوون ترساوو دەروون لەرزۆكن ، هەر هاوارێک ببیستن وا دەزانن لەگەڵ ئەوانیانە ! لە ناخیاندا هەمیشە خـــۆ بــە تاوانبار دەزانن وەكو كورد دەڵێ : ( دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە ) !

جا كە ئەمانە ئاوان سا تۆش بە حەزەر بە ، هۆشت لێیان بێت ، بە قســەی لووس خۆت لێ نەهێننە پێش ، بە سەرو قەلآفــەت خــۆ لــەو خەڵكــەی دەروبەرت نەكەنە پیاوماقوڵی ئیسلام و بــەرپرس و فەرمانــدەی !! نــەبادا خەڵكێكیان پێ دەسخەڕۆ ببێت .. حەزەرت لەوە هەبێت كە خەڵكانێكی بێ ئاگاز سادە وا نەزانن ئەوی دێتە كۆڕی تۆ ئیتر تەزكیە كراوەو پیاوی متمانە پێكراوە .. ئەمانیش دوایی ئەو پەی پێ نەبردنــەی خــەڵكی بــۆ خۆیــان دەقۆزنەوەو خۆ لەو خەڵكە دەكەنە دەمڕاستی ئیسلامەتیش !!

هەی خوا بیانكوژێت ، لە ناویان ببات ، بیانفەوتێنێــت .. چ مــەكربازو چەواشەكارو فریوودەرن .. هەموو راستیەكان دەزانن كەچی هەر ســوورن لەسەر لاڕێ بوون !! هەمیشە هۆشیان لەوەیە كە چۆن راستیەكان لە خەڵكی بزر كەن ..

ئەم ئایەتە رەفتارێكی نەگۆڕی دووڕووی هەموو سەردەمێــک لــە رووی دەرونیەوە دەخاتە روو كە ئەمڕۆ لە دەروونناسیدا پێی دەوترێت كەســایەتی لەرزۆک ( الشخصية المهزوزة ) كە باوەڕی بەوە نیە خۆی بە زاتێتی خــۆی كاریگەر بێت بەڵكو دەیەوێت هەلی لە سایەی كەسانی تردا دەست كەوێت و ئاوا بگاتە مەرامی نەخۆشی خۆی ..

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

1 ـ لەگەڵ باس کردنی ئەو دژوارییەی کە ئەم دووڕووانە دروستی دەکەن ، لەگەڵ ئەو ڕۆڵە خەتەرەی وەک جاسووس و تـابووری پێـنجەم و ئـەهلی واتەوات لە ناو موسوڵماناندا بۆ دوژمنانی دەبینن ، سەیر کە خوای گـەورە غیرەتیانمان چۆن پێ دەناسێنێت ؟!! ئەمانە هەر بە مەزهـەریان کەتـەو زل و قسەزانن ، ئەگینا سنگ شێری ماکەر پشتن !! نابینیت خـوای گـەورە بـە موسوڵمانان رادەگەیێنێت کە ترسی ئەوەشتان نەبێت بڵێن ئاخر ئەگەر خراپ لەگەڵیاندا رەفتار کەین دوایی دەچنە پاڵ دوژمن و بەهێزی دەکـەن !!! نـا ئەمانە ترسنۆکن ، بێ وورەن ، بەزیوون ، روخاون !! بۆیە لە جێیەکی تریشدا ئاوا وەسفیان دەکاتەوە کە دەفەرموێ : (أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ فَإِذَا جَاء الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَى عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ ) الاحزاب / 19 واتە : پیسکەو چرووک و رەزیلن بەرامبەرتان ، هەر کە ترس و بیم نزیک دەبێتەوە وات چاو تێ دەبڕن و چاو بە دووی هەموو بزاوت و سرەوتێکتدا دەگێڕن دەڵێی ئەو کەسەن کـە لـە گیانەڵادایەو خەریکە باڵی مەرگی بەسەردا دێت !!! هەر بەوەنـدەش کـە ترسەکە نەما زمانیان بڕندە دەبێتەوەو بۆ بەرهەڵستی تیژی دەکەنەوەو ( وەک تیغی دەبان ، وەک مووس پێتاندا دەهێنن و ) بەرامبەرتان دەیخەنەوە کـار !! ئەمانە لە کاری چاکەو خێریشدا هەر چروک و دەست نوقاون !!

کەوابوو ئەمانە هی ئەوە نین موسوڵمان لێیان بترسێت و حسـابی کـوڕی ئازایان بۆ بکات بەڵام لەبەر ئەوەی وەک گەماڵی نهێـنگرن و حیزفرسـەتن دەبێ لێیان بەحەزەر بین ..

2 ـ کە لە کۆتاییدا دەفەرموێ : (هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ ) واتە ئا ئەوانە دوژمنن هۆشدار بە لێیان ، حەزەریان لێ بکەو سرک و سڵ بە لێیان ..

ئیمامی قورتبی دەفەرموێ : ئەمە دوو مانا دەبەخشێت : یەکەمیان لەوە بە حەزەر بە کە بە قسەی لووسیان باوەڕ بکەیت و متمانەیان پێ بکەیت . دووەمیان : لەوە بەحەزەر بە کە وەلائیان بۆ دوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەیەتی صلى الله عليه وسلم و بۆ هەل دەگەڕێن تا نشوستی بەسەر خۆت و یاوەرانتدا بهێنن !!

3 ـ دیسان کە دەفەرموێ : (هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ ) واتە ئا ئەوانە دوژمنن هۆشدار بە لێیان ، ئاگات لە خۆت بێت لێیان .. بۆچی وا دەفەرموێت لە کاتێکدا کە ئاشکرایە کە کافرو موشریکەکان دوژمنی سەرەکین کەچی بەمان دەفەرموێ : ئائەوانەن دوژمن هۆشت بەلایانەوە بێت و لێیان بەحەزەر بە ، بۆچی ؟ چونکە کافرو موشریکەکان دیدو ڕێبازو هەڵوێستی دوژمنانەی خۆیان ئاشکرا کردووەو ڕاشکاوانە بەرامبەر ڕاوەستاون ، کاردانەوەیان لە لایەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وموسوڵمانانەوە حەتمەن دەبێت ، هەر موسوڵمانێک کافرێک یان موشریکێک ببینێت لە ناخیەوە سڵ دەکاتەوەو هۆشی بە لایدا دەڕوات ، موراقەبەی دەکات ، لێی بە حەزەر دەبێت ، تێکەڵاوی ناکات ، هەڵسوکەوتی وای لەگەڵ ناکات مەگەر زۆر زەروی بێت بەڵام دوژمنایەتی ئەمان دژوارترە چونکە نهێنیە ، ئەمانە هەر هەمان دیدو ڕێبازی کافرەکانیان هەیە بەڵام شاردویانەتەوەو ئەمانە دێنە کۆڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تا دواتر وەکو تەزکیەیەک ئامادەبوونەکە بەکار بهێننەوە ئەمانە کە تێکەڵ بە موسوڵمانان دەبن ، زۆر موسوڵمان گومانی باشیان پێ دەبات چونکە حەتمەن دەبێ بە پێی دینەکە کە زاهیری خەڵکی دەبینێت

ڕەفتاری موسوڵمانانەیان لەگەڵدا بکەن ئەمەش خەتەرە چونکە دەچنە هەموو کون و کەلەبەرێکی ریزی موسوڵمانان و سەدان تایبەتمەندێتی موسوڵمانانیان دەکەوێتە بەر دەست !! بۆیە دژواری ئەمان وای پێویست کردووە کە یەک یەک بە ناوی خۆیان بە پێغەمبەری نازداریان صلی الله علیه وسلم بناسێنێت ، جا دەبێت ناسینەوەیان لای موسوڵمانانی تر چەند زەحمەت بێت کە وەحی نەماوەو ئەوانیش بە سیمای موسوڵمانێتی و لەبەر کردنی قورئان و شارەزابوونی شەرع ئاسان دەتوانن دزە بکەنە نەک ناو ریزی موسوڵمانانەوە بەڵکو ئاسان دەشتوانن ببنە مەلاو داعی و بگەنە سەرکردایەتی و مەرکەزی بڕیارو ئاڕاستەوانی!!

لە لایەکی ترەوە سەرنج دە کە وەکو ئیمامی زەمەخشەری دەفەرموێ : (هُمْ الْعَدُوُّ : أي الكامِلونَ في العَدَاوَةِ ) ! واتە : دوژمندارێتی ئەمان دوژمندارێتیەکی تەواوە ! چونکە لە ترسنۆکی وبێ جوامێریی خۆیاندا نەیانوێراوە هەڵوێستیان ئاشکرا بنوێنن ، بۆیە کینەو بوغزیان زیاتر پەنگی خواردۆتەوەو رقنترن !! دەی وەکو کە خوای گەورەو کارزان فێرمان دەکات بڵێین: خوا دەستیان نەدات و رسوایان کات و لەناویان بەرێت !! ئامین ..

کەوابوو جێی خۆیەتی درک بەوە بکەین وبزانین کەکاری ئیسلامی ئەمڕۆمان چەند سەختەو ریزی موسوڵمانانەی خۆمان چۆن دەبێت هۆشدارانە بپارێزین ؟!

4 ــ کە دەفەرموێ ( قَاتَلَهُمُ اللَّهُ ) واتە : خوا بیانکوژێت .. ئیبنو عەباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ : لەعنەتی خوایان لێ بێت ! واتە یاخوا دوور خرێنەوە لە رەحمەتی خوا ! هەموو ماناکانی ئەم ووشەیە هەر بۆ زەم کردن وسەرزەنشت کردنە ، ئەگەرچی لە هەندێک بەکارهێناندا هاتووە کە بۆ

سەرسام بوون بێت وەکو کە بە یەکێکی زۆر هەڵکەوتووی شیعریان ووتووە: ( قاتَلَـهُ اللهُ ما أشْعَرَهُ ) یەعنی هەی خوا بیکوژێت چ شیعرزانە !! وەکو کە لـــە کوردیشدا بۆ مەتح دەڵێن : سەگبابە چەند دەنگی خۆشە ، یان لێزانە ، یـــان زیرەکە یان ئازایە ..

5 ـ ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەربارەی : ( يُؤْفَكُونَ ) دەفـــەرموێ : یەعنی چۆن لە رێی حەق لا دەدەن .. بە سەرسەوڕمانەوە دەفەرموێت ئـــاخر چۆن و بۆچی و بە چ شێـــوەیەک ، ئـــاوا هـــەموو کاتەکـــە لـــەو حەقـــە خۆرادەپسکێنن و نایەنە ژێر ئاراستەیەوە ؟! سەرسوڕمانە چـــونکە نـــەدەبوو لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیخستە بەردەستیان ئاوا لە حەق لادەن و نکوولَی لە پێغەمبەرایەتیەکە بکەن و سوور بن لەسەر دیدو تێڕوانین و هەڵوێست و پێناسەی جاهیلییان !

6 ـ ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدەوە لە ئەبو هورەیەرەوە خوا لێـــی رازی بێـــت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (إنَّ للمنافقينَ عَلاماتٍ : تَحِيَّتُهُمْ لَعْنَةٌ ، وطَعَامُهُمْ نَهْبَةٌ ، وَغَنِيمَتُهُمْ غُلُولٌ ولا يَقْرَبونَ الْمَسَاجِدَ بَلْ يَهْجُرونَهَا ولا يَأْتُونَ الصَّلاةَ إلا دُبُرَاً ) واتە : دووڕووەکان چەندین نیشانەیان هەیە کە پێیانەوە دەناسرێنەوە سڵاو کردنیان جنێوە ، خۆراکیان زەوت کـــراوو ماشـــراوەیە ، دەسکەوتی جەنگییان ماڵی دزراوە ، نزیک مزگەوتان ناکەونەوەو حەزیان بە واز لێهێنانێتی ، کاتێکیش خۆ دەگەیێننە نوێژەکان کە خەریکە کۆتایی دێت !!

لەم سیفەتانەو سیفەتەکانی تریانەوە کە لە قورئان و فەرموودەی تردا هاتوون دووڕووەکان دەناسینەوە ئەگینا کە وەحی نەماوە چۆن بۆمان کەشف دەبن؟! خوا یارمەتیدەرمان بێت لەسەریان ..

## دەرسی دووەم

## ئایەتی 5ـ 6

**<u>ئایەتی پێنجەم و شەشەم</u>** :وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُمْ مُسْتَكْبِرُونَ (5) سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (6)

واتە : کاتێک پێیان دەوترێت وەرنە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تا داوای لێوردنتان بۆ لە خوای گەورە بکات ، مل با دەدەن و دەیانبینیت بە روو وەرگێڕانەوە ، ( بە بێ بایەخیەوە سەر رادەوەشێنن !! دەیانبینیت لووت بەرزو فیزاویانە سەریان راوەشێنن ) !! هەرچەندە داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یان بۆ نەکەیت هەر وەکو یەکە چونکە هەتا هەتایە خوای گەورە لێیان نابورێت .. خوای گەورە رێنمایی کۆمەڵی لارێ ناکات ..

### هۆی هاتنە خوارەوەی

لە سەرەتای باسی ئەم سورەتە پیرۆزەدا هۆی هاتنە خوارەوەی هەموو سورەتەکەم لە ریوایاتی جیاوازو بە سەنەدیانەوە هێنایەوەو ئاماژەم بەوە دا کە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی پێنجەم و شەشەم هۆکارێکی ترن هەرچەندە هەر لەسەر هەمان سەرۆکی دوورشووەکانی مەدینەیە کە عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولە

ئیمامی ئیبنو کەتیر لە تەفسیرەکەی خۆیدا ریوایاتی جیاواز دەهێنێتەوە کە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە بن ، لە ئەنجامی بەدوواداچوونیدا دەفەرموێ : زۆرێک لە زانایانی سەلەف فەرموویانە کە هۆی هاتنە خوارەوەی

ئەم دوو ئایەتە ئەوە بوو کە رۆژێک عبداللەی کوڕی ئوبەی کە سـەرۆکی دووڕووەکانی مەدینە بوو هەر وەکو عادەتی خـۆی لـە هـەموو کۆڕێـکی پێغەمبەردا بۆ خۆ نواندن و دەربڕینی دڵسۆزی درۆزنانەی خۆی هەڵدەسـتاو مەتحی پێغەمبەری بەڕێزی صلى الله عليه وسلم دەکردو رووەو ڕووی خەڵکەکە دەیووت : خەڵکینە ئەوە محمد ، ئەوە نێرراوی خوایەو هاتۆتە شارەکەی ئێوە باوەڕی پێ بهێنن و رێزی لێ بگرن و شوێنی کەون ، جارێک دوای شـەڕی بەنی الموستەڵیق کە ناماقووڵی بەرامبەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کردبوو کە ووتبووی : ) ئێمە پیاوماقووڵین و ئەو زەلیلە بۆیە دەبێت لە مەدینـە بکرێـتە دەرەوە ) لە نوێژی هەینی دا بوو ، دیسان هەستایە سەر پـێ و بـانگی لـە خەڵکەکە کردەوە کە باوەڕ بە پێغەمبەرەەی خوا بهێنن و رێـزی بگـرن !! موسوڵمانانێکی نزیکی خۆی عەباکەیان راکێشایەوەو پێیان ووت : دانیشـە هەی دوژمنی خوا ، ئێمە چاک دەزانین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کێیەو تۆش چیت !! ئیتر رقی هەستاو بە توڕەییەوە لە مزگەوت چـووە دەرەوە .. لـە دەرێ موسوڵمانێک بینی و لێی پرسی : بۆچی لە دەرەوەیـت ؟ ووتی : لـە مزگەوت هەستاوم تا خەڵکەکە هان دەم بۆ پشتگیریی محمد صلى الله عليه وسلم کەچی یاوەرەکانی قسەیان پێووتووم و سوکایەتیان پێ کردووم .. هەر دەڵێی خراپەیەکم بەرامبەر کردوون !! موسوڵمانەکەش پێـی ووت : بگەڕێـرەوە مزگەوت تا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم داوای لێبوردنت لـە خـوای گەورە بۆ بکات .. ووتی : شەرت بێت نەگەڕێمەوە بۆچی چـیە ؟ ووتـان باوەڕی پێ بهێنە باوەڕم پێ هێنا ! ووتتان زەکات بدە ، دام ، هەر ئەوە ماوە بچم و سوجدەشی بۆ ببەم ؟!! نامەوێت لێبوردنی ئەوم ناوێت !! ئیتر ئەم دوو ئایەتە لەسەر ئەوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی هاتنە خوارەوە ..

پێدەچێت هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە کە ئاوا جیاوازە لەگـــەڵ هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی دواترو لەگەڵ سەرەتای سورەتەکە بەڵام لەبەر ئەوەی هەموویان هەر لەسەر هەڵوێستی دوورِووەکان بە گشـــتی و لەســـەر عبداللەی کورِی ئوبەی هاتوونەتە خـــوارەوە لـــە زۆر لـــە مێژوونوســـان و لێکدەرەوانی قورئان تێکەڵ بووبێت .. بە هەر حاڵ هەر کام لە توێژینەوەکان راستتر بێت هەر لەو تەوەرە باسە دەرناچن کە پەیوەنـــدی بـــە ســـەرۆکی دوورِووەکان و هەڵوێستەکانیەوە هەبووە .. هەڵوێستەکانیش رەفتاری رۆژانە بوون و دووپات بوونەتەوە ، یان هاوشێوەی یەک بوون .. والله اعلم ..

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

یستغفر : داوای لێبوردن و لێخۆشبوون دەکات ، زۆرینەی ووشەی عەرەبی سێیینەیە واتە لە سێ پیت پێک دێت بەڵام دۆزینەوەی سێ پیتە سەرەکیەکە کە پێیان دەوترێت رەگ پێویستە ، ئەوەش بەوە دەبێت کە بزانیت کە پیتەکانی ( س ا ل ت م و ن ی ه ا ) کە لە ووشەی ( سالتمونیها )دا کۆبوونەتەوە بە مانای لێتان پرسیم ، جیا بکەیتەوە لە پیتە سەرەکیەکانی ووشەکە ئینجا سێ ئەسڵەکەیت بۆ دەمێنێتەوە ، وەکو بۆ نمونە ( استفهام ، استخراج ) فهم و خرج ەیان لێ دەمێنێتەوە ، ئیتر ماناکەی ئاسانتر دەبێت و ئاسانتریش لە فەرهەنگی زمانەوانیدا دەدۆزرێتەوە ..ئەم ووشەیەش وایە ، ئەسڵەکەی ( غفر ) ەیە کە لێخۆشبوون و لێبووردنە ..

لووا : ئەسڵەکەی ( لَويَ )یە کە لار کردنەوەو پێچ پێ کردنەوەیە ، لە لار بوونەوەی لاسکی گیاوە هاتووە کە سیس دەبێتەوە ، پاشان بۆ پێچاو پێچی مار بەکار هاتووە ئینجا بۆ مل لار کردنەوەو سەر بادانی رەزامەندی دەنەبڕین .. عارەب دەڵێ ( يَلوي عُنُقَهُ یان لا يَلوي عَلَى شَيٍ یان يَلوي بِرَاسِهِ ) بەڵام کورد دەڵێ سەری بۆ بادا یان لووتی بڵند کرد ، بۆ کەسێک کە بە فیزەوە وەڵامی نەخێری کەسێکی تر دەداتەوە !

یصدُّون : صَدٌّ : بریتیە لە بەربەست دانان ورێ گرتن ، هەروەها گوێ نەدان و پشت تێکردن ، بۆیە خوای گەورە هەمیشە بۆ وەسفی هەڵوێستی کافرەکان بەکاری هێناوە کە بەرامبەر بانگەوازی پێغەمبەرەکانی وەستاونەتەوە ، وەک بۆ ئەهلی کیتاب دەفەرموێ : (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَاء وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ) ال عمران / 99 یان بۆ دووڕووەکان دەفەرموێ : (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ

الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا) النساء / 61 بۆ کافرانی دیکەش دەفـــەرموێ : (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ قَدْ ضَلُّواْ ضَلاَلاً بَعِيدًا) النساء / 167 ..

مستکبرون : لە استکبرەوە هاتووە کە بە مانـــای ( إمْتَنَعَ عَنْ قُبُولِ الحْقِّ مُعَانَدَةً وَتَكَبُّرَاً) واتە بە هۆی لووت بەرزی و خۆبەزل زانینەوە هەقی قبوولْ نەکرد .. ئەمە حاڵەتێکی دەروونی نەخۆشیە کە کەسێک بەرامبەر حـــەق دەبێـــتەوەو نەفسی بۆ نایاتە ژێر بار بۆ قبوولْ کردنی چونکە بە تەنازولی دەزانێت ، ئیدی هەروا لە نەفامیدا بە بێ هۆیەکی رەوا دەمێنێتەوە ، ئەو دووڕووانەش وابوون بۆیە لێرەشدا وا باسیان دەفەرموێت کە بۆیان بۆتە سیفەتێکی نـــەگۆڕ بۆیـــە نافەرموێ استکبروا بەڵکو دەفەرموێ مستکبرون ..

سواء علیهم : یەکسانە ، چون یەکە ، داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یان نەکەیت تازە خوای گەورە بڕیاری داوە کە لێیان نابورێت .. ئەمەش لە دوای ئـــەوە هات کە خوای گەورە فەرمووبووی : (اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْـتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَـوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة / 80 واتە : داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یان نەکەیت ، گــەر حەفتا جاریش داوای لێبوردنیان لێ بکەیت خوای گەورە لێیان خۆش نابێت ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : حەفتا جارو حەفتا جـــارو حـــەفتا جاری تریش بۆیان دەپاڕێمەوە بەو هیوایەی خوای گەورە لێیان خۆش بێت ، ئینجا خوای گەورە بەم ئایەتەیان کۆتایی بەو ئومێدە هێنا کە هەرچەند داوای لێبوردنیان بۆ بکات خوای گەورە تازە لێیان نابورێت چـــونکە بـــە فاســـقی ڕۆیشتوون ، واتە خۆیان تا مردن هەر حەزو مەیلیان بـــەلای لـــە خوایـــاخی بوونەوە بووە .. بۆیە لێرەدا فەرمووی : (سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ

لَهُمْ لَنْ يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ إِنّ اللّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِــقِينَ ) سواء عليهم بۆ چـــونیەکیە وەکو لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا دەرهەق کافرەکان دەفەرموێ : (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ ) البقرة/ 6 واتە : ئەوانەی کـــە کافربوون هۆشدارییان بدەیتێ یان نەیاندەیتێ وەک یەکەو هەر باوەڕ ناهێنن .

استغفرت : دەشێت هەمزەی پرسیار کردنەکەی لادرابێت ، واتە ( أَأَسْتَغْفَرْتَ) بوو بێت چونکە هاتنی پیتی ( أمْ ) بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێی دەوترێت (یان) ی بەراوردی (أمْ المعادلة ) .. دەشکرێت بە (آسْتَغْفَرْتَ) بخوێنرێتەوە کـــە تێـــر کردنی هەمزەکەیە بۆ پرسیار ..

فاسقین : فاسق ناوی بکەر ( اسم فاعل ) ی کرداری ( فَسَقَ ) یە کە لە رووی زمانەوانیەوە بریتیە لە دەرچوونی خورمای تەڕ ( روتەب ) لە پێستە تەنکەکەی پاشان بەکار هاتووە بۆ دەرچوونی هەموو شتێک لە شـــتی تـــر ، لـــە رووی زاراوەییەوە بریتیە لە سەرپێچی کردنی فەرمانی خوای گەورە جا بە گونـــاحی گەورە بێت وەکو کوفرێک کە خاوەنەکەی لە دین و میللەت دەباتە دەرەوە یان بە گوناحی تر بێت وەکو زیناو قەتڵ و نۆشینی شەراب و سوو خواردن .. ( باسی زیاتری دێت ان شاء الله ) ..

* * *

**لێکدانەوەی ئایەتی پێنجەم** : وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ(5)

واتە : کاتێک پێیان دەوترێت وەرنە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تا داوای لێوردنتان بۆ لە خوای گەورە بکات ، مل با دەدەن و دەیانبینیت بە روو وەرگێڕانەوە ، ( بە بێ بایەخیەوە سەر رادەوەشێنن !! دەیانبینیت لووت بەرزو فیزاویانە سەریان راەوەشێنن ) !!

هەر کەسێک پێیان بڵێت وەرنە لای پێغەمبەری خوا تا داوای لێخۆشبوونتان لە خوای گەورە بۆ بکات .. هەروا بە مەبنی للمجهول ، یەعنی ئەوی داوایان لێ دەکات خاوەن مەنزیلە بێت یان عەوامی خەڵکی بێت ئەمان هەر نایەن !! ئاخر بۆچی نایەن ؟! پێویستیتان بە رەزامەندی خوای بەدەسەڵات نیە ؟! ئەمە نەزانینە یان گەلۆری و کەللەپووتی هەڕاڵی و لووت بەرزیە ! ئاخر ئەمە چ هەڵوێستێکە ؟! بە کەسێک بڵێن وەرە دیداری کاربەدەستێک ، وەزیرێک ، پاشایەک غار دەدات ! ئەم ناحەزانە بۆ لای ئەو پێغەمبەرە پێشەوا نموونەییە نایەن ؟! بانگ دەکرێن تا قیامەتیان بۆ مسۆگەر کات کەچی بە غرووورەوە سەرێک رادەوەشێنن : نایەین !! پێویستمان بە پاڕانەوەی ئەو نیە !! ئەدی چۆن رازی بوونی خوا مسۆگەر دەکەن ؟! کە خوای گەورە دەفەرموێ ( مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّه ) النساء / 80 واتە : ئەو کەسەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بکات گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە !! ئیدی بۆچی وا پشت پەل کەوتوون ؟!

بڕوانە کە دەفەرموێ : (لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ ) دەیانبینیت لووت بەرزو فیزاویانە سەریان رادەوەشێنن .. بێزیان نایات ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە صلی الله علیه وسلم

بکەنە هۆکاری بەرەو خواچوون ، هۆکاری لە خوا نزیــک بوونــەوە ! لــە کاتێکدا جاران بتێکی بەردو داریان دادەناو دەیانپەرستن بەو هیوایــەی لای خوای ئاسمانەکان تکایان بۆ بکەن بەو ئومێدەی لە خوایان نزیک کەنەوە !!! ئەمە چ هەراڵ بوونێکە کە ئاوا لە حەنای حەقدا کوێریی کردوون ؟! ئەمــە کتومت هەراڵیەکەی ئیبلیسە کە لە حەوت جێی قورئاندا خوای گەورە بــە هەمان سیفەت باسی دەفەرموێت !! کە لە کەللەڕەقی خۆیەوە هەر ســوورە لەسەر ئەوەی کە خۆی لەسەر هەقە !

سەیری ئەم هەڵوێستە ترسنۆکانە ، کە کەس دیار نیە زمان درێــژو جنێــو فرۆش ! بە دەم هیچ ناهێڵنەوە ، کەچی کە هەڵوێستێکیان لێ ئاشکرا دەبێت چۆن زەلیل دەبن و تەبەڕا لە خۆیان و هەڵوێستیان دەکەنەوە ، چــۆن ســەد سوێند دەخۆن کە شتی وایان نەووتووەو نەکردووە !! ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە پێش هیجرەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلمخەریک بوون تاجی شایانەیان لەسەر دەکرد کەچی ئێستا ئاوا زەلیل و ترسنۆکە ناوێرێت بێتەوە بە خاوەن هەڵوێستێکی خۆی کە ئەنجامی داوەو شایەتیشی لەسەر هەیە !! دیسان هــەر ئەم پیاوماقوڵانە کە بۆ خێرو خواوویستی بانگ دەکرێن ، بۆ ئەوە چوون بــە شوێنیاندا تا داوای لێبوردنیان بۆ بکرێت نەک خۆیان بیکەن !! وەرن (يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ ) با پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوای لێبوردناتن بۆ بکــات !! کەچی بە هەواو فیزەوە سەرێک دەجوڵێنن کە نایەین ! ئاوا لووت دەگەیننە ئاسمان وئەو پێغەمبەرە سەروەرەو خوای میهرەبانە بە شایانی ئەوە نازانن بەرەو لایان بێن و داوای لێبوردنیان بۆ بکرێت لێیان !!

* * *

**لێکدانەوەی ئایەتی شەشەم** :سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (6)

واتە : هەرچەندە داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یان بۆ نەکەیت هەر وەکو یەکە چونکە هەتا هەتایە خوای گەورە لێیان نابورێت .. خوای گەورە رێنمایی کۆمەڵی لارێ ناکات ..

ئەمە وەڵامی ئەو هەڵوێستی فیزاویەیانە کە نواندیان ! کە بەو پەڕی غرووورەوە بە ئاماژەی لەش ( نەک بە قسە کردن ) وەڵامی پێغەمبەریان دایەوە ، بۆیە ئێستا شایانی ئەوە بوون کە خوای گەورەش ئەم هەڵوێستە سەختەیان بەرامبەر بنوێنێتەوەو بیشیکاتە حوکمێکی ئەبەدی : ( داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یان بۆ نەکەیت هەر وەکو یەکە چونکە هەتا هەتایە خوای گەورە لێیان نابورێت ) .. دەسا بزانن کێ زیانی لێ کەوت ؟! خواو پێغەمبەرەکەی یان دووڕووە گەوجەکان کە وایان دەزانی بە هەڵوێستی وا نەزانانە گەورە دەبن ! نەیانزانی ئەو دەبەنگیەیان چ سزایەکی پێوەیە !!

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

⁕ دەوترێت باشە کە ئەم ئایەتە لەسەر هەڵوێستی تاکی عبداللـــەی کـــوڕی ئوبەی هاتۆتە خوارەوە بۆچی بە شێوازی کۆ دەفەرموێ : ( لهم ، لكم ، لووا ، رؤسهم ، ورايتهم ، وهم مستكبرون ) چونکە لە باسی یەک کەسەوە هاتۆتە سەر باسی توخمی دووڕووەکان ، کە ئەوە هەڵوێستی هەموویانە .. نابینیـــت کـــە حەسسانی کوڕی سابیتی شاعیری گەورەی پێـــغەمبەر صلى الله عليه وسلم بـــە ئیبنول ئوبەیرەق کە شتی لە مەککەییەکان دزی بـــوو ئـــەویش بـــە شـــیعر بەرامبەری فەرمووی :

ظَنَنْتُمْ بِأَنْ يَخْفَى الَّذي قَدْ صَنَعْتُمْ ..... وَفِينَا رَسُولٌ عِنْدَهُ الْوَحِيُ واضِعَهُ

واتە واتان گومان دەبرد کە ئەوەی کردتان بۆتان دەشاررایەوە ، بەڵام ئێـــمە پێغەمبەرێکمان لە ناودایە کە وەحی بۆ دێت و هەواڵی دەداتێ ..

⁕ دە دانە ساڵی رەبەق ئەم دووڕووانە لە ریزی یاوەرانی پێـــغەمبەردا صلى الله عليه وسلم دەهاتن و دەچوون و ئەمە رەفتاریان بوو ، لە پێش کۆچی دوایـــی پێغەمبەری پێشەوادا صلى الله عليه وسلم خوای گەورە ناوی ئەو دووڕووانـــەی پێ راگەیاند ، ئەویش تەنها بە یەکێک لە یـــاوەرانی خـــۆی فـــەرموو کـــە حوزەیفەی کوڕی یەمان بوو خوا لێی رازی بێت ! بۆ ئەوەی نهێنی باوەڕهێنان و نەهێنانی خەڵکی نەکەوێتە ناو ناوان و خەڵکی نەکەونە تیروتـــوانج گرتنـــە یەکترو تۆمەتبار کردنی یەکتریی .. نابینیت تەنانەت یەکێکی وەکو عومـــەری کوڕی خەتتاب دەهاتە لای حوزەیفەو لێی دەپرسی کە ئایا ناوی ئەو لە لیستی ناوی دووڕووەکاندا نیە ؟! حوزەیفە خوا لێی رازی بێت هەر ئەوەندەی پـــێ دەفەرموو : ناوی تۆی تێدا نیە .. یاوەران کە دەیانبینی یەکێک کۆچی دوایی کردووە سەیریان دەکرد بزانن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نوێژی جـــەنازەی

لەسەر دەکات یان نا ؟ ئەگەر لەسەری نەکردایە دەیانزانی ئەوە یەکێک بووە لە دووڕووەکان ، چونکە بە پێی فەرمانی خوای گەورە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆی نەبوو نوێژ لەسەر جەنازەی دووڕووەکان بکات وەک دەفەرموێ : (وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ ) التوبة / 84 واتە : نوێژ لەسەر کەسیان نەکەیت کە مردن ، نەشچیتە سەر گۆڕەکەی ، چونکە ئەوانە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی نەهێناو بە کافری سەریان نایەوە .. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە جەنازەیەکیان بۆ نوێژ لەسەر کردنی دەهێنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت سەیری دەکرد بزانێت داخۆ حوزەیفە نوێژی لەسەر دەکات یان ، ئەگەر ئەو نوێژی لەسەر نەکردایە ئەمیش نوێژی لەسەر نەدەکرد ..

⁕ سەیر کە ئەوە عبداللەی کوڕی ئوبەیەو لە مەدینە ، لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحیدا بۆ پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم ، ئەوەندەش لە کۆڕو کۆمەڵگەی پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم نزیکە کە خەمی ئەوەیەتی ئایەتی قورئانی لەسەر دابەزێت !! کەچی هەر باوەڕ ناهێنێت وبە کافری دەڕوات !! ئەم هەموو بارودۆخە ئیمانیە نوێیە کاری تێناکات و ئەو دڵە رەش و رەقەی بەرەو ئەم دینە نایات ! هەر لەبەر ئەو پلەو پایە کۆمەڵایەتیەی کە بە تەمابوون بیکەنە پاشای مەدینە بە هاتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە دەستی چوو ، رازی بوو هیدایەتی خوایی لە دنیاو قیامەتدا لەدەستدا !!

⁕ لەگەڵ ئەم هەڵوێستە گومڕاییەی عبداللەی کوڕی ئوبەیدا هەڵوێستی ئیماندارانەی کوڕەکەی ببینە ، کە کاتێک بیستی باوکە دووڕووەکەی ووتویێتی ( ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە دەبێت پیاوماقوڵان زەلیلەکان دەرکەن )

چووە خزمەت پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا بە گەورەیی خوا جەنابت پیاوماقووڵ و عەزیزو سەرووەریت و عبداللەی کوڕی ئومەییە زەلیلە ، ئەگەر جەنابت بڕیارت داوە بکوژرێت فەرمانم پێ بکە با خۆم بیکوژم نەبادا کەسێکی تری موسوڵمان بیکوژێت و دوایی منیش نەتوانم هەر ئاوا سەیری قاتڵی باوکم بکەمەوەو بیکوژمەوە ، بەمەش موسوڵمانێک بە کافرێک بکوژم ، ئیتر رەنج بە خەسار ببم ، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فەرمووی : نا لە قسەی جوان زیاتر هیچی تری پێ ناڵێین .. ئینجا عبداللەی کوڕی زووتر خۆی گەیاندە دەروازەی شاری مەدینەو بوو بە چاودێری رێ ! هەر کە باوکی نزیک کەوتەوە رێی لێ گرت و نەیهێشت داخڵی شار ببێت ، فەرمووی : بە خوا قەسەم بە بێ پرسی پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم دوو پێتی تێ ناخەیت ، دەبێ بچیتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم و پۆزشی بۆ بهێنیتەوە تا ئەو رازی ببێت ئینجا دەتوانیت بچیتە شارەوە ! نەشی هێشت تا پێغەمبەر فەرمووی رێی دە با داخڵ بێت !! ئەمە هەڵوێستی راستگۆیانەی دینداریی و ئەوەش هەڵوێستی دینداریی سەرزارەکی دووڕوویی ..

* * *

## دەرسی سێیەم

## ئایەتی 7

**لێکدانەوەی ئایەتی حەوتەم** : ( هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُوا عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ (7)

واتە : ئەوانن کە دەڵێن : هیچ خێرو چاکەیەک لەگەڵ نێرراوەکەی خوادا مەکەن و پارەو سامانی مەدەنێ تا ئەو کەسانەی لە دەروبەرین لێی دوور کەونەوەو بڵاوەی لێ بکەن ! ئاخر خۆ گەنجینەی هەر هەموو ئاسمانەکان و زەمین هی خوای گەورەن بەڵام دووڕووەکان پەی بەوە نابەن ..

## لێکدانەوەی ئایەتەکە

انفاق کە لە زمانی عەرەبیدا لە نفق ەوە هــاتووە : بەخشـــینە ، ئەســڵەکەی زیادەی سامانەو هەر بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە بدرێتە کەسانی تر ، کەچـــی دووڕووەکان ناهێڵن ئەو ماڵ و سامان و پارە زیادەیەش بدرێتە موسوڵمان !! موسوڵمان کە سەیری هەڵوێستی دوژمنـــانی خواویســـتی دەکـــات ، ئـــەم هەڵوێستە لە هەموو نەوەکانیانداو بەرامبەر بە هەموو پێغەمبەران و نێـــرراوانی خوای گەورەو شوێن کەوتووەکانیان دەبینێت .. پێـــش ئـــەم دووڕووانـــە ، قوڕەیش پێغەمبەری نازدارو شوێن کەوتووە دەسکورتەکانی لە دۆڵەکانی ئەبو تالیبدا گیردابوو ، گەمارۆی ئابوری خستبوونە سەر ، نەیاندەهێشت کەس بە پارەش هیچیان پێ بفرۆشێت !!

ئێستاش هەمان پلان و ڕەفتارو هەڵوێست دەبینینەوە ئیدارەی سێ حکومەتی یەک لە دوای یەکی ئەمریکا بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو گەمارۆی عێراقیدا نان و دەرمانی بە کڕینیش لێ قەدەغەکردن ، تا نزیکـــەی یەک ملیۆن منداڵ لە برساندا مردن !! سی نەخۆشی کە هیچ ئاسەواریان لە

عێراقدا نەمابوو ، هەمووی گەڕایەوە !! ئەمە لەو عێراقەدا کە 11% ئیحتیاتی پیترۆلی جیهانی تێدایە !! مادلین ئۆلبیرایتی وەزیرەی دەرەوەی ئـەمریکا لـە بەرنامەی نیو سەعاتی کەناڵی فۆکس نیوزدا ووتی : فـەوتانی ئـەو منداڵانـە هەنجەتی هەیە !! ئەمە هەر هەمان هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانە کە لە شـورەوی پێشوودا کۆپنی خواردەمەنیان لە موسوڵمانەکان دەگرتـەوە و سەرپشـکیان دەکردن : یان مردن یان نان وکافر بوون !

هەموو جۆرەکانی گەمارۆدانی ئابووری ئەم سەردەمەش هەر ئەم پلانەیە ..

ئەگەر موسوڵمانان هەژارو دەسکورت هێـڵرانەوەو ڕێـی کەسـابەت و دەوڵەمەندییان لێ گیرا ، سامانیان موسادەرە کرا ، ناچار دەبن ، هەوڵێـکی زیاتر بدەن ، کـەمتر دەپەڕژێـنە سـەر فێـربوونی دینەکـەو هـەڵگرتنی بانگەوازەکەی !! ئەو کاتەی کە کەسێکی کاسب و ماندوو بۆ تێگەیشـتنی دینەکەی و کاری بانگەوازەکەی دەیمێنیتەوە ، زۆر کەم دەبێت ، خۆی زیاتر ئاتاجێتی تا تێیدا بحەوێتەوە ..

ئەگەر لە بەرامبەر ئەم پلان و ڕەفتارو هەڵوێستە نەگۆڕەی ئەهلی کـوفرو دوژمنانی ئیسلامدا کۆمەڵێک موسوڵمانی دڵسۆزو شارەزا بۆ باری ئـابووری بانگەوازەکە موتەفەڕیغ نەبن و ئەرکی خەرجی کارە ئیسلامیەکە نەخەنە سەر شانی خۆیان ، بانگەوازەکـە زۆر سسـت دەڕوات ، موسـوڵمانان لەبـەر پارسەنگ کردنەوەی باری ئابووری خۆیان و خێزان و خانەوادەکانیان ناچار دەبن هەموو کاتەکانیان بۆ بژێوی تەرخان کەن .. بە پێچەوانەشەوە ئەگـەر هەر یەک لە موسوڵمانانی شوێنێک بڕیاریان دا بڕێک پـارەی مانگانـە لـە خەرجی خۆیان بگرنەوەو بیدەنە سەرکردایەتی و پێشەوای خۆیان ، ڕێژەیەکی زۆر کاریگەریی لێ پەیدا دەبێت .. بۆ نموونە ئەگەر هەزار موسوڵمانی کـورد

لە ئەوروپا یەکی رۆژانە یەک یۆرۆ کە ناکاتــە نرخــی ســاردیەک بخەنــە بەیتولمالەوە ، یەعنی هەر یەکەیان بێ ئەوەی زۆر بایەخ بە ئەنجامەکە بــدات بڕی 365 یۆرۆی لە ساڵێکدا خستۆتە بەیتولمالەوە مادام هــەزار کەسیشــن ، یەعنی بڕی سێ سەدو شەست و پێنج هەزار یۆرۆ بێ ئــەوەی کاریگــەریی لەسەر پارەو سامانی کەس هەبێت کۆبۆوە !! ئەم پارەیە سەرمایەی کردنەوەی چێشتخانەیەکە !! هەروەها بڵێ ئەگەر موسوڵمانانی پابەندو دینداریی ئەوروپا کە زیاتر لە دە ملیۆن کەسن ، هەر یەکەیان رۆژی یۆرۆیــەک کــە ناکاتــە ساردیەک بخاتە بەیتولمالەوە ، هەر یەکەیان ساڵی 365 یۆرۆ دادەنێت ، ئەوەش یەعنی هەبوونی سێ ملیارو شەش سەدو پەنجا هەزار یۆرۆ ساڵانە کە لە ساردی گیرراوەتەوە !! ئەگەر ئەم پارەیە بدرێــتە هــەژاری موســوڵمانان ، چــۆن کەلێنێکی گەورە لە چارەسەری کێشەکانیان ناگرێت ؟! خۆ ئەو مستەوتەناتە ئیسرائیلیانەی لە فەلەستینی داگیرکراودا قوت کراونەتەوە هەمووی بە پارەی جولەکەی دەرەوەیە !! ئەوانەی لەسەر سنوری غەززەو قودس دەژین هــەر لەو پارە کۆکراوە معاشی مانگانەیان دەدرێتێ تا بمێننەوە !!

بۆیە ئیسلام پشکێکی زەکاتی بۆ ئەوانە تەرخان کردووە کە نەوموسوڵمانن ، تا دڵیان بە هاوکاریی و برایەتی ئیسلام خۆش بێت ، تــا پــلان و رەفتــارو هەڵوێستێکی ئیمانی بێت وبەرامبەر بە پــلان ورەفتــارو هەڵوێســتی دووڕوو کافرەکان بوەستێتەوە کە دەیانەوێت ئەو موسوڵمانان بەوە بترسێنن ئەگــەر ئیسلامیان وەرگرت وبۆیان بووە سیمای ناسینەوە نانیان دەبڕێت و ئــەمانیان نادرێتێت ! وەکو ئێستا هەموو موسوڵمانانی جیهان بە گشتی وموســوڵمانانی رۆژئاوا بە تایبەتی وموسوڵمانانی ئەمریکا بە تایبەتی تر هەستی پێ دەکەن !

ئایەتەکە بەو برِگەیە کۆتایی دێت کە پێویستە لە ناخی موسوڵماندا بچەسپێت ، ئەویش ئەوەیە رزق و رۆزی و بژێوی لە لایەن خوای خاوەنەوە دیاری کراوە ، ئەو زاتە پاکە کارزانە کە ئاگاداری هەموو هەست و نەستێکە خۆی خاوەنی گەنجینەی ئاسمانەکان و زەویە ئیدی ئەو دوورِووانە رزق لە کێ دەگرنەوە ؟! ئەو دوورِووانە گێلن و پەی بەم هاوکێشە ئیمانیە نابەن ! چونکە ماددیانە دەروانن یاساو رێساکانی گەردوون و بە چاوێکی بەرژەوەندی و کاریگەریی ماددەشەوە دەروانن دینی پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان ، هەر وا دەزانن وەکو بیروباروەرِی خۆیان و وا لە بواری ئالەو سالەی کرِین و فرۆشتن و تەنازول پێ کردندا !! بەڵام لای موسوڵمان ئەوە بەڵگەنەویستە کە سەری بێ رزق وا لەژێر گڵەوەیە !!

ئەوە لە قەناعەتی موسوڵماندا جێگیرە نەک هەر لە هەست و نەستیدا کە خوار کردگارو خاوەن خۆی رۆزیدەرە .. بەڵام ئەم بانگەوازە خواییە پێویستی بە بەخشین و پارسەنگی ئابووری هەیە ، بۆ کاریگەریی سەرکردەو راگرتنی شوێن کەوتووەکانی

* * *

## دەرسی چوارەم

## ئایەتی 8

**هەشتەم** : ﴿يَقُولُونَ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾(8)

ئەوان دەڵێن : هەر كە چووینەوە شار ( مەدینە ) بە تەئكید دەبێت پیاوماقووڵە شەریفەكان زەلیلەكان لە شار دەركەن ! ئاخر پلەی دەسەڵات و عززەت و ماقووڵی هی خوایەو بۆ پێغەمبەرەكەی و ئیماندارەكانە ، بەڵام دووڕووەكان بە تەئكید نازانن ..

### هۆی هاتنە خوارەوەی

لە سەرەتاوە باسمان كرد كە زۆرینەی زانایان و ئەهلی تەفسیر و حەدیس لەسەر ئەوەن كە ئەم ئایەتانە لەسەر هەڵوێستەكانی عبداللەی كوڕی ئوبەی كوڕی سەللول هاتوونەتە خوارەوە ، مەرجیش نیە لەسەر یەك هەڵوێستی بووبێت ، چونكە وەكو لە روانگەی قورئانەكەوە دەبینین روداوی جیاواز هەیەو ئایەتەكانیش باس لە كات و شوێن و روداوی جیاواز دەكەن ، ئەوەی لە سەرەتای سوورەتەكەدا هێنامانەوە ( باسی شەڕی دوو كەسی موهاجیرو ئەنساریەكەیە كە لەسەر ئاو هەڵهێنجانی بیرەكە بووە شەڕیان و عبداللەی كوڕی ئوبەی قسە خراپەكانی كردو زەید كە گچكە بوو گوێی لێ بوو قسەكانی گەیاندەوە بە مامی و ئەویش بە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم ریوایاتی ئیمامی ئەحمەدو نەسائی و ترمزی هەموو جەخت لەوە دەكەنەوەو زۆر جار موفەسسیرەكان لە تەفسیری ئەم دوو ئایەتەشدا ریوایەتەكانیان هێناوەتەوە ، كە ئێمە بە پێویستی نازانین ، دیسان بیگێڕینەوە .

* * *

## لێکدانەوەی ئایەتەکە

لَيُخْرِجَنَّ: چەندین شێوە خوێندنەوەی هەیە وەکو: لَيَخْرُجَنَّ: دەبێ خۆیان بچـــنە دەرەوە ، لَيُخْرَجَنَّ: دەبێ بکرێنە دەرەوە ، لَتُخْرِجَنَّ: دەبێ ئێوە بیانکەنە دەرەوە یان عەزیزو زەلیلەکان لێک هەڵاوێردرێن و جوێ بکرێنەوە لە یەکتریی !

الأَعَزُّ: ئەوی خاوەن هێزو دەسەڵاتی زۆرترە .. عەزیز : لە زمانی عەرەبیدا بـــە مانای خاوەن هێز ، بەڵام مەرج نیە هەر هێزی ماددی بێت بـــەڵکو دەشێـــت وویستی بەهێز بێت ، بۆیە کە لە سەیدنا حەســـەنی کـــوڕی عـــەلی کـــوڕی ئەوبوتالیبیان پرسی : دەڵن : سەرکەشییەکەت تێـــدایە ؟! فـــەرمووی : نـــا سەرکەشی نیە ، وویستی بەهێزە ! بەڵام عەزیز کە کراوە بە کـــوردی بۆتـــە مانای خۆشەویست .. وەک دەوترێت برای عەزیزم ..

الأَذَلَّ: ئەوی لە هەموان لاوازو بێ دەسەڵاتترە ! ئەمیش مەرج نیە هـــەر بـــێ هێزی ماددی بێت ، بەڵکو دەشێت وورە روخاوی نەبوونی وویستی پتەو بێت .. ئەمە مانا عەرەبیەکەیەتی بەڵام کە بۆتە ووشەیەکی کوردی و دەوترێـــت زەلیل : ژێردەستە کراوە .

کە خوای گەورە ئەو قسە پووچەڵ و بێ بەهایانەی سەرۆکی دووڕووەکانی گێڕایەوە کە لە کاردانەوەی لەدەستدانی سەروەریی فشەڵەوە هاتبوون و بەو شێوەیە دەربڕرابوون ، بەرپەرچی دانەوە کە ئەوان بە هەڵەدا چوون کـــە وا دەزانن هێزو دەسەڵات و وویستی بەهێزو لاواز بە گوێرەی پلەو پایەیـــەکی زەوت کراوی ستەمکارانەیە .. بۆیە بۆ ئەوان و موسوڵمانانی روون کردەوە کە ئەو پلەیە وەکو هەر شتێکی تر کە لەم ژیانەدا نیعمەتن و مایەی خۆشـــین یان مایەی نارەحەتین هەمووی لای خوای گەورەوە بۆ خەڵکی بە پێی شایانی

خۆیان پێیان دەدرێت .. عێززەت و زەلیلی وەکو رێنمایی و رێزر بوون ، یان بەرفراوانی رۆزی و تەسک بوونەوەی ، یان وەکـــو فـــەرمانڕەوای و ژێـــر دەستەیی هەمووی لای خوای گەورەوە بۆ مرۆڤ دیاری دەکرێن ، بە پێـــی زانستی خوایی کێ شایانی چی بوو دەیدرێتێ و خوای گەورە ستەم لە کـــەس ناکات .. بۆیە فەرمووی ئەو دووڕووانە نازانن .. چونکە ئەوان ئیماندار نین تا ئەم هاوکێشە خواییە تێگەیشتبن و قەناعەتیان بۆ دروست بوو بێـــت کـــە بکەری کاریگەری هەموو بزاوت و سکونەتێک خوای گەورەیە .. دەسەڵات و هێزو وویستی بەهێزیش هی خوای گەورەیە ، بەڵام کـــە لێـــی دراوە بـــە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وموسوڵمانان ، لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیـــان بـــەو خوای خاوەن و کردگارو کارگێڕەی بوون و ژیانی زیندەوەران و گەردوونە هێناوەو تەسلیم بە وویستی بەهێزو زاڵی ئەو بوون ، ئەویش لە لوتفی خۆیەوە ، بە ئەرکی خۆی زانیووە سەریان خات !! ئەمەش کەسێـــک ئـــەقڵی پـــێ دەشکێت و دەیزانێت کە لە هاوکێشە ئیمانیەکە گەیشتبێت و خۆی تەســـلیم بە قەدەری خوایی کردبێت .. بەڵام ئەمە هەرچەندە بەڵگەنەوویســـتە بـــەڵام دووڕووەکان دید لێڵ و بیر کولن ئەمە نازانن و پەی پێ نابەن ..

ئینجا خوای گەورە بە واقیعی نیشانی دا کە دەسەڵات هی کێیە ، کە بینی بە فەرمانی پێغەمبەر نەبێت صلى الله عليه وسلم تەنانەت کوڕی خۆشـــی ناهێڵێـــت بچێتە مەدینەوە ! بینی کە دەسەڵاتی وەحی لە شوێن کەوتووانی ئەو بەهێزترە !

ئەوەش جێی سەرنج بوو کە دوای چوونەوەی مەدینەی دوای ماوەیـــەکی کەم ئەوەندەی خەم و خەفەت خوارد بەلادا هـــات و مـــرد !! ئەوەنـــدەس زەلیلی لە چاوو روانینی خەڵکیدا بینی کە سات بە سات بچووکتر دەبـــۆوە ،

ئەوەش بۆی دەبووە جێ خەم کە سات بە ساتیش پێغەمبەری پێشەوا صلى الله علیە وسلم و یاوەرانی عەزیزتر دەبن !!

کێ خاوەن دەسەلات بوو ؟! ئیبنو سەللولی دووڕوو دەسەلاتی بەسەر کوڕەکەی خۆشیدا نەما !! تەنانەت ئەوەندە زەلیل کەوت کە لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە کوڕی خۆی ڕێی چوونەوە ماڵ و شاری خۆی لێ بگرێت !! کە ڕۆژانێک بوو تاجیان بۆ دەنەخشاند تا بیکەنە پاشای مەدینە !! بلام ئەم زەلیلیەی لە کوێوە هات؟! کە کوڕەکەی خۆشی گوێ لەم ناگرێت و ئاوا بۆتە شوێن کەوتووی دڵسۆزی ئەم غەریبە مەککەییە صلى الله علیە وسلم!! کە بە فەرمانی ئەم صلى الله علیە وسلم ڕێ بەو دەدات بچێتەوە ماڵی خۆی ، کە دایک و خوشک و برای خۆشی لەوێن و چاوەڕوانی گەڕانەوەیین !!

خوای گەورە ئاوا دەیسەلمێنێت کە عیززەت بە باوەڕەوەیە ، هەردووکیشیان نیعمەتی خوان و ئەو بە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی دەیبەخشێتە ئەوانەی شایەنیانن ، ئەوەی سەلماند کە وەک چۆن باوەڕ ئەم عەبدە بە خواوە پەیوەست دەکاتەوە ، عیززەتیش لە خواوە بۆ عەبدەکە دێت و بۆی دەبێت مایەی پشت ئەستووریی !! جا چۆن ئەو باوەڕەی ناخی ئەم موسوڵمانە تا خۆی بە گوناح و تاوان و سەرپێچی لاوازی نەکات و لەدەست خۆی نەدات ئەم عیززەتە خواییەش خەلاتی خوایەو پێیداوە ، تا پشتی بەو بەستێبێت و ڕووی لەو بێت لێی ناسەنێتەوەو لە کام شوێنەی پڕ ناسۆرو ژانە لەوێدا وویستی بەهێزتر دەکات وگیانی زاڵی و وورەبەرزیی تێدا رادەگرێت ..

ئەمە بەرهەمی ئیمانداریيە ، دووڕوو پەی بێ نابات .. چۆن ئەوی دووڕووەو لەرزۆکانە لەمسەرو سەردایە دەگاتە ئەو پلەیە ؟! نا ئەمە پلەیەکە شایانی ئیماندارەو عیززەتیشە ئیماندار ڕەنجی خۆشی بۆ خستۆتە کار .

## دەرسی پێنجەم

## ئایەتی 9

**ئایەتی نۆیەم** : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (9)﴾

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، سەروەت و سامان و زارۆکتان ئەوەندە مەشغوولتان نەکەن لە یادی خواتان دابڕن ، ئەوانەی وا دەکەن حەتمەن زەرەرمەندن

### لێکدانەوەی ئایەتەکە

خوای پەروەردگار داوا لە موسوڵمانان دەکات کە یادی خوای گەورە ببێتە خولیای سەریان و جێ مەشغەڵەتی ژیانیان ، نەک ئەوەندە خۆ بە چێژی دنیاوە خەریک کەن کە یادی خوایان لە بیر بچێتەوە ، با ئەو چێژە لە حەلاڵیشدا بێت وەکو سەرپەرشتی کردنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکانیشیان .. با رەواش بێت بۆیان کە هەوڵی بژێوی و خۆ دەوڵەمەند کردن وبازرگانی و شەهادە هێنانەوەو پارە پەیدا کردنیشیان بێت ، یان سەرپەرشتی زۆری ماڵ و منداڵ و بەخەمەوە بوونیشیان بێت ، ئەمەش دەبێت بکرێت بەڵام نابێت لەسەر حسابی خواپەرستی بێت ، نابێت لەسەر حسابی یادی خوا بێت .. ناشێت کابرا پێش ئەوەی گرێبەستی کارێک لەگەڵ خاوەنەکەیدا ئیمزا کات نەزانێت داخۆ نوێژو رۆژووەکانی لە کاتی کارکردنیدا بۆ ئەنجام دەرێت یان نا ؟! ئایا ئەوەندەی کات بۆ دەمێنتەوە تا خواپەرستیەکانی لە کاتی خۆیدا بکات ؟! ئەگەر نا ، ئەوە چ سوودێکە پارە پەیدا کات و نوێژی لەدەست چێ ؟! ئەوە دیدو رەفتارو هەڵوێستی موسوڵمانی قیامەتیی نیە ، ئەوە پیشەو نەریتی دووڕووەکانە .. بۆیە دەفەرموێ : هەر

کەسێک وا بکات حەتمەن دەچێتە ریزی ئەو کەسانەوە کـــە زیانیـــان لـــێ کەوتووە .. خوا دەزانێت کە چ زیانێک لەو کەسە دەکەوێت ! زیانەکـــەش هی ئەوە نیە جارێک بێت و لێی هەستێتەوە ، نا ، ئەگەر وا بوایە بە شێـــوەی ناو ( خاسر ) نەیدەفەرموو ، بەڵکو دەیفەرموو ( یخسر ) بەڵام کە دەفەرموێ خاسر یەعنی سیفەتی زیانکردنەکەی لێ دەبێتە سیفەتێکی چەسپاوو نـــەگۆڕ !! دەست دەداتە هەر کارێک بە زیان بۆی تـــەواو دەبێـــت .. زیـــانی هـــەرە گەورەشی لە رۆژی دواییدایە ، کە دەبینێت خەڵکی بـــاری چـــاکەیان لـــێ خستووە وسوودمەندن کەچی ئەم کیسە خێرێکی نیەو زەرەرمەند کەوتووە!

یادی خوا هەموو خواپەرستیەکە ، نوێژە ، رۆژووە ، زەکات دانە ، حەجە قورئان خوێندنە ، تەسبیحاتە ، خوێندنی ئەزکاری ئێوارەو بەیانیانـــە .. بۆیـــە حەسەنی بەسری رحمه الله دەیفـــەرموو : یـــادی خـــوا هـــەموو بـــزاوت و سکونەتێکە کە ملکەچی بۆ خوای گەورە تێدا بێتە دی ..

هاندانی موسوڵمان لەسەر ئەوەی کە دڵی هەمیشە بە یادی خـــواو زمـــانی هەمیشە بە زیکری خوا پاراو بێت کە بەرەو خێری تری دەبـــەن ، چـــاکترە وەک لەوەی بە کەسابەتی زیادەو خەریکبوونی زۆر بـــە یـــاری و مـــەزاقی منداڵانیەوە خەریک بێت کە تا زیاتر تێیاندا قاڵ بێتەوە بـــەرەو مەشـــغەڵەتی زیاتری دەبەن .. دڵی زیندووی موسوڵمان چۆن هەمیشە لە جیاتی ئەوانە لـــە خەمی ئەم ئیسلامەیدا نابێت ، کە بانگەوازی شەوورۆژی پێغەمبەرانی خـــوا بووەو بۆ سەرخستنی ئۆقرەیان لێ هەڵدەگیراو شەونخوونییان بۆ دەکێشاو بـــە پشووی درێژەوە بەردەوام دەبون لەسەری و هـــیچ شتێـــک لـــەم ژیانـــەدا ئەوەندەی بە خۆوە خەریک نەدەکردن کە بۆ ساتێک هۆشیان لە یادی خواو سەرخستنی خواوویستیەکەیان دابڕێت !!

موسوڵمان دەبێت هەمیشە لە خولیای ئەوەدا بێت کە ئەمی بەندەی لاواز و بێ دەسەڵات چ مەنزیلەیەکی دەست کەوتووە کە خوای کردگاری بەتواناو کارزان هیدایەتی دینەکەی خۆی داوەو ئەوەندەی ڕێز لێناوە کـــە بەرنامـــەی ڕێنمایی خۆیی بۆ ناردووە تا بزانێت چۆن بەندایەتی خوا دەکات و چۆن ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی و پەیوەندیەکانیان ڕێک دەخـــات ؟! چـــۆن دەبێـــت شتێکی تری ئەوەندە لە دڵ و هەست و هۆش و ڕەفتاردا لا بە نرخ بێت کـــە لە زیکری ئەو خوا خۆشەویستەی کەم کاتەوە .. ئاخر دوایـــی زیـــانی لـــێ دەکەوێت یەکەمین زیانی ئەوەیە کە خوای گەورە بە بەندەیەکی خواناســـی قبووڵ نەکات! ئەمە وەکو سەیید قوتب دەفـــەرموێ : ( ســـومعە شـــکانە ، سووک بوونە ! ) في ظلال القران 6/ 3580 ..

* * *

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

1 ـــ لا تُلْهِكُمْ : لا تشغلكم : بە خۆتانەوە خەریک نەکات ، بـــەڵام بۆچـــی نەیفەرمووە : لا تشغلكم ؟! ئەمە نهێنیەکی جوانی تێدایە .. ئـــەوی پێـــوەی خەریک دەبیت ، شەرت نیە هەر کات بە فیڕۆدانی بێ سوود بێت ، چـــونکە لەوانەیە کارێکی بەسوودو کاریگەرە پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیە وسلم دەیفەرموو : ( إنَّ في الصَّلاةِ لَشُغُلاً ) بوخاری و موسلیم ، واتە : کار هەیە لـــە نوێژەکەشدا بە خۆیەوەت خەریک دەکات .. بەڵام ( إِلْهَـاء) هـــیچ خێـــرو بێرێکی تێدا نیە چونکە هەر مەشغەڵەت کردنەکەیەو بەس ..

2 ـ بڕوانە مەشغەڵەت کردنەکەی خستۆتە پاڵ سەروەت و سامان ومـــاڵ و منداڵەکە یەعنی ئەوان وا دەتوانن بە خۆوە خەریکتان کـــەن کـــە زیکـــری خواتان لە بیر ببەنەوە ! بەو شێوەیش ئامۆژگاری موسوڵمانەکان دەکات کـــە راستەوخۆ نەیانترسێنێت بۆیە فەرمووی ئەوان بە خۆیانـــەوە مەشـــغووڵتان نەکەن ، کە لە راستیدا هەر خۆمانین کە بەوانەوە مەشغووڵ دەبین ! ئەمەش لە رەوانبێژیدا پێی دەوترێت : بەرهەڵستی لە شتێک کە شتێـــکی تـــری پـــێ مەبەستە ، وەک خوای گەورە لەسورەتی لوقماندا دەفەرموێ : (فَلَـا تَغُـرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ) لقمان/33 واتە : نەکـــەن ئەوەنـــدە بـــوار بکەنەوە کە دنیا هەڕاڵتان کات ، وا فریوو نەخۆن کە خوای گەورە لێـــتان ناپرسێتەوە !! دەبینیت دەفەرموێ دنیا مەغرورتان نەکات ، لـــە راستیشـــدا مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەی موسوڵمان نەکەی وا بە دنیاوە هەڕاڵ ببیت کـــە خوای گەورەو حاڵی قیامەتت لەبیر بچێتەوە !!

3 ـ بۆچی ئەو شێوازە لاوەکیەی بەکار هێناوە ؟!

ــ وەکو ئەوەیە کە خوای گەورە بەرگریی لە موسوڵمانەکە بکات بۆیە بە سەروەت و سامان وزارۆک و مـــاڵ ومنداڵــەکان دەفەرموێـــت : ئـــەم موسوڵمانەی بەندەی خواوویستی من بە خۆتانەوە وا مەشـــغووڵ مەکـــەن ، زیکری منی پێ نەکرێت .. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکان ئەم بەندەیان دەوێت و پێویستیانە بۆیە بۆ خۆیانی رادەکێشن بەڵام خوای گەورە لە زانینی ئاقیبەت و خێرخوازیی خۆی بۆ ئـــەم عەبـــدەی دەیەوێت رووی لە خواناسیەکە وەرنەگێڕێت نەبادا زیانی لێ بکەوێت !

ــ هەڕەشەیەکی بۆ موسوڵمانەکە تێدایە ، کە نەکەیت بکەویتـــە داوی سامان و زارۆک و وا کەمەندکێش ببیت ، بێ وویست راتکێشنە جیهانێـــکی مەشغەڵەتیەوە ، ئەمەش هۆشدانەوەیەکی تری موسوڵمانەکەیە کە ئاگادار بە ! هەر وەکو ئەوەی پێی بفەرموێت : ئەوە بزانە کە سامان و زارۆک تەڵەیان بۆ داناویت تا پێوە بیت ، وریابە .. ئەوەش لە رووی رەوانبێژیەوە ئەوەیە کـــە سامان و زارۆکەکانی هۆشدارو ژیر کردووە کە ئەی موسوڵمان بزانـــە کـــە بەرەی بەرامبەریشت ئەقڵی پێ دەشکێت چۆن رات کێشێتە ناو داوی خۆی و لە زیکری خوات دوور خاتەوە .. !!

شێخی ئالووسی رەحمەتی دەفەرموێ : مەبەست لـــە بەرهەڵســـتی کـــردنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکە کە موسوڵمانەکان مەشغووڵ نەکەن ، هەر بەرهەڵستی کردنی موسوڵمانانە کە بەو شتانەوە مەشغووڵ نەین ، بـــەڵام ئەوانی کردووە بە بکەر تا مانای ئەوە بدات کە ئەوان مەشغەڵەتبازن و تـــۆی موسوڵمانیش ڕێی ئەو مەیدانەت نەدراوە خۆ بخەیتە ناوی وواش بزانیت بـــە سەلامەت بۆی دەردەچیت ! دەنا ماناکەی وایە کـــە ئەوەنـــدە خـــۆ بـــەو سەروەت و سامانەوە خەریک مەکـــەن .. ( روح المعاني 117/28 ) ئیمـــامی

بەیزاوی رەحمەتیش دەفەرموێ : ئەوە ئاراستەی موبالەغەیە بۆ زۆر هۆشداری دانە (تفسیر البیضاوي 496/2 ) .

4ـ پیتی ( لا ) دوای پیتی بەستنەوە ( عەتف ) هاتووە (لا تُلْهِكُمْ أَمْــوَالُكُمْ وَلا أَوْلادُكُمْ ) نەک (اموالکم و اولادکـــم ) بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت کە هەر یەکە لەو دوو باسکراوە بۆ خۆی دەتوانێت ببێتە مایەی مەشغەڵەتێکی وا زیکـــری خوات لەبیر کات !! ئەگەر پیتی ( لا ) ی دووبارە نەکردایەتەوە ئیحتیمـــالی ئەوە دەبوو کە بە هەردووکیان پێکەوە خاوەنەکەیان لە یادی خوا مەشغوولْ بکەن ، ئەو کاتەش ئەوی تەنها یەکێکیانی دەبوو ، دەیووت : نا ئەوی تریانم نیە تا ئەوەندە بە هەردووکیانەوە مەشغوولْ بم کە بگەمـــە ئـــەو ئاســـتەی مەترسی زیان لێکەوتنی لای خوام هەبێت !!

5ـ سامانی پێش ماڵ ومنداڵ خستوە چونکە ئەویان زیاتر مرۆڤ مەشـــغوولْ دەکات سامان کۆکردنەوەو کەسابەتی زیاترو گەشە پێـــدانی کـــاتی زیـــاتری دەوێت ، کە لەوانەیە زۆر کەس بۆ کەسابەت و پارە پەیداکردن لە مـــاڵ و منداڵی دابڕێت !

6ـ ئەوی باشە کە سەروەت وسامانەکەیە خستوێتیە پێش باشترەکەوە کـــە ماڵ ومنداڵە ، چونکە سەروەت و سامان بۆ ماڵ و منداڵ خەرج دەکرێـــت ، و بۆ ئەوانیش پاشە کەوت دەکرێت و دەبێتەوە بە سامانی مـــیراتی ئـــەوان .. ئەمە بۆ موسوڵمانی مەشغوولیش دەبێت ببێتە رێسا ، نەک وەکو کافران مـــاڵ و منداڵیان بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان بخەنەوە کار ! بۆیە لە ئایەتی دواتردا بۆ ئەوەی خۆی قوتار کات هاوار دەکات خوایە مۆڵەتی ترم بدەرێ با سەروەت و سامانەکەم هەمووی ببەخشم و قوتارم بێت و بچمە ریزی پیاوچاکانەوە !!

7ـ خەریک کردنی جەستەو دەروون بە سامان و ماڵ و منداڵەوە حەتمەن مەشغەڵت بوونێکە لەسەر حسابی گەشەی رۆح ! کە لە خۆشەویستی خوای گەورەو زیکرو یادی ئەودایە .. ئەوەش یەعنی لاواز کردنی نێوان خۆی و خوای خاوەنی بە مەشغووڵ بوونی بە نێوانی خۆی و سامان و ماڵ ومنداڵی !! ئەمەش بازرگانیەکی سەیرە ! چونکە زیانی حەتمی پێوەیە ، چونکە بەهێز کردنی لەزەتی جەستەیە لەسەر حسابی لەزەتی رۆح .. ئەمە وەکو مەشغووڵ بوونە بە کارێکی سەختەوە لە بارودۆخێکی نا تەندروستدا وەکو کار لە کانەخەڵوزی ژێر زەویدا کە لەگەڵ پارە پەیدا کردندا تووشی نەخۆشی دەبێت ! دوای تووش بوون و چارەسەر نەبوون هەست بە زیانە گەورەکە دەکات و پەشیمان دەبێتەوە ، بەڵام کەی ؟ دوای ئەوەی سوودی نابێت !! لەبەر ئەوەشە کە کۆتایی ئایەتی دواتر کە باس لەبەخشینی سەروەت و سامانەکەی دەکات و دەیەوێت لا کات بە لای زیکری خواوە دەفەرموێ تا ببمە پیاو چاک بەڵام هەل لە دەستچووە !

8ـ لێرەشدا هەر سەروەت و سامانی پێش ماڵ و منداڵ خستووە ، ئەمەش لە هەموو قورئاندا وایە ، جگە لە یەک ئایەتی سورەتی تەوبەدا کە باس لە بەخشین لە پێناوی خوادا دەکات و بە ریزبەندیی ئەوانە پێشتر دەخات کە بەنرخترن کە رۆحی باوک و ئەولادو براو هاوسەرو عەشرەتن ئینجا دێتە سەر سامان و بازرگانی و کۆشک و تەلار چونکە یەکەمین هەنگاوی سەرخستن و بەرگریی کردن لە دینەکە بە گیان بەخشینە ، وەک دەفەرموێ : ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ

فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ) التوبة / 24 چونکە ئێرە کە ساحەی جیهادە شوێنی فەخرو شانازی نیە تا خەڵکی خۆی پێوە بادەن !

9ــ کە دەفەرموێ : ( وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ) نافەرموێ : ( ومَن تُلهِهُ تلك ) چونکە لێرەدا دەبێت کارێک ئەنجام بدرێت و بکەرەکە بناسرێت تا زیانەکە دیاری بکرێت ، کە دەکەوێتە سەر کێ ؟! نەبادا کابرا خۆی لێ رزگار کات بەوەی بڵێت : خوایە خەتای ئەو سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەم بوو کە ئاوا لە یادی بەرێزتان مەشغوولیان کردم !! بۆ رێ گرتنێتی لەم فێڵەی نەفس کە دەفەرمێ : هەر کەسێک وا بکات .. مادام کردنە ، دەبێت ئەوەت لەبیر بێت کە هەموو کردارو گوفتارێکی موسوڵمان پاداشت یان سزای دەکەوێتە سەر .. بۆیە لەمەشدا دەبێت کابرای موسوڵمان ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئەم هەڵوێستەی لەسەر حسێبە ..

10 ــ بڕوانە ئەو شێوازە جوانە کە کرداری رانەبوردووی ( يَفْعَلْ)ی بۆ بەکار هێناوە ! بۆ ئەوەی مانای دووبارە بوونەوەی بەردەوام بدات ، تا موسوڵمان حاڵی کات کە ئەمە رەفتارێک نیەو جارێک روویدا بێت وتەواو دەنا دەیفەرموو ( وَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ ) ! نا ، ئەگەر زۆر هۆشیار نەبن نەک هەر لێتان دووبارە دەبێتەوە ، بەڵکو لێتان دەبێتە کردەوەیەکی بەردەوامی رۆژانە ! چونکە لە دادی خواییش ناوەشێتەوە کە ئەو زیانە گەورەیە لە کەسێک بکەوێت هەر بەوەندەی جارێک ئەوەندە مەشغووڵی حەزی خاوەنێتی و دنیایی خۆی بوو کە لە یادی خوای گەورە غافڵ ببێت ، نا ئەوە سزای ئەو کەسەیە کە قیامەتی بۆ حەزی ئەم دنیای خۆی تەرخان کردووەو لێرە یادی خوای واز لێهێناوە !

11ـ دەفەرموێ : (فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْخَاسِرُونَ) كۆتاییـــەكی زۆر رەوانبێـــژییە كــە شیاوی ئەو رەنجە گەوجانەیە ، ئەو دنیاوویستە هەر لە رەنجی كەســـابەت و قازانجی دنیاییدا بووە ، بۆیە ئەوەتا ئەنجامەكەی ئەو زیانە گەورەیە ! ئەو بۆیە مەشغوولی سەروەت و سامان و ماڵ ومنداڵی بووە تا لـــە رێـــی ئەوانـــەوە ئەوەندەی تر كەسابەت بكات و سوودی دنیایی دەسكەوێت ، كەچی ئەوەتا لە جێی قازانج ئەو زیانە گەورەیەی تووش دێت ٌكە ئەوەندە لەســـەر دڵـــی گرانە كە ئامادەیە هەرچی سەروەت و سامان و منداڵی هەیە لە رێی خـــوادا ببیەخشێت تا بچێتەوە ریزی پیاوچاكان !! بەڵام تازە رۆی ! هەرچی هەلێكی هەبوو لەدەستیدا دا !! ئیمامی زەمەخشەری دەفەرموێ : مەزنی نەمری ، بە سووكی پووكاو دا ( الكشاف 235/3 ) !!

12 ـ هێنانی راناوی ( هم ) لە نێوان موبتەداو خەبەرەكەدا ، پاشان ناســـاندنی زیانلێكەوتووان بە (الــ) ی ناساندن ( الخاسرون ) مانای كورت كردنـــەوەو جەخت كردنەوەی ماناكە دەبەخشن واتە : لـــە راســـتیدا هـــەر ئەوانـــە زەرەرمەندن ، نەک كەسانی تر ! ئەوان شـــایانی ئـــەوەن پێـــیان بووترێـــت زەرەرمەندان ! ئەگەر بیفەرمایە (فاولئک خاسرون ) مانای وا دەبـــوو كـــە ئەوان زیانیان لێ دەكەوێت بەڵام لەوانەیە زیانەكە كەم بێت ، یان لـــەوان و لە غەیری ئەوانیش بكەوێت !

13ـ فەرمووی (لا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلا أَوْلادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ) نەیفەرموو عن الصلاة ، عن الجهاد یان خواپەرستی تر، چونكە یادی خوا گشتگیرترەو هەموو ئەو جۆرە خواپەرستیانە دەگرێتەوە ، هەر كارێكی چاكە لەبەر خاتری خوا بكەیت یادكردنی خوایە ! بۆیە لەوانەیە زیكری خوا نیەتێكی پاک بێت كە لە دڵدایە ، هەر وەكو كە دەشێت ناوهێنانی خوای گەورەو لێ پاڕانەوەی بێت

کە بە زمان ئەنجام دەدەرێت ، یان سوجدە بۆ بردنی بێت کە بە ئەندامانی تری لەش ئەنجام دەدرێت .. نابینیت خوای گەورە لە باسی زیکری خۆیدا فەرمان دەکات : (وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ ) الاعراف/205 واتە : یادی پەروەردگاری خۆت لە دڵ و دەرووندا بکە ، بە پاڕانەوەو لالآنەوەی کزو پەنهان ، هەر وا بە چرپەو بڵندی ئاشکرا بەیانیان و دەمەو ئێواران زیکر کە تا نەکەویتە ریزی بێ ئاگایانەوە .. تەنانەت نوێژەکەش بۆ یادی خوایە ، بۆیە دەفەرموێ : (وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي ) طه/14 واتە: نوێژ بۆ یادی من بکە حەسەنی بەسری دەفەرموێ : هەموو فەرزەکان زیکری خوان . ( البحر المحيط 274/8 ) .

* * *

## دەرسی شەشەم

## ئایەتی 10

**ئایەتی دەیەم** : ( وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ ( 10 )

واتە : لەوەی پێمان بەخشیوون ببەخشن ، پێش ئەوەی مردن بگاتە یەکێکتان ئەوسا هاواری لێ هەڵدەستێت کە خوایە بۆچی ماوەیەکی تریشت دوانەخستم تا خێروخێرات بکەم و بچمە ریزی پیاوچاکانەوە !!

### لێکدانەوەی ئایەتەکە

دوای ئەوەی دووڕووەکان بە یەکتریان دەووت کە خێرو خێرات نەدەنە شوێنکەوتووانی محمد صلى الله عليه وسلم ( هُمْ الَّذِينَ يَقُولُونَ لا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا .. واتە : ئەوانن کە دەڵێن : هیچ خێرو چاکەیەک لەگەڵ نێرراوەکەی خوادا مەکەن و پارەو سامانی مەدەنێ تا ئەو کەسانەی لە دەروبەرین لێی دوور کەونەوەو بڵاوەی لێ بکەن ! خوای گەورە فەرمانی دا بە موسوڵمانان کە ببەخشن و خێرو خێراتی زیاتر بکەن ، تا لە واقیعی حاڵدا ئەهلی جاهیلییەت ئەو جیاوازیە گەورەیان بۆ دەرکەوێت کە چۆن موسوڵمانان هەرچی هەیانە بێ خەم و سڵ لە هەژاریی بە ئومێدی پاداشتی لای خوا دەیبەخشن ، لەبەرامبەر ئەو دەست چوقاندنەی جاهیلییەتدا ئەمان دەبێت ئاوا سەخاوەت بنوێنن ! بڕوانە ئەم شێوازی ئاڕاستە کردنە کە لە جێی بەرهەڵستی بەخشین فەرمان بە بەخشین دێت !! بەرهەڵستیەکە لە دووڕووەکانەوە دێت کە زۆر یەکگرتوو نین ، کەچی فەرمانی بەخشینەکە لە خوای کردگارو خاوەنەوە دێت !

پاشان خوای گەورەی زانایە کە دەفەرموێ : ئەگەر نەبەخشن پەشـــیمان دەبنەوە ! ئەمەش ئەو هەستی دڵنیاییە لە ناخدا دەچەسپێنێت کە ئەمە حەتمەن دێتە دی ..لە کاتێکیشدا دەبێت کە سەرەمەرگەو کات بەسەرچووە !

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

1ــــ دەفەرمویت : ( مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ ) واتە هەندێک لەوە ببەخشن کە خـــوای گەورە پێی داون نەک هەمووی ! هەندەکەش لە پێـــناوی هـــەمان خـــوادا ببەخشن کە پێی داون ! بەم شێوازە دەروونەکان زیاتر بەلای بەخشـــینەکەدا کێش دەکات ، هەروەک ئەوەی بڵێن : جا کە خوا خۆی ئـــەم هـــەمووەی پێداوین و دەفەرموێت هەندێکی لەبەر خاتری مـــن ببەخشـــنەوە ، ئیتـــر چ سپڵەیی و بێ وەفاییەکە ، چ نەزانی و ئەقڵ پێ نەشکانێـــکە ، چ رەزیلیەکـــە نەیبەخشن ! دیسان بۆیە دەفەرموێ : هەندێک لەو سامانە ببەخشن کە پێـــم داون ، چونکە خوای کارجوان دەزانێت ئەگەر داوای بەخشـــینی هـــەموو سامان و ماڵڕەکانیان لێ بکات ، وەڵامدانەوەیان نابێت ، بەمەش گوناهبـــار دەبن ! چونکە لە جێیەکی تردا دەفەرموێ : (وَإِن تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا يُؤْتِكُمْ أُجُـــورَكُمْ وَلَا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ . إِن يَسْأَلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا وَيُخْرِجْ أَضْغَانَكُمْ ) محمد 36-37 واتە : ئەگەر باوەڕ بهێنن و پارێزکاریی بکەن ئەوە حەتمەن خوای گەورە بـــە چاکە پاداشتتان دەداتەوە ، خۆ خوا داوای بەخشینی هـــەموو ســـەروەت و سامانتان لێ ناکات ! ئەگەر داوای ئەوەتان لێ بکات بە تەئکیـــد پیســـکەو چاوبرسی دەبن و رەزیلی دەکەن ، بەوەش رق و کینەتان دێتە دەرێ و سەر دەکات !!

2ــ کە دەفەرموێ : ( رَزَقْنَاكُمْ ) بۆ ئەوەیە بیریان بخاتەوە کە ئەوەی هەیانـــە هی خوای گەورەیە ، رۆزی ئەوەو بە لوتفی خۆی ئەمانی کردووە بە خاوەنی!

بەمەش دڵنەرم تریان دەكات و بەرەو بەخشینەكاین دەبـات ، چـونكە لـە لایەكەوە دەڵێن : دەی ئەو خوایەی خاوەنمانەو سامانەكەی پێ بەخشـیووین دەفەرموێ ببەخشن ، ئەو خوای كە دادپەروەرە تا ئێـمە لـە رێـی ئـەودا ببەخشین ئەو زیاتر لەبەرچاوی دەبێت و حەتمەن پاداشـتمان بـە زیـادەوە دەداتەوە ! پاشان كە ئەو فەرمانمان پێ دەدات كە ببەخشین ، ئیتر كە نـەمان بەخشی چۆن روومان بێت داوای زیاتری لێ بكەین ؟!

3ـ دەفەرموێ :(مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ) پێش ئەوەی مەرگ رێتان پـێ بگرێت ! هاتنی ئەو ( من ) لەوێدا ئاماژەیە بە نزیكی مردنەكە لە مرۆڤـەوە ! كەوابوو موسوڵمانەكە دەبێ بزانێت كە لە كێبڕكێی ئەوەدایە زوو ببەخشێت پێش ئەوەی مەرگەكەی بگاتێ ! چونكە مانای ( من ) لێرەدا وەكو زانایـانی زمانەوانی فەرموویانە : (تفيد ابتداء الغاية الزمانية ) واتە سـەرەتای دەسپێـكی زەمانێک روون دەكاتەوە !! یەعنی كاتەكە نزیكە لە هاتنی مردنـەوە ، هـەر پێكەوە هاورێن ! بەلام لابردنی ( من ) لێرەدا هەر مانای هـاتنی مەرگەكـە دەگەێنێت بەلام نازانرێت نزیكە یان دوور ![14] دیسان وەكو بڵێـیت : دەی ئەوەش مۆڵەتێكی تری رەخساو لەبەردەستتدا پێش ئەوەی مەرگت بگـاتێ! هەرچەندە ئەجەل كە هات دوا ناكەوێت ، بەلام وەكو بیرو ژیریی بزواندن و دواندنێتی كە دەی ببەخشە خۆ كاتی تەواوت لەبەردەستدا ماوە !!

4ـ كراو ( مفعول بـة ) پێش بكەر ( فاعل ) هێناوە (مِنْ قَبْـلِ أَنْ يَـأْتِيَ أَحَـدَكُمْ الْمَوْتُ) المەوت فاعیلەكەیە بەلام لە رستەكەدا دوا كەوتووە ! چونكە ئەوەی جێ باسەكەیە موسوڵمانە ئاڕاستە كراوەكەیە ، نەک مردن ! موسـوڵمانەكە

[14] فازڵ سامەڕائی لە كتێبی ( معانی النحو ) ئەمەی زۆر جوان روون كردۆتەوە (ب2 ل 619 و دواتری ) ..

داوای لێ کراوە هۆشی لە مردنەکە بێت و زوو تۆبە بکات و ببەخشێــت ! دیسان لەبەر ئەوەی هەموو کارێک بە ژیاندا دەکرێت و مردن کۆتــای بــە هەموو هەڵوێستێک دەهێنێت بۆیە دەبێت بکەوێتە کۆتــایی رســتەکەوە !! بڕوانە ئەو رەوانبێژییە !

5ـ دەفەرموێ :( فَيَقُولَ رَبِّ ) فاءەکە لە لایەکەوە بۆ خێــرایی و دوابــەدوا هاتنی یەکسەرییە ، لە لایــەکی تــرەوە بــۆ روون کردنــەوەی هۆیەکــەو بەستنەوەی رستەکەشە ، بۆیە نەیفەرموو (ثُمَّ یقول) کە کاتی دواتــری تــوول دەکێشێت یان ( و یقول ) یش بۆ ریزبەندی و پێکەوەبەستنەوەی گشتیە بــێ گوێدانە کات .. واتە مردنەکە دەبێتە هۆی پەشیمان بوونەوەتان و ئــەو داوا نابەجێیەتان کە سا خوایە کەمێکی ترمان دوا خە با خێرو خێرات بکــەین ! ئەگەر لە جێی ئەو فائە (ثُمَّ) بهاتبا شەو مانا قووڵە رەوانبێژیەی نەدەدا !

6ـــ بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەوەندە خێرا هاوار دەکرێت و پەلــەی تێــدا دەکرێت فریا ناکەون بڵێن ( یا ربی) ! بۆیە خێرا دەڵێن : ( فَيَقُولَ رَبِّ ) فریای ئەوە ناکەون (یا) ەکە بڵێن !! وەکو ئەو کەسانەی کە لــە تاوانــدا هــاوار دەکەنە کەسێک و ناوی دژواریەکە دەهێنن ! وەکو کە دەڵێن : ئاگر ئاگر ، بێ ئەوەی بڵێت کەوتەوە ، یان سوتاندتی !

7ـ فەرمووی : ( لَوْلَا أَخَّرْتَنِي ) نەیفەرموو ( لو اخرتني ) چونکە ( لولا ) بــۆ داواکردنێکی بەهێزترە ، بۆ داواکردنی بەردەوامی یەک لەدوای یەکی کــەم شەرمترە !! چونکە هەڵوێستەکە وا دەخوازێت ، تــا بــە هــەر پاڕانــەوەو داواکاریەک بێت بگێڕرێتەوە دنیا تا بکەوێتە خێرو خێرات ! بــەڵام ( لــو ) دەشێت هەر بۆ یەک جار بێت و داوایەکی نەرم و نیانیانەیە ، جگە لــەوەی مانای تەمەنناو خۆزگەش دەگەیێنێت ، وەکو ئەوەیە کارەکــەی لەدەســت

دەرچوو بێت و بێ ئومێد بووبێت ئینجا بڵێ : خۆزگە دەتگێـــڕامەوە دنیـــا ! دەشزانێت کە نایگێڕێتەوە ، چونکە ڕێساکە وایە کە هەر کـــەس مـــەرگی گەیشتێ دەبێت تەسلیمی بێت !! نابینیت کابرای شـــاعیریش کـــە دڵنیاشـــە لەوەی گەنجێتیەکەی ناگەڕێتەوە کەچی هەر بە خۆزگەوە دەڵێ

ألا ليتَ الشبابُ يعودُ يوماً .... فَأُخْبِرَهُ بما فعلَ المَشيبُ

واتە : ئای خۆزگە گەنجێتی دەگەڕایەوە تا هەواڵی بدەمێ کـــە پیریـــتی چـــی کردووە !!

8ـ لە دوای (لولا) کرداری ڕابوردووی هێناوە ( لَوْلا أَخَّرْتَنِي ) نەک (لولا تؤخرني) چونکە ڕابوردوو ڕوویداوەو لێ بۆتەوە ! یەعنی ئەمەی ئەم حەزەری لێ دەکردو بە هیوای هاتنەوەیەتی تازە بوو بە بەشێک لە ڕابوردوو ، هی ئەوە نیە بێتەوە !! جا ئەگەر کرداری ڕانەبوردووی بهێنایە ، ئومێدی گەڕانەوەکە هەرچەند کەم بوایە هەر دەما ! وەکو خوای گەورە بۆ نیعمەتی ئاو فەرمووی: (لَوْ نَشَاء جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ ) الواقعة / 70 واتە : ئەو ئاوی بارانە سازگارەی ئێمە لە هەورەوە هێناومانەتە خوارەوە گەر ئارەزوومان لێبوایە دەمانکردە خوێیاوێکی تاڵ و تفت !! یەعنی هێشتا ئومێدی ئەوە ماوە نەیکاتە سوێراو ! یان (لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) النمل/46 واتە : دەی خۆ بوارو کاتی ئەوەتان ماوە داوای لێبووردن لە خوای گەورە بکەن تا بەزەیی پێتاندا بێتەوەو ببتانبەخشێت !

9ـ بروانە چۆن داوای ماوەیەکی کەمی کاتی کردووە تا چاکسازیەکی حاڵی خۆی بکات ! لە کاتێکدا ئاشکرایە کە ئەو لە ژیاندا ئەو هەموو تەمەنە زۆرەی لەبەر دەستدا بوو هیچ چاکسازیەکی وای نەکرد خوای گەورە پێی خۆش بێت ! کات ، سامان ، تەمەنی خۆی بە هەدەر دەدا بێ ئەوەی تێفکرێت

بێ ئەوەی یادێکی ئەم رۆژەی بێتە سەر ! دەڵێ : (إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ ) نەیووت : (إِلَى أَجَل ) چونکە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە کە داوای کاتێکی زۆری کردووەو قابیلی ئەوەیە خۆی تێدا ئیسلاح بکات !!

10 ــ کە دەفەرموێ ( فَيَقُولَ ) هاتنی فائەکە بۆ خێرایی و ریزبەندی و دوابەدوادا هاتنە ! هەر وەکو بڵێیت لە پەلەپەلی خۆیدا ، لە عەزرەت ئەو حاڵەتە دەروونیە قورسەی تێیدایە لە لایەکەوە فائەکەی بۆ خێرایی هێناوە ، لە لایەکی دیکەوە ( یا ) ئەکەی لابردووە بۆ ئەوەی زوو فیقولەکە بڵێ !! ئەم دوانەشی لەگەڵ ( لولا ) دا هێناوە کە داواکردنە بە ئیلحاحی یەک لەسەر یەکەوە !!

11ــ لێرەدا کە دەفەرموێ ( أَخَّرْتَنِي ) یائەکەی هێناوە ، کەچی لە سورەتی ئیسرائدا لە باسی ئیبلیسدا نەیهێناوە کە دەفەرموێ : ( لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلاَّ قَلِيلاً ) الاسراء / 62 واتە : ئەگەر مۆڵەتی تا قیامەتم دەدیتێ شەرت بێ نەوەو وەچەکەی گومرا کەم مەگەر کەمێکیان لەدەستم دەرچن .. لە مونافیقوندا یائەکەی بۆیە هێناوەتەوە چونکە سوودی هێنانەدی داواکەی دێتەوە سەر خۆی بۆیە دەیەوێت بە یائەکە تایبەتی کاتەوە بە خۆیەوەو زیاتر جەختی لێ بکاتەوە بەڵام لە ئیسرادا سوودی داواکە بە قازانج بۆ ئیبلیس ناگەڕێتەوە ، خۆ هەموو مرۆڤایەتی گومرا بن لەعنەتەکەی ئەو ناسڕنەوەو هیچ سوودێک بە ئیبلیس ناگات بۆیە لە ئیسرائدا پێویست بە هاتنی یائەکە نەبوو ..

دیسان لە راستیدا داواکاریەکەی ئیبلیس داواکاری حەقیقی راستەوخۆ نیە ، هەر کەللەڕەقی و خۆ هەڵکێشانێکە ، بۆیە بە شێوەی مەرج و سوێندی

ناواخن دەیڵێت : (لَئِنْ أَخَّرْتَنِ ) بەڵام (لَوْلا أَخَّرْتَنِي ) داواکاریەکی لالانەوەیە ، بۆیە جیاوازیەکی ئاوا رەوانبێژیی لە نێوان هەردوو لەفزەکەدا هەیە ..

12 ـ لێرەدا دەپرسرێت : بۆچی کردارێکی مەجزوم عەتف کراوەتە سەر کردارێکی مەنسووب ؟! فەرمووی ( وَأَكُنْ ) مەجزومەو عەتفە لەسەر کرداری (فَأَصَّدَّقَ) کە مەنسووبە ؟ ئەمە ئەوەیە کە رێزمانەوانانی عەرەبی پێی دەڵێن : عەتفی لەفز لەسەر مانا ، کرداری یەکەم مەنسووبە بە فائەکەو کرداری دووەم مەجزوومە بە وەڵامی مەرجەکە. وەکو کە دەڵێیت : هَلَّا تَدُلَّنِي عَلَى بيتِكَ أزُرْكَ . أزُرْكَ مەجزوومە بە وەڵامی داواکەو ماناکە واتە إنْ تَدلَّنِي على بيتِك إزُرْكَ ئەگەر فائی بۆ بهێنیت ئەویش مەنسووب دەبێت دەڵێیت فأزورَكَ .. کەوابوو وەکو ئیمامی زەمەخشەری دەفەرموێ ماناکەی بۆتە إن تؤخرني أصدقْ و أكنْ .. الكشاف 236/3 . ئینجا نەشی کردوون بە یەک ئاست چونکە سەدەقەو خێرو خێرات کردن بەس نیە بۆ ئەوەی رەزامەندی خوای گەورەی دەست خات ، بەڵام ساڵح بوونەکە دەشێت سامانیشی نەبێت و ببێتە مایەی لێبوردنی خوای گەورە .. بۆیە لەویاندا دەفەرموێ خێرو خێرات دەکەم بۆ چاکسازیەکەی بە مەرج دەڵێ : شەرت بێت ببمە پیاوچاک !! بۆ ئەوەی مەرجەکەش ببێتە هاندانی وەڵامدانەوەی خوای گەورە !! بەڵام ئەی هاوار لە من هەر نابێتێ !!

13 ـ لەبەر ئەوەی چارەنوسەکەش بە هۆی ماڵ نەبەخشینەوە دروست بووە چونکە خوای گەورە فەرمووی لەوەی پێمان بەخشیون ببەخشن ( وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ ) بۆیە کابرای پەشیمان خێرا بەخشینی سەروەت و سامانەکەی وەکو سەدەقەو خێو خێرات باس دەکات ئینجا مەرجی ساڵح بوونەکەش تەقدیم دەکات ! پێش ئەویش فەرمووی ماڵ و منداڵتان هۆشتان لەبەر نەبرن

یادی خواتان لە بیر بەرنەوە : (لا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلا أَوْلادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ ) پێش ئەمیش باسی لە هەڵوێستی دوورووەکان دەکرد کە دەڵێن خێر بەو کەسانە مەکەن کە لە خزمەت پێغەمبەرکەی خوادان : (تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ) بۆیە ئەمیش هاواری لێ هەستاوە کە ئەگەر مۆڵەتێکی کەمی بدرێتەوە زۆر زوو دەبەخشێت و دەچێتە ریزی پیاوچاکانەوە .. ئەم هەموو هات و هاوارەش دەکات بەڵام لە کاتی فەوتاودایە !!

14ــ ئینجا بڕوانە دەڵێ : ( فَأَصَّدَّقَ ) ناڵێ ( فَأَتَصَدَّقَ ) کە ئەسڵەکەیە ! زۆر هۆ هەن بۆ ئەمە ، لەوانە :

ــ بڕگەکانی (فَأَصَّدَّقَ) کەمترە لە بڕگەکانی (فَأَتَصَدَّقَ) یەکەمیان : ( فە ، ئەس ، سەد ، دە ، قە) پێنج بڕگەیە ، بەڵام ئەوی دیکە شەشە : (فە ، ئە ، تەس ، سەد ، دە ، قە) ئەمیش لەبەر خێرا ووتن و ئومێدی خێرا وەدەنگ هاتنەوەیە بۆیە پیت و بڕگەکانیشی کەم کردۆتەوە !! جا بڕوانە ئەو رەوانبێژییە ؟!

ــ لە (فَأَصَّدَّقَ) دوو جمک کردن ( تەشدید )ی تێدایە کە لەسەر ساد و دالەکەن ، بەڵام لە (فَأَتَصَدَّقَ) یەک تەشدیدی تێدایە کە لەسەر دالەکەیە .. ئاشکراشە کە تەشدید لە زمانی عەرەبیدا بۆ زیاد ئەنجامدان و مەحکەم کردنی کارەکەیە ! یەعنی دوو جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەس مۆڵەتەکەی بۆ دواخرێت ! حەتمەن خێرو خێراتێکی زۆر هەر دەکات !

ــ داوای ماوەیەکی زۆر کەم دەکات کەچی شەرت لەسەر خۆی دەگرێت کە خێروخێراتێکی زۆر بکات !!

ئەوە رەوانبێژیی قورئانە ! کە هەر پیتێک لە هەر ووشەیەکدا ، وە هەر ووشەیەک لە هەر رستەیەکدا جێی خۆی زۆر بە مەحکەمی گرتووە ، کە نامومکینە جێگۆڕکێ بە پیت و ووشەکانی خۆشی بکرێت چ جای ئەوەی پیت

و ووشەی دیکەیان بخرێتە جێ ! نەک هەر ئەوەش تەشکیلە ئیعرابیەکەشی (سەروبۆرەکەی ) هەر نیشانەی بەهێزی رەوانبێژییە بێ وێنەکەی قورئانن .. دەبا ئەو چاوە هەر نابینا بێت کە بە ووشەی ئەم قورئانەدا هەڵنایات و بە نوری ئەم قورئانە نابینێت ..

* * *

## دەرسی حەوتەم

## ئایەتی 11

**ئایەتی یازدەیەم** : (وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (11) واتە :بە هیچ کلۆجێک خوای پەروەردگار ئاکام ( ئەجەل ) ی کەسێک دواناخات ئەگەر کۆتا ساتی ژیانی تەواو بوو ، ساتی مەرگی هات ، خوای گەورە شارەزای ئەو کردەوانەیە کە ئەنجامیان دەدەن .

## لێکدانەوەی ئایەتەکە

دوای ئەو پەشیمانی و هاوارو هانا بۆ خوا هێنانە کە : با بۆ ساتێکیش بێت مردنەکەمان دواخەو مۆڵەتی ساتێکی زۆر کەممان بدەرەوە تا پیاوچاک بین ، خوای گەورە بە شێوەیەکی زۆر توندو سەخت و بۆ بنبڕ کردنی هەموو هیواو ئاوات و ئومێدێکیان لەو رووەوە دەفەرموێ ( ولن ) ئەم پیتە بۆ نەفی کردنە ، بەڵام نەفی کردنەکەی ئەم وەکو (لا و لم ) نیە ، ئەمیان پەیوەستە بە کاتێکی نەبڕاوەی هەتاهەتاییەوە !! یەعنی بە هیچ شێوەیەک ، بە هیچ کلۆجێک ئومێدی ئەوەتان نەبێت بۆ چرکەیەکیش بێت خوای گەورە ئەجەلتان دواخات ! چونکە بڕیاری نەگۆڕی خۆی داوەو فەرموویەتی : (وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا) ئەگەر ساتی مەرگی کەسێک هات ، خوای پەروەردگار بە هیچ کلۆجێک ئاکام (ئەجەل) ی دواناخات .. لە هەموو قورئانەکەی خوای گەورەدا ئەم بڕیارە بنبڕە دەیبینینەوە ، وەک دەفەرموێ : (وَأَنذِرِ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ الْعَذَابُ فَيَقُولُ الَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ الرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُواْ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ ) ابراهم / 44 واتە : هۆشداری ئەو رۆژە بدە خەڵکی کە سزایان دەگاتێ ، جا ئەوانەی ستەمیان کردووە هاوار دەکەن : خوایە بۆ ساتێکی نزیک مردنمان دواخە تا بە دەنگ بانگەوازەکەتەوە بێین وشوێن پێغەمبەرانت بکەوین !

ئەدی لەوەو پێش سوێندتان نەدەخوارد کە هیچتان لێ نایات و نافەوتێـــن ؟!! یان دەفەرموێ: (حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ . لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلاَّ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُــونَ) المؤمنون/99- 100 واتە : جا ئەو ساتەی یەکێـــکیان مـــردنی دەگـــاتێ داوا دەکـــات : خـــوای بمگەڕێنەرەوە ، تا کردەوەیەکی چاکە بەوە بکـــەم کـــە جێـــم هێشـــتووە ! هەرگیزاوهەرگیز نابێت .. ئەوە بڕیارێکەو خوای گەورە داویێتی ( کە ئاکـــامی هەر کاس هات دەبێت دەسبەجێ تەسلیم بێت و بمرێت ) جـــا ئیـــدی بـــەرەو بەرزەخێک ( قۆناغی دوای مردن ) دەکەونە رێ کە رۆژی زیندوو بوونەوەیانی بەدوادا دێت !

بۆیە بەو شێوە توندو سەخت و بنبڕە پێیان دەفەرموێ کە دواخستنی ســـاتی مردن ئەستەمە ( پیتی لن ) تا بزانن کە هیچ بوارێکی موناوەرەو خۆ خافلاّندنیان لەبەردەستدا نەماوەو لـــە بنبەستێـــکدا گیریـــان خـــواردووە کـــە غـــەیری خۆبەدەستەوەدانی زەلیلانە چارێکی دیکەیان نیە !!

پاشان دەفەرموێ کە خوای گەورە شارەزایە بەوەی کردوویانەو دەیکـــەن ، بۆیە متمانەو باوەڕ بەو بەڵێنەشیان ناکات کە دەڵێن : هەر ســـاتە وەختێـــکی کەممان بدەرەوە تا خێرا ببینە پیاوچاک !! فـــەرمووی ( خبیر ) نـــەک ( علیم ) چونکە ( خبیر ) بۆ زانینی پەنهان و ئاشکرایە بـــەلاّم ( علیم ) بـــۆ شـــارەزایی زاهیرییە ..

* * *

## پاشکۆی یەکەم
## باسی فیسق

باسی فیسق باسێکی گرنگە چونکە یەکەمین کێشەی عەقائیدی بوو کەوتە ناو ئوممەتی موسوڵمانەوە ، باسێکە لە هەردوو خانەی عەقیدەو ئەحکامدا دەهێنرێتەوە چونکە شەرعناسان کە لە لایەنی کردەوەوە باسیان لێوە کردووە دەسبەجێ فەرمووشیانە لە رووی عەقیدەشەوە ئاوایە یان ئاوا نیە ، هەروەها مەسەلەی فاسق بوون خەلەلێکی گەورەیە ، زۆرینەی زۆری موسوڵمانانی ئەمڕۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان گرتۆتەوە ! بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە خوای پەروەردگار ئەو کلاتی قورئانی بۆ پێغەمبەرە نازدارەکەی دەناردە خوارەوە فەرمووی : ( وإنَّ كَثِيراً مِنْ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ ) المائدە/49 واتە بە راستی زۆرینەی زۆری خەڵکی فاسقن ، یەعنی زۆرینەی خەڵکی لە گوێڕایەڵی خوای گەورە دەرچوون و پێچەوانەی حەق رەفتار دەکەن ( تفسير القرآن العظيم / ابن كثير 64/2 ) ! دەبێ ئەمڕۆ ئەو زۆرینە زۆرە چەند بەرابەر زیادی کردبێت ..

لەبەر ئەمە جێی خۆیەتی بە پاشکۆیەکی کورت باسێک لە فسق بکەین ..

- <u>فَسَقَ لە رووی زمانەوانیەوە :</u> فَسَقَ يَفْسُقُ ويَفْسِقُ : خۆی لێ کێشایە دەرێ ، بۆ خورمای تەڕ ( روتەب ) دەڵێن : فَسَقَتْ الرَّطْبَةُ واتە خورما تازە پێگەیشتووەکە لە پێستە تەنکەکەی هاتە دەرێ ( لسان العرب 308/10 ) ئەمەشە بۆتە مانای خۆڕاپسکان لە گوێڕایەڵی و ملکەچی ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ) الانعام / 121 واتە : ئەوە حەتمەن لە گوێڕایەڵی دەرچوونە .

فَسُقَ : بە مانای فَجُرَ هاتووە ، کەوابوو مانای فسوق و فجور یەک شتن .. کە دەوترێت کەسێکی فاسق یان فاجر هەر بەو مانایەیە کە خۆی لە خێرخوازیی داماڵیووەو خۆی لە گوێڕایەڵی و ملکەچی فەرمانی خوا راپسکاندووە .

فسق لە رووی زاراوەییەوە : مانا زمانەوانیەکەی فسق گشتگیرەو هەموو دەرچوونێک کە خراپی لێ بکەوێتەوە دەگرێتەوە ، بەڵام لە رووی زاراوەییەوە هەرچەندە فسق هەموو سەرپێچیەکی فەرمانی خوایی دەگرێتەوە ، بەڵام شەرع مانای تایبەتی بۆ دیاری کردووە تا ببێتە پێوەری موسوڵمانان ، ئەویش بەوەیە کە فسق ئەنجامدانی گوناحی گەورەیە ، یان لەسەر گوناحی بچووک بەردەوامبوونە[15] .

کە دەوترێت فلان کەس فاسقە یەعنی ( سقطت عدالته ) ، واتە :جێی متمانە نەماوە .. بۆیە هەر کەسێک گوناحێکی گەورەی ئەنجامدا ــ با بۆ یەکجاریش بێت ــ یان لەسەر گوناحی بچووک ــ با یەک گوناحیش بێت ــ بەردەوام بوو ، حوکمی فاسق دەیگرێتەوە[16] ، چونکە لە فەرمانی خوای گەورە دەرچووە کە دەبوو وابکات و نەیکردووە ، یا نوا نەکات و کردویتی[17] ..

زاراوەی فاسق بۆ کافرو دووڕوو موسوڵمان بەکار دێت ، چونکە هەر یەکەیان بە جۆرێک سەرپێچی فەرمانی خوای کردووەو گوێڕایەڵێتیەکەی پشت

[15] ئەمە پوختەی پێناسەی زۆرینەی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە .
بڕوانە : روضة القضاة 205/1 ، الجامع لاحكام القرآن 263/1 ، شرح الزرقاني على خليل 90/8 ، الشرح الكبير مع حاشية الدسوقي 330/4 ، الكشاف 246/1 ، تفسير النسفي 351/3 ، معجم لغة الفقهاء ل 346 ..

[16] المبسوط / السرخسي 121/16 ، فتح القدير 412/7 ، روضة الطالبين 225/11 ، مغني المحتاج 437/4 ، شرح الزركشي على الخرقي 331/7 ، الكفاية في علم الرواية ل 102 ، مناهج العقول / البدخشي 243/2 ، شرح عضدالدين على مختصر ابن الحاجب 62/2 ، الإحكام / الامدي 105/2 ، الكليات / الكفوي ل 674 ..

[17] شرح صحيح مسلم 161/8 ، معالم السنن 160/2 ، إكمال المعلم 205/4 .

گوێ خستووه .. بەڵام هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە زانایانی شەرع لە پێشەوایانی سەلەف کە فەرموویانە فاسق مەبەستیان پێ کافر بوون بووە ، بەڵام زانایانی شەرع لەوانی کە دوای ئەوان هاتوون دەفەرموون فاسق موسوڵمانێکە کە بە هۆی لێ دەرکەوتنی گوناحی گەورەوە لێی ، یان سوور بوونی لەسەر ئەنجامدانی گوناحی بچووک جێ متمانە نەماوە .. لەم روانگەوەیە کە زانایان فەرموویانە : زاراوەی فاسق وەکو زاراوەی کافرە ، واتە حوکمی شەرعیەو تا کەسێک شایانی نەبێت ناتوانرێت پێی بوترێت فاسق. لەبەر ئەمەشە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : ( لا يَرْمِي رَجُلٌ رَجُلاً بِالْفُسُوقِ ، وَلا يَرْمِيهِ بِالْكُفْرِ إلا ارْتَدَّتْ عَلَيهِ إنْ لَمْ يَكُنْ صَاحِبُهُ كَذلِكَ ) بوخاری ( 110/7 ژمارە (6045) . واتە : هەر کەسێک کەسێکی دیکە بە فاسقێتی یان بە کوفر ناودەد بکات و کابرا وا نەبێت ، حەتمەن ئەو قسەیە دەگرێتەوە سەر خۆی ..

* * *

گومانی تێدا نیە کە قورئان لە چەندین شوێندا باسی فسق و فاسقانی بە شێوازی کردار وەکو فسق ، فسقوا ، یان بکەر فاسق و فاسقون ، یان چاووگ وەکو فسق و فسوق کردووە .. ئیمامی ئیبنولقەییمی جەوزییە[18] رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ : زاراوەی فسق لە قورئاندا بە دوو جۆر هاتووە : تاکی رەهاو ئەو فیسقەی پەیوەندە بە گوناحەوە ..

تاک دوو جۆری ترە :

ـــ جۆرە فاسق بوونێکیان بکەرەکەی لە دین و ئوممەت دەباتە دەرەوە ، ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێ : ( وَلَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا

[18] مدارج السالكين 275/1 .

يَكْفُرُ بِهَا اِلَّا الْفَاسِقُونَ ) البقرة/ 99 واتە : ئێمە بە تەئکید بەڵگەو نیشانەی خۆمانمان بۆ ناردوویتە خوارەوە بەڵام هەر ئەوانەی کە فاسقن باوەڕی پـێ ناهێـنن .. هەروەها ئایەتی تری وەکو البقرە 27 ، السجدە/ 20 ..

ــ جۆرەکەی دیکە لە دین و ئوممەتی ناباتە دەرەوە ، وەکو خـوای گـەورە دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا ) الحجرات / 6 واتـە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر فاسقێک هەواڵێکی بۆ هێـنان لێـی بکۆڵنەوە .

ئەمما ئەو فیسقەی بە گوناحەوە پەیوەندە ، وەکو ئەوەی کە خوای گـەورە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێ کردووە : ( وَلَكِنَّ اللهَ حَبَّبَ اِلَيكُمْ الإيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُـوبِكُمْ وَكَرَّهَ اِلَيكُمْ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أولئِكَ هُمْ الرَّاشِدُونَ ) الحجرات/7 واتە : بـەڵام خوای گەورە باوەڕەکەی لا شیرین کردوون و لە دڵتاندا جوانی کردووە ، لـە بەرامبەریشیدا کوفرو فسوق و گوناحکاریی لا بوغزاوی کردوون ، ئەوانـەی خاوەنی ئەو پابەندیەن ئا ئەوانە بیر کامڵن ..

ئەبوالبەقاء الکەفەوی لە کتێبە نایابەکەی خۆیـدا ( الکلیات ل 692 ) روونتـر دەفەرموێ : فسق : کە هەر بە مانای فجوورە ، واز هێنانە لە فـەرمانی خـواو گوێ پێ نەدانێتی ، یاخی بوونە ، سەرپێچیە ، لە ڕێ لادانە .. ئیدی جـاری وا هەیە ئەو فیسقە سەرپێچیەکە کە لە بواری عەقائیدو کرداریدایەو بکەرەکـەی پێی کافر دەبێت ، فسقی واش هەیە هەر لە بواری کردەوەدایەو نەگەیشـتۆتە بواری کوفر .. فاسق زاراوەیەکی گشتگیرترە لە کافر ، کافریش گشتگیرترە لە

فاسق .. کە وووتراش فاجر : ئەوە هەردوو زاراوەی فاسق و کافر دەگریتەوە )[19] ئەمەش راستە وایە چونکە فسق لە قورئاندا چەندین جۆرە :

ــ هەیە بە مانای کوفره[20] ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا ) السجدة / 18 واتە : چما ئەوی موسوڵمانە هەر وەکو ئەو کەسەیە کە فاسقە ؟! .

ــ هەیە بە مانای گوناحە[21] ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( فافرق بيننا و بين القوم الفاسقين ) المائدة/25 واتە : خوایە ئێمە لە قەومی فاسقان هەڵاویرە ..

ــ هەیە بە مانای درۆکردن دێت[22] ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا ) الحجرات / 6 واتە : ئەگەر فاسقێک هەواڵێکی بۆ هێنان لێی بکۆڵنەوە ، هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەش نیشان دەدات کە هەواڵێکی درۆ بوو ..

ــ هەیە هەر بە مانای گشتی گوناح و تاوانە[23] ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( وإِنْ تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ ) البقرة/ 282 واتە : ئەگەر ئێوە بیکەن بە گوناح لەسەرتان حسێب دەکرێت ..

ــ هەیە هەر بە مانای خراپەکاریی دێت[24] ، وەکو : ( وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ ) البقرة/197 واتە ک نە خراپەکاریی نە جەنگوجیدال نابێت لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی حەجدا هەبن ..

---

[19] ئەوە بۆچوون و پێناسەی راغب الاسفهانیشە ، بڕوانە مفردات القران ل 637 .
[20] جامع البيان في تاويل آي القران 107/21 ، الجامع لاحكام القران 105/14 ، تفسير النسفي 10/3 .
[21] معالم التنزيل / البغوي 37/3 .
[22] الجامع لاحكام القران 297/16 ، معالم التنزيل 339/7 . .
[23] جامع البيان في تاويل آي القران 138/3 ، تفسير النسفي 230/1 .

کەوابوو زاراوەی فاسق زیاتر بە مانای موسوڵمانی گوناحکـــارە .. ئەمـــەش بەڵگەی فەرموودەی زۆری لەسەرە ، وەکو کە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( إِذَا كَانَ يومَ صَومِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفَسْ وَلَا يَفْسُقْ ولا يَجْهَـلْ ، فَـإِنْ جَهِلَ عَلَيهِ أَحَدٌ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ )[25] واتـــە : ئەگـــەر رۆژی بـــەرۆژووبوونی یەکێکتان بوو ، با قسەی هەلەق و مەلەق نـــەکات و نەکەوێـــتە گونـــاح و رەفتاری جاهیلییانە نەنوێنێت ، ئەگەر کەسێکیش رەفتاری جاهیلییانەی بەرامبەر نواند با بڵێ : من رۆژووەوانم ..

یان کە دەفەرموێ : ( سِبَابُ الْمُسْلِمِ فِسْقٌ وَ قِتَالُهُ كُفْرٌ )[26] واتە : جنێو دان بـــە موسوڵمان فسقەو کوشتاریشی کافربوونە زانایان و شەرعناسان لەسەر ئـــەوە رێکن کە ئەوە کوفری بچووکەو خاوەنەکەی لە دین وئوممەت ناباتە دەرەوە.

* * *

[24] أحكام القران / الجصاص 308/1 ، أحكام القران / ابن العربي 134/1 ، الجامع لاحكام القران 40/2 ، تفسير القران العظيم / 225/1 .

[25] ئیمامی ئەحمەد لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەتی کردووە ( المسند 275/16 ژمارە 8659 ) ئەحمەد شاکر دەفەرموێ : صحيح الاسناد ە ، حەدیسەکە بە بێ ووشەی یفسق لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هەیە ( لای بوخاری ژمارە 1904 و لای موسلیم 1151 ە ) .

[26] ئەم فەرموودەش هەر ئیمامی ئەحمەد رحمه الله لە ئیبنو مەسعوودەوە ریوایەتی کردووە ( المسند 439/1 ژمارە 4178 ) ئەحمەد شاکر دەفەرموێ : صحيح ە ، لە ریوایەتی بوخاریشدا 110/7 ژمارە 6044 دەفەرموێ : (سِبَابُ الْمُسْلِمِ فِسْوقٌ ) لە موسلیمیشدا ژمارە 64 ە لە 84/1 .

## سیفاتی فاسیقان

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵە سیفەت هەن کە خاوەنەکانیان دەخەنە ریزی فاسقانەوە ، ئیمامی ئیبنول قەییم رحمه الله لە (مدارج السالكين 276/1 ) دا دەفەرموێ : ( فسوق دوو جۆرە : یەکەمیان : فیسقی رەفتار ، دووەمیان : فیسقی عەقیدەتی .

فیسقی رەفتار یان لە گوفتاردایە یان لە کرداردا :

ــ فیسقی گوفتار : وەکو درۆکردن ، سوێندی درۆ خواردن ، شایەتی درۆ ، تۆمەتبارکردن بە زیناو داوێنپیسی ، دووزمانی ، جنێو بە یاوەرانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، شین و شەپۆڕ گێڕانی پرسە ، قسە گوتن بەدەم شەرعی خواوە .

ــ فیسقی رەفتار : وەکو نوێژ نەکردن ، رۆژوونەگرتن بێ عوزری شەرعی ، کوشتن ، دزی ، شەراب خۆریی ، زیناکردن ، سووخواردن ، خواردنی ماڵی هەتیوو ، تۆران و یاخیبوونی بێ هۆی ژن لە مێردی ..

فیسقی ئیعتیقادیش بیدعەچێتیە ، ئیمامی ئیبنول قەییم دەفەرموێ : فیسقی ئیعتیقاد وەکو فیسقی بیدعەچییەکانە کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ورۆژی دوایی هەیە بەڵام نکوولی لە هەندێک سیفات دەکەن کە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم باسیان فەرمووەو چەسپاندوویانە ، یان هەر ئەوەی کە تەقلیدی شێخ و مشایەخەکانیان دەکەنەوەو سیفاتی وا دەدەنە خوای گەورە کە قورئان و سوننەت باسیان لێوە نەفەرمووە . جا ئیتر ئەمە سەرەنجامی نەزانینیان بێت یا سەرەنجامی هەڵە لێکدانەوەیان بێت . ( مدارج السالكين 277/1 ) .

* * *

## سیفاتی متمانە پێکراوان

لە بەرامبەر ئەم سیفەتانەی فاسقاندا پێویستە سیفاتی متمانە پێکراوانیش بزانین ، چونکە ئەمانیش زیاتر سیفاتی فاسیقانمان بۆ ئاشکرا دەکەن ..

متمانە پێکردن یەعنی ( عەدالەت ) کە مەبەستیان لێی پابەندبوونی ئەو موسوڵمانەیە بە شەرعی خواوە . بۆیە فەرموویانە : عادل کە متمانە پێکراوە ئەو کەسەیە کە دینداریکی سەرڕاستە. ئەو موسوڵمانەیە کە گوناحی گەورەی لێ دەرنەکەوتووە و سوور نیە لەسەر ئەنجامدانی گوناحی بچووک و خاوەن بیدعە نیە[27] .. دەشێت کابرا کاتی خۆی گوناحی گەورەی ئەنجامدابێت بەڵام بە ئاشکرا تۆبەی لێکردووەو خەڵکی دوای تۆبەکردنەکەی دەکەنە پێوەری متمانە پێکردنەوەی ، نەک پێش تۆبەکەی ..

* * *

[27] ئەمە پێناسەی مالیکیەکانە ، بڕوانە : جامع الامهات ل 469 ، الاصول مع رفع الحاجب 367/2 ، تیسیر التحریر 44/3 ، البحر المحیط 149/6 .. ئەمەشیان پێناسەی حەنبەلیەکانە ، بڕوانە : التمهید / ابو الخطاب 108/3 ، هەروەها المحلی / ابن حزم 393/9 ..

## پاشكۆی دووەم

### بەشەكانی دوو ڕوویی ( النفاق )

بۆ ناسینی پوختەی سیفەتی دووڕووەكان بە باشمان زانی ئەم نوسینەی شێخ عـائیز القەرنی لێرەدا نەقڵ بكەین كە كاك نەوا محمد سەعیدی بەڕێز لە هەولێر كردویتی بە كوردی و بە شێوەی نامیلكەی سەربەخۆ بڵاوی كردۆتەوە ..

**نیفاق لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەكرێت بەدوو بەشەوە :**

**بەشی یەكەم : نیفاقی بیرو باوەڕ ، ئەم جۆرە نیفاقە مرۆڤ لە دین و ئوممەت دەباتـە دەرەوە و خاوەنەكـەی لەژێـرەوەی ئـاگری دۆزەخ دا دەبێت ، وەک خوای گەورە دەفەرموێ** ( إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ) النساء/45 **واتـە: بەڕاسـتی دووڕوەكـان لـە چـینی هـەرە خـوارەوەی ناودۆزەخدان . مونافیق ئەو كەسەیە كە بە شاراوەیی پەیامی پێغەمبەر** ( صلي الله عليه وسلم )**كە دینی خوایە بە درۆ دەخاتـەوە ، یـان كتێـبەكانی خواو فریشتەكان ، یان هەر بنچینەیەک لە بنچینەكانی ئەهلی سوننەو جەماعە بە درۆ دەخاتەوە ، خوا دەفـەرموێ :** ( وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِين . يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَـا يَشْعُرُونَ . فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ) البقرة: 8 - 10 **واتە :لە ناو خەڵكیدا كەسانێک هەن كە دەڵێن : باوەڕمان بە خوا و ڕۆژی قیامـەت هەیـە ( لـە ڕاسـتیدا ئەوانـە درۆ دەكـەن ) هـەرگیز باوەڕیان نیە ، ئەوانە ( بە خـەیاڵی خۆیـان وا دەزانـن ) خـواو ئـەو كەسانە دەخەڵەتێنن كە باوەڕداری ڕاستەقینەن !! بەڵام ئەوانە پەی بە هیچ نابەن ، ئەوانە دڵ و دەروونیان دا دەردو نەخۆشـن (حەسـوودی و كینەو ڕق و لە موسوڵمانان ) هەیە ، خوایش ( بە سەرخستنی حـەق و ئیمانـداران ) ئەوەنـدەی تـر دەردیـان كاریگـەر دەكـات و سـزایەكی سەختیش (لە دونیـاو قیامەتـدا) چاوەڕێـیانە بـە هـۆی درۆكـردن و (دژایەتی كردنی ئیسلامیانەوە .. ) .**

بەشی دووەم : نیفاقی کردەوە : وەک پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم ) لــە سەحیحەیندا دەفەرموێ : ( آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاثٌ : إِذا حَدَثَ كَذَبَ ، وإِذا وَعَدَ أَخْلَفَ، وإِذا أُؤتُمِنَ خَانَ ) واتە : سیفەتی مونافیق سێــیە : کــە قســە دەکــات درۆ دەکات ، کە بەڵێن دەدا بەڵێنەکەی ناباتە سەر ، کە راسپاردەی لا دانــرا خیانەتی تێدا دەکات . جا ئێستا ( 30 سی ) ســیفەت لــە ســیفەتەکانی مونافیقان دەخەینە ڕوو :

## نیشانەی یەکەم : درۆکردن

ئیبن تەیمیە دەفەرموێ : درۆکردن ڕوکنێکە لە ڕوکنــەکانی کــوفرە . هەروا دەفەرموێ : خوای گەورە کە لە قورئــان باســی نیفــاق دەکــات یەکسەر لەگەڵ ئەو وشەیە باسی درۆ دەکات ، بــە هــەمان شێــوە گــەر باسی درۆ بکــات لەگــەڵ ئــەم وشــەیە باســی نیفــاق دەکــات ، وەک دەفەرموێ : ( وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ) واتە : خوا شاهیدە کە ئــەو ناپاک و دووڕوانە باوەڕیان بە تــۆ نیــە ، جــا گــەر درۆ بــە شێــوەی سوعبەت یاڕاستی بکرێت ، یا بۆ فێڵ یا بۆ ئەنجامدانی کارێــک ئــەوا لقێک ( نفاق ) دوو ڕوویيە .

## نیشانەی دووەم : ناپاکی کردن لە پەیماندا

بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەی پێغەمبەرە ، کە دەفەرموێ : (...وإذا عَاهَدَ غَدَرَ ) رواه البخاري . جا هەر کەسێک پەیمان بداتە مسوڵمانێک ، یــا کافرێک یاکارێکی پێ بسپێردرێ ، پاشان خیانەتی تێــدا بکــات ، ئــەوا شایەتی نیفاق لەسەر خۆی دەدات .

هــەروەها کەسێــک پــەیمان بــە ژنەکــەی ، یــان کوڕەکــەی ، یــان هاوڕێیەکەی بدات پاشان بە بێ هەبوونی عــوزری شــەرعی بــە جێــی نەگەێنێ و خیانەتی تێدا بکات ، ئەوا کردەوەکەی دەبێتە ڕوکنێــک لــە ڕوکنەکانی نیفاق .

**نیشانەی سێ یەم : بەجێ نەگەیاندنی بەڵێن ( وەعد )**

هەرکەسێک بەڵێن بە برای موسڵمانی بداو لە کاتی خۆیدا بەجێی نەگەێنێ ، یان کەسێک بەڵێنی پێدای لە کاتی دیاری کراو وەک لە کاتژمێر ئەوەندە ، یا ڕۆژێک یان فلانە شوێن ، پاشان بە بێ عوزر بەڵێنەکەی بە جێ نەهێنا ، ئەوە بزانە ئەو کەسە لقێکی مونافیقی تێدایە .

**نیشانەی چوارەم : تەمبەڵی کردن لە عیبادەت**

وەک خوای گەورە دەفەرموێ ( ذَا قَامُواْ إِلَي الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَي ) النساء/ 142 واتە : مونافیقان گەر بۆ نوێژکردن هەستن ، بە سستی و تەمبەڵیەوە هەڵدەستن .

جا گەر کەسێکت بینی بۆ نوێژکردن ، یا بۆ ڕیزی پێشەوە ، یان لە زیکر کردن ، یان لە بانەگەوازی بۆ ئیسلام یان لە کۆڕی خێرو چاکەدا تەمبەڵی و سستی دەنواند ، بزانە ئەو کەسە وەسوەسەی لە نەفسی دایە ، شەیتان دەیەوێ هێلانەی تێدا دروست بکات ، با ئاگاداری خۆی بێت ، ئەو کەسەی دوو ڕکعات نوێژ دەکات ، مانای وا نیە لە مونافیقی بە دوورە ، چونکە مونافیقەکانی سەردەمی پێغەمبەر لەگەڵ پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) نوێژیان دەکرد ، بەڵام نوێژەکەیان بە تەمبەڵیەوە ئەنجام دەدا .

**نیشانەی پێنجەم : ڕووپامایی (ریابازیی ) لە عیبادەتدا**

خوای گەورە دەفەرموێ : ( يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً ) النساء /142 واتە : ئەوانە ڕیاو ڕوپامایی بۆ خەڵکی دەکەن ، زۆر کەم یادی خوا دەکەن . با بزانین ڕیا چۆنە؟ ڕیا کردن ئەوەیە کە لە پێش چاوی خەڵک خۆی وا دەردەخا گوایە بە تەقوایە کە بە تەنهاش نوێژ دەکات بەخێرایی ئەنجامی دەدا ، کە لە کۆڕو مەجلسێک دادەنیشێ ، ئەدەب و عیبادەت و زوهدی تێدا بەدی دەکرێ ، بەڵام کە لێیان دا دەبڕێ بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکا . هەر کارێک یان قسەیەک دەکات لە پێناو

خەڵکی دەکات و ڕیایی دەکات ، کە نیشانەی مونافیقییە.
هەروا ڕیایی بە شیرک دادەنرێ ، وەک پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (الرياءُ شِرْكٌ) رواة أحمد بسند جيد و إبن ماجة.

## نیشانەی شەشەم : بە پەلە نوێژکردن

وەک پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) دەفەرموێ : ( تِلْكَ صَلاَةُ الْمُنَافِقِ ... يَقْرَأُ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ ) أخرجه مسلم نوێژکردن بەخێرایی ، کە هیچ مل کەچی و ترسی خوای تیا نەبێ ، هەروەها کەم مانەوە لە نوێژدا ، کەم زیکرو یادکردن لە نوێژو نەبونی هەیبەت و بیمی خوای گەورە لە دڵدا نیشانەی مونافیقانە .

## نیشانەی حەوتەم : کەم یاد کردنی خوا

مونافیقان یادی خوا دەکەن ، بەڵام بە کەمیی وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً ) النساء/ 142 واتە : زۆر بە کەمی یادی خوا دەکەن .. جا خوای گەورە نەیفەرمووە یادی خوا ناکەن ، بەڵکو فەرموویەتی یادی خوا بە کەمیی دەکەن .
لە ( ئیبن سەلاح )یان پرسی کە بە موحەددیسی مەزهەبی ئیمامی شافعی دادەنرێ : سنوری یادی خوا چیە؟ ئەویش گوتی : هەرکەسێک ئەو زیکرانە بخوێنی کە لە پێغەمبەرەوە صلي الله عليه وسلم وەرگیراون ، ئەوا زیکری خوای زۆر کردووە . هەروەها هەرکەسێک زیکرەکانی پاش نوێژی بەیانی وئێواران و زیکرەکانی خواردن وخواردنەوە وهەستان لە خەوو بینینی بروسکەو باران وچوونە ناوو هاتنە دەرەوەی مزگەوت بخوێنێ ، ئەوا یادی خوای زۆرکردووە .. باشترین کتێبی زیکر کردن (الأذكار)ی نەووی و (الوابل الصيب) ی ئیبن القیم و (الكلم الطيب) ی ئیبنو تەیمیەیە.

### نیشانەی هەشتەم : تیرو توانج گرتنە موسوڵمانان

توانج گرتن لە بڕواداری ڕاستەقینە باسی موسوڵمانان دەکات. هێندە باسی جولەکەو مەسیحی ناکات . هەروەها گاڵتە بە بڕوا داران دەکات و بە مەبەستی توانج گرتن لاساییان دەکاتەوە.

### نیشانەی نۆیەم : گاڵتە کردن بە قورئان و سوننەت

مونافیقان هەردەم گاڵتە بە قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر صلي الله عليه وسلم دەکەن. خوای گەورە دەفەرموێ : ( قُلْ أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ . لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ) التوبة/ 65 - 66 واتە : بەو مونافقانە بڵێ : ئەوە گاڵتە بە خواو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی دەکەن ؟! پاکانە مەکەن ( بێ سودە ) ، چونکە ئێوە بێ باوەڕبوون دوای ئەوەی باوەڕتان هێنابوو .. عوزر دەهێننەوە ، ئێوە پاش ئەوەی باوەڕتان هێنا بەم گاڵتەکردنەتان کافر بوونەوە . جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەسەر کۆمەڵێک مونافیقان ناردە خوارەوە ، کە لەگەڵ پێغەمبەر صلي الله عليه وسلم نوێژیان دەکردو ڕۆژییان دەگرت وجیهادیان دەکرد ، بەڵام لە کۆڕی سەمەرو شەوچەرەی خۆیاندا دادەنیشتن و یەکێکیان قسەی بە هاوەڵە بەڕێزەکان دەگوت ، دەیگوت هیچ کەسێکمان وەک ئەو سەحابیانە نەدیووە ، کە هەمیشە چاویان لە زگ پڕکردنە و ترسنۆکن ، جا خوای گەورە ئەو مونافیقانەی بەکافر داناو ڕیسوای کردن.

گاڵتەکردن بە جل و بەرگ و سیواک و ڕیش و هەیئات ، بە حەدیس ، مرۆڤی پێ کافر دەبێ .

### نیشانەی دەیەم: سوێند خواردن بەدرۆ:

خوای گەورە دەفەرموێ : ( اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً ) واتە : مونافیقان سوێند دەکەنە پارێزگارو پاکانە بۆ درۆیەکانیان دەکەن . گەرداوای شتێک لە مونافیق بکرێ یەکسەر سوێند دەخوا ، ئاسانترین شت لای ئەو سوێندە کە بە درۆ بیخوا. ئەبینی غەیبەتی یەکێک دەکاو غەیبەت

کراوەکەش دەیبیستێتەوە و پێی دەڵێتەوە ئاوات گوتووە، ئەویش دەڵێ : بەخوا ئەم قسەیەم پێ نە گوتوی ! یان بەکەسێک دەڵێ بەخوا تۆ خۆشەویسترین کەسی لەلای من کەچی لەڕاستی دا درۆ دەکا و سوێندەکەی دەکاتە پاکانە بۆ خۆی.

دووڕوو لە هەموو خەڵک زیاتر سوێند بە درۆ دەخوات .

**نیشانەی یازدەهەم : ماڵ بەخشین بە زۆر**

مونافیق ماڵ دەبەخشێ ، بەڵام بەدڵ پێی خۆش نیە، یان خێر دەکات یان مزگەوت دروست دەکات بۆ ناوبانگیە کە لە دڵیەوە پی ناخۆشە ، بەڵام موسوڵمان کە ماڵ دەبەخشێ، سینگی فروان دەبێ و سوپاسی خوا دەکا.

**نیشانەی دوازدەم : سەر شۆڕکردنی مسوڵمانان**

لە نیشانەی مونافیقان ئەوەیە ، کە موسوڵمانان بە کەم وسوک دەردەخەن ، هەردەم ڕەشبینن و دەڵێن کافرەکان لە موسوڵمان بەهێزترن. بە گاڵتەوە دەڵێن : ئایا موسوڵمانان دەتوانن شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکەن کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیە؟ دەڵێن ناتوانن جەنگیان لەگەڵ بکەن.

دەڵێن ئێمەی موسوڵمان هەر لە هیلاکی و ناخۆشی داین . بەڵام نازانن خوای گەورە بەندەکان سەردەخات ، وەک دەفەرموی: (إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ )آل عمران:160 واتە :(گەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت ، ئەوا هیچ کەس ناتوانێت بەسەرتاندا سەر کەوێت ، نازانن کە عیزەت تەنها لەلای خواوەیە. هەروا لە نیشانەی مونافیق ئەوەیە کە گوێی لەوە دەبێ گەنجان ڕوو لە جیهاد دەکەن ، دەڵێ : پێم وانیە بچن بۆ جیهاد کردن ! یان گەر یەکێک ببینێ بڕوات بۆ ( موحازەرە ) یەک دەڵێ : باوەڕناکەم ئەم محازەرەیە سودی هەبێ و هیچی تێدا نیە، تەنها ئەوە نەبێ : (اتقوا الله ، اتقوا الله) یان بەهاوڕێکانی دەڵێ : لەم دەرسانە ئامادە مەبن ، لەبەر ئەوەی هەر دووبارەیە ، پێویستە

لەسەرت لە ماڵەوە بمێنیتەوە کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە لە پێناو چەند شتێک، کە لەکتێباندا هەیە . ئەوانە هەمووی بەسەر شۆڕکردن و سووک کردن و خوزلانی مسوڵمانان دادەنرێ .

**نیشانەی سێزدەم : ڕووداو گەورەکردن**

خوای گەورە دەفەرمووێ : ( لَئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ) الأحزاب / 60 واتە : ئەگەر دووڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان و پڕو پاگەندە چیەکان لە مەدینە دا کۆڵنەدەن، تۆ هان دەدەین کە تۆڵەیان لی بستێنیتەوە ( تا زۆرینەیان شاربەدەر بکەیت )و ئەوانە کەمێکیان نەبێ لە شەڕدا نامێننەوە ، یەکێ لە نیشانەی مونافیق ئەوەیە شتی بچووک گەورە دەکات ، کە گوێی لە کوشتنی موجاهیدێک بێ دەڵی : گوێم لێ بوو کە ( 100 ) موجاهید کوژراوە ! یان گەر گوێی لە هەڵەی زانایەک بوو لەمەسئەلەیەکی لابەلاییدا دەڵێ : خودا ئێمەو ئەویش هیدایەت بدات ، هەڵەی زۆرە . گەر داعیەک قسەی کرد ، بێ ئەوەی ئەم داعیە بە مەبەست ، یان توانج قسە بکات ، ئەم لەناو مەجلسدا باسی دەکاو دەڵێ : گوێتان لێ نەبوو فلانە کەس چی گووت ؟ لە کاتێکدا ئەو داعیە چاکە و فەزڵی زۆرە بەلام ئەم باسی ناکات.

**نیشانەی چواردەم : ڕەخنە گرتن لە قەدەری خوا**

خوای گەورە دەفەرموێ : ( الَّذِينَ قَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا )آل عمران/168 واتە : ئەوانەی بۆی دانیشتن و نەچوون بۆ جەنگ بەبراکانی خۆیان دەووت : ئەگەر ئەوانە (ئەوانەی شەهید بوون) بەقسەی ئێمەیان بکردایە نە دەکوژران ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان بڵێ : دەی ئەگەر ڕاست دەکەن مردن لەخۆتان دووربخەنەوە .

لەوکاتەی موسوڵمانەکان دەچوون بۆ جەنگی ئوحود ، مونافیقەکان پێیان گوتن دەرمەچن و جەنگ مەکەن، لەگەڵ ئێمە دانیشن، بەلام موسوڵمانەکان چون و شەهید بوون. جا مونافیقەکان لە مەجلیس دا

دەیان گوت ئێمە ئامۆژگاریمان کردن و پێمان گـوتن، بـەڵام بەقسـەی ئێمەیان نەکرد، ئەگینا نەدەکوژران، لەبەر ئـەوەی مونـافیق هـەردەم ڕەخنەدەگری و بەقەدەری خوا ڕازی نیە، وەئەگەر ناخۆشی و بەڵایەکی تووش بوو، دەڵی: ئەمە چۆن دەبی، گەر من ئاوام بکردایە، ئاوا دەبوو، لۆمەی خەڵک دەکا. بـەڵام ئیمانـدار دەڵـی: بـڕوام بـەخوا هێنـاوەو ملکەچی فەرمانەکانیم. بڕوادار دەزانی هەرشتێک بەسەری دی بەقـەزاو قەدەری خوایە. لەکتێبی ئیمام موسلم دا هاتووە لە سوهەیبەوە، کـەوا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : ( عَجَباً لِأمْرِ المُؤمِنِ إنَّ أمْرَهُ كُلَّهُ خَيرٌ، إنْ أصَابَتْهُ سَرَّاءٌ فَشَكَرَ كَانَ خَيراً لَهُ وإنْ أصَابَتْهُ ضَرّاءٌ صَبَرَ وكَانَ خَيراً لَهُ وَلَيسَ ذلِكَ إلَّـا لِلْمُؤْمِنِ )واتە : کاری موسوڵمانان مایەی سەرسوڕمانە، هەمووکاروباری خێرە گەر تووشی خۆشی بوو ، سوپاسی خوا دەکات ، بـە خێـر بـۆی دەنوسرێ ، گەر توشی بەڵاو ناخۆشی بوو، ئارام دەگرێ، ئەوەشـی بـە خێر بۆ دەنوسرێت ، ئەوەش تەنها بۆ پیاوی موسوڵمانە ..

**نیشانەی پازدەم : بە خراپ باس کردن و زمان لێدان لە پیاوچاکان**

وەک غەیبەت کردن ، خوای گەوەرە دەفەرموی: ( سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِـدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ) الأحزاب/19 واتە : گەر شەڕو ترسیان لەسـەر لادرا ئـەوە بەقسە ئازارتان دەدەن ، زمانێکی بڕندە بەکار دێنن دەڵێی ئاسنە !

جا مونافیق گەر پشتی لە بڕواداری ساڵح کـرد ، ئـەوا بەزمانێـکی تیژی وەک شمشێر باسی دەکات . گەر بڵێی ڕەئیت چۆنە بەرامبـەر بـە فلان کەس ؟ دەڵێ : خوا لە ئێمەو ئەویش خۆش بێ ، ئەم دوعایە دەکات ، بەڵام مەبەستی شتێکی ترە، ئەویش خوا دەزانێت بۆچی و چۆنە ؟!

**نیشانەی شازدەیەم : دواکەوتن لە نوێژی جەماعەت**

لە ئیبنو مسعودەوە هاتوەکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : ( وَمَا يَخْتَلِفُ عَنْهَا إِلَّا الْمُنَـافِقُ مَعْلُـومُ النِّفَـاقِ ) أخرجه مسلم ، واتـە : کەسێـک لەنوێژی جەماعەت دواناکەوێ ، مەگەر مونافیقێکی دیارو ئاشکرا بێ . جا گەر یەکێکی لەش ساغ وبەهێزو دەست بەتاڵ عوزری شەرعی نەبێ ،

و گوێی لە بانگ بێ و نەچێ بۆ مزگەوت ، شایەتی بدە کە مونافیقە .

**نیشانەی حەڤدەیەم : بڵاو کردنەوەی خراپەکاری بەناوی ئەوەی کە چاکە دەکات**

خوای گەورە دەفەرمووێ : ( وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ.أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِن لاَّ يَشْعُرُونَ ) البقرة / 11- 12 واتە : ئەوانە کاتێک پێیان دەوترێ تۆوی گوناهو تاوان و گوناهکاریی وخراپەکاری مەچێنن دەڵێن : بە ڕاستی ئێمە چاکسازی دەکەین !! ئاگادارین بە ڕاستی هەر ئەون تۆوی خراپەکاری دەچێنن ، بەڵام بە هۆی لوت بەرزی و دەردەدارییانەوە هەستی پێ ناکەن و خۆیانی لێ گێل دەکەن .

لە رووکاری ئەم نیشانە ئەوەیە ، دەبینی یەکێک هەوڵی ئەوە دەدا نێوانی خەڵکی تێک دەداو دووزمانی دەکات ، یان شایەتێکی بەدرۆ دەدات بە خراپەکاری، جا گەر پێی بڵێ فلان کەس ! بۆ لە خوا ناترسی ئەم کارە دەکەی ؟ ئەویش دەڵێ : بەخوا مەبەستم چاکەکاری و ئیسلاح بوو ، لە راستیشدا مەبەستی فەساد بلاو کردنەوەیە.

**نیشانەی هەژدەیەم : ناوەوە و دەرەوەی (ظاهرو باطن) وەك یەك نەبێ**

خوای گەورە دەفەرموێ : (إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ) المنافقون/ 1 واتە : ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کاتێک ناپاک و دووڕووەکان دێن بۆلات و پێت دەڵێن : ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت !! لە حاڵێکدا کە خوا چاک دەزانێ کە تۆ پێغەمبەرو فرستادی ئەویت ، لە هەمان کاتدا خوا شایەدی دەدا کە ئەو ناپاک و دووڕوانە درۆزنن .

مونافیقان ئەوانە بوون کە بە ڕواڵەت باوەڕیان بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەبوو، دانیان بە ڕاستی دا دەهێنا، بەڵام لە ناوەوە (باطن)ە ڕاستیان نەدەکرد ، جا خوای بالا دەست ، بە درۆی خستنەوەو شایەتیە ڕواڵەتەکانیانی لێ وەرنەگرتن و خستینە ناو دۆزەخ.

لەبەر ئەوە هەرکەسێک بەم جۆرە خۆی دەرخات واتە : زاهیرو باتینی وەک یەک نەبێ ، ئەوا ئەم نیشانەی لەسەر دێتە دی .

## نیشانەی نۆزدەیەم : ترسان لە شت ڕوودان

خوای گەورە دەفەرمووێ : ( يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ) المنافقون/ 4 واتە : ئەوەندە لەترس و بیمدا دەژین هەر هاوارو بانگێک بکرێت ، هەر باسێک بێتە پێشەوە وا دەزانن دژی ئەوانە .

ئەو جۆرە کەسانە هەردەم دەترسن شتێک ڕووبدات، جا ئەگەر نرخی شت و مەک بەرز بۆوە ، لە کۆڕ و مەجلیساندا دەگری و دەڵێ : ئەرێ گوێتان لێ نەبوو نرخی برنج و شەکرو .... هتد چۆن بەرز بۆتەوە ؟ ئەو کەسانە تەنها خەمی زگیانەو گوێ نادەن بە بانگەوازو سەرکەتنی ئیسلام و فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپەکاریی لە هەر شوێنێک شتێک ڕووبدات دەترسن مەیدانی جەنگ بە هەزار کیلۆمەتر لێیان دوور بێت ! لە ترسان دەلەرزن ، بەڵام موسوڵمان نەفس وگیانی خۆی بە خوا فرۆشتووە لە مەیدانی جەنگ پێدەکەنێت .

## نیشانەی بیستەم : عوزر هێناوە بەدرۆ

لەو کاتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ویستی جەنگ لەگەڵ بەنی الأصفر ( ڕۆم ) دا بکات لە جەنگی تەبوک ، بە (جەددی کوڕی قەیس) ی گووت کە لە گەورە پیاوانی (بنی سەلەمە) بوو ، وەرە لەگەڵ ئێمە بۆ جیهاد . بەڵام ئەو بە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) گووت : من لە فیتنەی ئافرەتانی (بەنی ئەسفەر) دەترسم . جا ئەم جۆرە عوزر هێنانەوە نیشانەی مونافیقانە .

## نیشانەی بیست و یەکەم : فەرمانکردن بەخراپەو قەدەغەکردنی چاکە

خوای گەورە دەفەرمووی: ( الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُم مِّن بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ) التوبة/ 67 واتە : دووڕووەکان لە پیاوان وئافرەتان سەر بە یەکترن ، لەم ڕەفتارانەدا وەک یەکن : فرمان بەگوناهو خراپەو تاوان دەکەن قەدەغەی چاکە دەکەن و دەستیان لە خێرو خێرات کردن دەنوقێنن (بەشی کەس لە ماڵ و سامانیان نادەن ).

جا ئـەو جۆرەکەسـانە دەیانـەوێ خراپـەکاری وزینـاو بـەڕەڵایی ووازهێنان لە حیجاب بڵاو ببێـتەوە وگـۆرانی ناشـەرعی و گۆڤـاری ئافرەتی ڕووت و تریاک و هیرۆیین بڵاو ببێتەوە ، کە ئەمانە هـەمووی (مونکەر) ن ، دەیانەوێ خێرو زانیاری وبانگەوازی کـەم ببێـتەوە. جـا دەبینی خەڵکی وا هەیە پێی دەڵێی: خـوا وا دەفـەرمووێ و پێـغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاوای دەوێ ، ئەویش دەڵێ : برام لێمان گەڕێ ئێـمە دەزانین دین چیە و لە دین شارەزاین .

### نیشانەی بیست و دووەم : پیسکەیی و ڕەزیلی

مونافیقان بۆ خێرکردن لە هەموو کەسی ڕەزیل و بـەخیلترن . ئـی وایان هەیە دەبینی بۆ ناوبانگ دەرکردن بـۆ دەعوەتێـکی نـانخواردن شەست ئاژەڵ سەردەبڕێ ، بەڵام گەر داوای بەخشینیماڵی بـۆ خێـرو جیهاد لێ بکەی ، یان بۆ پڕۆژەیەکی خێـر ئـەوا ( 10 ) دیناریـکت بـۆ دەردێنێ ! خوای گەورە دەفـەرمووێ : ( وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ) التوبة/67 واتـە : دەستیان دەنوقێنن لە ماڵ و سامان بەشی کەس نادەن .

### نیشانەی بیست و سێیەم : خوا لەبیر چوون

سیفەتی مونافیقان ئەوەیە، باسی هـەموو شتێـک دەکـەن ، تـەنها باسی خوا ناکەن، باسی خێزان و منداڵەکانیان دەکەن و باسی گۆرانی و ئاوات و هەموو شتێک لە ژیانی دنیا دەکەن ، تەنها خوا نەبێ. جا خوا لەبیر چوون گەورەترین بەڵایە مونافیقان توشی بوون خـوای گـەورە دەفەرمووێ : ( نَسُـواْ اللّـهَ فَنَسِـيَهُمْ ) التوبة/67 واتـە : ئەوانـە خوایـان فەرامۆشکردووە ، خواش ئەوانی پشت گوێ خستووە .

خۆشەویستانی خوا هەردەم خوایان لەبیرەو یادی خوا زۆر دەکەن ، بەڵام مونافیق یادی خوا کەم دەکاو خوای لەبیر دەچێ خوای گـەورەش ئەو کەسە پشت گوێ دەخات.

## نیشانەی بیست و چوارەم : بەدرۆخستنەوەی بەڵێنی خوا و پێغەمبەر

(صلی الله علیه وسلم)

خوای گەورە لەسەر زمانی مونافیقانەوە دەفـەرمووێ : ( مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا ) الأحزاب/ 12 واتە : بەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەی تەنها بۆ هاندان بوو ( کوا هیچ هاتەدی ؟! ) هۆی هاتنە خوارەوەی ئـەم ئایەتـە ئەوە بوو، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە جەنگی ئـەحزاب لـەکاتی هەڵکەندنی چاڵ ئامادە بوو ، لەو کاتە دا یەکێک لەو چاڵانە بەردێـکی کەوتە بـەر ، کـە نەدەهاتــە دەرەوە ، پێغەمبــەر صلی الله علیه وسلم بـە قازمەیەک چووە ناو چاڵەکەو لە بەردەکـەی دەدا ، تروسـکەیەکی لـێ پەیدا بوو ، دووبارە لێی دا تروسکەیەکی دی لێ پەیدا بوو ، ئـەو کـات فەرمووی : دوو گەنجینە سوورو سپیەکە دەبێتە موڵکی ئوممەتی مـن . مونافیقەکان لە دەوری چاڵەکە بوون و دەیان گووت : تەماشاکەن لـە حاڵەتێکی وادا بەڵێنی گەنجینەی کیسـراو قەیسـەرمان پـێ دەدا ، کـە هیچمان لەترسا ناوێرین بچینە دەرێ میز بکەین . ئەوەش یەکێکە لـە سیفەتەکانی مونافیقان.

## نیشانەی بیست وپێنجەم : گرنگی دان بە زاهیرو فەرامۆش کردنی باتن

مونافیقـان دەبـینی جـل و بـەرگیان لەڕواڵەتـدا جوانـە ، بـەڵام ناوەوەیان خراپ و (فاسید)ە. ئێمە ناڵێین لە جوانی و لـەجل وبـەرگ پشینت خۆت پشت گوێ بخە ، نا ، دەبێ مسوڵمان خۆی بۆن خۆش بکا و جوانترین جل وبەرگ لەبەر بکا، لەگەڵ ئەوەش دەبێ ناوەوەی خۆی بەزیکرو چاودێری کردن و دڵسۆزی و ڕاست گۆیی لەگەڵ خوادا جـوان بکا ، تا جوانی ڕواڵەت و پاکی ناوەوە یەک بگرنەوە.

## نیشانەی بیست و شەشەم : شارەزا نەبوون لە دین

ئەوەی کە مونافیقانی پـێ جیـا دەکرێتـەوە ، بریتیـە لـە شـارەزا نەبوونیان لە دین و لە هیچ شتێکی خواناسیی ، دەزانێ ئۆتۆمبێل چۆن

كار دەكا ، دەزانێ ناوی پایتەختی دەوڵەتەكانی جیهان چیە ، بەڵام گەر لە بارەی دینەوە پرسیاری لێ بكەی هیچی لێ نازانێ . هەر وەكو خوای گەورە دەفەرمووێ : ( وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ) المنافقون/ 7 واتە : دووڕووەكان ئەم ڕاستیە تی ناگەن و لەڕاستیەكانی سەر دەرناكەن .

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموی: ( مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيرَاً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ ) رواه البخاري و مسلم. واتە : خوا چاكەی بۆ هەر كەسێ بوێ ، لە دین شارەزای دەكات .. نیشانەی بڕوادار ئەوەیە كە خۆی لەدین شارەزا دەكا ، هەردەم هەوڵ دەدا شتێك سوود و خێری تێدابێ ئەنجامی بدات . مونافیق حەز ناكات لە كۆڕ و دانیشتندا باسی عیبادەت و نوێژ بكرێ ، وادەزانێ بەزمانێكی تر قسە دەكەن و پێی ناخۆشە باسی ئەم بابەتانە بكرێ !

**نیشانەی بیست و حەوتەم : دڵ خۆش بوون بە هاتنی بەڵاو ناخۆشی بەسەر بڕواداران و غەم و پەژارە دەربڕین بە خۆشی ئیمانداران:**

خوای گەورە دەفەرمووێ : ( إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُواْ قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِن قَبْلُ ) التوبة/ 50 واتە : ئەگەر توشی خێرو بێرێك ببی ، پێی دەڵتەنگ و سەغڵەت دەبن، ئەگەر تووشی بەڵاو ناخۆشی ببی دەڵێن ئێمە پێشتر حیسابمان بۆخۆمان كردبوو . جا مونافیق گەر گوێی لەوە بوو یەكێك لە موسوڵمانان تووشی بەڵایەك بووە ، ئەوا بڵاوی دەكاتەوەو خۆی وا پیشان دەدا كە پێی ناخۆشە خەمی بۆ دەخوات ! بەڵام لە دڵدا پێی خۆشە ، ئەگەر خۆشی و شادی یەكیان تووش بوو ، بەمە تووڕە و دڵ گران و سینگ تەنگ دەبێ .

**نیشانەی بیست و هەشتەم : زمان لوسی و زۆروەڕیی**

قسەی قەڵەوو بێ ماناو قسە كردن بە لووت بەرزی سیفەتی مونافیقانە ، هەردەم پێیان خۆشە لە سەرەوەی خەڵك قسە بكەن ، قسەی وا دەكەن كە خەڵك پێیان هەڵ خەڵەتێ . خوای گەورە دەفەرمووێ : ( وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ) المنافقون/ 4 واتە : كاتێكیش دێنە

قسه ( ئەوەندە چەنەبازو قسەلووسن ) گوێیان بۆ دەگری ! پێیان وایە کە ئەوان لەخەڵکی تێگەیشتووترن و عاقڵترن لەڕاستیشدا وا نین ..

**نیشانەی بیست و نۆیەم : شەرم كردن لە خەڵك و لەخوا شەرم نەكردن**

ئەم نیشانەیە گرنگترین نیشانەیە ، بە جیا کردنەوەی مونافیقان لە ئیمان داران دادەنرێت ، کە لەبەردەم چاوی خەڵک گوناه ناکەن، بەڵام کە خەڵک دیار نەبوو ، ئەوی خەراپە و گوناهەو تاوانە دەیکەن و لێی ناگەڕێنەوە ! خوای گەورە بە کەمترین کەس دادەنێن بۆ بینینی خۆیان و گوناهیان ! خوای گەروە دەفەرمووێ : ( يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلاَ يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ ) النساء/ 108 واتە : بەڕاستی ئەوانە شەرمەزارن بەرامبەر خەڵکی و خۆیان دەشارنەوە ، بەڵام شەرم لەو خوایە ناکەن ، کە هەمیشە لە تەکیانەو چاودێریانە ،مرۆڤی بڕوادار ، لەسەر نەفس و دەروونی خۆی لە نهێنی و ئاشکرادا خوای خۆی بە چاودێر دادەنێ.

**نیشانەی سی یەم**

مونافیق ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوان خۆی و یەکێک ، لە گوتنی قسەی ناشرین زیادە ڕەوی دەکات ، هەموو شتێکی خراپەی بەرامبەر بە کار دەهێنێ . پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ : ( وإذا خَاصَمَ فَجَرَ ) واتە : کە دژایەتی کرد ، خراپە زۆر بەرامبەرەکەی دەکات .. ئەم فەرموودەیە لە سەحیحەیندا هاتووە ، ئەهلی عیلم فەرموویانە هەرکەسێک لەگەڵ موسوڵمانێک دژایەتیەکی بۆ پەیدا بوو ( نەک لەگەڵ کافر، چونکە دژایەتی کافران بابێکی ترە ) پاشان بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە باس کرا ڕەفتاری کرد ، ئەوا خوای گەورە شایەتە کە مونافیقە .

لەخوای گەورە داواکارین لەم نەخۆشی دووڕووییە بمان پارێزی وهەمیشە ئاگادارمان کات لەم نیشانانەی.

..........................................................................

**تەواو بوو والحمـد لله رب العالمين**

ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 5 | سورەتی الموتەحینە |
| 9 | پێناسەی سوورەتەکە |
| 15 | دەرسی یەکەم /ئایەتی 1_3 ... |
| 36 | باسی حوکمی جاسوس |
| 50 | دەرسی دووەم/ ئایەتی 4_7 ... |
| 67 | دەرسی سێ یــەم / ئایەتی 8و9... |
| 78 | دەرســـی چوارەم/ئایەتی 10 و11 . . . |
| 89 | وازوکۆچ ( هیجرەت ) |
| 97 | دەرســـی پێنجەم/ ئایەتی 12 ... |
| 104 | بەیعەت |
| 112 | دەرســـی شەشەم/ئایەتی 13 ... |
| 116 | دۆستایەتی و دوژمنایەتی ( الولاء والبراء ) |
| 122 | دەبێت هەڵوێستی موسوڵمان چۆن بێت ؟ |
| 131 | تەفسیری سوورەتی سەفف |
| 135 | پێناسەی سوورەتەکە |
| 144 | هۆی هاتنە خوارەوەی |
| 149 | دەرسی یەکەم : تەفسیری ئایەتەکانی 1 ــ 4 |
| 175 | کۆمەڵکاریی و هەستیی |
| 178 | دەرسی دووەم : ئایەتەکانی 5 ــ 6 |
| 188 | دەرسی سێیەم : ئایەتەکانی 7 ــ 9 |

| | |
|---|---|
| 200 | دەرسی چوارەم : ئایەتەکانی 10 ــ 13 |
| 215 | دەرسی پێنجەم : ئایەتی 14 |
| 221 | تەفسیری سورەتی المونافیقون |
| 225 | پێناسەی سوورەتەکە |
| 239 | دەرسی یەکەم : تەفسیری ئایەتەکانی 1 ــ 4 |
| 275 | دەرسی دووەم : ئایەتەکانی پێنجەم و شەشەم |
| 287 | دەرسی سێیەم : ئایەتی حەوتەم |
| 291 | دەرسی چوارەم : ئایەتی هەشتەم |
| 295 | دەرسی پێنجەم : ئایەتی نۆیەم |
| 305 | دەرسی شەشەم : ئایەتی دەیەم |
| 314 | دەرسی حەوتەم : ئایەتی یازدەیەم |
| 317 | پاشکۆی یەکەم : باسی فیسق |
| 324 | پاشکۆی دووەم : بەشەکانی دووڕوویی |